# بەنگکێشێکی

# عەودالّی بەهەشت

رۆمان

ن : محمود امین

و : حەمە کریم عارف

ناوی کتێب: بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت
ناوی نووسەر: محمود امین
لە عەرەبیەوە: حەمە کەریم عارف
دیزاینی بەرگ: ئارام علی
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
زنجیرە: ١٩
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ:٢٠١٧
نرخ:٥٠٠٠ دینار
چاپخانەی تاران
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(١٠٢٣)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

حەمە کریم عارف

پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام !

شێرکۆ بێکەس

ئەو وەختەی بە عەشقەوە ئەنووسیت و ئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین و داهێنان . ئەوکاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم و ئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە و چرای کتێب و رستەیەکی جوان . تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت و تۆ

ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی و ژیانت بە ژیانی میللەتێک و تێکەڵ بە ئاینده ئەبێ و لەگەڵ باراندا ئەباریت و لەگەڵ هەتاودا هەتاو !

حەمە کەریم عارف
پیاوێک لە شەونخونی و
لەڕێژنەی وشە و
خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و
گزنگی بەیان .
ژێیەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب و چاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان !
هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا .
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا .
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا !
ئەمشەو بەتەنها خۆم لەسەر مێزەکەم
ئەم مۆمی رێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان !
بەتەنها خۆم و چەند دێڕە شیعرێکی جاویدان .
بەتەنها خۆم و پەپوولەیەکی غەمگین و
چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان .
بەتەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بە شەونمی ئەو مێرگە و
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمە و
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار !
بەتەنها خۆم ، نە حەمە کەریم خۆی زانی و
نەڕۆژنامەیەک و گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک و نە مەقامێکی
عەلی مەردان ، تەنها هەر خۆم و مێزەکەم
کەسی تر نا .

کەرکوکییەک
پڕپڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان !
کەرکوکییەک هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوە و
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان .
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەیرۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە .
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە .
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بەدەروونماندا هەڵواسی .
کەرکوکییەک
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا !
کەرکوکییەک ...
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگەشەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگیڕاین
ئەلبێر کامۆ . ئەلکساندەر فەیداف . هیرب میدۆ . قاسمۆف . کازانتزاکیس . چیخۆف . گوینتەردیشنەر . فنسنت ڤان گۆگ . مالرۆ. شەکسپیر . م . گۆرگی . هۆمیرۆس . چرنیشفسکی . چایکۆفسکی . ئیدگار ئالان پۆ . جاک لەندەن . گۆگۆل . سیرۆس پرهام . بلیخانۆف . کریس کۆچرا . مەهدی حسێن . سابت رەحمان . ئەحمەد مەحموود . سەمەدی بیهرەنگی . عەزیز شەریف . نەجەف قولی پسیان . ئەشرەفی دیهقانی . مەسعود ئەحمەدزادە . گەوهەر مراد . یەڵماز گونای ... چەندین و چەندینکەژو دەریاچە و دەشت و رووباری تریش ....
لە سی و پێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی .
لە سی و پێنج ساڵیدا .. هەشتا ڕێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە ، هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا .. ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن .
لەم رەنگانەدا ... ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن .
لەم هەورانەدا ..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا ... ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن .
من ئەم شەو تەنها هەر خۆم و چەند شیعرێ
ئەم چرایرێزلێنانە لەسەر مێزەکەم دائەگیرسێنم .
بۆ کەرکوکییەککە سەر رێژە لە وشە و
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو.. سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی . سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست ! سڵاو !

سلەیمانی ١٥ / ٧ / ٢٠٠٩

ئەدەب و هونەر / ژمارە ( ٦٤٣ ) / پێنج شەمە / ٢٣ / ٧ / ٢٠٠٩

پێڕست


- - حەمە کەریم عارف ، پیاوێک لە بارانی ... شێرکۆ بێکەس
- - پێش سەرەتا
- - ئایا منداڵەکە دەفرۆشم ؟
- - ڕێگای قەڵا
- - ئابلۆقە
- - پێستی مەڕ
- - چاوانی بێ وێنە
- - بەرەو ئەسفەهان
- - ئیمام
- - پزیشک
- - خیانەت
- - لە چاوەڕوانی بەهەشتدا
- - کارنامەی وەرگێڕ

بەهەشت ....

لە چاوەکانیا دەی بینم ...

خۆشەویستی ئەو

بەخششی خوایە بۆ من

# پێش سەرەتا

چیرۆکەکەمان لە گوندێکی هەژاری باکووری فارسی نزیک قەڵای"هەڵەموت"یا"ئەلەموت" ەوە دەست پێدەکات ، کە ناوەکەی بە زمانی خەڵکی دەیلەم - دەیلەم ناوی ناوچەیەکە کەوتووەتە باکووری هەردەی ئێرانەوە - دەکاتە " لانەی هەڵۆ " بەڵام پێش ئەوەی لە باکووری فارسیەوە دەست پێبکەین ، بۆ ئەوەی ئاگاداری تەواومان لەو ڕووداوانە هەبێت کە کردیان کارێک لەم قەڵایەوە دەست پێبکەین ، پێویستە زۆر لە فارس دوور بکەوینەوە ، تا دەگەینە باکووری ئەفریقیا ، کە بانگەوازی ئیسماعیلیەت ، لەوێڕا سەری هەڵدا و پەیدا بوو .

ئیسماعیلیەت ، فیرقەیەکە لە فیرقەکانی شێعە ، لە سەردەم و ڕۆگارێکدا توانی بانگەوازی خۆی لە باکووری ئەفریقادا بڵاو بکاتەوە و بانگەخوازباشییەکەیان، ئەبو عەبدوڵای عەلی کوڕیحوشەبی شیعە ، توانی ئەم بانگەواز و دەعوەیە لە نێوان ساڵانی ٨٨٨ – ٨٩٧ زاینی لە مەغریب و باکووری ئەفریقادا بڵاو بکاتەوە "ئەبو عەبدوڵا" توانی لەو ساڵانەدا سوپایەکی بەهێز پێکبهێنێ و دەوڵەتی ئەغالیبەکان لە ساڵی ٩٠٤ ز . ببەزێنێ کە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا لە باکووری ئەفریقادا هەبوو ، و ناردی بە شوێن پیاوێکدا پێیان دەگوت "عوبەیدوڵا" و دەیانگوتلە نەسڵو نەوەی فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوایە درودی خوای لە سەر بێ و ، گوایە مەهدییە .

"عوبەیدوڵا" گەییە شاری"سەلجماسە"ی مەغریب ، والی بە گەرمی پێشوازی لێکرد ، بەڵام دوای سەرکەوتنی"ئەبو عەبدوڵا" بەسەر ئەغالیبەکاندا ، والی لە دەسەڵاتی ئیسماعیلیەکان ترسا و"عوبەیدوڵا"ی دەزیندانیێ هاویشت ، بەڵام" ئەبو عەبدوڵا" ئازادی کرد و بەیعەتی دایە کە مەهدی میری موسڵمانانە .

وەکو دەڵێن ، شەڕ ئەگەر لە بەینی دوژمناندا بوەستێ ، ئەوە لەبەینی دۆستان و هاوپەیماناندا ناوەستێ ، لە ساڵی ٩٠٦ ز . "عوبەیدوڵا" هەستی کرد دەسەڵاتی" ئەبوعەبدوڵا"ڕوو لە زیادیە ، بۆیە فەرمانی کوشتنی دا ، کاتێ مورید و شوێن کەوتووەکانیڕاپەڕین ، کوشتنی. ئیدی لەوێوە ، دەوڵەتی فاتمیانی شیعەی ئیسماعیلی مەزەب و باوەڕ، لە باکووری ئەفریقا دروست بوو ، هەمیشە چاویان بڕی بووە میسر . دوای هەوڵ و تەقالایەکی زۆر ،"جەوهەر سەقڵی" فەرماندەی شیعە مەزەب ، توانی لە ساڵی ٩٦٦ ز . دا بە لەشکر و قۆشەنێکی سەد هەزار سوارەوە ، بێتە ناو ئەسکەندەریە و کاتێ هەواڵی هاتنی" جەوهەر سەقڵی" گەییە وەزیری میسری" جەعفەربن الفرات " ، وای بەچاک زانی سوڵح لە گەڵ"جەوهەر سەقڵی" دا بکات کە بەڵێنی دانێکە دەست بۆ ماڵ و سامانیان نەبات و میسریەکان ناچار نەکات کە بێنەسەر مەزەب و ئۆلی شیعەی ئیسماعیلی ، بەڵام وەکو پیشەی هەمیشەییان ، پاشان وەعد و بەڵێنەکانیان نابەنەسەر .

ئیدی لە سایەی حوکم و فەرمانڕەوایی عوبەیدیدا ، نیسبەت بە ناوی" عوبەیدوڵا"ی باوکیرۆحی خەلافەتی فاتمیان ، سەردەم و دەورانێکی تازە لە میسردا دەستی پێکرد ، ئیدی بناغەی دامەزراندنیشاری" مەنسوریە"ی باکووری فستات دانرا و ، ئیدی ئەو کۆشکە دامەزرا کە بوو بە نشیمەنی"مەعزلدین اللە الفاتمی" خەلیفەی فاتمیان لەو ڕۆژگارەدا ، ئیدی بەناوی کۆشکی رۆژهەلاتی گەورە ناوی دەرکرد .

قاهیرە ، چواردانە ساڵ بەناوی" مەنسوریە" وە ناو برا ، پاشان " مەعز " ناوی نا قاهیرە بەو ئومێدەی کە شکست بە دەوڵەتی عەباسیان دێنێت . "جەوهەر سەقڵی"ی فەرماندە چوار دەروازەی خستە شورە و حەساری قاهیرەوە : دەروازەی" نەسر" ، دەروازەی" فتوح " ، دەروازەی"زویلە" ، دەروازەی"قەوس " ... پاشان لەساڵی ٩٦٧ ز . دەستی بە دامەزراندنی مزگەوتی ئەزهەر کرد و لەماوەی دووساڵدا تەواو کرا ، ئەم مزگەوتە تایبەت بوو بە ڕێنمایی و شەعایرەکانی مەزەبی عوبەیدی ، بۆیە ئەمە کرا ، تا نەبا ئەگەر ئەم رێ و رەسمە ئاینیانە لە مزگەوتی میسریەکاندا ئەنجام بدرێ ، میسریەکان پێیان ناخۆش بێ و ڕاپەڕین بەرپا بکەن ، بۆیەکەمجار لە ڕەمەزانی ساڵی ٩٦٩ ز . دا نوێژ لە مزگەوتی ئەزهەر کرا و لەسەر مینبەرەکانەوەڕووی بانگەوازەکە کرایە خەلیفە مەعەز و ، ناوی خەلیفە عوبەیدی شیعە مەزەب لە جیاتی ناوی خەلیفەی عەباسی خرایە سەر سکە ، هەروەها " جەوهەر سەقڵی" لەبەر کردنی جلیرەشی ، دروشمی عەباسیەکانی ، لە خەڵکی قەدەغە کرد و ، لە خوتبەدا وەکو عادەتی شیعەکان ئەمە زیاد کرا : "سەڵات و سەلامی خوا لە محەمەدی پێغەمبەری هەڵبژاردە و لە عەلی خوا لێرازی ، لە فاتیمەی داوێنپاک ، لە حەسەن و حوسەینی نەوەی پێغەمبەر ، سەڵات و سەڵامی خوا لە ئیمامانی راشدین ، باوکانی میری موسوڵمانانیرێ نیشاندەر و هیدایەت دراوانی هیدایەت دەر . "

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە : حاڵی خەلافەتی عەباسیان لەو سەردەمەدا چۆن بووە ؟ چۆن لە دابڕانی میسر ، کە بەپردی نێوان هەردووباڵی خەلافەتەکە حەساو بووە ، بێدەنگ بووە ؟

بۆ ئەوەی زۆری بەتاندا نەچین ، لە حاڵێکی بێ حاڵدا بوو ، مایەی بەزەیی بوو ،"ئەحمەدی کوڕی بویە" فەرماندەی شیعە مەزەب ، لە ساڵی ٩٤٢ زاینیدا دەچێتە ناو بەغدا ، هەنگێ"مستەکفیباللە" خەلیفە دەبێت ، ئەحمەد بەیعەتی دەداتێ و خەلیفە وەعد و بەڵێنی دەسەڵاتی دەداتێ ، بەوجۆرە خەلیفە بە ڕواڵەت خەلیفە دەبێ و فەرمانڕوایراستەقینە" ئەحمەدی کوڕی بویە" دەبێت .

ئیدی بوەیهیەکان – لە بوەیهیەوە وەرگیراوە – دەست بەسەر کار و باری وڵاتدادەگرن تا سەلجوقیانی سوننە مەزەب پەیدا دەبن و ماڵباتی بوەیهیەکان لەناو دەبەن . ئەمە لەساڵی ١٠٥٥ ز . دا ڕوو دەدات ، کاتێ کە خەلیفەی عەباسی هاوار بۆتوغرولبەکی سوڵتانی سەلجوقیان دەبات ، کە هاتە ناو بەغدا و دەسەڵاتی بوەیهیەکانی لەنێو برد و خەلیفە فەرمانڕەوایبیودەسەڵاتی هەموو ئەو دیار و دەڤەرانەی دایە کە لە ژێر دەستیدا بوون ، و ئەمری کرد ناوی لە خوتبەدا بهێنرێت ... بەمجۆرە عێراق کەوتە بازنەی دەسەڵات و

فەرمانڕەوایی سەلجوقیانی گەورەوە ، ئیدی خەلافەت لە نێوان سەلجوقیانی سوننە مەزەب و فاتمیانی شیعە مەزەبدا ، دابەش بووبوو ، خەلیفەش هەر بەناو خەلیفە بوو و هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو و پای کەرێکی بۆ نەدەکرایەوە .
حەسەن سەباح ، لەو سەرو بەندەدا لەشاری قومی فارسیدا لەدایک دەبێت ، بابی سەربە ڕێباز و تەریقەتی شیعەی دوازدە ئیمامی دەبێت – کەلە تەریقەتی ئیسماعیلی جیاوازە – هەڵبەتە شاری قوم ،قەڵا و مەڵبەندێکی بەهێزی مەزەبی ناوبراو بوو ، بەڵام کاتێ کە حەسەن سەباح منداڵ دەبێت بابی دەیبات بۆ شاریڕەی کە مەڵبەندی چالاکی و چەلەنگی ئیسماعیلیەت بوو ، حەسەن سەباح ، بەمنداڵی تووشی کابرایەک دەبێت بە نێوی" عومەیرە زاراب " ئیدی ئەم پیاوە بیروباوەڕی حەسەن سەباح بە مەزەبیدوازدە ئیمامی لەق دەکات ، بەڵام هەر لەسەر باوەڕی خۆی مایەوە تا نەخۆشیەکی تووشی گرت ، دوای ئەو نەخۆشییە بوو بە شیعەی ئیسماعیلی . لەبەردەم بانگخوازێکی ئیسماعیلیدا سوێندی وەفاداری بۆ ئیمامی فاتیمی خوارد ... لەساڵی ١٠٧٢ ز . گەورەی بانگخوازانی ئیسماعیلیان گەییە"ڕەی" لەوێ حەسەن سەباحی بینی و ئەرکەکەی بۆ دەستنیشان کرد و داوای لێکرد بۆ قاهیرە بڕوات کە قەڵای ئیسماعیلیەکان بوو لەسایەی فەرمانڕەوایی فاتیمیدا .
لە ساڵی ١٠٧٨ ز . گەییە قاهیرە ، بەگەرمی و ڕێزەوە لە دەرباری فاتمیاندا پێشوازی کرا ، بەڵام دوای ئەوەی سێ ساڵ لەوێندەر مایەوە ، بەهۆی ناکۆکی دەگەڵ میری لەشکر و سوپا " بەدر ئەلجەمالی" دا ئەوێندەری بەجێهێشت .
کاتێ حەسەن سەباح بۆ فارس گەڕایەوە ، زیاتر بۆ بانگەوازەکەیڕووی کردە ئەوپەڕی باکووری فارس ، بەتایبەتی هەرێم و قەڵەمڕەوی" دەیلەم" ، کە خەڵکەکەی بەڕاستی هەوادار و دڵبەندی بانگەوازی ئیسماعیلیەت بوون . بەڵام شتێکی گرنگ مژوولی دەکرد . دەیویست قەڵایەکی قایم و مکومی بۆ بانگەوازەکەی هەبێت ، قەڵایەک کە بتوانێ پشتی پێوە بدات و ڕووبەڕووی مەترسی سەلجوقیەکان ببێتەوە ، دوای گەڕان و بیرکردنەوەیەکی زۆر، دڵی قەڵای هەڵەموتی گرت و پەسەندی کرد ، ئیدی حەسەن سەباح توانی بە فێڵ و دەهۆیان ، فەرماندەی قەڵایەکە فریوبدات و بە کۆمەکی هەواداران و موریدانی خۆی کە لە نێو قەڵاکەدا بوون ، لە ساڵی ١٠٩٠ دا دەست بەسەر قەڵای ناقبریدا بگرێت .
بە کورتیەکی زۆر کورت ، باکووری ئەفریقیا لە ژێر فەرمانڕەوایی ئیسماعیلیەکاندا بوو ، شیعەی دوازدە ئیمامی لە ئێراندا بوون ، هەروەها ئیسماعیلیەکانیش ، ئێران بە شێوەیەکی گشتی ، لە کێشما کێشێکی بەردەوامدا بوو لە نێوان سوننە و جەماعەتە شیعەکاندا ، زۆربەی خەلافەتەکە لە ژێر دەسەڵاتی سەلجوقیانی سوننە مەزەبدا بوو .

# ئـایا منداڵـەکـە دەفرۆشم

شاری" سافا "ی هـەردەکانـی باکووری وڵاتـی فارس ، زۆر لـە شارانیرەی و قومـەوە دوور نیـە ، هـەرچـەنـدە ئـەم شارە چکۆلـەیـە لـەژێر دەسەڵات و فـەرمانڕەوایی سەلجوقیانـی سوننـەدا بوو ، بـەڵام لـە هـەمان کاتدا مەڵبـەندی شیعـەیانـی دوازدە ئیمامی بوو کە بـەئاشتی و سەلامـەتی لـەوێندەردا دەژیان .

" سەعد "یـەکێک بوو لـەو شیعانـەی کە لـەو شارەدا دەژیا ، ئـەم پیاوە بازرگانێکیسادەبوو ، هـەموو ئاواتێکی ئـەوە بوو بـەسەلامـەتی رۆژ بـەسەر بـەرێت و ئێوارە بڕواتـەوە بۆ لای" ئومـەیمە"ی هاوسەری و "ئـەوڕەحمانـی" کوڕی کە لـە ڕادەبـەر خۆشی دەویستن . سەعد قـەناعـەتی وابوو کە دوای ئـەوەی خوا ئـەو ژن و کوڕەی پێ بـەخشی بوو ، نابێ لـەوەی پتر تـەماحی دنیایی هـەبێت و چاوی لـە نیعمـەتی زیاتر بێت ، بۆ ئـەوەی نیعمـەتی ئـەو دنیا مانا و تامێکی هـەبێت ، چونکـە ئـەگـەر سەرباری نیعمـەتی ژن و کوڕەکـەی ، نیعمـەتی دیکـەی هـەبێت مانای وایـە لـەبـەهـەشتدایـە ... هـەڵبـەتـە ئـەمـە لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە ، چونکـە بـە بوونـی ئـەو دوانـە هـەستی بـەوپـەڕی ئاسوودەیی و شادی دەکرد ، بۆیـە هـەرکـە لـەکار دەبووەوە ، پشتی دەکردە هـەموو دنیاوبـەلـەز بـەرەو ماڵـەکـەی خۆی دەڕۆییشتـەوە کە بـە نموونـەیـەکی چکۆلـەکراوەی بـەهـەشتی دەزانـی لـەسەر ئـەو ئـەرزە فانیـەدا ، ئـەو سەعاتانـەی کە بـە کارکردنـەوە دەیبردنـە سەر زۆر بـە خاوی و ناخۆشی دەڕۆیشتن چونکـە لـە ژن و منداڵـەکـەی دوور بوو .

هـەرشەوێک کە بۆ ماڵـەوە دەگـەڕایـەوە ، سەیری دەکرد ژنـەکـەی لـەگـەڵ ئـەوڕەحماندا شیعر دەخوێنێتـەوە . ژنـەکـەی زۆری حـەز لـە شیعر بوو ، بـە بـەردەوامی ئـەوڕەحمانـی فێری شیعر دەکرد ، شیعری پێ ئـەزبـەر دەکرد . منداڵیتاین ، هێشتا دە ساڵانـی تـەواو نـەکردبوو ، هێندەی شیعر ئـەزبـەر کردبوو، بووبوو بـە شاعیر ، ئـەمـە تاقـە خاڵی ناکۆکی و ناتـەبایی نێوان سەعد و ژنـەکـەی بوو ، بـەڵام مەسەلـەکـە نـەگـەیی بووە ڕادەی شەڕ و قـەرقـەشە ، بـەڵام شتـەکـە لـە سنووری گاڵتـە و شۆخیدا بوو ، سەعد دەیویست کوڕەکـەی وەکو خۆی ببێت بـە کاسب و بازرگانێکی کارامـە و لێهاتوو ، خۆ بـە دیدی سەعد ئـەگـەر هـەندێک سازشکار و دەست نوقاو بوایـە باشتر ، بازرگانێکی لێزان، وەکو بابی بزانێت چۆن لـەگـەڵ فرۆشیار و کڕیاردا مامەڵـە و سەودا بکات ، بـەهـەزرانترین نرخ بکڕێت و بـە گرانترین نرخ بفرۆشێت ، بێ ئـەوەی دڵی کەس

بڕەنجێنێ ، بەڵام هەرجارێ کە دەیویست لەگەڵ خۆیدا بۆ دوکانی بەرێت" ئومەیمە" لێی دەپاڕایەوە کە لای ئەوی بەجێ بێڵێ ، نەیدەتوانی بە بێ ئەوڕەحمان هەڵبکات و بەکەشم و نەشمەوە بە مێردەکەی دەگوت :
- باشە دڵت دێ بەتەنیا لەماڵ بمێنمەوە ، نە هاودەمێکم هەبێ و نە پیاوێک هەبێ بمپارێزێت ؟
سەعد نەیدەتوانی دڵی بشکێنێ و هیچ داوایەکیڕەت بکاتەوە ، بەتایبەتی بەنازەوە داواکەی کردبا ، ئیدی منداڵەکەی بۆ بەجێدەهێشت و سوور دەیزانی کە دایکی بۆیە دەیەوێ لەگەڵیدا بمێنێتەوە تا کاتی لەگەڵدا بەسەر بەرێت و نازی بداتێ ، هەموو کار و کردەوەیەکی منداڵەکە ، دوای ئەوەی بابی بەجێی دەهێشت ، ئەوە بوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا ، لە نزیکی ماڵەوە گەمان بکات و لەگەڵ دایکیدا کەهەردوو زمانیعەرەبی و فارسی فێرکردبوو ، وەخوێنێ . بابی دەترسا منداڵەکە بەوشێوەیە گەورە بێ و کچانە دەربچێت ، بەڵام وەکو گوتمان نەیدەویستیا نەیدەتوانی بە ئاستەمیش ئومەیمە زویر بکات یا بیڕەنجێنێ ، چونکە ئەمە زیاتر کاری لەخۆی دەکرد تا لە ئومەیمە .
ئەوڕۆژە سەعد وەکو هەمیشە ، بەپەلە بۆماڵ هاتەوە ، بەڵام کە لە ماڵەکەی خۆی نزیک بووەوە ، لەبەر تریفەی کزی هەیڤەشەوەکەدا سێبەری پیاوێکی لەنزیک ماڵەوە بەدی کرد ، کە پێدەچوو چاوەڕوانی ئەو بکات ، پیاوێک لێکدا لێکدا ئاوڕی دەوروبەری خۆی دەدایەوە . سەعد هەستی بە جۆرە نیگەرانیەک کرد و لەدڵی خۆیدا لێی ترسا ، خێرا بەدەست خەنجەرەکەی سەح کردەوە کە هەمیشە لەژێر عەباکەیەوە هەڵیدەگرت ، لەترسی ئەوەی نەبادا دزێک ، جەردەیەک دەرفەتی لێبێنێ و بەشەو پەلاماری بدات و ئەو پارەیەی لێبسەنێ کە بە ڕۆژەوە بە دوکانداری و کاسبی پەیدای دەکرد و شەو لەگەڵ خۆیدا بۆماڵی دێنایەوە ، لەبازاڕ ناسراو بوو ، هەمووش دەیانزانی کە شەوان بە پارەیەکی زۆرەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە . سەعد پیاوێکی کەتەی بەکەلەش و زەلام و تۆکمە بوو ، بۆیە لەو زەلامەی کە لە تاریکیەکەدا وەستا بوو ، نەترسا ، چونکە وادیاربوو زۆر لەو وردیلەترە ، بەڵام لەوە دەترسا خەڵکانی دیکەی لەگەڵ بن و لە شوێنێکدا خۆیان پەنادابێ . بۆیە ئەویش کەوتە ئاوڕدانەوە بەملاوبەولادا ، لەترسی ئەوەی نەبادا کەسانی دی لەگەڵدا بن ، سەعد بینی ، هەرکە پیاوەکە ئەمی بەدی کرد ، لێی دێتە پێشەوە و تا هاتەبەردەمی و بە خۆشییەوە گوتی :
-سڵاوت لێبێ ... جەنابت سەعدی بازرگانیت ؟
سەعد ، کە نیگەرانیەکەی خەریک بوو دەسڕایەوە ، وەکو ئەوەی زانینی ناوەکەی لەلایەن کابراوە ، زامنی سڕینەوەی ئەم نیگەرانیە بێت ، بەرسڤی دایەوە :

-بەڵێ ، خزمەتێکت هەبوو قوربان ؟
هەرچەندە دنیا تاریک بوو ، بەڵام سەعد بزەی سەر لێوی کابرا و ، دەستی کە بۆ سەلام کردن بەرزی کردبووەوە ، بەدی کرد و گوێی لەدەنگی کابرا بوو ، وەکو ئەوەی دوای ماندوو بوونێکی زۆر بەئاواتی خۆی گەیی بێ ، گوتی :
-من خەڵکی گوندەکەی حەمیدی براتم ، بە ئیشێک هاتووم ، کە براکەت زانی من بۆ (( سافا )) دێم و هیچ کەسێک لێرە ناناسم ، باسی تۆی بۆ کردم و پێی گوتم کە دەتوانیتیارمەتیم بدەیت .
ڕووی سەعد گەشایەوە ، بەگەرمی چاک و خۆشی لەگەڵکابرا کرد و گوتی :
-هەر داوایەکت هەبێ من دەخزمەتودام ... ئەدی حاڵی براکەم چۆنە ؟ زۆردەمێکە سەردانم نەکردووە .
کابرا کە هێشتا دانەکانی لە تاریکیەکەدا دەبریسکانەوە گوتی :
-زۆرباشە ، سڵاوی لێدەکردیت .
ماندوویەتیەکی فرە بە سیما و دەنگی کابراوە دیار بوو ، سەعد بە میهر و دلۆڤانیەوە پێی گوت :
-ببورە ... کەرەمکە با بچینە ژوورەوە، جارێ ئیسراحەتێک بکە ، دوایی قسان دەکەین .
سەعد لە دەرگای دا ، گوێی لە دەنگی ژنەکەی بوو کە لە ژوورەوە دەی پرسی کێیە ؟ وەڵامی دایەوە :
-من سەعدم و میوانێکم لەگەڵدایە .
هەڵبەتە حەزی نەدەکرد ژنەکەی وەکو هەموو شەوێک بەدەست لە ملان و باوەش کردن پێشوازی بکات ، ئومەیمە دەرگاکەی کردەوە و خۆی لە ژوورەوە پەنادا ، سەعد لەگەڵ ئەو پیاوەدا کە تەنانەت ناوی نەدەزانی وەژوورکەوت ، کابرا هەرکە پێی نایە ژوورەوە ، چوو بۆلای کورسییەک و بێئەوەی چاوەڕوان بکات تا سەعد خوڵکی دانیشتنی بکات ، لەسەر کورسییەکە دانیشت ، پێدەچوو ماندوویەتی پرزەی لێبڕی بێت ، سەعد ئەوی بەجێهێشت و چوو بۆ لای ژنەکەی کە خۆی پەنادابوو ولەپشت دیوارەکەوە بە دزییەوەتەمەشای دەکرد ، تا میوانەکە بەو ئالاو والایەوە نەیبینێ کە پێشوازی مێردەکەی پێوە دەکرد . سەعد سڵاوی لە ژنەکەی کرد و ماچی کرد و ئەوسا لە ئەوڕەحمانی پرسی ، ژنە وەڵامی دایەوە کە نوستووە . ئەوسا بە ژنەکەی گوت :
-دەی باشە ... نان بۆ میوانەکە ئامادە بکە .
ژنە پرسی :

-ئەم میوانە کێیە ؟
سەعد بەدەم داکەندنیکەواکەیەوە کە تۆزی بازاڕی لێنیشتبوو ، وەڵامی دایەوە :
-خەڵکیگوندەکەی حەمیدی برامە ، دەڵێت بە کارێک هاتووە ، من تا ئێستا هیچی دەربارە نازانم ، تەنانەت ناویشی نازانم ... با جارێ نانەکەمان بخۆین ، ئەوسا پرسیاری لێدەکەم و هەنگێ هەموو شتێکی لێدەزانم .
ئومەیمە ، بە گومان و نیگەرانیەوەتەمەشای کرد و ئەوجا گوتی :
-ئیسماعیلییە ؟
سەعد ، سەرێکی بادا و گوتی :
-نازانم ، نامەوێ ئەوباسەی لەگەڵدا بکەمەوە ، من بۆیە لەگەڵ براکەم ناکۆکم چونکە ئیسماعیلی مەزەبە . نامەوێ سەریشەی دیکە بۆخۆم زیاد بکەم .
ژنە ، بە نیگەرانیەوە لەسەرڕیرۆیی :
-من هەقی کابرام نیە ... بەڵام ئیسماعیلیەکان ، چاوەڕوانی خێریان لێناکرێت .
مێردەکەی بە پەستیەوە بەرسڤی دایەوە :
-ئەوانیش هەمان شت بە ئێمە دەڵێن ، دەڵێن موریدانی مەزەبی دوازدە ئیمامی خێریان بە ناو چەوانەوە نییە .
ئەوسا ، بە پەستیەکی زیاترەوە لەسەرڕیرۆێ و پرسی :
-شەوەکەمان بەم قسانە بەرینەسەر ، یا نانەکەمان بخۆین و بار سووک وسەر سەلامەت لێی بخەوین ؟
ژنە بە نیگەرانیەوە پرسی :
-لەلای ئێمە دەخەوێت ؟
سەعد ، بە گومانەوە بەرسڤی دایەوە :
-نازانم ، بەڵام پێدەچێت هیچ شوێنێکی دیکە شک نەبات ، بەهەرحاڵ خوڵکی مانەوەی دەکەم .
ژنە بە ناڕەزاییەوە سەری لەقاند و ئەوسا کەوتە ئامادەکردنی خواردن ، سەعد گەڕایەوە بۆلای کابرا ، سەیری کرد لەسەر قەنەفەکە دابەزیوە و لە عاردی دانیشتووە و پاڵی بە قەنەفەکەوە داوە و سەری لە نێو دەستی ناوە ، خەو دای گرتبوو ، دەستێکی بەسەر شانیدا دا و پێی گوت :
-کەمێک خۆ بگرە ... نانەکەمان دەخۆین و ئەوسا دەچیتە ژوورەوە و بۆ خۆت بنووە ... بمبورە بیرم چوو ناوت بپرسم .

کابرا چاوانی نابوونە سەریەک و هەر بەو دەقەوە بێئەوەی چاو هەڵێنێ وەڵامی دایەوە :
-من ئەمشەو دوو داواکاریم لە خزمەتی تۆدا هەیەیەکەمیان : هیچم لێ مەپرسە .
سەعد بە وەڵامەکەی کابرا نیگەران بوو ، بەڵام لێی پرسی : ئەدی دووەم ؟
کابرا بەرسڤی دایەوە :
-شوێنێک تیایدا بخەوم ، و سبەی داوایەکی دیکەت لێدەکەم و ئیدی نامبینیتەوە .
شێوازی کابرا سەعدی نیگەران کرد و بە کونجکاویەوە پرسی :
-باشە ئەو داوایەت چیە ؟
کابرا کە لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو ، وەڵامی دایەوە :
-شوێن و مەکانی کابرایەکی ناسراوی لای ئێوە کە پێی دەڵێن (( تایەری دارتاش )) .
کابرا هەستی بەو گرژی و نیگەرانیە نەکرد کە نیشتەسەر سیمای سەعد و کابرا هەر ئەوەندەی بەخۆ زانی کە سەعد دەستی گرتوە تا یارمەتی بدات هەستێت و بیباتە ژوورێکەوە تا لەوێ لە سەر جێگایەکی نەرم و نیان بخەوێت .
سەعد دوای ئەوەی کە دەرگای ژوورەکەی لە کابرای میوان داخست ، گەڕایەوە بۆلای ژنەکەی ... ئومەیمە خەریک بوو چێشتی لە قاپان دەکرد ، هەواڵی دایە کە کابرا نوست . ئومەیمە کە لە میوانەکە ناڕەحەت بوو ، بەشادیەوە گوتی :
-دەی باشە ... خۆمان نان دەخۆین ، من برسیمە ، چاوەڕوانی تۆ بووم کە پێکەوە شێو بخۆین .
سەعد بە نیگەرانیەوە گوتی : نامەوێ نان بخۆم ... دەڕۆم دەنووم .
ئومەیمە ، هەستی بە گۆڕانی سیمای مێردەکەی کرد ، ئەوجا لێی پرسی :
-چیتە ؟ ناڕەحەت دیاری . ئەو کابرایە هیچی پێگوتیت کە پێی نیگەران ببیت ؟
سەعد ، تفەکەی دەمی ، بەدەنگەوە ، قووت دا و بەرسڤی دایەوە :
-تەنانەت ناوی خۆیشی پێنەگوتم .
ژنەکەی بەسەرسامیتەمەشای کرد و گوتی :
-شتێکی سەیرە ! ... باشە بۆ ؟ باشە چۆن لای ئێمەیەک دەنوێت کە هیچی دەربارە نازانین ، تەنانەت ناویشی نازانین ؟
سەعد وەڵامی دایەوە : شتێکی دیکەش هەیە .
ژنەکەی بەسەرسامیتەمەشای کرد و ئەمیش لە سەریڕۆیی :
-دەیەوێ بیگەیەنمە تایەری دارتاش .
چاوانی ژنە ، لە ترسا ئەبڵەق بوون ، ئەو قاپەی کە بەدەستیەوە بوو کەوتە سەر ئەرزەکە .
* * *

سەعد لە بازاڕ ، لەبەر دوکانەکەی دانیشتبوو ، هەستی بە ژاوەژاو و هەرا و هەنگامەی خەڵکەکە کرد کە بەرەو ناوەندی بازاڕ غاریان دەدا ، پیاوێکی ناسیاویڕاگرت و بە کونجکاوی لێی پرسی :

-ئەرێ ئەوە چیە ؟ ئەو خەڵکە بۆچی هەموویان غار دەدەن ؟

کابرا کە بەلەز بوو تا بۆ ئەوێ بڕوات و بزانێت چ باسە ، بەپەلە وەڵامی دایەوە :

-وەزیر نێزامول مولک ، ئەمری کردووە " تایەری دارتاش " لە مەیدانی شاردا لە سێدارە بدرێت .

سەعد ، هەستی بەترس کرد ، دیسان لەو کابرایەی، کە پێوە بوو بڕوات بۆتەمەشای ئیعدامییارۆی دارتاش پرسی : -باشە لەسەر چی ؟

کابرا دەیویست بڕوات ، چونکە ئەو ڕووداوانە ، تاقە هۆی رابواردنیان بوو ، بە بێزاریەوە گوتی :

-ئەمە حیکایەتێکی دوور و درێژە پاشان بۆتی دەگێڕمەوە ... لەوە دەچێت تۆ ئاگات لەو شتانە نەبێت کە لە شاردا ڕوودەدەن .

سەعد ، بە پاڕانەوەوە گوتی : -تکایە خێرا پێم بڵێ ... چ قەوماوە ؟

کابرا ، بە پەستیەوە ، وەکو ئەوەی خزمەتێکی گەورەی بکات گوتی :

-دەباشە بۆتی دەگێڕمەوە ... گروپێک کە بریتی بوو لە هەژدە ئیسماعیلی هاتبوون ، ئەمانە لەبەر ئەوەی لە نوێژی تایبەتیدا بەشداریان کردبوو ، بە ئەمری پۆلیس گیران ، بەڵام دوایی ئازاد کران ، ویستبوویان موئەزینەکە بەلای خۆیانداڕاکێشن و ئیشیان لەگەڵدا بکات ، کە ڕەفزی کردبوو لەترسی ئەوەی نەبا سڕەکەیان ئاشکرا بێت ، کوشتوویانە .. زۆربەی ئەوانە لە ناوچەکانی نزیکی قەڵای" هەڵەمووتەوە" هاتبوون ... بەخۆت ئەو ناوچەیە دەزانیت ، جارێک پێت گوتم کە براکەت لەو دەڤەرە دەژی .

سەعد ، وای هەست کرد ، کابرا دەیەوێ بەوە تۆمەتباری بکات کە ئەو پیاوانە دەناسێت ، بۆیە بەرپیزێک وشەی نامەفهووم بەرپەرچی دایەوە کە کابرا هیچی لێ حاڵی نەبوو و لەسەریڕۆیی :

-ئیدی سەرداری ئەم جەماعەتە تایەری دارتاش بوو ، هەر لە هەوەڵەوە هەڵسوکەوتی مایەی گومان بوو و ناوبانگی باش نەبوو ، لەوەی پتر چیت بۆ باسبکەم ؟

سەعد وەڵامی نەدایەوە ، لە دنیایەکی دیکەدا بوو ، بیری لەو کابرایە دەکردەوە کە چەند ڕۆژێک لەوە پێش هاتبووەماڵی ... ئەگەر ئەو کابرایەی هاتبووە ماڵەکەی ، لەو جەماعەتە بێت و پۆلیس پێی بزانێت ، ئاقیبەتی زۆر خراپ دەبێت .

چووە دوکانەکەوە ، هەوڵی دەدا قەناعەت بە خۆی بێنێ کە هیچ شتێک نابێت ... هەنگێ هەستی کرد پیاوێک بە پارێزەوە خۆی بە دوکانەکەدا دەکات و بە سڵۆکی ئاوڕی دەوروبەری خۆی دەداتەوە ، ڕەفتاری کابرا لەوە نەدەچوو مەعمیلێک بێت و بۆ کڕینی شتێک هاتبێت ، هەنگاوە شڵەژاوەکانی گومان و دوودڵیان دەخستە دڵەوە ، سەعد ، کە دڵە خورپەی پێکەوتبوو ، بە ترسەوە پێی گوت :

-فەرموو ، هیچت دەوێ قوربان ؟

کابرا ، بە چپە ، وەکو فیشکەی ئەژدیهایەکی ئەو دونیا بێ ، گوتی :

-ئەو پیاوەی لە گوندەکەی براکەتەوە هاتبوو ، ئامۆژگاریت دەکات کە هەڵێی بۆ ئەو گوندە ... پۆلیس گرتوونی و لەوەیە لەوە زیاتر خۆیان پێنەگیرێت .

پێش ئەوەی سەعد هیچ شتێک بڵێت ، کابرا لەبەرچاوی دیار نەما ... سەعد ، وای هەست کرد کە کێوێکی خەمیان لە دڵی بارکرد ... بەڵام ئەگەر دەیەوێ خۆی و ماڵ و منداڵەکەیرزگار بکات ، دەبێ تازووە فریای خۆی بکەوێ ، بازرگانێکی هاوبازاڕی هەبوو ، ماوەیەک لەوەپێش ویستبووی دوکانەکەی لێبکڕێت ، بە شتەکانەوە دوکانەکەی پێ دەفرۆشێت ، بەڵام خانووەکەی نافرۆشێت ، تا گومان نەخاتەسەر خۆی ... ئیدی بە پەلە هەرچیەکی لە تواناداا بێ کۆی دەکاتەوە و دەڕەڤێ ، ئەوەندەی خەمی ژن و منداڵەکەی بوو ، خەمی خۆی نەبوو ، ماڵی دنیا لە جێی دەبێتەوە ، بەڵام ژن و منداڵەکەی نا .

***

کاتێ سەعد ، زووتر لە ڕۆژان بۆ ماڵ گەڕایەوە ، ژنەکەی دڵی داخورپا و بە نیگەرانییەوە لێی پرسی :

-بۆچی ئەمڕۆ زوو هاتوویتەوە گیانەکەم ؟

سەعد ، دوای ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی کە دەرگاکە باش داخراوە ، لە دەلاقەیەکی دیوارەکەوەتەمەشای کرد ، دڵنیا بوو کەس دوای نەکەوتووە و تاقیبی ناکات ، ڕەفتاری سەعد ، ژنەکەی خستە گومانەوە ، ئەمجارەش ، بەڵام بە ترسەوە لێی پرسییەوە : -سەعد ، چیە ؟

سەعد لەسەر کورسیەکە دانیشت ، ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دایەوە ، وەکو ئەوەی لە شتێک بگەڕێت ، ئەوجا لە ژنەکەی پرسی : -ئەوڕەحمان لە کوێیە ؟ بۆچی لەماڵەوە نایبینم ؟

ژنەکەی بە نیگەرانیەکی زۆرەوە ، وەڵامی دایەوە : -لەدەرەوەیاری دەکات .

سەعد بە نیگەرانیڕاپەڕی ، بەهەڵەداوان بەرەو دەرێڕۆیی و بەدەم ترسەوە بە ژنەکەی گوت :

-بەڵام کە هاتمە ژووروە نەمبینی .

سەعد ، چاوەڕوانی وەڵامی ژنەکەی نەکرد ، بەڵکویەکسەر وەدەرکەوت و بانگی لە کوڕەکەی کرد ، هەرکە لە سوچێکی پشت ماڵەکەیانەوە وەدەرکەوت ، سەعد دەستی گرت و کردی بە ژووراو منداڵەکە بەسەرسامی پرسی : - چییە باوکە ؟
سەعد وەڵامی نەدایەوە ، هێنایە ژوورەوە و ئەوسا گەڕایەوە و دەرگاکەی توند داخست و بە ژنەکەی گوت : -خێرا وەرە بۆ ژوورەکەی ئێمە .
ژنەکەی بەبێ ئەوەی بزانێ مێردەکەی چی بەسەر هاتووە ، بەلەز بۆ ژوورەکە دووی کەوت ، لە سوچێکی جێگاکەوە داینا و بەکورتی ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە خەڵکی لە بازاڕدا دەیانگێڕایەوە ، هەروەها هۆشداری کابرای نەناسی گێڕایەوە ، هەرکە لە قسەکانی بووەوە ، ژنەکەی بەدەم نیمچە هاوارێکەوە دەستی خستەسەر سینگی خۆی و بە ترس و کەسەرەوە گوتی :
-پێم نەگوتیت ئەمانە شوومن ، جگە لە شەڕ و بەڵا هیچی تریان بەدواوە نییە .
سەعد ، چاوانی لە عاردی بڕین و بە پەشیمانییەوە گوتی : - ئەم قسانە فایدەی نییە .
ژنەکەی خەریک بوو دەگریا ، کە سەعد بەدەم هاندانەوە پێی گوت :
-مەترسە ئومەیمە ، هیچ خەمت نەبێ ، لەگەڵ بازرگانێکی بازاڕدا پێک هاتووم ، دوکانەکەم بە شتەکانەوە پێ فرۆشتووە ، ئەوەندەمان پارە پێ دەبێت کە ژیانێکی تازە و ئاسوودە دەست پێبکەینەوە .
ژنەکەی بەکەسەرەوە پێی گوت : - یانی ماڵ و کەس و کارەکەمان بەجێ بێڵین ؟
مێردەکەی بە ملکەچیەوە وەڵامی دایەوە :
-ئەدی چار چیە ، هەرچیەکت پێویستە کۆی بکەوە ، شەوێ دەچم بۆ لاییارۆی بازرگان تا پارەکەی لێوەربگرم ، پێویستە بە زووترین کات لێرە بڕۆین .
هەموو خەمێکی سەعد ، سەلامەتی ژنەکەی و ئەوڕەحمان بوو .

***

دنیا زۆر گەرم بوو ، کاروانەکە لەبەر گەرمی زۆر خاو دەڕۆیی ، هەندێک لە ڕێبوارەکان داوایان لەسەر کاروانەکە کرد کەمێک لابدات تا وشتر و ئەسپەکانیان پشوویەک بدەن ، لێ کابرا ڕەفزی کرد ... هەوڵیدەدا خێراتر بڕوات ، چونکە دەیزانی لە ناوچەیەکی خەتەرناکدان و پڕە لە ڕێگر و چەتە و دز ، ئەو شوێنانەی کەلەژێر دەسەڵاتی تایفەیەکەدا بوایە تا ڕادەیەک ئەمین و سەلامەت بوون ، بەڵام ناوچەکانی دی ، ناوچەکانی نێوان ئەوان و ئەمان ، بەهیچ جۆرێ ئەمین نەبوو .

ئەوڕەحمان ، دەگەڵ دایکیدا لەناو کەژاوەی سەر وشترەکەدا ، کە ڕایدەژندن ، دانیشتبوو ، باوکی بە تەنیشتیانەوە و بەسواری ئەسپەکەیڕێی دەکرد ، بابی بە ئاستەم پەردەی سەر کەژاوەکەی لابرد و بە شۆخیەوە بەمنداڵەکەی گوت : - ئەوڕەحمان نایەیتە لای من ؟

سەعد ، هەرکە لە " سافا " وەدەرکەوتن ، هەستی بە جۆرە ئاسوودەییەکی دەروونی کرد ، بەتایبەتی کە دەیزانی کاروانەکە بە نزیکی ئەو گوندەدا دەڕوات کەماڵی براکەی لەوێندەرە ، ڕاستە دوکانەکەی بە پەلە فرۆشت و زەرەرێکی زۆری کرد ، بەڵام گرنگ ئەوەبوو کەس و کارەکەی ، ژن و منداڵەکەیڕزگار کردبوو ... تا نزیکترین شوێن لە گوندەکەوە ، دەگەڵ کاروانەکەدا دەبێت و هەنگێ لەکاروان جیادەبێتەوە ، بەو پارەیەی پێیەتی خانوویەکی تازە و دوکانێک دەکڕێت ، بەلایەوە گرینگ نییە ئەو خەڵکەی بۆ ناویان دەچوو ئیسماعیلی بوون و لە بیروباوەڕی ئەو ، شیعەی دوازدە ئیمامی جیاوازن ، گرنگ ئەوەبوو دەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا ئاسوودە دەبێت و تەواو ...

ئەوڕەحمان ویستی بچێت بۆلای بابی ، لێ دایکەکەی گرتی و بەدەم بزەیەکەوە بە سەعدی گوت :

-هەتاوەکە زۆر گەرمە دەیسووتێنێ ، بالای من بێت .

سەعد ، بەدەم پێکەنینەوە بە خۆشیەوە سەری لەقاند و گوتی :

-ئەوڕەحمان دایکت زۆر نازت دەکێشێت ، ئەگەرکار وابڕوات نابیت بەو جەنگاوەر و قارمانەی کە من گەرەکمە .

ئەوڕەحمان ، بە دوودڵییەوە گوتی : - ئاخر من دەمەوێ ببم بە شاعیر .

سەعد پێکەنی و بە سوعبەتەوە پێی گوت :

-ناتوانم مەنعت بکەم ، مادامێکی دایکت وای دەوێ .

ئەوسا پەردەی کەژاوەکەی دادایەوە و تیشکی کزی هەتاوەکە لە پەردەکەوە دای لەناو کەژاوەکە ... دایکی بە خۆشییەوە لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-بەڕاستی دەتەوێ ببیت بە شاعیر ، یا ئەم قسەیە تەنیا لەبەردڵی من دەکەیت ؟

ئەوڕەحمان ، بە متمانە و شانازییەوە بەرسڤی دایەوە :

-نا ، لەناخی دڵەوە دەمەوێ ببم بە شاعیر .

دایکی بەشادیەوە سەری لەقاند و پێی گوت :

-ئەوەی شاعیران لە خەڵکی جیادەکاتەوە دڵیانە ... بۆچی شیعرێکم بۆ ناڵێی ؟

کوڕە ، کەمیک دەبیرەوە چوو ، کە ویستی قسە بکات ، گوێی لە دەنگێک بوو کە بێدەنگی کرد و تەزووی ترس بە دەمارەکانیدا هات . بەترسەوە تەمەشای دایکی کرد ، دایکیقرساندی بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوە و بە ترس و دوودڵییەوە پێی گوت :

-مەترسە ئەوڕەحمان گیان ... بابت لەدەرەوەیە دەمان پارێزێ .

بەڵام هەستی کرد کەژاوەکە بە توندی خواربووەوە و خەریک بوو لەسەر وشترەکەوە دەکەوت ... ئەوڕەحمان بەسەرا کەوت و لە هۆش چوو و کاتێ وەخۆ هاتەوە نەیدەزانی چیڕوویداوە ، سەیری کرد دایکی هێشتا لە باوەشی گرتووە ، بەڵام ئەمجارەیان جووڵەی تیا نەبوو ... تەمەشای دەمووچاوی دایکیکرد کە چاوەکانی نوقاندبوون ... ڕایوەشاند ، هیچ وەڵامێکی نەبوو ... بە حەپەساویتەمەشای کرد ، نەیدەزانی مەسەلە چیە ، ئەمە یەکەمجاری بوو بەچاوی خۆی مردنی دەبینی ، مردنی کێش ، مردنی خۆشەویستترین کەسی ... مردنی دایکی .

***

حەمید ، لە گوندە نەدارەکەی خۆیدا لە نزیک قەڵای" هەڵەموت" دەگەڵ تەمازوری ژنی و دانە و حەسنا و تەغریدی کچیدا دەژیا ، هەروەها دەگەڵ ئەوڕەحمانی برازایدا .. دایک و بابی ئەوڕەحمان ، چەتە و ڕێگرەکان کوشتبوویانن ، ئیدی لە دنیادا جگە لە هاپۆ حەمیدی کەسی دیکەی شک نەدەبرد .

ژیان لەم گوندە، بەو دەوڵەمەندانەوە بەند بوو کە زۆربەی زەوی زارەکان و کار و کاسبیەکانیان بەدەست بوو ، خەڵکی هەژاری گوندەکە لای ئەوان ڕەنجبەری و کاریان دەکرد ، ئیدی ئەو گوندە نەدار و چکۆلانانە،لەسایەی داوەشین و هەرەسی خەلافەتی عەباسیاندا ، کەس ئاوڕی لێنەدەدانەوە ، کەچی حەسەن سەباح ، خستیە ژێرڕکێفی خۆی تالەوێندەر دەست بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی خۆی ، ئیسماعیلیەت بکات .

حەمید ، لە ڕەخیرووباری" شاڕوودا" کە لە نزیک قەڵای هەڵەمووتەوە هەڵدەقوڵا ، دانیشت تا ئیستراحەتێکبکات ، گوندەکەی کەوتبووە دۆڵی"ڕودبار" ەوە ، دوای ئەوەی بە درێژاییڕۆژەکە لەباخی قەڵاییەکێک لە خانەکانی گوندا کاری کرد ، ماندوو بووبوو و دەیویست پشووبدات ... هەستی بە حوسەینی هاوڕێی نەکرد کە لێی نزیک دەبووەوە ، چونکە زۆر بە قووڵی بیری لە کچە گەورەکەی خۆی"دانە " دەکردەوە ...کاتێ هاوڕێکەی دەستی خستە سەر شانیڕاچڵەکی ، هاوڕێکەی بە سوعبەتەوە گوتی : - حەمید چیتە ؟ بۆچی وا چوویتە ژێری ؟

حەمیدتەمەشایەکی کرد و بە خەمباری هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

-بیر لە دانە دەکەمەوە .

حوسەین ، بە جدی لێی پرسی : -کچەکەت ؟! چیەتی ؟ هیچ بووە ؟

حەمید بە هەمان کلۆڵی وەڵامی دایەوە :

-نەخێر هیچ نەبووە و هیچی نییە ، بەڵام وەکو دەزانی تا ئێستا شووی نەکردووە .

حوسەین ، دەستی بە پێکەنین کرد و بە بێ موبالاتیەوە گوتی :

-خەمت نەبێ ، زۆر جوانە ، ئیشەڵا بەو زوانە شوو دەکات .

حەمید زۆر بە جدی وەڵامی دایەوە :

-کچان هەر بە جوانی شوو ناکەن ، پێویستیان بە پارە و بە شۆرەت و ناوبانگیشە ، من هیچیانم نییە .

حوسەین ، بە قسەکانیدا ، بۆی دەرکەوت ، کە چ خەمێکی لەدڵدا بارە ، گوتی :

-قسەی وامەکە ، هەموو کچێک ، با کەسوکارەکەیان هەژار و نەدارش بن ، هەر شوو دەکەن .

حەمید بە کەسەرەوە ڕوانییە قەڵای ئەو خانەی کە ئیشی بۆ دەکرد و گوتی :

-بەڵام حوسەین گیان ئێمە هەژار نین ، نەبووین ... لەبیرتە کە کیژی خاوەن قەڵاکە شووی کرد ؟ ئەوەندە مەسرەفی بۆ کرد و جیازی دەگەڵدا نارد کە بەشی مەسرەفی زەماوەندی هەموو کیژانی گوندەکەی دەکرد

هاوڕێکە سەریڕەزامەندی لەقاند و گوتی :

-هەق بە تۆیە ، ڕاست دەکەیت ... بەڵکوڕەوشەکە بگۆڕێت ، بە تایبەتی ئەگەر حەسەن سەباح دەست بە سەر قەڵای هەڵەموتدا بگرێت ، دەڵێن پیاوێکی باش وساڵحە .

حەمید، بە خوێنساردی لێی پرسی :

-چ دەگۆڕێت ؟! هەرکەسێک حوکممان بکات لە ئەنجامدا لەبەر دەستی خانەکانمان دادەنێت .

حوسەین ، وەڵامی دایەوە : - بەڵام حەسەن سەباح وەکو خۆمان ئیسماعیلیە ، من زۆر دڵم پێی خۆیە .

حەمید بە نەباوەڕییەوە گوتی :

-هیوادارم وابێ ، هانام بە دەمت .

حوسەین ، بە جۆش و خرۆشەوە گوتی :

-نا ، نا دلنیابە وایە ، چەنی چەن ساڵە دیار و دەڤەری دەیلەمی داوەتە ژێر پێوە و بانگەوازی ئیسماعیلی بڵاو دەکاتەوەو مورید و شوێنکەوتوانێکی زۆری پەیدا کردووە ... ئەو تاقە کەسێکە بتوانێت لە ڕووی سەلجوقیەکان ، بەر نەفرەتی ئیماماں بکەون ، بوەستێت .

حەمید ، کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی :

-باوەڕم وایە کە دڵسۆزی بانگەوازەکەیە ، بەڵام ئاخۆ دەتوانێ لەڕووی سەلجوقیان بوەستێ ، بە تایبەتی لەڕووی"نیزامول مولک"، وەزیری"مەلەکشا"ی سوڵتانی سەلجوقیان ... ئەو وەزیرەی کە توانی لە ڕێگای قوتابخانە فەرمییەکانەوە باوەڕی خۆیان ، سوننەگەرایی بڵاوبکاتەوە .

حوسەین ، بە توندی وەڵامی دایەوە :

-ئەگەر ئەوان قوتابخانەیفەرمییان هەیە ، ئێمە" ئەزهەر " مان لە میسر هەیە ، خەلافەتی فاتمیانمان هەیە کە توخم و تۆوی هەموو سوننیان دەبڕێتەوە .

حەمید ، بەپەستی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی : -یاخوا ... یاخوا وابێ .

حوسەین ، بە حەماسەوە لەسەریڕۆیی :

-بیستوومە کە حەسەن سەباح ، شاندێکی بانگخواز بۆ (( کۆسار )) دەنێرێت .

حەمید ، بەسەرسامی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

-هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم ، ئەم شاندە بە سەرکردایەتی کێیە ؟

حوسەین ، وەکو ئەوەی بەخۆی سەرۆکی شاندەکە بێت بە شانازیەوە بەرسڤی دایەوە :

-وەکو من بیستوومە" حوسێنی قەعینییە" ... بە خۆت دەزانی کە ئەو بە خۆی ئەسڵی کۆساریە ، یەکێکە لەو پیاوانەی کە یارمەتی حەسەن سەباحیان داوە تا قەڵای هەڵەمووت بگرێت .

حەمید ، بەدەم هەستانەوە و بەساردیەوە وەڵامی دایەوە :

-کەسێکی شایستەیە ، باشیان هەڵبژاردووە ، دەی هەستە با ڕۆژانەکەمان وەربگرین ، زۆر ماتەڵ بووم ، دەبێ بچم بۆ لای خورشید ، تا کرێکەی ئەوڕەحمانی لێوەربگرم و بۆ ماڵ بگەڕێمەوە ، وا خەریکەڕۆژ ئاوا دەبێت .

***

ئەوڕەحمان بۆ ئەوەییارمەتی حەمیدی مامی بدات لە لای خورشیدی بازرگانی دەوڵەمەند کاری دەکرد ... خەڵکی دەوڵەمەند لەم گوندەدا کەمن ، یەکێک لەو دەوڵەمەندانە خورشیدە . کاتێ حەمید هەوەڵجار بردی بۆ لای خورشید ، خورشید دوودڵ بوو لەوەی بە شاگردی قەبووڵی بکات یا نا ... ئەوڕەحمان باریکەڵەیەکی ، لاوازیرەشتاڵە بوو ... پێنەدەچوو توانای کارکردنی هەبێت ، بە تایبەتی زۆر ناسک دیار بوو ، بە ڕاستیش توانای کارکردنی نەبوو ، چونکە دایکی وەکو کیژان نازی دەدایە و هانی دەدا کە ببێت بە شاعیر ، شاعیر و دوکانداری کوجا مەرحەبا ! دایکی زۆری حەز لە شیعر بوو ، کە باڵاترین هونەری ئەدەبی ئەو سەردەمە بوو ... شیعرێکییەجگار زۆری لەبەر بوو و یارمەتی کوڕەکەی دەدا کە ئەزبەریان بکات .

ئەو کوڕیژگە ناسکە ، ئەو گیایە ناسکەی شیعرە ، لەناکاوا دوای ئەوەی چەتە و ڕێگر دایان بەسەر کاروانەکەیاندا و زۆربەیڕێبوار و کاروانچیەکانیان کوشت ، خۆی بە تاقی تەنیا لە بیابان و سارادا بینییەوە ، بەڵام ئەو کوڕیژگەیە هێشتاش شانسی هەبوو ... یەکێک لەوانەی ڕزگاریان بووبوو دەیناسێتەوە و چەند ڕۆژێک لای خۆی گلی دەداتەوە و پاشان دەیگەیەنێتەوە دەستی مامی کە زۆر بە ڕزگار بوونی خۆشحاڵ دەبێت ، بە پێچەوانەی تەمازوری هاوسەرییەوە کە بە سووکیتەمەشای کوڕیژگەکەی کرد و پاشان بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی :

-ئێمە کچێکی دیکەمان بۆ چیە ؟ خۆمان سێ کچمان هەیە !

حەمید ، بە تووڕەییەوە بەرسڤی دایەوە : -وابە برازاکەم مەڵێ .

تەمازور ، دیسان بزەیەکی تەوسامێزی بۆ کرد و گوتی :

-تۆتەمەشای بکە ... دەڵێی کیژە !

حەمید ، بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە :

-براکەم دەوڵەمەند بوو ، ئەم منداڵەش لە ناز و نیعمەتدا بووە ... ئاساییە شوێنەواریڕەنج و ماندووبوونی پێوە دیار نەبێت .

تەمازور ، بە شادکامیەوە گوتی :

-ئەو دەوڵەمەند بوو و ئێمەش بە هەژاری دەژیاین ، مرد و چەتە و ڕێگر هەرچیەکی هەبوو بردیان ، بە مردوویش خێرێکمان لێی دەست نەکەوت .

حەمید ، ئاخێکی هەڵکێشا و بەدەنگی بەرز گوتی : -باشە چی بکردایە ؟

ژنەکەی بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە :

-دەبوایە چاوێکی لێمان بوایە ... یارمەتیەکی دابین ... چما برای نیت ؟

حەمید بە دەم ئاخ هەڵکێشانەوە بەرسڤی دایەوە :

-هەرچەند سەری دابم بە زیادەوەیارمەتی داوم ، تەنانەت لە دوا سەردانیشیدا ، هەر یارمەتی دام، بەڵام تۆ قەناعەت بەهیچ ناکەیت .

تەمازور ، بە نەبەدڵیەوە ، لێوی هەڵقورتاند و پێی گوت :

-هەمیشە داکۆکی لێدەکەیت .

ئەوجا تەمەشایەکی کوڕیژگەکەی کرد و لەسەرڕیرۆیی :

-ئێستا چی لەم منداڵە بکەین ؟! ئێمە بە ئاستەم مەسرەفی کچەکانی خۆمان پێدەکرێ ... ئەوجار نۆرەی ئەوە ؟!

هەڵبەتە ئەمە هۆکاری بیرۆکەی کارکردنی ئەوڕەحمان بوو لە لای خورشید ، کەلە هەوەڵەوە بە کوڕە قاییل نەبوو ، حەمید بە خۆیشی وێنای نەدەکرد کە ئەم منداڵە بەرگەی کاران بگرێت ، لێ ئەوڕەحمان لەبەر دوو هۆ خۆیڕاگرت و شانی دایەبەر کارکردن لە لای خورشید ، یەکەمیان : یارمەتی دانی مامی و دووەمیان : تا زۆرترین ماوە لە تەمازورەوە دوور بێت .

بەرەبەرە خورشید ، خۆشی بە کوڕیژگەکەدا چوو ، بیری دەربارەی گۆڕا ، بە تایبەتی کە ئەوڕەحمان زۆر بەسەبر و حەوسەڵە بوو ، ڕێک بە پێچەوانەیڕواڵەتیەوە . خورشید تەنیایەک کچی بووبوو کە کەمێک لە ئەوڕەحمان بچووکتر بوو ، جا چونکە هەر ئەو کەچی هەبوو و کوڕی نەبوو ، لەدڵی خۆیدا بە کوڕی خۆی دەزانی ، هەر بۆ خۆیشی حەزی لەو شیعرانەی دەکرد ، کە هەر جارێ داوای لێبکردبا بۆی دەگوت . ئەوڕەحمان زیرەک و زرینگ بوو ، زوو فێری شت دەبوو و ڕادەهات .

ئەوڕۆژە ، حەمید چوو ئەوڕەحمان لەلای خورشید بێنێتەوە وەکو باو بوو ، ڕۆژانەکەشی وەربگرێت . ئەوڕەحمان هەرکە مامی بینیڕووی گەشایەوە و چوو بە پیریەوە ، تا لە دەرێی دوکانەکەدا پێشوازی و خێرهاتنی بکات ... خورشید هەستی بە هاتنی حەمید کرد ، ئەویش چوو بە پیریەوە ، سڵاوی لێکرد و پاشان لێی پرسی : - حەمید ئەمڕۆ چۆنی ، حاڵت باشە ؟

حەمید بەرسڤی دایەوە :- لەخوا بەزیادبێ .

خورشید ، دوای ئەوەی بە قسەکانیدا بۆی دەرکەوت کە باش نیە ، پێی گوت :

-ماندوو دیاریت .

حەمید ، سەریڕەزامەندی بۆ لەقاند و گوتی :

-قوربان ، بەخۆت دەزانی کار قورسە و کرێش کەمە .

خورشید ، وەکو ئەوەی بیەوێ بێنێ بدات ، کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوجا گوتی :

-قسەکانت هانم دەدەن ، شتێکت پێ بڵێم کە دوودڵ بووم لەوەی پێتی بڵێم .

حەمید نیگایەکی پرسیارئامێزی کرد و هیچی نەگوت . کابرا ، تەمەشایەکی ئەوڕەحمانی کرد کە بەبێدەنگی وەستابوو و لە تۆ وایە هەر لەوێش نیە و ، ئەوجا لەسەریڕۆیی :

-لەسەرەتاوە کە ئەوڕەحمانت بۆ هێنام ، حەزم نەدەکرد بیکەم بەشاگردی خۆم ، بەڵام ئێستا بەبێ ئەو کارم پێناکرێت .

حەمید ، هەرچەندە لەو ڕیس و گوریسە حاڵی نەبوو ، بەڵام بزەیەکیڕەزامەندی بۆکرد .

خورشید ، بەدەم تاقیبی وشەێن لەبار و گونجاوەوە ، لەسەریڕۆیی :

-نازانم چۆنت پێ بڵێم ، بەڵام تۆ بە خۆت دەزانی من کوڕم نییە ، من بە پیری" زەهرە "ی کچم بووە ، نازانم منداڵی دیکەم دەبن یا نا .

ئەوجا کەمێک بێدەنگ بوو،بە دوو دڵییەوە گوتی :

-من حەز دەکەم ئەم کوڕە لەگەڵ مندا وەکو کوڕی خۆم بژی .

حەمید لەم داوایە غافڵگیر بوو ، نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە ، خورشید ، وەکو ئەوەی بترسێت داواکەیڕەت بکاتەوە بەلەز گوتی :

-فەرموو .. ئەمە کرێی ئەمڕۆی ، باش بیربکەوە و دەمەوێ سبەینێ وەڵامم بدەیتەوە ، چەندت بوێ دەتدەمێ .

مەبەستی ئەوە بوو ، لەبری ئەوڕەحمان پارەیەکی باشی دەداتێ . حەمید دەستی درێژ کرد ، ڕۆژانەکەی ئەوڕەحمانی وەرگرت .

حەمید بە دەستێکڕۆژانەکە و بە دەستەکەی دیکەی دەستی منداڵەکەی گرت ... بە درێژاییڕێگا مات و بێدەنگ بیری لەیەک شت دەکردەوە ... تەمازور لەمە ئاگادار بکات ؟

***

- هەڵبەتە تەمازور قاییل دەبێت ... قابیلە ئەم سەودایەڕەفز بکات ؟

ئەمە وەڵامی تەمازور بوو کە مێردەکەی هەم پێشبینی دەکرد و هەم لێی دەترسا . بەڵام چونکە لە دڵی خۆیدا دوودڵ بوو ، ئەمە وایکرد ژنەکەی لەم سەودایە ئاگادار بکات ، چونکە ئەگەر بە خۆی ویستبایڕەفزی بکات، یەکسەر بێئەوەی پرس بە ژنەکەی بکات ڕەفزی دەکرد . ئەوڕەحمان بەساردیڕوانیە ئامۆژنەکەی ... لە لای مامیەوە دانیشتبوو ، لەگەڵ ئەودا نانی دەخوارد کە حەمید باسی سەوداکەی خورشیدی بۆ ژنەکەی کرد :

-بەڵام ئەم سەودایە سەیرە ، وێنای شتی وام نەدەکرد .

تەمازور ، وەڵامێکی پرسیارئامێزی دایەوە : - بۆچی بەلاتەوە سەیرە ؟

حەمید ، بە پەستیەوە ، وەڵامی دایەوە :

-یانی سەیر نییە ، کابرا داوای فرۆشتنی کوڕەکەم لێبکات ؟

تەمازور ، بەلەز و بێئەوەی گوێ بە کوڕیژگەکە بدات گوتی :

-دەزانێت کوڕی خۆت نییە .

حەمید ، نیگایەکی توندی گلەیی ئامێزی کرد ، منداڵەکە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو و دەترسا هەستی بریندار بێت ، وەکو ئەوەی ئەو هەموو بەزمە دڵنەشکاندبێ و هەست بەوە نەکات کە بووە بە کۆیلەیەک و لەبازاڕی کۆیلاندا مامەڵەی پێوە دەکرێت .

تەمازور ، بەدەم هاندانەوە ، بە میهر و دڵنەواییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە دەستی خستەسەر شانی ئەوڕەحمان و گوتی :

-ژیانی دەگەڵ خورشیدا ، بۆ ئەو باشترە ، دەکەوێتە ناز و نیعمەتەکەی جارانەوە و ئیدی وەکو کوڕی خۆییارمەتی دەدات لە کار و بارەکانیدا ... بەگوێی دەکەیت ئەوڕەحمان وانییە ؟
ئەوڕەحمان ، کە لەمەبەستی مامۆژنی حاڵی بوو ، بە خەمبارییەوە وەڵامی دایەوە :
-خەمت نەبێ مامۆژن کارێکی وا ناکەم بمداتەوە بەسەرتاندا .
ئەوجا لەلای ئامۆژنیەوە هەستا و بە ڕەقی بە مامی گوت :
-هاپۆ ، هەق بە ژنەکەتە ، بۆ هەموو لایەک باشتر وایە بچم لەگەڵ خورشیدا بژیم ، بەڵام دەبێ نرخ و بەهایەکی باش وەربگریت ، ئەم دەرفەتە دووبارە نابێتەوە ، من تاقە برازاتم .
هەنگێ ئەوڕەحمان چوو بۆ خەوتن ، تەمازور سەریڕەزامەندی لەقاند :
-ئەوەیە ئەقڵ .
حەمید ، هیچ وەڵامێکی ژنەکەی نەدایەوە ، بە بێزارییەوەتەمەشای کرد ، خۆ ئەگەر بشیانەوێ ئەو منداڵە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە ، نابێ بەو زەقیە لە کۆڵی بکەنەوە . ئەوجا ژنەکەی بەجێهێشت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی تا بنوێت . هەرسێکیان ئەو شەوە خەو نەچووە چاویان . تەمازور ، کەبیری لەوە دەکردەوە چی بەو پارەیە دەکات ، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری ...
حەمید لەبەر عەزابی ویژدان خەوی لێنەدەکەوت ، بەڵام هەوڵیدەدا قەناعەت بەخۆی بێنێ کە چاری ناچارە ... ئەوڕەحمان هەستی بە چەوسانەوە و داماوی خۆی دەکرد ، بۆیە دەگریا .

* * *

- بەستە حەمید ؟
خورشید پاش ئەوەی زۆر لەوە زیاتری دایە کە لەسەریڕێکەوتبوون ، ئەو پرسیارەی لێکرد ، بەڵام حەمید ، تەمازور پێی لێکردبووە کەوشەوە کە زۆرترین پارە لە بری کوڕیژگەکە وەربگرێت ، بۆیە حەمید بە دوودڵیەوە بە خورشیدی گوت : - بەڵێ ، بەڵام ...
خورشید ، بە تووڕەیی قسەکەی پێبڕی :
-بەڵام چی ؟ لەوە زیاترت وەرگرت کە لەسەری پێکهاتبووین .. ئەو خانووەی بەری گوندت وەرگرت ، ئەم پارەیەش بەشی ئەوە دەکات دوکانێکی پێبکڕیتیا پارچەیەک زەوی پێبکڕیت و ڕەعەمەلی بێنی ... لەوەی پتر چیت گەرەکە ؟
حەمید ، بەکزی و زەبوونی بەرسڤی دایەوە : - هیچ قوربان ... سوپاس .
خورشید بە جدی و لێبڕاوانە گوتی :
-لە ئێستا بەدواوە ، پەیوەندیت بەم منداڵەوە نییە و نابێ ، وەکو ئەوەی لە بنی نەیناسیت ، ئەگەر بە ڕێکەوتیش لە ڕێگەوباندا دیتت ، قسەی لەگەڵدا مەکە .

حەمید ، بە زەبوونی و ملکەچی سەری لەقاند و بە گۆشەی چاو ڕوانیە ئەوڕەحمان ، بە خۆیشی نەیدەزانی بۆچیڕوندک لە چاوانیدا قەتیس ماوە وخەریک بوو لە چاوی دەهاتە خوارێ ، بەڵام ئەو کارەی بە کەماڵی ویست و ئارەزووی خۆی کرد ... پارەکەی بۆ ژنەکەی ، کە هەڵبەتە زۆری دڵ پێخۆش دەبێت ، بردەوە ... ئەو ئەرزەی تەنیشت ئەو خانووەی کە لە خورشیدی وەرگرت دەکرێت و ژیانێکی تازەی هەندێک خۆش لەوێندەر دەست پێدەکات ... ئەوسا کچەکانی بە شوو دەدات ، بەڵام جارێکی دی ناوی برازاکەی ناژنەوێت ، تەنانەت گەر بشی بیستێ دەبێ بڵێت نایناسێت .
ئیدی ، ئەوڕەحمان هەموو ڕۆژێک دەکەوێتە ڕێکخستنی ئەو کەل و پەلانەی کە لە دوکانەکەدا بوو ، تا ئەگەر موشتەرییەک داوای هەر خوراکێک لەو خوراکانەی کرد کە خورشید دەیفرۆشتن ، بە ئاسانی بچێتە سەری و کڕیارەکە بەڕێبکات .
ئەمڕۆ ، ئەوڕەحمان زۆر پەلەی نەبوو ، چونکە دەیزانی جارێکی دی ئێواران دەگەڵ مامیدا بۆ ماڵ ناگەڕێتەوە ... هەوڵیدا قەناعەت بە خۆی بێنێ کە ژیانی دەگەڵ خورشیدا باشتر دەبێت ، نقومی ئەو بیرانە بوو کە بەدەم کارکردنەوە مێشکیان جەنجاڵ کردبوو ، هەستی بە یەکێک کرد کە لەبەر دوکانەکەدا وەستا ... کابرایەکی زەلامی کەتە بوو ... دەموچاوی لە تۆ وایە لەتاوێر داتاشراوە ... دوو زەلام لە پشتیەوە وەستابوون ، لەوە دەچوو پاسەوانی بن ... ئەوڕەحمان بەو خەیاڵەی کە کڕیارە و دەیەوێ شتێک بکڕێت ـ بەرەوپیری چوو ، لەبەردەمیدا وەستا و بە ئەدەب و نەزاکەتەوە گوتی :
-فەرموو قوربان شتێکت دەوێ ؟
کابرا بێئەوەیتەمەشای بکات ، بەئارامی گوتی :
-خورشید لە کوێیە ؟
ئەوڕەحمان ، هەستی بە پێگەی کابرا کرد ، چونکە وەکو خەڵکانی دی نەیگوت کاک خورشید ، ئەوجا گوتی : - لە ژوورەوەیە قوربان .
کابرا ، لەوەی پتر چاوەڕوانی نەکرد ، بەڵکو ئەوڕەحمانی لەبەردەم خۆی لادا و دەگەڵ ئەو دوو زەلامەدا کە دەگەڵی بوون ڕێک بەرەو ئەو شوێنە چوو کە خورشیدی لێ دانیشتبوو ، خورشید هەرکە چاوی پێکەوت بەرزەپێ ، بەڕێزەوە لەبەری هەستا و گوتی :
-جەنابی"نەسیم" ! خێرهاتی سەرچاوان ...
نەسیم ، بەدەست ئاماژەی بۆکرد ، خورشیدیەکسەر بێدەنگ بوو ، نەسیم بە کورتی و لێبڕاوانە پێی گوت :
-ئەو شتانەت ئامادە کردووە کە لەسەریڕێکەوتبووین ؟

خورشید بە دەمەڵاڵکێ گوتی :
-خەریک بوو ، هەر هەمووم بۆ ئامادەی دەکردی قوربان .
نەسیم ، گوتی : - یانی هێشتا هەموویت ئامادە نەکردووە ؟
خورشید ، بە دەمەلاڵکێ وەڵامی دایەوە :
-کێشەکە ئەوەیە ، ئەو کەل و پەلانەی داوات کردوون یەجگار زۆر و هەمە جۆرن ، هەوڵدەدەم بە زووترین کات بۆتی ئامادە بکەم .
نەسیم ، جارێکی دی لێبڕاوانەتەمەشای کرد و بە توندی گوتی :
-بەچەندی دی تەواوی دەکەیت ؟
خورشید هەناسەیەکی خۆشحاڵی هەڵکێشا و گوتی :
-یەک هەفتەی دی ، بەڵێنت دەدەمێیەک هەفتە و یەکرۆژی پێناچێت .
نەسیم ، پرسی : -ئەدی مناڵەکان ؟
خورشید بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە :
-دەگەڵ کەل و پەلەکاندا دەیان نێرم .
کابرا ، سەرێکی لەقاند ، لەو دەمەدا کە لە دوکانەکە دەردەچوو گوتی :
-دەی باشە ... یەک هەفتەی دی لە قەڵاکەدا چاوەڕوانی ئەو شتانە دەکەم کە داوام لێکردوویت .
خورشید بە منەتبارییەوە سەری بۆ کابرا لەقاند ، هەرکە کابرا ڕۆیی ، ئەوڕەحمان هات بۆ لای خورشید و پرسی : - قوربان ئەم کابرایە کێ بوو ؟
خورشید ، کە بە ڕۆیشتنی نەسیم خۆشحاڵ بوو ، گوتی :
-ئەمە نەسیمە ، یەکێکە لە پیاوەکانی حەسەن سەباحی فەرمانڕەوای قەڵای هەڵەمووت .
ئەوڕەحمان بە تاسەوە پرسی : - چی لێت دەوێ ؟ ئەدی مەسەلەی منداڵەکان چیە ؟
خورشید کە دەبیرەوە چووبوو و بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەو هەموو کەل و پەلەی بۆ دابین بکات گوتی :
-دەیەوێ خۆراکێکییەجگار زۆری بۆ بکڕم تا لە قەڵاکەدا عەماری بکات ، سەبارەت بە مناڵەکانیش ، کۆمەڵێک کوڕی منداڵکاری گەرەکە تا بە منداڵی لە قەڵاکەدا ، پەروەردەیان بکات و مەشقی سەربازییان پێبکات ، تا پاشان داکۆکی لە قەڵاکە بکەن و ببن بە جەنگاوەر و شەڕڤانانی قارەمان و ڕەشید .
ئەوڕەحمان کەڵکەڵەی دیتنی ئەو قەڵایەی کەوتە سەر ، بە تایبەتی دوای ئەوەی خورشید باسی قەڵاکەی بۆ کرد . بۆیە گوتی :

-باشە کە کەل و پەلەکانت بۆ بردن ، دەمبەیت لەگەڵ خۆتدا ؟
خورشید سەرێکی لەقاند و گوتی :
-خەمت نەبێ ... ئێستا برۆ ئەو مشتەریە بەڕێ بکە کە لەبەر دوکانەکەدا وەستاوە .
ئەورەحمان ، خۆش و خورەم بەپەلە ڕۆی ... لە دڵی خۆیدا خۆی بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکرد کە دەڕوات بۆ دیتنی قەڵاکە و جەنگاوەرە عەگیدەکانی .

# ڕێگای قەڵا

خانووەکەی خورشید ، وەکو خانووەکەی حەمید ، تەنگ و تار نەبوو ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، باخچەیەکی چکۆلەی هەبوو ، حەسارێک بەدەور باخەکە و خانووەکەدا کێشرابوو ، خانووەکەش گەورە بوو ، دوو نهۆم بوو ... لە تەنیشت خانووەکەوە تەویلەیەکیش بۆ ئەسپان هەبوو ، لە باخەکەدا گوڵێک هەبوو نەوەکو هەر گوڵێک ، کچە تاقانەکەی خورشید بوو ، ناوی" زەهرە " بوو ، ئەم کچە زۆر نازدار بوو ، غاری دەدا و دەگەڵ کارکەرەکەیدا گەمەی دەکرد ... هەرکە چاوی بە بابی کەوت ، ویستی بە غاردانێ بەرەوپیری بڕوات ، بەڵام کە ئەو

کوڕەی دەگەڵیدا بینی سڵەمیەوە ، زەهرە کچۆڵەیەکی جوان ، ناسک بوو ، لە تۆ وایە تازە لە ناو چیرۆکێکی ئەفسانەیی هاتووەتە دەرێ ... دەموچاوی سپی .. قژە درێژ و نەرمەکەی ، بەدەم ڕاکردنەوە ، بەسەر شانیا ، بەڕاست و بەچەپدا ، شەپۆلی دەدا ... زۆر شەرمن بوو چونکە نەیاندەهێشت بچێتە دەرەوە یان دەگەڵ کیژانی دیدا کایە و گەمان بکات ، چونکە دایکی زۆر خەمی بوو ، بابی لێی نزیک بووەوە ، ئەوڕەحمانیش بەشەرمەوە لەدووی بوو ،خورشید بەسەر کچەکەیدا دانەوییەوە ، سەریڕاموسی و بە میهرەبانیەوە لێی پرسی :

-زەهرە گیان ئەمڕۆ چۆن بوویت ؟

بەتیلەی چاو ڕوانیە ئەوڕەحمان کە بە شەرمەوە چاوی بڕی بوونە ئەرزەکە ، گوتی :

-سوپاس بۆخودا ... دەگەڵ فاتیمەدا کایەم دەکرد .

خورشیدتەمەشایەکی کارەکەرەکەی کرد و پرسی : - فاتیمە ، خانمت لە کوێیە ؟

کارەکەرەکە ، ئاماژەی بۆ ماڵەکە کرد و یەکسەر وەڵامی دایەوە :

-لەژوورەوە چاوەڕوانت دەکات قوربان .

خورشید وەکو ئەوەی بیرلە شتێک بکاتەوە سەری لەقاند ، ئەوجا ئاماژەی بۆ ئەوڕەحمان کرد و بە کچەکەی خۆی کارەکەرەکەی گوت :

-ئەمە ئەو کوڕەیە کە بۆم باسکردن .

کارەکەرەکەتەمەشایەکی کرد و هیچی نەگوت ، بەڵام زەهرە دەستی درێژ کرد کە سڵاوی لێبکات .

ئەوڕەحمان ، تەمەشایەکی خورشیدی کرد وەکو ئەوەی مۆڵەتی لێوەربگرێت کە تەوقەی دەگەڵدا بکات . خورشید بزەیەکی بۆ کرد و گوتی :

-تەوقەی دەگەڵ بکە ئەوڕەحمان ، شەرم مەکە ، وەکو خوشکتی لێدێت .

ئەوڕەحمان تەوقەی دەگەڵدا کرد ... خورشیدڕوو لە کارەکەرەکە گوتی :

-با ئەوڕەحمان دەگەڵ ئێوەدا بێ و تەعاروفی دەگەڵ بکەن ، تا چەند قسەیەک دەگەڵ خانمتدا دەکەم .

ئەوجاڕووی کردە ئەوڕەحمان :

-بۆخۆت قسەیان دەگەڵدا بکە ، تا دێمەوە بۆلات .

ئەوڕەحمان سەریڕەزامەندی بۆ لەقاند ، ئەوڕەحمان تەنیا گوێڕایەڵی لەسەر بوو ، خورشید کوڕیژگەکەی دەگەڵ کیژێدا بەجێهێشت کە بەسەرسامی و دیقەتتەمەشای دەکرد ، کێژێ زۆر بە دەگمەن بەرخوردی لەگەڵ کەسێکی دەرێی حەوشە و حەساری باخەکەدا دەکرد ، کارکەرەکە لە خوت و خۆڕایی ، بەبێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا ، بە گومانەوە سەیری دەکرد ،

خورشید چووه ژوورەوه ، سەیری کرد ژنەکەی چاوەڕوانی دەکات ، بە خەم و پەژارەیەکی ئاشکراوە دانیشتبوو ... خورشیدکە چاوی پێکەوت ویستی بە دەمیەوە پێبکەنێت ، بەڵام نەیتوانی ، بە چەند وشەیەکی پچڕپچڕ و بە شێوەیەکی فەرمی و ڕۆتینی پرسی :

- "وەجد " حاڵت چۆنە ؟

ژنەی تاین ، بە بێزارییەوە ، بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە :

-کوڕەکەت هێنا ؟

خورشید ، پێشبینی ئەو پرسیارەی دەکرد ، بۆیەیەکسەر وەڵامی دایەوە :

-ڕێکەوتین و بڕایەوە .

خورشید ویستی بەو وەڵامە کۆتایی بە دیالۆگێک بێنێ کە دەستی پێنەکردبوو و بڕوات بۆ ژوورەکەی خۆی ، بەڵام هاوسەرەکەیڕایگرت و بە زمانێکی تێکەڵ لە تووڕەیی و گازندە گوتی :

-نەخێرڕێنەکەوتووین ، من حوکمی خۆم داوە و بڕایەوە .

خورشید ، بە میهرەبانیەوە دەستی خستەسەر شانی و پێی گوت :

-من نازانم بۆچی بە بێئەوەی بیدینیڕقت لێیەتی !

وەجد ، شانی لەژێر دەستی دەرهێنا و لێبڕاوانە گوتی :

-من ڕقم لەم کوڕە نییە ، بەڵام بیرۆکەکەم بەدڵ نییە ... کچەکەمان هەیە ... ئیدی چ پێویستمان بە کوڕە ... یان دەتەوێ تەشەرم لێبدەی کە من لەسک وەستاومەتەوە و لە زەهرە زیاترم نابێت ؟

خورشید ویستی دیسان دەستی بخاتە سەرشانی و گوتی :

-تۆ بە خۆت دەزانی من لەبەر خاتری تۆ و زەهرە ئەم کارە دەکەم ، دەمەوێ ئەگەر من شتێکم بەسەرهات پشتیوانێکتان هەبێ ، ئەمە جگە لەوەی بەخۆت دەزانی من بۆ بەڕێوەبردنی کار و کاسبیەکەم پێویستم پێیەتی .

ئەوجا ، بۆ ئەوەی کەمێک هێوری بکاتەوە ، چاوێکی لێداگرت و بە سوعبەتەوە لەسەریڕۆیی :

-بەخۆت دەزانی من پیر بووم .

ژنەکەی گوێی بە سوعبەتەکەی نەدا و بە جدی گوتی :

-خۆ دەتتوانی هەرکەسێک بێنی و لە سەرف و سوونی دوکانەکەدا یارمەتیت بدات ، نەک ئەم کوڕە ، بکەیت بە کوڕی خۆت .

خورشید ، بە پەستی هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەرسڤی دایەوە :

-تۆ بۆ خۆت دەزانی ، من بە ئاسانی متمانە بە هەموو کەسێک ناکەم ، بۆیە چەندین ساڵە بە تەنیا کاردەکەم . ئەمجا من قەت بیرم لە شتی وا نەکردووەتەوە تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بەسەرهاتی کوڕەم زانی .. بەهەر حاڵ وەجد تۆ ئەم کوڕە تاقیبکەوە ، ئەگەر لە گەڵیا هەڵتنەکرد ، وەکو بەڵێنم پێداویت ، دەیدەمەوە بە مامی .

ئەوە دوا قسەی خورشید بوو ، پێش ئەوەی بۆ ژوورەکەی خۆی بڕوات و کۆتایی بەم گەنگەشەیە بێنێ و جلەکانی دابکەنێت . ژنەکەی چووە بەر ئەو پەنجەرە بچکۆلەیەی کە دەیڕوانییە نێو باخەکە تا کوڕەکە بدینێ کە دەگەڵ زەهرە و فاتیمەدا وەستابوو و بەکەماڵی ئازادی قسەی دەگەڵدا دەکردن ، لەگەڵیاندا پێدەکەنی و دەی هێنانە پێکەنین ، زەهرە لەوە دەچوو زۆر بە بوونی ئەو خۆشحاڵ بێت ، بەڵام کارەکەرەکە ، مەسەلەکەی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو ، بەڵام وەجد بە ڕق و کینەیەکی تووندەوەتەمەشای دەکرد ، بوونی ئەو کوڕە لە ماڵەکەدا ئەوەی بیر دەخستەوە کە ئەو نەیتوانیوە کوڕێک بێنێ ، کە لە پیریدایارمەتی بابی بدات و باری سەرشانی سووک بکات ، بۆیە وەجد بڕیاری خۆی دا کە ئەو کوڕە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە ... بە هەر شێوەیەک بووە ، لەکۆڵ خۆی بکاتەوە .

***

زەهرە ، ئەوڕەحمانی بەهاودەم و خەمڕەوێن دەزانی ، ئەمە یەکەم کوڕ بوو کە لە نزیکەوە بەرخوردی دەگەڵ دەکرد ، فاتیمەش لەبەر شیعرەکانی و شێوەی قسە ماقووڵ و سەنگینەکانی خۆشی دەویست ، بۆیە کاتێ خورشید گازی کرد تا ژوورەکەی پیشان بدات ، ئەوانیش" زەهرە و فاتیمەش" لەگەڵیدا چوون .

ئەوڕەحمان چووە ژوورەوە ، چاوی بە وەجد کەوت کە بە ڕقەوەتەمەشای دەکرد ، خورشید ، بەدەم ئاماژەوە بۆ وەجد بە ئەوڕەحمانی گوت :

-ئەمە وەجدی هاوسەرمە ئەوڕەحمان ... سڵاوی لێبکە .

ئەوڕەحمان دەستی بۆ درێژ کرد :

-سەر چاوەکەم خانمەکەم .

وەجدڕووی لێوەرگێڕا و دەستی درێژ نەکرد کە تەوقەی دەگەڵدا بکات ، بە ساردی وەڵامی دایەوە :

-سەرچاو .

ئەوڕەحمان ، لە هەستی ژنەی تاین بەرانبەر بەخۆی دڵنیابوو کە بە سیمایەوە دیار بوو ، بە تەماشا کردنەکەیەوە دیاربوو ، جا بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە لەوەی پتر درێژە نەکێشێت خورشید هەڵیدایە و بە کارکەرەکەی گوت :

-دەگەڵ ئەورەحماندا برۆ و ژوورەکەی خۆی پێ نیشان بدە .
فاتیمە ئاماژەی کردێ کە دوای بکەوێ ، زەهرەش لەبابی پاڕایەوە :
-منیش لەگەڵیاندا بڕۆم ؟
بابی سەریڕەزامەندی لەقاند و گوتی : -بڕۆ گیانەکەم .
دوای ئەوەی زەهرە ڕۆیی ، ژنەکەی پێیگوت :
-پێت خۆشە ، کچەکە هۆگری بێ ؟
خورشید ، بە خەمساردیەوە گوتی : -جا چی تیایە ؟
وەجد بە تووڕەیی گوتی :
-کچەکەت ، منداڵەکەی جاران نییە ، چەند ساڵێکی دی ئیدی کاتی شوویەتی ... ئەگەر حەز لەو هەتیوە بکات چ دەکەی ؟
خورشید ، بە قسەی هاوسەرەکەی پێکەنی و ژنەکەی گوتی :
-من بە جدیمە ... تۆ بڵێیڕۆژێک بێت کچەکەمان شوو بەوکوڕە بکات ؟
خورشید نەیویست وەڵامی ژنەکەی بداتەوە ، چونکە لە دڵی خۆیدا ، حەزی دەکرد ئەوڕەحمان لە هەموو شتێکدا ببێت بە یاریدەدەری دەستە ڕاستی ، بیکات بە کوڕی خۆی و ، کچەکەی بخوازێت ، تا سەروەت و سامانەکەی بۆ کەسێکی غەریب نەبێت ... بەڵام بێگومان ژنەکەی بەوجۆرە بیرکردنەوەیە قابیل نەدەبوو ، بۆیە وای بەباش زانی هیچ نەڵێت .
لەو کاتەدا ، ئەوڕەحمانتەمەشای ژووره تازەکەی دەکرد ... ژوورێکی گەورە و خاوێن بوو ، بەڵام هەر بیری لای وەجد بوو ، لە کاتێکا کارەکەرەکە ژوورەکەی بۆڕێک دەخست ، ئەو هەر بیری لەو خانمە دەکردەوە کە لە ڕێوەرق و کینەی خۆی بەرامبەری دەربڕی ، لە کاتێکا فاتیمە جلەکانی بۆ لە باوڵێکی تایبەتی دەنا ئەوڕەحمان پرسی : - ئەرێ خانم لە چی پەست بووە ؟
فاتیمە لە مەبەستی پرسیارەکەی حاڵی بوو ، لەوەبوو ئەگەر زەهرەیان لەگەڵدا نەبوایە ، باسی کێشەی سک نەکردن و نازایی خانمەکەی بۆ بکردایە ، بەڵام بوونی زەهرە لەوێندەر ، وای لێکرد ، سڵ بکاتەوە ، بۆیە گوتی :
-گوێ مەدەیە ئەوڕەحمان ، وەجد خانم ، کەسێکی دڵ و دەروون باشە ، بەڵام هەمیشە سەرقاڵە .
ئەوڕەحمان گوتی :
-بەڵام من هەستم کرد ڕقی لێمە ، نازانم بۆچی ، خۆ ئەمە یەکەمجارە دەیبینم !
لێرەدا زەهرە هەڵیدایە و بەدەم داکۆکیەوە لە دایکی گوتی :

-بۆچیرقی لێتە خۆ ئەو ناتناسێت ؟ کە قسەت دەگەڵدا بکات دەگۆڕێت و خۆشی دەوێی ، چونکە دەم و زمانت شیرینە ، کێ ئەم هەموو شیعرەی فێر کردوویت ، ئەم هەموو حیکایەتەی کە بۆت گێڕاینەوە لە کوێوە فێر بوویت ؟

ئەوڕەحمان ، کە دایکی بیر کەوتەوە ، بەخەمینی وەڵامی دایەوە :

-دایکم ... هەموو ئەو شتانەی فێر کردووم .

زەهرە ، بە دڵپاکی خۆی دیسان پرسی : -ئەدی ئێستا لە کوێیە ؟

ئەوڕەحمان سەری لەبەر خۆ نا وچاوی بڕینە ئەرزەکە تا زەهرە ئەو فرمێسکە لە چاویا نەبینی کە لەزگ بوو بڕژێ ، گوتی :

-لەگەڵ بابمدا مرد . دز و ڕێگران کوشتیانن .

فاتیمە ، بێئەوەی هیچ بڵێ گوێی لە قسەکانیان دەگرت ، بەڵام قسەکانی دوایی ئەوڕەحمان ، هاڕوژاندی بۆیە پرسی : - چۆن ؟

ئەوڕەحمان لەسەر ئەرزەکە دانیشت و پێی گوتن :

-ئەمە چیرۆکێکی دوور و درێژە ... ئەگەر حەز دەکەن بیزانن ، دانیشن با بۆتانی بگێڕمەوە .

زەهرە ، لە تەنیشتیەوە دانیشت و فاتیمە لەبەردەمیاندا دانیشت تا گوێی لە چیرۆکی سەفەرەکەی ئەوڕەحمان لە سافاوە بۆڕودبار بگرێت .

***

- فاتیمە ... لە سەرەوە دەنوون ؟

ئەمە دەنگی خورشید بوو کە کارەکەرەکەی بانگ دەکرد ، کە بەدەم گوێگرتنەوە لە چیرۆکەکەی ئەوڕەحمان ماتەڵ بووبوو ، ئەوجا بەلەز هاتە خوارەوە و لەڕێوە گوتی :

-بەڵێ قوربان ؟ ببورە ، بەدەم قسانەوە خۆمان لەبیرکرد .

خورشید ، بەدەم بزەیەکەوە گوتی : -کوا خواردنمان بۆ ئامادە بکە .

چوو بۆ مووبەقەکە و بەدەم ڕێوە گوتی : - ئەمرەکەی قوربان .

کارەکەرەکە زۆر دوور نەکەوتبووەوە کە وەجد ، وەکو ئەوەی شتێکی لەناکاوی بیرکەوتبێتەوە ، پێی گوت :

-ئەدی زەهرە لە کوێیە ؟

کارەکەرەکە بەدەم ڕێوە بۆ مووبەقەکە، بەرسڤی دایەوە :

-خەریکە لەگەڵ ئەوڕەحماندا قسە دەکات .

وەجدڕاچڵەکی ، بە هەڵەداوان چوو بۆ ژوورەکەی ئەوڕەحمان ، خورشید ، پێش ئەوەی هەستێ و دوای بکەوێ ، نیگای بەگەڵ خست . وەجد خۆی بە ژوورەکەدا کرد ، بینی زەهرە لەبەردەم

ئەوڕەحمانڕۆنیشتووە و ئەوڕەحمان هێشتا حیکایەتی بۆدەکات . وەجد تا هێز لە گەرویدا بوو هاواری کرد :

-لە کیژەکەم دوور بکەوە هەی زۆڵ .

ئەوڕەحمان ، بێئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێت بەسەرسامی سەیری کرد ، بەڵام زەهرە لەبەردەم ئەوڕەحمان هەستا و بە سەرسامی لە دایکی پرسی :

-دایکە ئەوە چیتە ؟ !

دایکی لەبەردەم خۆی لایدا و بەرەو ئەوڕەحمان چوو، کە کاتێ خانم لێی نزیک بووەوە هەستایە سەر پێیان ، خانم بە تووڕەیی گوتی :

-نەخەڵەتابی جارێکی دی دەست بخەیتە سەر کچەکەم .

ئەوڕەحمان ، تەمەشایەکی کرد و گوتی :

-یەکەم : من دەستم بەردەستی نەکەوتووە ، دووەم : من زۆڵ نیم .

ئەو قسانەی هێندەی دی وەجدیان دەهری کرد ، پێی گوت :

-بەدرۆم دەخەیتەوە هەی زۆڵ ؟!

ئەوڕەحمان بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە :

-پێمگوتیت من زۆڵ نیم ... تۆ درۆزنیت .

ڕەتدانەوەی وەجد زۆر خێرا بوو ، خۆی پێنەگیرا و تاهێز لە بازوویدا بوو ، زللەیەکی سرەواندە ڕوومەتی ئەوڕەحمان ، ئەوڕەحمان جووڵەی نەکرد ، وەکو تیشە شاخێکی کەڕولاڵ لەجێی خۆیڕەقڕاوەستا ، وەکو ئەوەی ئەو زللەیە لەیەکێکی دی درابێت ، بەڵام زەهرە گریا ، وەکو ئەوەی دایکی ئەو زللەیەی لەودابێت ، خورشید گەییە ژوورەکە ، بەڵام دوای زللەکە ئەوجا هەڵیدایە و هاواری کرد :

-بەسە ... کچەکەت بەرەو بڕۆنە خوارەوە .

وەجد دەستی کیژەکەی گرت و بە دووی خۆیداڕایکێشا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە ، خورشید بێئەوەی هیچ بڵێ ، چاوانی برینە ئەوڕەحمان ... ئەوڕەحمان وایدەزانی گومانی لێدەکات ، بۆیە گوتی :

-من هیچم نەکردووە ...

خورشید ، بە ئاماژەی دەست قسەکانی پێ بڕی :

-من هەموو شتێک دەزانم ئەوڕەحمان گیان ، پێویست بە پاکانە ناکات .

ئەوجا بەرەو دەرگاکە چوو تا وەدەر بکەوێت ، پێی گوت :

-دێیتە خوارەوە ، نانم لەگەڵدا بخۆیت ؟

ئەوڕەحمان ، بە دەنگێکی تێک شکاو بەرسڤی دایەوە :
-سوپاس قوربان .. بۆ خۆم دەنووم ، چونکە ئەمڕۆ زۆر ماندوو بووم .
خورشید زۆری لێنەکرد ، چونکە دەیزانی ئاساییە دوای هەموو ئەو بەزمەی پێکرا ، دڵی لە خواردن تۆرابێت ، بۆیە لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست .
کە خورشید لە ژوورەکە وەدەرکەوت ، ئەوڕەحمان ، کەمێک لەسەر جێگاکە دانیشت ، ئەوسا خۆی بەژێر جێگاکەدا کرد و دەستی بەگریان کرد .

* * * *

خورشید ، نەیتوانی بخەوێت ، ئەوشەوە تا بەیانی لەسەر جێگاکەی گینگڵی دا ، بیری لە شەڕەکەی ژنەکەی و ئەوڕەحمان دەکردەوە ... ژنەکەی نووست ، بەڵام ئەو هەر بیری دەکردەوە ، دەیزانی ژنەکەی ، قەبووڵ ناکات ئەوڕەحمان لەوماڵەدا بمێنێ ، بەڵام وێنای نەدەکرد ئەم شەڕە وازوو دەست پێبکات ، یان ئەو تۆمەتە ساویلکەیانەی بخاتە پاڵ ، خورشید هەوڵی دا قەناعەت بەخۆی بێنێ کە لە کینە ژنەکەی بەرەبەرە لەگەڵ ئەوڕەحماندارابێت ، بەڵام ئێستا زۆر چاک دەیزانی ، کە مەسەلەکە زۆر لەوە دژوارترە کە وێنا دەکرێت .
لەکاتێکا دەبیرەوە چوو بوو ، گوێی لەدەنگی هەنگاو بوو کە بە پارێزەوە لەدەرێڕا دەڕۆیی ، نیگەرانی کەوتە دڵ و دەروون ... ئاخۆ ئەوڕەحمان ، دوای ئەوەیڕوویدا ، دەیەوێ هەڵێت ؟
بە ئەسپایی دەرگای ژوورەکەی کردەوە ، تا درزێکی ئەوتۆی تێخست کە بتوانێڕاڕەوەکە ببینێ ، چاوی بە کچە چکۆلەکەی کەوت کە بە پارێزەوە پیاسەی دەکرد ... سەری سوڕما ، چونکە عادەتی نەبوو بەو شێوەیە بەشەو بێتەدەرێ ، ئایا بەو ڕادەیەڕموودەی کوڕەی تاین بووە ؟!
کەوتە چاودێری کیژەکەی ، سەیری کرد لە قاڵدرمەکە دابەزی و بۆ مووبەقەکە ڕۆیی ... ئایا برسیەتی زۆری بۆ هێناوە ؟
دوای کەمێک ، خواردنەکەی هێنا و بردی بۆ ژوورەکەی ئەوڕەحمان ... خورشید خێرا هەستا و لەپشت دەرگای ژوورەکەی ئەوڕەحمانەوە وەستا ، تا گوێ هەڵخات و بزانێ لە ژوورەوە چ باسە ، هەڵبەتە زەهرەی نەدەبینی کە چۆن ئەوڕەحمانی دەجوڵاند تا خەبەری بکاتەوە ، بەڵام گوێی لەدەنگی زەهرە بوو کە بە دلۆڤانیەوە دەیگوت :
-ئەوڕەحمان هەستە .
ئەوڕەحمان ، بەترسەوە ڕابوو ، چاوەکانی هەڵگڵۆفتن و بەترسەوە پرسی :
-چی بووە ؟
زەهرە ، بە دڵپاکی وەڵامی دایەوە :

-خواردنم بۆ هێناویت .
ئەوڕەحمان بەسەرسامی پرسی :
- خواردنی چی ؟
زەهرە ، بە هەمان ساویلکەیی گوتی :
-تۆ لەوەتای هاتوویتە ئێرە هیچت نەخواردووە ، هەرکە گەیشتی و نەگەیشتی ...
ئەوڕەحمان ، بەلەز قسەکەی پێ بڕی :
-خێرا بگەڕێوە بۆ ژوورەکەی خۆت ، ئەگەر دایکت لێرە بدبینێ ، خوا دەزانێ چ دەکات .
زەهرە گوتی :
-خەمت نەبێ ... خەوتووە ، دایکم هەرگیز بەشەو خەبەری نابێتەوە .
ئەوڕەحمان بەترسەوە وەڵامی دایەوە :
-دەی باشە ، ئێستا بڕۆ ، سوپاس بۆ ئەو خواردنە .
زەهرە بە دوودڵیەوە گوتی :
-خۆ لەگەڵمان دەمێنیتەوە وانیە ؟
ئەوڕەحمان سەری لەقاند ، کەوتە وەدەرنانی تا ڕزگاری بێ لێی ، ئەوجا گوتی :
-مەترسە دەمێنمەوە .
زەهرە ، کە لە دەرگاکە نزیک بووبووەوە ، پێی گوت :
-من قەد هەستم بەو شادیە نەکردووە کە ئەمڕۆ ، کاتێ قسانمان دەکرد ، هەستم پێکرد .
ئەوڕەحمان ، لەپاڵنانی وەستا و پرسی :
-تۆ گەمە دەگەڵ کەسدا ناکەیت ؟
زەهرە ، بەکەسەرەوە گوتی :
-دایکم نایەڵێت لەگەڵ منداڵانی دراوسێکانماندا گەمە بکەم یان بچم بۆ ماڵی خزمەکانمان .
ئەوڕەحمان ، بە نەوازشەوە دەستی بەسەر شانیداداوگوتی :
-باشە ، لە سبەینێوە ئیدی پێکەوە گەمان دەکەین ... بەڵام ئێستا بچۆرەوە بۆ ژوورەکەی خۆت .

خورشید ، هەستیکرد کە کچەکە لە دەرگاکە نزیک بووەتەوە تا بێتە دەرێ ، بەلەز خۆی گەیاندەوە ژوورەکەی خۆی ، یەکسەر لە تەنیشت ژنەکەیەوە خۆی بەژێر جێگاکەدا کرد ، بەڵام نەیتوانی بخەوێت ، بەدرێژایی شەوەکە بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ لە ڕۆژانی ئایندەدا چ شتێک لە نێوان ئەوڕەحمان و هاوسەرەکەی ئەمدا دەقەومێ ، بەتایبەتی سەبارەت بە هۆگری زەهرە لەگەڵ ئەوڕەحماندا ، لە هەوەڵین دیدارییاندا کە بێگومان ، ئەم هۆگریەڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت .

***

ڕۆژی دوایی کار زۆر قورس بوو ، ئەوڕەحمان بەدرێژاییڕۆژەکە دەهات و دەچوو ، دەتگوت ئەو مێش هەنگەیە کە ئەگەر بە گوێرەی پشکی خۆی شیلەی گوڵ کۆنەکاتەوە ، دێتە کوشتن و پارچەپارچە دەکرێت ، بەنامەیەکی ئاغایەوە دەچوو بۆلای هەندێک بازرگان و داوای بڕێک کەل و پەلی دەکرد ، پاشان بە کەل و پەلەکانەوە دەگەڵ چەند کۆڵبەرێکدا دەگەڕایەوە ، بەتەنیا جیای دەکردنەوە و ڕێکی دەخستن ... خورشید چوو بۆ لای ئەوڕەحمان کە خەریک بوو یەکێک لە کەل و پەلەکانی ئەژمارد ، لێی پرسی :

-ئەو ئاردە گەیی کە لەبەڕێز" عامر" مان داوا کردبوو ؟

ئەوڕەحمان ، لەبەر سەرقاڵی خۆی، بێئەوەیتەمەشای بکات گوتی :

-تەنیا نیوەی ئاردەکەی ناردووە ، دەڵێت ئارد لە بازاڕدا کەمە .

خورشید بە تووڕەیی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

-من دەزانم درۆ دەکات ، ڕەنگە دەنگوباسی ئەو ئاستەنگ و قەیرانەی بیستبێ کە لە قسان بەڕێوەیە .

ئەوڕەحمان ، بەرسڤی دایەوە :

-ئەگەر مەبەستت هێرشی سەلجوقیانە ، ئەوا هەموو خەڵکی لە بازاڕدا باسی دەکەن .

خورشید بەسەرسامیتەمەشای کرد و گوتی :

-چۆن ئەم هەواڵە وا زوو بڵاوبووەوە ؟ کاک نەسیم بە منی گوت و منیش بە کەسم نەگوتووە .

ئەوڕەحمان ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ، بەرسڤی دایەوە :

-ڕەنگە ئەوەی ئەم هەواڵەی بەتۆ گوتبێ ، بەخەڵکی دیکەشی گوتبێ ... ئەمڕۆ بەڕێز نەسیمم لەبازاڕدا بینی کە بەسەر بازرگانەکاندا دەگەڕا و هەر کەل و پەلێکی دەست کەوتبا ، کۆی دەکردەوە .

خورشید ، هێندەی دی سەرسام بوو و پرسی :

-زانی تۆ دیوتە ؟!

ئەوڕەحمان ، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەو پرسیارە بووبێ ، بەلەز بەرسڤی دایەوە :

-زۆر بەپەلە لێی دوور کەوتمەوە وەکو ئەوەی نەمدیبێ ... پێموایە نەیبینیم .

خورشید ، بەڕەزامەندییەوە سەری لەقاند و لەبن لێوانەوە گوتی :

-زۆر باشت کردووە .

خورشید ویستی لە عەمارەکە وەدەربکەوێت ، بەڵام ئەوڕەحمانڕایگرت :

- حیکایەتی ئەو کوڕانەی کە بەڕێز نەسیم داوای لێکردبوویت چیە ؟ پێشتر تۆزێکت لەوبارەیەوە بۆ باسکردم ، بەڵام حەز دەکەم زیاتری لێبزانم .

خورشید وەستا ، بەدەم بزەیەکەوە گوتی :

-ئەمە چیرۆکێکی خۆش و جوانە ، ئەمڕۆ زۆر ماندوو بوویت ... وەرە با پێکەوە کەمێک ئیسراحەت بکەین و سەربهووردی مەزنترین ئەو جەنگاوەرانەت بۆ بگێڕمەوە کە حەسەن سەباح دروستیان دەکات .

ئەوڕەحمان لەگەڵیدا وەدەرکەوت ، خورشید ، بەو پێشەکییە کورتە خستیەسەر خولیا و کەڵکەڵە ، لەبەر دوکانەکەدا دانیشتن ، جم و جوڵی بازاڕ هێور بووەوە ، خورشید گوتی :

-لە هەموو شار و گوندەکانی سەر ڕوباری" دەیلەم" بە گوندەکەی ئێمەشەوە ، ژیان تەواو قورس بوو ... ئەم دیار ودەڤەرە هەمیشە لەلایەن هەموو لایەکەوە فەرامۆش کراوە ... ئەوانەی حوکمی دەکەن خان و دەوڵەمەندانن ، کە شوکر بۆخوا من یەکێکم لەوان . وەکو دەبینی خەڵکی لە کوێرەوەری و هەژاریدا دەژین ، پڕ بەدڵ حەز دەکەم سەروەت و سامانەکەم کۆبکەمەوە و کەس و کارەکەم هەڵگرم و بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆم ، بەڵام بادەدەمەوە و لە دڵی خۆدا دەڵێم : بۆ کوێ ؟ هەموو تەمەنم لێرە بەسەر بردووە ... بیرم لەوە کردەوە بۆ" میسر" بڕۆم ، کە خەلیفەی فاتمیان لەوێیە ، بەڵام سەفەر لە مەترسی بەدەر نیە ، تۆخۆت تاقیت کردووتەوە .

ئەوڕەحمان ، بیری کەوتەوە کەچی بەسەرهات ، ڕوندک زابیە چاوانی ، خورشید هەستی پێکرد . نەدەبوو کەس و کارەکەی وەبیر بخاتەوە ، یەکسەر لەسەریڕۆیی :

-هەژاری لێرەدا هەموو شتێک بەخەڵکی دەکات ، وا لە خەڵکی دەکات تەنانەت ئامادەبن منداڵەکانیان بفرۆشن .

خورشید ، یەکسەر بەسەرهاتەکەی ئەوڕەحمان و مامی بیرکەوتەوە ، هەڵبەتە بەهیچ جۆرێ مەبەستی ئەو نەبوو ، بۆیە بەلەز گوتی :

-بەهەرحاڵ ، تۆ دەزانی کە جەنابی حەسەن سەباح فەرمانڕەوای قەڵای هەڵەمووتە ، نوێنەری مەهدی و خەلیفەی فاتمیانە ، لەسەر هەموو ئیسماعیلییەکە کە پشتیوانی لێبکات ئەم پیاوەنۆ لاوانی دوازدە بیستساڵان دەبات ، دەیانخاتە ژێر مەشق و ڕاهێنان تا ببن بە باشترین پاڵەوان و دڕترین جەنگاوەر و فیڵبازترین شەڕڤان .

دوا وشەکانی خورشید ، هەستی ئەوڕەحمانی وروژاند و گوتی :

-باوکم حەزی دەکرد ببم بە پاڵەوان و جەنگاوەر .

خورشید بەلەز وەڵامی دایەوە :

-بەڵام تۆ دەبیت بە بازرگانێکی وەکو من .

ئەوڕەحمان بەکەسەرەوە بزەیەکی بۆ کرد :

-خۆم حەزم دەکرد ببم بە شاعیر ، بەهەرحاڵ نابم بەوەی کە خۆم دەمەوێ .
ئەوسا لەسەریڕۆیی ، تاوابکات خورشید حیکایەتەکەی تەواو بکات :
-باشە ئەو نۆلاوانەی چۆن دەست دەکەوێت ؟
خورشید وەڵامی دایەوە :
-خەڵکانێک هەن بە خوایشتی خۆیان دێن تا پارەمان لێوەربگرن و کوڕەکانیانمانڕادەست بکەن . زۆرکەس خۆبەخش دێنە پێشەوە ... باشترینیان هەڵدەبژێرن ... دەزانی بۆ خەڵکانێکی زۆر دەیانەوێ بۆ ئەوێندەر بڕۆن ؟
ئەوڕەحمان ، سەری بەملاوبەولادا بادا کە نە ، خورشید کە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو نەبوو ، لەسەریڕۆیی :
-لەپێناوی بەهشتدا .. حەسەن سەباح دەیانخاتە بەهەشتەوە و دووبارە دەیانگێڕێتەوە ، ئەوەییەک جار چاوی بە بەهەشتەکەی بکەوێت ، هەموو شتێکی بۆدەکات ، تا بیگێڕێتەوە بۆ بەهەشت .
ئەوڕەحمان ، بەسەرسامی پرسی :
-دەتوانێ هەرکەسێکی بوێ ، بیخاتە بەهەشتەوە ؟
خورشید ، سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی :
- ئەدی چۆن ، هەربەڕاستی دەیانخاتە بەهەشتەوە ، ئاخر بۆیە موریدەکانی کوێرانە بەگوێی دەکەن .
ئەوڕەحمان ، ئەوە یەکەمجار بوو گوێی لە قسەی وابێت ، زانیارییەکی ئەوتۆی نەبوو ، باوەڕ بەو قسانە بکات یان بەدرۆیان بخاتەوە ، سەری لەو قسانە سوڕمابوو ، دڵنیابوو کە دایک و بابی لە بەهشتدان ، چونکە دوو کەسی زۆر باش بوون ، ئایا حەسەن سەباح دەتوانێ بیخاتە بەهەشتەوە تا لەوێندەر بیاندینێ ؟! زۆر بیریان دەکات . خورشید ، بە ئەسپایی تێوەی ژەند ، وەخۆ هاتەوە ، خورشید بە بێزاری و بێ تاقەتیڕوانیە دەوروبەری خۆی ، چونکە بازاڕ ئارام و چۆڵ بوو ، گوتی :
-دەی ئەوڕەحمان ، ئەمڕۆ زۆر شەکەت بووین ، با بۆماڵ بڕۆینەوە .

***

خورشید بە درێژایی ئەو هەفتەیە هەر خەریکی کۆکردنەوەی ئازووقە و موونە و کەل و پەل بوو بۆ قەڵاکە ، قەڵاکە لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا بوو ، چونکە هەموو بازرگانە گەورەکان دوای ئەوەی هەواڵی ئەگەری هێرشی سەلجوقیەکانیان بۆسەر قەڵا و بانگەوازی ئیسماعیلیەکان بیستبوو ، کەل و پەل و شتەکانیان دەشاردەوە ، بۆیە دەبوایە بەخۆی و

ئەوڕەحمانەوەڕۆژ تا ئێوارێ بەسەر خوردە بازرگانەکاندا بگەڕێن و هەرچیەکیان لەتوانادا بێ بە پارەی زیادە لێیان بکڕن .
هەفتە لە تەواوبووندا بوو ، خورشد ، زۆربەی ئەو شتانەی پەیدا کرد کە داوایان لێکردبوو ، بەڵام ئەوڕەحمان تا ئێستا ئەو نۆلاوانەی نەبینی بوون کە نەسیم داوای لێکردبوو ، بۆیە بە دوودڵییەوە پرسی :
-باشە ئەو نۆ لاوانە پەیدا نەکەین کە جەنابی نەسیم داوای لێکردبووی ؟
خورشید ، سەرێکی لەقاند و بەرسڤی دایەوە :
-نا ... لەکەس ناگەڕێین .
ئەوڕەحمان بەسەرسامیتەمەشای کرد ، خورشید لەسەریرۆیی :
-دەگەڵ زۆربەیاندا پێکهاتووم ... سبەینێ بەر لەوەی کەلوپەلەکان بۆ قەڵا بەرم ، بەخۆیان ئامادە دەبن ... تۆ سەلام دەناسیت ؟
ئەوڕەحمان ، تەمەشایەکی کرد و گوتی :
-مەبەستت کوڕەکەی کابرای جۆ فرۆشە ؟
خورشید سەرێکی لەقاند و گوتی :
-بەڵێ ، بابی لەگەڵ مندا بۆ قەڵاکەی دەنێرێت .
ئەوڕەحمان سەری سوڕما ، گوتی :
-باشە باوکی بۆ ئەمەی لەگەڵدا دەکات ؟ خۆ سەلام کوڕێکی باش و گوێڕایەڵە ، لە کار وکاسبیدایارمەتی باوکی دەدات ، هەستیش ناکەم باوکی هەژاربێ و نەتوانێ بەخێوی بکات ... بۆچی ئەوکارە دەکات ؟
خورشید ، بەدەم خەندەیەکی تەوسامێزەوە بەرسڤی دایەوە :
-بەهۆی ژنەکەیەوە ... دوو ژنی هێنابوو ، یەکێکیان دایکی سەلام بوو و مرد ... کاتێ سەلام کەوتە بەردەستی باوەژنەکەی ، جا چونکە بابی ، سەلامی زۆر خۆشدەویست ، ئیدی باوەژن چاوی پێدا هەڵنەدەهات .
ئەوڕەحمان ، بە خەم و کەسەرەوە ، گوتی :
-وەکو ئەوەی لەگەڵ مندا ڕوویدا ، وادیارە ، پول بە کوڕەوە نان لەم دەڤەرەدا زۆر ئاسانە .
خورشید ، بۆ ئەوەی بەتانی ئم بابەتەدا نەچێت ، ڕێڕەوی قسەکەی گۆڕی :
-هەموو ئەو شتانەمان کۆکردووەتەوە کە نەسیم داوای کردبوو .. دەی با بۆماڵ بڕۆینەوە ، چونکە سبەینێ سەفەرێکی قورسمان لەبەرە بۆ قەڵاکە .

دوکانەکەیان داخست و بەرەوماڵ نشێو بوونەوە ، کە دەبوایە وەکو هەمیشە زەهرەیان لەبەر دەرگا دیتبا کە دەگەڵ فاتیمەدا گەمان بکات ، بەڵام ئەمڕۆ کەس لەوێندەر گەمەی نەدەکرد . کە وە ژوورکەوتن ، وەجد بەجۆرێ دانیشتبوو ، لەوە دەچوو شتێکڕوویدابێ ، زەهرەش بە ترس و نیگەرانییەوە لە نزیکی فاتیمەدا دانیشتبوو . خورشید وە ژوورکەوت و سەلامی لێکردن ، بەڵام ئەوڕەحمان بێئەوەی قسە دەگەڵ کەسدا بکات یەکسەر بۆژوورەکەی خۆی چوو ، بەڵام لەدواوەوە گوێی لە وەجد بوو ، کە بە تەوس و توانجەوە گوتی :

-بۆ کوێ دەڕۆیت ؟

ئەوڕەحمان هەڵوێستەیەکی کرد و بێئەوەیتەمەشای بکات گوتی :

-دەڕۆم بۆ ژوورەکەی خۆم .

وەجد ، بەهەمان تەوس و توانجەوە گوتی :

-بەڕاستی بووە بە ژووری تۆ ؟ دەی باشە ، دەتەوێ لەوە دڵنیابیت ؟

هەستا و لەبەردەمیدا وەستا ، ملوانکەیەکی ئاڵتوونی بە بەرچاویەوە هەڵبڕی ، ئەوڕەحمان ، بێئاگا لە مەحموودی بێزەواد پرسی :

-ئەمە چیە ؟

وەجد ، بە توندی وەڵامی دایەوە :

-ئەو ملوانکەیەیە کە دزی بووت .

ئەوڕەحمان تێنەدەگەیی مەبەستی چیە ، بە حەپەساوی وەستا ، تا خورشید هەڵیدایە و بە تووڕەیی بە ژنەکەی گوت :

-ئەوە تۆ چ دەڵێی وەجد ؟

وەجدیش ، بە تووڕەیی سەیری کرد و بە توندی گوتی :

-ئەم ملوانکەیەم لێ ون بووبوو ، هەموو ماڵەکەی بۆ گەڕاین ، تا لەناو جلەکانی ئەودا ، لەو ژوورەدا کە دەڵێ هی منە ، دۆزیمانەوە .

خورشید ، دەیزانی کە درۆ دەکات ، بە گومانەوە دیسان لێی پرسی :

-کێ دۆزییەوە ؟

ئامازەی بۆ کارەکەرەکە کرد و یەکسەر گوتی :

-فاتیمە ، فاتیمە دۆزییەوە ، نەک من .

خورشید ، ڕوانیە فاتیمە و پرسی :

-فاتیمە تۆ بۆچی جلەکانی ئەو دەگەڕایت ؟

فاتیمە ، لەپاکی کوڕیژگەکە دڵنیابوو ، یەکسەر وەڵامی دایەوە :

-خانم پێی گوتم .

خورشید ، تەمەشایەکی ژنەکەی کرد ، ئەوجا سەرێکی لەقاند ، تەمەشایەکی ئەوڕەحمانی کرد و بە کەسەرەوە گوتی :

-ئەوڕەحمان ، تۆ بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت .

ئەوڕەحمان ، لەو داوە حاڵی بوو کە وەجد بۆی نابووەوە ، بەدەم هات و هاواری وەجدەوە بەسەر مێردەکەیدا ، بۆ ژوورەکەی خۆی سەرکەوت ، لە فکران ڕاچووبوو ، لە وشەکانی ئەو هەرا و هەنگامەیەی کە لە خوارەوە دەهات ، تێنەدەگەیی ..

ئیدی بە هەموو توانایەکی خۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە کە چ قەرارێک بدات ، تا بێدەنگی باڵی بەسەر خوارەوەدا کێشا ... وەجد چوو بۆ ژوورەکەی خۆی ، تووڕە بوو ، ئەمری بە کارەکەرەکە کرد کە لەگەڵ زەهرەدا لە ژوورەکەی ئەو دانیشێت ، خورشید بە تاقی تەنیا لە خوارەوە مایەوە ، بەداخ و کەسەرەوە سەری لەنێو هەردوو دەستی نابوو ... ئەوڕەحمان ، دوای ئەوەی زانی خورشید بە تەنیایە ، دابەزی و چوو بۆ لای ، لەبەردەمیدا وەستا ، زۆری لەبەر گران بوو کە بەو حاڵەوە دەیبینی، لە تەنیشتیەوە دانیشت ، دەستی خستە سەر شانی و گوتی :

-جەنابی خورشید .

خورشید ، سەری هەڵبڕی و گوتی :

-ئەوڕەحمان من دەزانم تۆ بێتاوانی ، لەپەڕەی گوڵ پاکتری .

ئەڕەحمان وەڵامی دایەوە :

-گرینگ نیە قوربان ... من بڕیارێکم داوە ، کە بۆ هەموومان باشە .

خورشید بە دوودڵیەوەتەمەشای کرد ، ئەوڕەحمان لەسەریڕۆیی :

-وەکو چۆن ، جۆ فرۆشەکە ، کوڕەکەی دەنێرێ بۆ قەڵا ، تۆش من بۆ ئەوێ بنێرە .

خورشید ، برێک مینگە مینگی ناڕەزایی نامەفهوومی کرد ، لێ ئەوڕەحمان بەلەز قسەکەی پێبڕی و لێبڕاوانە گوتی :

-ئەمە باشترین چارەسەرە ، مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێت ، تۆ زۆر چاک دەزانی من لەمە بەدواوە ناتوانم لەیەک شوێندا لەگەڵ ژنەکەی تۆدا هەڵکەم ، دەتوانی شوێنێکی دیکەم بۆ پەیدا بکەیت کە تیایا بژیم ، و لەکار و کاسبیەکەتدایارمەتیت بدەم ، بەڵام ژیان بە تەنیا و بێکەس و کار فایدەی چییە ؟

فرمێسک لەچاوانی خورشیدا قەتیس ما وگوتی :

-باوەڕ بکە بەقەد کوڕێکی خۆم خۆشم ویستووی ئەوڕەحمان گیان .

ئەوڕەحمان ، کە دەیویست خۆڕاگری خۆی بنوێنێ ، بەرسڤی دایەوە :
-منیش لە دوای بابم ، کەسێکم لە تۆ جوامێرتر و دڵاوتر و میهرەبانتر نەدیتووە ، بەڵام دوورنیە ، خۆشەویستی تۆ بۆ من ، بۆبێتە هۆی ئەوەی کە ژنەکەت ئەو هەموو بۆختانەم بۆ بکات .
ئەوجا هەستا ، سەری هەڵبڕی ، فاتیمە و زەهرە لەسەرەوە تەمەشایان دەکرد ، کە پێشتر هەستی پێیان نەکردبوو ، گوتی :
-ئەو خەونەم نەهاتەدی کە ببم بە شاعیر ، بەڵکو بتوانم خەونەکەی بابم بێنمەدی و ببم بە پاڵەوان و جەنگاوەر .

**

بەیانی ، خورشید و ئەوڕەحمان ، کەل و پەلەکانیان لە عەرەبانان بار دەکرد ، عەربانەکان ئەسپیان لێ بەسترابوو . ئەو نۆلاوانەی کە دەهاتن بۆ قەڵای هەڵەمووت ، لەبارکردنی شتەکاندا یارمەتیان دەدان ... یەکێک لەوانە سەلام بوو ، هەرکە چاوی بە ئەوڕەحمان کەوت ، بەپەلە هات بۆ لای تا یارمەتی بدات .
کە ئەو کاروانە چکۆلەیە سازبوو و ئامادەبوو کە بکەوێتەڕێ ، ئەوڕەحمان لەتەک سەلامەوە وەستا ، بەدوو قۆڵی قسانیان دەکرد ، خورشید گازی کرد و گوتی :
-ئێمە بۆ قەڵا دەڕۆین .. ئایا قەرارەکەت ، قەرارییەکجاریە ؟
ئەوڕەحمان ، سەری لەقاند و گوتی :
-هیچ چارێکی دیکەمان نییە .. دوێنێ بە چاوی خۆت دیتت ژنەکەت چی کردبوو ، منیش ناتوانم بۆ لای ئامۆژنەکەم بگەڕێمەوە .
خورشید ، بەوپەڕی دلۆڤانیەوە گوتی :
-بەڵام ژیانی قەڵا زۆر سەختە .
ئەوڕەحمان ، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە بەرسڤی دایەوە :
-ژیانی کەسێک دایک و بابی لەدەست دابێ ، هەرچۆنێ بێ هەر سەختە .
خورشید ، نەیتوانی لەوەی پتر گەنگەشەی دەگەڵدا بکات ، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی :
-دەی باشە ، تا دەگەینە ئەوێ لەلامەوە بمێنە ... دەی با بڕۆین .
خورشید ، سواری ئەسپەکەی بووبوو ،ئەویش بە پێیان لە تەنیشتەوەڕێی دەکرد ، ئەو مێرمندالانەش کە بۆ ئەوە هاتبوون ، ژیانی جەنگاوەری بجەربێنن ، لەدوای ئەوانەوە ئەو ئەسپ و عەرەبانە پڕە کەل و پەلانەیان داژۆت کە نەسیم داوای کردبوو . ڕێگاکە دوور ودرێژ نەبوو ، بەڵام سەخت و ناهەموار بوو ، بۆیە ناچاربوون کە خاو بڕۆن ، تا گەیینە

دەربەندێکی تەنگ لە نێوان دوو شاخدا ، دەربەندەکە یەجگارڕک و هەڵدێر بوو ، بەپێچ و دەورە بوو ، نەدەکرا بە خێرایی پێیدا بڕۆیت ، دەبوایە زۆر بە هێواشی و بە پارێزەوە پێیدا بڕۆیت .

کاروانەکە ، بەزەحمەت بەو ڕێگایەدا دەڕۆیی ، ئەوڕەحمانتەمەشایەکی خورشیدی کرد و بەدەم هەناسە بڕکێوە لێی پرسی :

-جگە لەم ڕێگایە ، هیچڕێگایەکی دیکە نییە ؟

خورشید ئاوڕێکی لە عەرەبانەکان دایەوە ، تا لە کەل و پەلەکانی دڵنیابێت و ئەوجا گوتی :

-ئەمە تاقە ڕێگایە کە دەچێتە ناو قەڵاکەوە .. بۆتی باس دەکەم کە حەسەن سەباح بۆچی قەڵای هەڵەمووتی هەڵبژاردووە .

ئەوسا دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی قەڵاکە و حەسەن سەباح کرد و گوتی :

-حەسەن سەباح ،لەگەشت و گەڕانەکانیدا ، هەر ئەوەی مەبەست نەبوو کە زۆرترین مورید و شوێنکەوتوان پەیدا بکات ، بەڵکو دەشیویست مەڵبەندێک بۆ بانگەواز و باوەڕەکەی پەیدا بکات ، دەیتوانی بەئاسانی شوێنێک لەهەر شار یا گوندێک پەیدا بکات و خۆی تیا بشارێتەوە ، بەڵام زوو کەشف دەبوو ... چونکە ئەو شوێنێکی قایم و مکومی دەویست ، بیتوانیبا لەوێوە دەست لە سەلجوقیەکان بوەشێنێ و ئەزرەبە و جەزرەبەی کوشندەیان لێبدات ، دوای گەڕان و تاقیبێکی زۆر ، قەڵای هەڵەمووتی بەگەن کرد و هەڵبژارد ... ئەمە قەڵایەکییەجگار قایمو مکومە و کەوتووەتە سەر لوتکەی چیایەکی بەرزەوە ، هیچڕێگایەکی بۆ ناڕوات ، تەنیا ئەم ڕێگایە نەبێ کە ئێمە پێیدا دەڕۆین ، لە قۆڵەکەی دیکەی قەڵاکەوە ، دۆڵێکی داخراو هەیە کە بۆ کشت و کاڵ باشە ، ڕوبارێکی بچووکی پێدا دەڕوات کە ئاوەکەی شیرینە ، خۆ ئەگەر ئازووقە و موونەی تەواو لە قەڵاکەدا هەبێت ، خەڵکانی ناو قەڵاکە دەتوانن ، چەندین مانگ خۆ بگرن و بەرگەی ئابڵوقە بگرن ، پەلاماردانی قەڵاکە زۆر ئەستەمە ، کوڕ نیە بتوانێ بە شورەکانیا هەڵگەڕێت .. ڕیگاکەی زۆر تەنگە ، هەرکەسێک بکەوێتە سەر ئەو ڕێگایە ، زەحمەتە دەرباز ببێت ، بە ئاسانی دەکەوێتە داوەوە .. ئێستا ئەوان لەو کونانەوە کە لە قوللە و بورجەکانی قەڵاکەدا کراون ، ئێمە دەبینن .. خۆ ئەگەر نەیان ناسیباین و نەیانزانیبا کەل و پەل و ئازووقەمان بۆ هێناون ، بە جۆرێکی دی پێشوازیان دەکردین .

ئەوڕەحمان ، ڕوانیە بورجەکانی قەڵاکە ، کە لەبەر چاوی زۆر بەسام و بەرز و ترسناک دەیاننواند . خورشید لەسەرێڕۆیی :

-دەزانی بۆچی ئەم ناوەیان لێناوە .. قەڵای هەڵەمووت ؟

خورشید ، دەیزانی کە ئەوڕەحمان نازانێ ، بەڵام ئیدی ئەمە شێوازی بەگەنی ئەو بوو بۆڕاکێشانی سەرنجی گوێدێر ، دوای ئەوەی ئەوڕەحمان سەری بادا کە نە ،،خورشید لەسەریڕۆیی :

- ئەوەی ئەم قەڵایەی دروستکردووە ، یەکێک بوو لە مەلیکە کۆنەکانی قەڵەمڕەوی"دەیلەم"... جارێک دەچێتەڕاو ، بازێکی فێرەڕاوی پێدەبێت .. کە بازەکە هەڵدەدات دەبینێ ، هەمیشە دەچێتە سەر ئەو لوتکە و زنارە و لەوێندەرەوە دەڕوانێتە دۆڵەکە و تاقیبی نێچیرەکەی دەکات ... ئیدی مەلیکی نێوبراو لەوەوە بایەخی ئەو تاوێر و لوتکە چیایەی بۆ دەردەکەوێت و ئەو قەڵایەی لەوێندەر دروستکرد .

ئیدی ئەو دۆڵەی پێداخست کە بازەکە ڕاوی تیادەکرد ، بۆیە ناوی هەڵەمووتە ، کە بە زمانی خەڵکی دەیلەم بە مانای ئەو شوێنە دێ کە باز هەڵی بژارد ، یان هەڵبژاردەی باز ، یان لانەیباز . جا ئێمە کە ئێستا دەچین بۆ لانەیباز ، هیچ سەیر نییەبازان لە قەڵاکەدا بدینین .. چونکە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بۆڕاو بەکاری دێنن .

کاروانەکە لە دۆڵەکەوە بەرەو بەرزی هەڵکشا ، بەڵام هەنووکە گەیی بوونە شوێنێکی هەموار و تەختانی .. کە لە ڕۆیشتن دەوەستی هەنگێ هەست دەکەیت گەییویتە جێ ، بەڕاستی گەیینە بەردەروازی قەڵاکە کە کرایەوە و نەسیم هاتە دەرێ و بەپیریانەوە هات ، ئەوڕەحمان لە دڵی خۆیدا گوتی .. باشە نەسیم چۆن زانی ئەوان گەیونەتە جێ ؟ ئەوجا بیری کەوتەوە کە ئەوانەی ناو قەڵاکە دەتوانن بەڕوونی ئەوانەی سەر ڕێگاکە بدینن . خورشید ، سڵاو و چاک و خۆشی دەگەڵ نەسیمدا کرد –کە وەکو هەمیشە سرک و بە پارێزبوو –ئەوسا گوتی :

-هیوادارم لێمڕازی بێ جەنابی نەسیم ، هەرچیت داوا کردبوو ، هەمووم بۆ هێناوی .

نەسیم ، چاوێکی بە عەرەبانە و نۆلاوەکاندا گێڕا و ، گوتی :

-با تەمەشایەکی بکەم ... هەموو کەل و پەلەکانت هێناوە ؟

خورشید بەلەز بەرسڤی دایەوە :

-بەڵێ قوربان .. عەرزم کردی هەمووم هێناوە .

نەسیم ، تەمەشایەکی ئەو نۆلاوانەی کرد کە بەڕێز وحورمەتەوە لەبەردەم عەرەبانەکاندا ڕیزیان بەستبوو ، کە نەسیم ، ئەوڕەحمانی لە ناویاندا ناسییەوە ، لە خورشیدی پرسی :

-ئەوانە ئەو گەنجانەن کە داوام کردبوون .. وانییە ؟

خورشید سەری لەقاند کە بەڵێ ، نەسیم لەسەریڕۆیی :

-باشە ئەم شاگردەی تۆ چی دەکات لە نێویاندا ؟

خورشید بە شپرزەیی وەڵامی دایەوە :
-دەیەوێت پەیوەندی بە ئێوەوە بکات .
خورشید لەخوای دەویست نەسیمڕازی نەبێ ، کەچی وتی :
-ئەمە گەنجێکی باشە .. لەبازاڕ دیتم .. هەرکە چاوی بەمن کەوت یەکسەر خۆی شاردەوە ، بۆ ئەوەی من نەیبینم .
نەسیم دەیویست ئەو پەیامە بە خورشید بگەیەنێ ، کە دەزانێت ئەوڕەحمان ئەوی لە بازاڕدا بینیوە و لە هەمان کاتیشدا ئەوڕەحمانی زۆر بەدڵ بوو . نەسیم بە ڕەزامەندییەوە سەری لەقاند و گوتی :
-دەی زۆر باشە ... وادیارە هەموو شتەکان بەکەیفی دڵی خۆمانە .. فەرموو خورشید ، ئەوەش پاشماوەی پارەکەت .
خورشید ، بە کەیف خۆشی کیسەیەک پارەی لێوەرگرت ، ئەوجا ڕوانیە ئەوڕەحمان کە دەگەڵ سەلامدا داخافت و هەوڵیدەدا تەمەشای خورشید نەکات تا لە دەمی جیابوونەوەدا گریان نەیگرێت ، بەڵام خورشید چوو بۆ لای تا دوعاخوازی لێبکات و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :
-بەهیوای دیدار ئەوڕەحمان .
ئەوڕەحمان دەستی درێژ کرد کە تەوقە و خواحافیزی لەگەڵدا بکات ، بەڵام خورشید ، باوەشی پێداکرد و نەیتوانی جڵەوی گریانی خۆی بگرێت ، تا گوێی لە دەنگی نەسیم بوو ، کە ئەمری پێکرد ، بڕوات ، ئیدی ماچی کرد ، سواری ئەسپەکەی بوو بۆ ئەوەی بڕوات ، ئەوڕەحمان لەدواوەوە تا تەواو دوورکەوتەوە هەر تەمەشای دەکرد ، تا لەدەنگی نەسیم بێدار بووەوە کە پێی گوتن :
-دەی ... ئەو عەرەبانانە بەرنە ژوورەوە .
نەسیم ، پارەی عەرەبانە و ئەسپەکانیشی دابوو بە خورشید ، بەهەرحاڵ ، لە قەلایەکەدا پێویستیان دەبوون ، نۆلاوەکان ئەسپ و عەرەبانەکانیان بۆ ناو قەلاکە هاژۆت .. ئەوڕەحمان بۆ دواجار ڕوانیە ئەو ڕێگایەی لێوەی هاتبوو ، بەڵام خورشید دیارنەمابوو ، هەنگێ بەرەو قەلاکەڕۆیی و دەروازەی قەلاکەی لەسەر داخرا ، قەلا بوو بە ماوای تازەی .

# ئابلۆقە

ئەورەحمان ، لە دەروازەی حەساری دەوری قەلاکەوە وەژوورکەوت ، وەکو ئەوە بوو بە دەرگای نێوان دوو دنیای جیاوازدا تێپەڕێت ، لەنێو ئەو شورە وحەسارە بەرزانەدا شارۆچکەیەکی تایبەتی بینی کە لە پشتەوەو لەو ناوچە ڕووتەنەدا تەنیا عەمارێن چەک و پەیژەی بەدی کرد کە پێیدا بەسەر ئەو دیوار و حەسارە بەرزەدا ، کە وەکو مەتاڵ و قەڵغانیڕاستەقینەی قەلاکە بوو ، سەردەکەوتن ، بۆیە پاسەوانیەکی توندی لێدەکرا و مەحاڵ بوو بە بێئیزنی پێشوەختە کەس لە حەسار وەدەربکەوێیا وەژووربکەوێ ، دەنا بەر تیران دەدرا .

دوای ئەوەی ئەورەحمان و هەڤاڵە تازەکانی لەو ناوچە خاڵیە تێپەڕین ، خۆیان لە شوێنێکی دیکەدا بینییەوە ، بریتی بوو لە کۆمەڵە خانوویەکی بچووک کە بە ڕیزییەکەوە دروست کرابوون ، هەر هەموویان لێکدی دەچوون ، بەلام لەوەدەچوو بایەخێکیتایبەتی بە یەکێکیان بدرێت ، زۆر بە توندی پاسەوانی لێدەکرا و مەیدانێکی چۆڵی تایبەتی بە دەورەوە بوو ، نەسیم لەبەردەم ئەو خانووە دیار و تایبەتیەدا وەستا ، قسەی دەگەڵ ئێشکچییەکەی بەر دەرگاکەدا کرد ، لەوە دەچوو ئیزنی لێبخوازێت کە وەژووربکەوێت ، ئێشکچیەکە ، سەرێکی بۆ لەقاند ، وەژوورکەوت ، ماوەیەکی پێچوو ، ئەوستا هاتەوە و بە ئاماژە نەسیمی تێگەیاند کە دەتوانێ وەژوور بکەوێت .

هیچیەکێک لەو گەنجانەی کە لەوێ وەستابوون ، نەیانزانی لە ژوورەوە ، لەو خانووەدا چی گوترا و چی کرا ، هەروەها نەیانزانی خانووەکە هیَ کێیە و بایەخی چیە ، زۆر بەدەم چاوەڕوانیەوە نەمانەوە ، نەسیم زۆری پێنەچوو ، بەڵکو بە پەلە وەدەرکەوت و بەلەز کەوتە تەماشاکردنی ئەو گەنجانە کە خورشید هێنابوونی ، لەوە دەچوو لە ژوورەوە پێی گوترابێ کە بە پەلە لە کارەکەی ببێتەوە ، دەیویست بە گوێرەی تەمەن دابەشیان بکات ، بۆیە ئەورەحمان خۆی لەگەڵ سەلامدا بینیەوە ، هەر هەردووکیان بوو ، کەسی دیکەی هاوتەمەنی ئەوان لەنێو گروپەکەدا نەبوو .

نەسیم ، دوای ئەوەی هەر گروپێکی ئەو گەنجانەی کە جیای کردبوونەوە ، بەچەند پیاوێک سپارد تا مەشقیان پێبکەن ، تەنیا دوو مێرد منداڵەکەی لەبەردەستدا مایەوە ، ئاماژەی کردنێ و بە ئەمرەوە گوتی :

-وەرن بە دووی مندا .
بەدووی نەسیم کەوتن ، تا لە ماڵەکان دوورکەوتنەوە ، خۆیان لە مەیدان و گۆڕەپانێکی چۆڵدا بینییەوە کە ئەرزەکەییەکپارچە قرمید بوو ، نەسیم ، لەناکاوا و بێهیچ پێشەکیەک ، ئەو عەبایەی کە دابووی بە شانیدا ، خستەسەر ئەرزەکە و ، دەستی دایە دار عاسایەکی ئەستوور و ویستی بیکێشێت بە ئەوڕەحماندا ، بەڵام ئەوڕەحمان ، بەلەز خۆی لادا و خۆی دەرباز کرد ، ئیدی دار عاساکە بەرشانی سەلام کەوت ، ئاخێکی بۆ کرد و کەوتە سەر زەوی ، نەسیم گوێی نەدایە ، بەڵکو بزەیەکی بەڕووی ئەوڕەحماندا داو ، بە ماناوە پێی گوت :
-تۆیەکەمین مێردمنداڵیت کە لەیەکەم جەزرەبە دەرباز بوویت .
ئەوڕەحمان نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە ، بە خۆیشی نەیدەزانی چۆن دەرباز بوو ، نەسیم ، لە لەکاتێکا وەستابوو و ، خۆی بەسەر دار عاساکەدا دابوو ، لەسەرڕیرۆیی :
-ئێوە لەژێر سەرپەرشتی مندا دەبن ، من لە مەشق و ڕاهێنانی مێردمنداڵان بەرپرسم ... دەزانن بۆچی ؟
سەلام ، دوای ئەوەی ، ئازارەکەی کەمێک دامرکایەوە و سووک بوو، لە تەنیشت ئەوڕەحمانەوە وەستا ، کە گوێی لە نەسیم دەگرت ، نەسیم دووبارە گوتی :
-مەشق دادانی مێردمنداڵان قورسترە ، بەڵام چاوەڕوانی سوودی زیاتریان لێدەکرێت .
نەسیم ، دارعاساکەی دانا و بە ئەوڕەحمانی گوت :
-ئەو عەبایەم هەڵگرەوە و بمدەیە .
ئەوڕەحمان کەمێک سڵەمیەوە ، دەترسا ئەم ماستە موویەکی تیابێ ، بەڵام کە بینی دارعاساکە لەسەر ئەرزەکە کەوتووە ، زاتی وەبەر خۆی ناو عەبایەکەی هەڵگرت تا بیداتە نەسیم . نەسیم ، دیسان عەباکەی بەشانیدا دا و ئەمری پێکردن دووی بکەون ، دووی کەوتن ، وایان لێهات نەیاندەزانی لە کوێنیا لە کوێوە وەژوور کەوتن و بۆ کوێ دەڕۆن . گەیینە مەیدان و گۆڕەپانێکی دیکە ، کە کۆمەڵێک کوڕیژگەی لێبوون ، هەموو جبەیان لەبەر و عەمامەیڕەشیان لەسەر بوو ، هەرکە چاویان بە نەسیم کەوت ، هەموو بەڕێز و حورمەتەوە ، بەڕیز بۆی وەستان . نەسیم ئاماژەی کردنێ کە دانیشن ، هەر هەموویان پێکەوە و بەلەزو بە بێدەنگی دانیشتن ، نەسیم ئاماژەی بۆ کوڕیژگە دانیشتووەکان کرد و بە دوانە تازەکەی گوت :
-لەگەڵ ئەو قارەمانانەدا دانیشن .

ئەوڕەحمان و سەلام ، لەتەنیشتیەکەوە دانیشتن . هیچیەکێک لە دانیشتووەکان ئاوڕی لێنەدانەوە ، دوای ماوەیەکی کەم ، پیرەمێردێکی بەتەمەن هات ، هەرکە نەسیم چاوی پێی کەوت بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەوپیری چوو و سڵاوی لێکرد :

-بەخێرهاتی شێخ ئیدریس ، ئەمە کاتی دەرسی هەفتانەمانە ، ئەمڕۆکە دوو کوڕی تازەشمان لەگەڵە .

شێخ ئیدریس ، چاوی بە دانیشتووانەکەدا گێڕا ، تا نیگای لەسەر دوو کوڕیژگەکە ، گیرسایەوە ، سەریڕەزامەندی لەقاند و ، لەسەر کورسییەک ، لەبەردەم قوتابیەکانیدا ، کە لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون ، دانیشت ، بەڵام نەسیم لە تەنیشت شێخەوە بە پێوە وەستا تا گوێی لێبگرێت ، دوای کەمێک بێدەنگی، شێخ گوتی :

-لەوانەی پێشوودا ، باسی جیاوازییەکانی نێوان خۆمان و دوازدە ئیمامیەکانمان کرد ، کێ دەتوانێ بە کورتی ، پوختەی دەرسەکەیڕابردوومان بۆ باس بکاتەوە ؟

زۆربەی دانیشتووەکان ، دەستیان هەڵبڕی ، شێخ ئاماژەی بۆیەکێکیان کرد ، هەستایە سەرپێ و بەپەلە وەڵامی دایەوە :

-دوای مردنی ئیمام جەعفەری سادق ، هەندێ کەس پێیان وابوو کە کوڕە گەورەکەی ، واتا ئیسماعیل ، لە ئیمامەت مەحرووم کرا و دوای برا بچووکەکەی ، واتا موسای کازم و نەوەکانی ئەو کەوتن ، بەڵام ئێمە باوەڕمان بە ئیمامەتی ئیسماعیل هەیە سڵاوی خوای لێبێ ،چونکە لە هەموو منداڵەکانی گەورەتر بوو.

شێخ ئیدریس ، بەدەست ئاماژەی کردێ کە دانیشێت ، ئەوجا سەریڕەزامەندی لەقاند و گوتی :

-زۆر چاکە ، ئەمە بنەمای جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوانە ، بەڵام ئەمڕۆ باسی مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوون ناکەین ، باسی تەفسیر و شرۆڤە دەکەین ، تەفسیری قورئان ، دیارە قورئان تەفسیرێکی زاهیری هەیە کە هەموو کەسێک دەیزانێ ، زانا و نەزان ، شیعی و ئەوانەش کە ئیدیعای سوننەگەرایی دەکەن . بەڵام تەفسیرێکی گرینگتر هەیە ، کە تەفسیری باتینی پێدەڵێن ، واتە ئەو مانایانەی کە تەنیا لەڕێگەی ئیمامەوە دەیانگەیەتێ ، ئەو سروش و سەرۆیەی بۆ ئیمام دێت .. تەجەلیاتی خوای بەرز و باڵا و ڕۆحی قودس لە دڵ و دەروونی ئیماماندا بەهرەی ئەوەیان دەداتێ ئەو شتە بدینن کە ئێمەمانان نایبینین ، ئەو شتە ببیستن کە ئێمە نایبیستین .. ئەگەر ئیمام بیەوێ چیا بجوڵێنێ ـ دەیجوڵێنێ ... ئەگەر بیەوێ ئەرز و ئاسمان لێکدی بدات ، لێکی دەدات ، بۆیە قورئان تەفسیرێکی باتنی هەیە ، کە کەس نایزانێ تەنیا ئیمام نەبێت و ناکرێ فێری ببی تەنیا لە ڕێگای ئیمامەوە نەبێ .

ئەوڕەحمان ، ئەمە یەکەمجاری بوو کە گوێی لەو جۆرە قسەیە ببێت ، هەستی بە شیرینی قسەکانی مامۆستا کرد ، هەستی بە سام و هەیبەتی شوێنەکە کرد ، هەستی بە گەورەیی و پیرۆزی پیاوەکان کرد ، هەستی کرد دەبێ باوەڕ بە هەر هەموو ئەمانە بکات ، هەستی کرد دەبێ چاوەڕوانی چوونە بەهەشت بکات .

***

هەڵبەتەیەکەم شەو ، قورسترین شەو دەبێت ، بەتایبەتی بۆ سەلام ، کە پێش ئەوەی بێت بۆ قەڵاکە لە سا و پەنای بابیدا دەژیا ، ئەمە یەکەم شەوی بوو کەلەو دووربێت ، هەموو کوڕەکان لە هۆڵێکی گەورەدا و لەسەر ئەرز دەنوستن ، فەرشێکی تەنکیانڕادەخست و چەرچەفێکیان بەخۆدا دەدا.سەلام پەراسووەکانی لەسەر ئەرزە ڕەقەکە دەیشان ، تا بەیانی ئەم دیو و ئەودیوی کردووە ، بەڵام لەوەدەچوو کوڕەکانی دی بەو حاڵەڕاهاتبن ، بۆیە هەر زوو خەویان لێکەوت ، بەڵام لەوە دەچوو کە ئەوڕەحمانی تازە هەڤاڵیشی ، کەوەکو ئەو بەم شوێنە نامۆ بوو ، خەوی لێنەکەوێ . سەیری کرد لەسەر ئەرزەکە دانیشتووە و سەری ناوە بە دیوارەکەوەو بە بێدەنگی دەڕوانێتە بن میچەکە .. سەلام ، کەلە تەنیشت ئەوەوە دەنوست ، دانیشت و بۆ ئەوەی کەس خەبەر نەکاتەوە ، بە چپە گوتی :

-ئەوڕەحمان بۆچی نانوی ؟

ئەوڕەحمان بێئەوەیتەمەشای بکات ، بەرسڤی دایەوە :

-ئەدی تۆ بۆ نانوی ؟

سەلام ، بەپەستی هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەرسڤی دایەوە :

-چۆن لەسەر ئەم ئەرزە ڕەقە بنووم ؟!

ئەوڕەحمان ، وەکو ئەوەی بڕوانێتە شتێک کە ئەو دەیبینی و هەڤاڵەکەی نەیدەبینی ، سەرێکی لەقاند و گوتی :

-ئەمەم بەلاوە گرینگ نییە ، ئەمە خەوی نەزڕاندووم .

سەلام ، بە کونجکاوی لێی پرسی :

-ئەدی بۆچی خەوت زڕاوە ؟

ئەوڕەحمان کە هێشتا چاوی لەبن میچەکە بوو ، بەرسڤی دایەوە :

-بیر لە بەهشت دەکەمەوە .

سەلام ، سەری لە قسەکەی سوڕما ، بەسەرسامی پرسی :

-بەهەشتی چی ؟

ئەوڕەحمان بە هەمان حەواسپەرتی وەڵامی دایەوە :

-خورشید پێی گوتم ، حەسەن سەباح دەتوانێ بەهشتمان نیشان بدات ... ئەم قسەیە دروستە ؟

سەلام ، بە دوو دڵییەوە سەری لەقاند و گوتی :

-بابیشم هەمان قسەی بەمن گوت ، بەڵام نازانم، هەنگێ وام هەست کرد بۆیە ئەم قسەیە دەکات تا قەناعەتم پێبێنێ کە بۆ ئێرە بێم .

ئەوڕەحمان ، شێوازی دانیشتنەکەی خۆی گۆڕی و ڕێکڕووی کردە سەلام و پرسی :

-وێڕای ئەوەی بابت بۆ ئێرەی ناردوویت ، هێشتاش هەر خۆشت دەوێ ؟

سەلام ، چاوی بڕییە ئەرزەکە و وەڵامی نەدایەوە ، بەڵام وەڵامەکەڕوون و ئاشکرا بوو ، ئەوڕەحمان بەپەستی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

-بەخەویش وێنای ئەمەم نەدەکرد ، حاڵم بگاتە ئەم حاڵە : داک و بابم دەمرن ، مامم دەمفرۆشێت ـ ژنی کابرای کڕیار چاوی پێمدا هەڵنایەت و بۆ ئێرەم دەنێرێت .

سەلام ، هەستی بە خەمگینی ئەو بابەتە کرد کە باسیان دەکرد ، بۆیە ئاراستەی حیکایەتەکەی گۆڕی بۆ بابەتێکی خۆشتر :

-تۆ هیچ دەربارەی ئەو بەهەشتە دەزانی کە باسی دەکەن ؟

ئەوڕەحمان ، بە جۆشەوە بەرسڤی دایەوە :

-دەڵێن پڕە لە ڕوباری مەی و ئاو و شیرو هەنگوین و هەرشتێک نەفس بیخوازێ و چاو حەزی لێبکات ... لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ، نەکاری تیایە و نە ماندووبوون .

سەلام ، چاوێکی لێداگرت و بەدەم بزەیەکەوە و بە سوعبەتەوە گوتی :

-بێگومان حۆری و پەری جوانیشی تیایە ، ئەمە گرینگترین شتە لە بەهەشتدا .

ئەوڕەحمان بزەیەکی کرد و وەڵامی نەدایەوە ، چونکە ئەو بیری لە شتێکی دیکە دەکردەوە . دوای بێدەنگیەکی کەم گوتی :

-بەڵکو داک و بابم لەوێندەر بدینم ، دەڵێن خەڵکانی باش کە دەمرن دەچنە بەهەشت ، دایک و بابی من مرۆڤی باش بوون ، بە عەمراتم خەڵکی لەوان باشترم نەدیتووە ، بێگومان ئێستا لە بەهەشتدان .

سەلام بە کونجکاوی و لاپرەسەنی پرسی :

-باشە چۆن دەچینە بەهەشت ؟

کوڕی سێیەم لەنێوان خەو و بێداریدا ، بەبێزاری باوێشکێکی دا و گوتی :

-ئێستا بنوون ، من لەبەر ئێوە خەوم لێناکەوێ ، ئێستا بنوون ، سبەینێ دەزانن چۆن دەچنە بەهەشت ، ئێستا بنوون دەنا دەتانخەمە دۆزەخ .

ئەورەحمان ، ئاماژەی بۆ سەلام کرد کە بنوێت ، بە خۆیشی لەسەر فەرشێکی سەر ئەرزەکە پاڵ کەوت ، بەڵام خەوی لێنەکەوت ، بە چاوانی نوقاوەوە ، ماوەیەکی زۆر بیری لە بەهەشت کردەوە ، ئەنجام کە خەو زۆری بۆ هێنا ، خەوی بە بەهەشتەوە دەبینی ، لەخەویا بریتی بوو لە سەوزەزارێکی پان و بەرین ، ئاسمانێکی ساف و بێگەرد ، لە هەمووشت گرینگتر ئەوە بوو کە باوک و دایکی لەوێندەر بوون .

***

کاتێ ئەورەحمان هەستی بەو نووکە شاپە کرد کە هەڵی دەستاند ، چاوی هەڵێنا ، ئەو پاسەوانە کەتە و زەلامەی بەدیار خۆیەوە بینی کە ئاماژەی دەکردێ تا هەستێت ، لەسەر ئەرزەکە هەستا ، تەمەشای کرد هەموو هەستاون و خۆ ئامادە دەکەن بچنەدەرێ ، تەنیا سەلام نەبێ کە وەکو ئەو تازە ڕابووە ، پاسەوانەکە جبە و عەمامەیەکی وەکو ئەوانی دیکەی دایە و بە تووڕەییەوە گوتی :

-لەبەریان بکە و یەکسەر وەدەربکەوە .

ئەورەحمان ، جبە و عەمامەکەی لێوەرگرت و بەلەز لەبەری کرد ، سەلامیش بەهەمان شێوە ، ئەوسا لەدوای هەمووانەوە وەدەرکەوتن ، هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو ، ئاسمان هێشتا تاریک بوو ، سەلام بەحاڵەحاڵ دەیتوانیڕێ بکات ، بەگێرەگێر چاوی دەکردنەوە ، هەروەها ئەورەحمانیش .

نەسیم لەناوەندی ئەو مەیدانەدا وەستا کە گەنجەکان تیایدا کۆبوونەوە ، گروپ گروپ و دەستەدەستە جیای دەکردنەوە ، هەر دەستەیەکیان مەشقیان لەسەر شتێک دەکرد ، تەنیا ئەورەحمان و سەلام نەبێت کە بۆ کۆتایی هێشتیانیەوە ... کە گەییە ئاستی ئەوان قسەی دەگەڵ نەکردن ، بەڵکو ئاماژەی بۆ پیاوێکیڕەشی زەلام کرد کە لای دیوارەکەوە وەستابوو و زەنجیر و پێوەندی بەدەستەوەبوو ، کابرا وێڕای زەلامی خۆی ، لەبەر قورسی زەنجیر و پێوەندەکان ، هێدی هێدی هاتە پێشەوە ، نەسیم ، ئاماژەیەکی بۆ دوو کوڕیژگەکە کرد و بەکابرای گوت :

-بەزنجیر بیان بەستەوە .

کابرا بزەیەکی شادکامی کرد و دەستی ئەورەحمانی گرت کە نەیدەزانی چ خەتایەکی کردووە تا بەو زنجیرە قورسە بیبەستنەوە ، کابرا کۆت و زنجیری لەدەست و پێی بەست ، هەمان شتی لەگەڵ سەلامیشدا کرد ، کاتێ کابرا بەجێ هێشتن ، لەبەر قورسی زنجیر و پێوەندەکان ، بەحاڵ خۆیان بەپێوە دەگرت . نەسیم لەوپەڕی مەیدانەکەدا ، کە یەجگار بەرین بوو وەستا و دەفرێ ئاوی دانا ، ئەجا هات بۆ لای ئەمان و بەکاوەخۆ و بێلایەنانە گوتی :

-ئەمە مەشق و ڕاهێنانی ئەمڕۆیە ... دەتوانن ئاو لەو دەفرەدا بخۆنەوە ؟
ئەوجا ، بەزمانێکی تەوسامێزەوە لەسەریڕۆیی :
-بەقسەی من دەکەن ، لەئێستاوە بەجدی بکەونەڕێ، چونکە کە دنیا گەرمی کرد ، ناتوانن خۆ بە پێوە بگرن ، ئەگەر بە تەمای ئەوەبن ، من لە ئەنجامدا بەزەییم پێتاندا دێتەوە ، ئەوا لە تینواندا دەخنکێن .
ئەوە دوا قسەی بوو ، پێش ئەوەی بڕوات مەشقی ئەوانی دی بدات ، سەلام تەمەشایەکی ئەوڕەحمانی کرد و بەسەرسامی پرسی :
-ئێستا چی بکەین ؟
ئەوڕەحمان ، خۆی گورج کردەوە و بەرسڤی دایەوە :
-دەبێ بەم کۆت و زەنجیرەوە خۆ بگەیەنینە ئەو دەفرە و تەواو .
سەلام ، بە ناڕەزاییەوە گوتی :
-شتی وا چۆن دەبێت ؟! تۆ وا قسە دەکەیت وەک ئەوەی زۆر سووک بێت ! من ناتوانم بەقەد سەری پەنجەیەک لەجێی خۆم بجوڵێم .
ئەوڕەحمان کەوتە هەوڵی ئەوەی بەهەر شێوەیەک بووە ئەو زنجیرە قورسانە لەگەڵ خۆیدارابکێشێت ، هەڵبەتە نەیدەتوانی هەڵیان بگرێت ، بەو حاڵەوە گوتی :
-دەبێ هەوڵ بدەین ، باوەڕ ناکەم ، ئەم پیاوە گاڵتەمان لەگەڵدا بکات .
سەلام ، قسەی هاوڕێکەی پەسەند کرد ، کەوتە هەوڵی ئەوەی بەدەم ڕێگاوە زنجیرەکە لەگەڵ خۆیدا بکێش بکات ، لە کیسەڵێکی نەخۆش دەچوون کە کەوتبێتە سەر پشت و بێهودە هەوڵی ئەوە بدات خۆیڕاست بکاتەوە و بکەوێتەوە سەر پێیەکانی ، چەندین سەعات بەو شێوەیە بەردەوام بوون ، ئەوەندە کەم دەچوونە پێشێ ، لەتۆ وایە لەجێی خۆ نەجولاون ، تاکو نیوەڕۆ بەوحاڵەوە مانەوە ، هەتاو بە حەوێقی ئاسمانەوە بوو ، بە هیچ جۆرێک نەدەکرا خۆتی لێبپارێزیت ، هەتاوەکە ڕێک دەیدا لەو تاوێرە بەرزەی کە قەلاکەی بەسەرەوە بوو ، هێندە گەرم بوو کوڕی دەویست بەرگەی بگرێت ، چەند شەوەکەی سارد بوو ، کە سەرما دەیتەزاندن ، ئێستاش لەبەر هەتاوەکەدا هەر ئەوە نەبوو کە بسووتێن .
کە سەلام ، هەستی کرد تواناێرێکردنی نەماوە ، ڕێکردنی چی ، بڵێ سینگە خشکێ ، هێشتا نیوەی مەسافەکەیان نەبڕی بوو ، سەلام کە لە ماندوویەتی و تینوویەتیدا هانکەهانکی پێکەوتبوو ، گوتی :
-هێزم لەبەر بڕاوە ، ناتوانم بەردەوام بم ، خەریکە لە تینویەتیدا دەمرم .
ئەوڕەحمان ، کە وەکو ئەو شەکەت بوو ، بەلام لەو بەورەتر بوو ، گوتی :

-دەبێ لەم تاقیکردنەوەیە دەرچین ، دەتوانین پشوویەک بدەین و هەنگێ تێهەڵچینەوە .
بەدوو قۆڵی لێی دانیشتن و کەوتنە تەماشاکردنی مەیدانەکەی دەوروبەریان ، مەیدانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو ، کوڕەکانی دی لە مەشق و ڕاهێنان بووبونەوە و چووبوون بۆ شوێنێکی دی .
لە پشتەوە دەنگی نەسیم هات کە بە تەوسەوە گوتی :
-پێدەچێ زۆر لەوە لاوازتربن کە وێنام دەکرد !
بێئەوەی هیچ وەلامێک بدەنەوە ، ئاوڕیان دایەوە ، لەبەری هەڵنەستان ، چونکە نەیاندەتوانی هەستن ... نەسیم لێیان نزیک بووەوە ، لەبەردەمیاندا وەستا ، کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوسا لەسەریڕۆیی :
-دەی باشە ... من شەرتێکتان دەگەڵدا دەکەم .
ئەوجا چۆکیڕاستی نایە سەر ئەرزەکە و بە لاقی چەپی گۆشەیەکیڕاوەستاوی چێکرد ، بۆ ئەوەی لە ئەوڕەحمان نزیک بێتەوە و ڕووی قسەکەی لەوبێت :
-ئەوەندە بەسە کە یەکێکتان بگەنە کۆتایی .
سەلام بە پاڕانەوەوە گوتی :
-بە دوو قۆڵی تا نیوەیڕێگاکەمان بڕیوە ، ناکرێ بیخەینە سەریەک و وای دابنەینیەکێکمان گەییوەتە کۆتایی ؟
نەسیم ، بزەیەکی بە تۆبزی هاتێ و گوتی :
-نا ، ئەمە فێڵە سەلام ... بەلای کەمەوە دەبێیەکێکتان بگاتەسەر شار .
نەسیم ، لەبنەڕەتدا ، ئەوڕەحمانی مەبەست بوو ، چونکە جۆرە مکوڕی و تەحەدایەکی لە چاوەکانیدا دەبینی ، نەسیم ئەمجارەش بەجێی هێشتن ، تا خەریکی کاری خۆی بێت ، ئەوڕەحمان بە میهرەبانیەوە بە سەلامی گوت :
-تۆ ناتوانی بجوڵێی ... ها ؟
سەلام چاوی بڕییە ئەرزەکە و وەڵامی نەدایەوە ، ئەوڕەحمان ، کە خەریک بوو هەڵدەستایەوە ، بە مکووڕییەوە گوتی :
-تۆ ئەوەندە یارمەتیم بدە تا هەڵدەستم ئیدی هەقت نەبێ .
سەلام ، هیچی نەگوت ، یا نەیگوت با ئەم لەجیاتی ئەو هەستێ ، بەڵکویەکسەر بە قوونەخشکێ خۆی گەیاندە پشتی ئەو و کەوتە دەڵەک دانی تا هەستێتە سەر پێیان .
ئەوڕەحمان زۆر بە زەحمەت هەستایە سەر پێیان ، سەرلەنوێ کەوتە ڕاکێشانی زنجیرەکان ، هەستیدەکرد نەسیم بەتایبەتی تەحەدای ئەو دەکات ، هەستیدەکرد مەسەلەی کەرامەت و ئیرادە لە ئارادایە ، هەستی کرد نەسیم دەیەوێ بیشکێنێ ، بۆیە هێندەی دی مکووڕ بوو ،

دەبێت ببێ بەو شێرە پیاوەی کە بابی دەیویست .. ئەوڕەحمان هێدی هێدی دەجوڵا و سەلام هانی دەدا ، تا خۆر گەییە سەرکەل و ئاوابوون .

سەلام لە برسێتی و تینوویەتی و ماندوویەتیدا ، خەوی لێکەوت ، تەنانەت توانای هاندانەکەشی نەما ، کەچی ئەوڕەحمان هێشتا هەر هەوڵیدەدا بگاتە سەر شار ، بەلاقان نەدەڕۆیی ، بەڵکو بە سکەخشکێ دەڕۆیی .

لەو کاتەدا ، کوڕەکانی دی دەگەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تیایدا دەخەوتن ، بەڵامیەکێکیان چپەیەکی بە گۆیی برادەرەکەیدا کرد و ئاماژەی بۆلای ئەوڕەحمان کرد کە بە سکەخشکێ دەڕۆیی ، هەموو وەستان تا تەمەشای ئەوڕەحمانبکەن کە خەریک بوو دەگەییە کۆتایی هێڵەکە . نەسیم لە پشتیانەوە دەرکەوت ، نەسیم لە تەنیشتیانەوە وەستا وکەوتە تەماشا کردنی ئەوڕەحمان کە نەیدەویست کۆڵبدات ... بەسکەخشکێ دەڕۆیی و دەڕۆیی ... بەدەنییەکپارچەڕووشان و برین بوو ، بەڵام نەیدەویست بوەستێ تا دەگاتە سەر شار و شارگڕ دەکات .

ئەوڕەحمان گەییە دەفرە ئاوەکە و بەدەستەوەی گرت و سەری نایەسەر ئەرزەکە و چاوەکانی نوقاندن ... هەست بە تینوویەتی و برسێتی دەکات ، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە هەستی بەسەرکەوتن دەکرد .. گوێی لێبوو کە نەسیم چەپڵەی بۆ لێدا ، سەریهەڵبڕی تا بزانێ کێ چەپڵەی بۆ لێدەدا ، زۆری پێ سەیر بوو کە نەسیم چەپڵەی بۆ لێدەدا و تێکڕای کوڕەکانیش بەچاولێکەری ئەو کەوتنە ئافەرین و چەپڵەلێدان .

ئەوڕەحمان هیچی دەربارەی ئەو سەرکەوتنە نەدەزانی کە بەدەستی هێنابوو ، تا نەسیم داوای لە پاسەوانەکە کرد کە زنجیر و پێوەندەکەی لێبکاتەوە ، ئەوجا بەخۆی کەوتە یارمەتیدانی ، تا هەستێتەوە و گوتی :

-تۆیەکەم کەسیت کە ئەم ئەزموونەت بڕی ، هەرچەندە بەجەستە لاوازیت ، بەڵام خاوەنی گیانێکی شەڕڤانی و ورەیەکی پۆڵاینی .

ئەوڕەحمان ، بەڕەزامەندییەوە بزەیەکی بۆ کرد ، هەستی کرد هەموو ئازارەکانی ئەمڕۆ ئێستا لەجەستەیدا کۆدەبنەوە ، هەستی کرد چاوی و سەری قورس دەبن ، لاقەکانی کەبە زەحمەت لەسەریان دەوەستێ ، سڕدەبن ... هەرچی ئێسکی جەستەی هەیە دەزریکێنێ ... ئازای بەدەنی دەناڵێنێ ، ئیدی لەناکاوا دنیا لەبەرچاوی تاریک بوو .

ئەوڕەحمان لەهۆش خۆی چوو ، نەسیم خێرا و بەرلەوەی بکەوێ ، گرتیەوە و ئەمری بە کوڕەکانی دی کرد کە بۆ خەوگەکەیان بڕۆن ... ئەوسا بردی ، بە سەلامی ، کە پاسەوانەکە کۆت و زنجیرەکەی ئەویشی کردبووەوە گوت :

-خراپ نەبوویت سەلام ، بەڵام گەرەکمە هەمیشە باشتر بیت ... بەشێوەیەکی گشتی زۆرکەسی دی هەر بەقەد تۆ برِیان کردووە ، تەنیا ئەم هاورِێیەت نەبێت ، کە یەکەم کەسە گەیبێتە سەرشار ... ئەم هاورِێیەت کوێندەرییە ؟ بەسەرهاتی دەزانی ؟
سەلام ، چونکە بەدرێژاییرِۆژ هیچی نەخواردبوو ، زۆر شەکەت بوو ، بەرسڤی دایەوە :
-بەڵێ قوربان . لەئەسڵدا خەڵکی گوندەکەی ئێمە نییە ... خەڵکی شارێکە (( سافا )) ی پێدەڵێن .
نەسیم ، گوێ قوڵاخ بووەوە ، ئەو رِووداوانەی دەزانی کە لەو شارەدا بەسەر ئیسماعیلیەکاندا هاتبوو ، سەلام ماندوویەتی پێوە دیاربوو ، بەڵام نەسیم سوور بوو لەسەر زانینی بەسەرهاتی ئەورِەحمان ، ئەمری بە پاسەوانەکە کرد ئەورەحمانبەرێتو دکتۆری بۆ بێنێ ، ئەوسا بەسەلامی گوت :
-پێموایە برسیتە !
سەلامیەکسەر بەرسڤی دایەوە :
-خەریکە لەبرسا و لە تینواندا دەمرم .
نەسیم ، بەدەم پێکەنینەوە گوتی :
-زۆرچاکە ... دەگەڵ مندا بۆ ژوورەکەی من دێیت ، لەگەڵ مندا نان دەخۆیت ... بەڵام بەمەرجێک !
سەلام ، کە گوێی لە وشەی مەرج بوو ، دڵی داخورپا ، بەڵام دوای چەند دەمێک بێدەنگی نەسیم لەسەریرِۆیی :
-دوایی هەموو شتێکم دەربارەی ئەورِەحمان بۆ بگێرِیتەوە .
سەلام ، رِووی گەشایەوە و گوتی :
-بەسەر سەر و سەرچاوان قوربان .
سەلام ، لەناکاوا بوژایەوە ، ئەوسا دوای نەسیم کەوت بۆ ژوورەکەی ئەو ، کە دەیویست باسی ئەورِەحمانی بۆ بکات .

***

لەبەهەشتدا ، وەکو ئەو تەسەوری دەکرد و دەیویست ، مێرگ و سەوزەزارێکی بێکۆتایی هەبوو ، ئاسمانی شین و ساف ، دەتگوت گومەز و قوببەی شووشەیە . ماندوویەتیرِەوایەوە ، بەهەشت ، زۆر لەوە خۆشتر و جوانتربوو کە وێنای دەکرد ، لێ مخابن چۆڵ بوو ، بەتەمای ئەوە بوو داک و بابی لەوێندەر چاوەرِوانی بکەن ، دەڵێن تەنیا خواناسان و پیاوچاکان دەچنە بەهەشت ، خۆ بابی پیاوێکی بەدڵ و دڵاوا بوو ، هاوسۆزی دەگەڵ هەژاراندا دەکرد ، دەستی

نەبوانی دەگرت ، دایکی هیچ کار و پیشەیەکیلە ژیاندانەبوو تەنیا پەروەردەکردنی ئەم نەبێت ، ژیانی ئەم کۆڵەکەی ژیانی ئەو بوو ، بێگومان لەوێدا دەیان بینێ . زۆر گەڕا ، بەڵام بێهودە ، تۆ بڵێی چووبنە دۆزەخ ؟ کە ئەو خەیاڵەی بەمێشکدا هات ، پڕ بەدڵ حەزی بەگریان دەکرد ، تۆ بڵێی ئێستا ئازار بدرێن ، ئاخر لەسەر چی ؟

کە ئەو زنجیرە قورس و درێژانە هێنران و لەملی ئالان حەپەسا ، لەئەرزەکە چەقی ، نەیدەتوانی لەجێی خۆی بجولێ .. ئەرزەکە لە ژێر پێیدا شەق بوو ، گڕی لێوە هەڵدەقولا ، بەو زنجیرانەوە دەکەوێتە ئاگرەکەوە ، هەوڵدەدات هاوار بکات ، ناتوانێ ، لەتۆ وایە دەمیان دووریوە ، ئازارێکی بەترەف دایە هەر دوو لێوی کە لە خوێنا سوور بووبوون ، دوایی ، دەنگی دەرچوو ، زنجیرەکان خستیانە ئاگرەکەوە ... ئێستا پڕ بە زار هاوار دەکات ، لە ئاگرە کوشندەکە نزیک دەبووەوە ، لە دوورەوە پێش ئەوەی بکەوێتە ناوییەوە ، هەستی بەگەرمای ئاگرەکە دەکرد کە دەی سووتاند .

ئەوڕەحمان ، خەبەری بووەوە ، لەهەمان شوێنی دوێنێدا نوستبوو ، بەزەحمەت هەستا ، پتر لە ڕۆژێک بوو هیچی نەخواردبوو ، بەلارەلار لەو هۆڵە گەورەیەی کە کوڕەکانی دیکەشی تیا دەنووستن ، هاتە دەرێ ... لە یەکێک دەگەڕا لێی بپرسێت پێویستە چیبکات . ئەو پاسەوانەی بەدی کرد کە دوێنێ زنجیر و پێوەندەکانی لێ بەستبوو ، دوودڵ بوو لەوەی پرسیاری لێبکات ، بەڵام پاسەوانەکە چوو بەلایەوە و بە ڕێزەوە گوتی :

-جەنابی کاک نەسیم ، چاوەڕوانت دەکات ئەوڕەحمان .

ئاماژەی کردێ کە دووی بکەوێت .

ئەوڕەحمان ، دوای کەوت ، تا گەیشتنە مەیدان و گۆڕەپانێکی گەورە ، کە کوڕەکان لەوێدا مەشقیان لەسەر شەڕەشیران دەکرد ، نەسیم بەخۆی سەرپەرشتی مەشق و ڕاهێنانەکەی دەکرد . هەرکە ئەوڕەحمانی بەدی کرد ، ڕووی گەشایەوە و بەرەوپیری چوو و بە میهرەبانیەوە لێی پرسی :

-ئەوڕەحمان ئەمڕۆ چۆنی ؟

ئەوڕەحمان ، بە کورتی و بەدەنگێکی کز ، کە بە ئاستەم دەبیسترا بەرسڤی دایەوە :

-باشم .

نەسیم ، دیسان پرسی :

-بێگومان برسیتە ، نان دەخۆیت ، بەڵام لێرەنا ... دەچین بۆ قەفەزی باڵندەڕاوکەرەکان .

ئەوڕەحمان ، لەمەبەستی نەسیم حاڵی نەبوو ، بەڵام دووی کەوت تا گەیینە مەیدانێکی گەورەی دیکە ، کە پڕبوو لە قەفەسێن گەورەی پڕ لە باڵندەینڕاوکەر و داڵ و شەهێن و تەڕلان

و باز و هەڵۆ ... ژمارەیەکییەجگار زۆر لە باڵندەێنراوی ، کۆمەڵێک زەلامیان بەلاوە بوو ، لەوە دەچوو مەشقیڕاو و شکاریان پێبکەن .
نەسیم ، مێزێک و دوو کورسی هێنا ، ئەوجا ئاماژەی بۆ پیاوێکی پاڵ دیوارەکە کرد ، خواردنی بۆ هێنان ، ئەوڕەحمان گوێی بە جۆری خواردنەکە نەدا ... گرینگ ئەوە بوو دوای ئەم برسیەتیە زۆرە ، شتێک بخوات .
دوای ئەوەی هەستی بە تێربوون کرد ، لە خواردن خاو بووەوە و کەوتە نۆڕینی دەور وبەری خۆی .. سەیری کرد داڵێکی چکۆلە ، پەتێکی درێژی پێوە بەستراوە و ، بە حەوێقی ئاسمانەوەیە ، ڕاهێنەرێکیش ، کەوریشکێکی مردوو بە پەتێک بە سەر ئەرزەکەدا ڕادەکێشێت ، تا بەو شێوەیەداڵەکە فێریڕاوبکات .. نەسیم کە بینی بەوجۆرەتەمەشای ئەو دیمەنە دەکات ، پێی گوت :
-زۆربەی داڵ و کەرگەزان کەلاک دەخۆن ـ بۆیەڕاهێنانی لەسەر ڕاوکردنی نێچیری زندوو ، وەختی دەوێ .. داڵ و کەرگەز زۆر بە هێز و بەڕاپەڕە ، دەتوانێ نێچیری بەهێز و قۆچاغی وەکو ڕێویانڕاوبکات ، بەڵام پێویستە مەشق دابدرێ تا ئەو بەهرانەی بخرێنەگەڕ .
ئەوڕەحمان ، کە بابەتەکەی بەلاوە سەرنج ڕاکێش بوو ، پرسی :
-ئەدی باز ... لەکەرگەز باشتر نییە ؟
نەسیم ، کە پرسیارەکەی ئەوی پێخۆش بوو ، گوتی :
-باز ، زووتر مەشق دەدرێت و ڕادەهێنرێ ، چونکە بە تەبیعەتڕاوکەر و عەوداڵی نێچیری زیندووە ، بەڵام لە داڵ و کەرگەزان بچووکترە ، بۆیە هەردووکیان بەخێو دەکەین و مەشقیان دەدەین ، هەریەکەیانڕۆڵێکی هەیە .
ئەوڕەحمان لە خواردن بووەوە ، دوای ئەوەی گەدەی وەکو دەڵێن خوسایەوە وخوێنی جما ، تا خواردنەکە هەرس بکات ، بە بێدەنگی دانیشت و گوێی لە نەسیم دەگرت ،کە بەدەم زەردەخەنەوە تەمەشای دەکرد ، پێی گوت :
-پێ‌دەچێ تێر بووبیت .
ئەوڕەحمان سەری لەقاند ، دوای ئەوەی لەسەر ئەو برسیەتییە زۆرەی دوێنێ ، ئەو خواردنە چەورەی خوارد ، هەستی کرد ئازای خاو دەبێتەوە . نەسیم بەدەم هەستانەوە پێی گوت :
-بابڕۆین ، بازە تایبەتیەکەی خۆمت نیشانبدەم .
نەسیم چوو بۆ لایڕاهێنەرەکە و بە ڕووی خۆشەوە گوتی :
-کوا " نەووج " بێنە .

نەووج ، بە بای توند و خێرا دەگوترێ ، ئەورەحمان وای دانابوو کابرا هەنووکە بازێکی گەورەی بەهێز دێنێ ، بەڵامڕاهێنەرەکە ، بە پەتێکی درێژەوە کە بازێکییەجگار گەورەتر لەوەی پێوە بەسترابوو کە ئەورەحمان وێنای دەکرد ، بە ئەندازەی منداڵێکی بچووک دەبوو ، کاتێ کە چاوی بە نەسیم کەوت لە خۆشیا باڵەکانی کردەوە ، مەودای نێوان هەردوو باڵی ، لەبەژن و باڵای نەسیم درێژتر بوو .

ئەورەحمان ، بەسەرسامی دەیڕوانییە نەووج ، زۆربەی پەڕوپۆیەکەیڕەش بوو ، لێرە و لەوێ پەڕێکی سپی بەدی دەکرا ، کە وەکو ئەستێرەی پرشنگدار ، بەسەر پەڕەڕەشەکانەوە دەدرەوشایەوە .

ڕاهێنەرەکە ، پەتەکەی لەملی داماڵی ، بە ئاسمانی مەیدانەکەدا بەرز بووەوە ، تا نەسیم بانگی کرد ، هەنگێ هات و لە تەنیشتیەوە نیشتەوە ، نەسیم پارچە پەڕۆکی ئەستووری لەدەستیەوە ئاڵاند ، ئاماژەی بۆ بازەکە کرد تالەسەری بنیشێتەوە، بازەکە زۆر قورس بوو ، لەسەر دەستیڕاستی نیشتەوە ، نەسیم بە دەستەکەی تری ، دەستیڕاستی خۆی گرت تا بتوانێ بازەکە هەڵبگرێت ، بەو حاڵەوە بە ئەورەحمانی گوت :

-ئەم بازەت بەلاوە چۆنە ؟

ئەورەحمان بەسەر سامی گوتی :

-من بە عەمراتم شتی وام نەدیتووە ! یەجگار جوانە .

نەسیم گوتی :

-دەتوانییەکێکی وات دەست بکەوێ ، بەڵام ...

ئەورەحمان،تەمەشایەکی کرد و بە کونجکاوی لێی پرسی :

-بەڵام چی قوربان ؟

نەسیم ، بەرسڤی دایەوە :

-نەووج ، چەند مانگێکە بێچویەکی چکۆلەی هەڵێناوە ، دەتوانی لە ڕاهێنانیدا بەشداری بکەیت ، تا ببی بەخاوەنی ، بەڵام دەبێ لە پێشاندا ناوێکی لێبنەیت .

ئەورەحمان ، ئەو پێشنیازەی پێخۆش بوو ، کەوتە بیرکردنەوە لەوەی کە ناوێکی بۆ بدۆزێتەوە ، نەسیم لەسەریڕۆیی :

-ئەگەر تۆ تەعلیمت دا ، دەبیت بە خاوەنی ... وانیە ؟

ئەورەحمان ، کە بیری لەناوێکی گونجاو دەکردوە ، بەرسڤی دایەوە :

-بێگومان .

نەسیم ، بەدڵنیایەوە گوتی :

-زۆرچاکە ، من بەخۆم سەرپەرشتی تۆدەکەم و تەعلیمت دەدەم .. دەڵێی چی ؟
بزەکەی سەر لێوی ئەورەحمان ئاوا بوو، لەمانای قسەکانی نەسیم ، حاڵی بوو، بە گوێڕایەڵییەوە گوتی :
-مایەی سەربەرزیە بۆ من قوربان .
نەسیم ، بەرەزامەندییەوە ، بزەیەکی بۆ کرد و بە ڕاهێنەرەکەی گوت :
-فێری بکە ، چۆن بازان مەشق دەدرێن ، بێچوە بازەکەی بدەیە ، تا دەست بە ڕاهێنانی بکات .
ئەوجارەوانیە ئەورەحمان و لەسەریڕۆیی :
-ئەمڕۆ ، مەشقی جەستەییت پێناکەم ، دوێنێ زۆر ماندوو بوویت ، کە ئەمڕۆ لە مەشقی بازان بویتەوە ، پێش ئەوەی بنوویت وەرە بۆ ژوورەکەی من .
ڕاهێنەرەکە چوو بێچوە بازەکە بێنێ ، ئەورەحمان وەستاو تەمەشای ئاغا تازەکەی دەکرد کە دوور دەکەوتەوە .

***

چەن هەفتەیەک بوری ، ئەورەحمان بەدرێژاییڕۆژ وەکو سێبەر لەنەسیم نەدەبووەوە ، بە بست لێی دوور نەدەکەوتەوە ، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە دەچووە ماڵی حەسەن سەباح ، ئەورەحمان دیقەتی دا کە حەسەن سەباح ، بۆ تاقە جارێکیش لە ماڵەکەی نەدەهاتەدەرێ ، کاتێ هۆی ئەمەی پرسی ، نەسیم پێی گوت ، لەوەتای ئەم قەڵایەی گرتووە ، چووەتە ژوورەوە و ئیدی نەهاتووەتە دەرەوە .
تا ئەو ڕۆژەی ئەورەحمان هەستی بە جم و جوڵێکی نا ئاسایی لەنێو قەڵاکەدا کرد ، نیگەرانی بە ڕوو و روخساری هەموو فەرماندە و پاسەوانەکانەوە دیاربوو ، تەنانەت نەسیمیش کە هەمیشە ورەبەرز و متمانە بەخۆ بوو ، نیگەرانی پێوە دیاربوو ، ئەورەحمان کە لە تەنیشتیەوە وەستابوو و تیردان و کەوانەکەی بۆ هەڵگرتبوو ، گوێی لێی بوو کە بە فەرماندەیەکی دی دەگوت :
-سوپای سەلجوقیان هاتووە ، مەلەک شا سوپایەکی گەورەی بە فەرماندەیی ئەڕسەلان تاش کردۆتە سەرمان .
مەلەک شا ، گەورە و سەرداری هەموو میران و فەرمانڕەوایانی سەلجوقیان بوو ، بوونی ئیسماعیلیانی بە مەترسی و خەتەر بۆ سوننیان دەزانی ، بۆیە دوو لەشکری ناردبوو ، یەکێکیان بۆ سەر قەڵای هەڵەموت و ئەویتریان بۆسەر کۆسار ، یارو بە نیگەرانییەوە بەرسڤی نەسیمی دایەوە :

-خۆ ئەگەر ئەم کوڕە تازانە حیساب نەکەین ، تەنیا نزیکەی هەشتا زەلام لە قەڵاکەدا هەن .
نەسیم ، لێبڕاوانە وەڵامی دایەوە :
-بۆیە جەنابی حەسەن سەباح ، داوای کردووە بچینەسەر دیوارەکان تا ڕووبەڕووی هێرشەکە ببینەوە ، لە دەروازە سەرەکیەکەوە نەبێ ، هیچڕێگایەکی دی بۆ ناو قەڵاکە نییە ، بە خۆت دەزانی هیچڕێگایەکی نییە ، تەنیاڕێگایەکی هەڵدێری تەنگ نەبێت ، هەڵبەتە بەهۆی هەڵدێری و تەنگیرێگاکەوە ناتوانن ، چەک و چۆڵی قورس بۆ ئێرە بێنن .
کابرا ، کەبەرەو دیوار و شورەی قەڵا دەڕۆیی گوتی :
-دەی باشە ... کێ لە شاگردەکانت دەتوانێ شەڕ بکات کۆیان بکەوە و لەبەر دەرگا چاوەڕوان دەکەم .
زۆربەی ئەوانەی لە قەڵاکەدا بوون ، لەبەر دەرگا وەستابوون ، هەر ڕاهێنەر و مامۆستایەک لە لایەکی حەسارەکەوە وەستابوو و کۆمەڵێک لە یاریدەدەرەکانی خۆی لەگەڵدا بوو ، نەسیم سەرکەوتە سەر یەکێکلە بورجە بەرزەکان ، لە کونێکی بچووکەوەتەمەشای کرد ، ئەوجا بە ئەوڕەحمانی ، کە بێئەوەی بزانێ مەسەلە چیە ، لەگەڵیا سەرکەوتبوو ، گوت :
-بەرایی سوپاکە خەریکە دێتە پێشەوە .
ئەوڕەحمانڕوانیە ئەو شوێنەی کە نەسیم ئاماژەی بۆ کرد ، دیقەتی دا بەرایی لەشکرەکە دیارە ، نەسیم تیرێکی دەر هێنا و لە کەوانەکەی نا ، تا هێز لە بازوویدا بوو ژێی کەوانەکەی هێناوە ، چاوی چەپی نوقاند و سێرەی لە نیشان گرتەوە ، چاوی بڕییە نێچیرەکەی ، بە ئەوڕەحمانی گوت :
-چاوەڕوانی ئەوەن یەکەم تیریان باوەێ .
ئەوسا ، کەوانەکەی نەوی کردەوە ، دایە دەستیئەوڕەحمان و گوتی :
-بگرە ئەوڕەحمان ، ئادەی سەگڤانی خۆتم بۆ بنوێنە ... دەمەوێ ئەو سوارەی سەر ئەسپە کوێتەکەیرێزی پێشەوەم بۆ بانگێوی ، ڕێک لە ملی بدەی .
ئەوڕەحمان هەستی بە جۆرە هەڵچوونێک کرد ، کەوانەکەی وەرگرت نیشانەی لە سوارەکە گرتەوە ، ئەمە یەکەمجاری بوو نیشانە لە نیشانەیەکی بزۆز و زندوو بگرێتەوە ، تیرەکەیڕاکێشا ، هەناسەی لەخۆ بڕی ، جوان سێرەی لێگرت و ئەوجا تیرەکەی هاوێشت ... تیرەکە بەلەز هەواکەی شەق کرد ، لە شانی سوارەکە گیرسایەوە و لە ئەسپەکەوە کەوتە خوارەوە ، دوای ئەوە ، دوابەدوای ئەو ، تێکڕای زەلامەکانی سەر حەساری قەڵاکە ، کەوتنە تیرەندازی و لەتۆ وایە لە ئاسمانەوە تیر دەبارێت، لەشکری داگیرکەر ناچار هەڵوەستەی کرد ، کەمێک پاشەکشەی کرد ، تا لە مەودای تیران دوور بکەونەوە ، دوای ئەوەی لەشکر

دووركەوتەوە و لەمەوداى تیران دەرچون ، تیرئەندازانیش لە تیر هاوێشتن وەستان . لەشكر كەوتە ڕاكێشانى بریندار و كوژراوەكانى خۆى ، ئیدى لە دەرێى مەوداى تیران كەوتنە ئۆردوبەز و خێوەت هەڵدان ، بەڵام لە دەوروبەرى ئەو ڕێگایەى بۆناو قەڵاكە دەهات ، واتە قەڵاكە كەوتە ئابڵوقە و گەمارۆوە ... نەسیم لەسەر ئەرزەكە و لەژێر ئەو كونەوە كە تیرى لێوەدەهاویشت ، دانیشت و پشتى بە دیوارەكەوە دا و بە ئەوڕەحمانى گوت :

-تیرەندازیت خراپ نییە ، بەڵام پێویستت بە مەشقى زیاتر هەیە .

ئەوجا بە دەم هەستانەوە لەسەرێڕۆیی :

-ئیدى لەمڕۆوە من و تۆ لێرە دەمێنینەوە ، شەوان بە نۆرە ئێشك دەگرین ، لەم كونەوە تەماشا دەكەین ، ئەگەر گومانت لە هەر شتێك كرد ، یا لە كاتى نووستنى مندا ، هەر جم و جوڵێكت بەدى كرد ، بێ دوودڵى و یەكسەر خەبەرم بكەوە ، ئێستا دەچینهەموو پێویستیەكى مانەوەمان لێرە ، دەهێنین ، پێم وایە زۆر لێرە دەمێنینەوە ، ئەم هەویرە ئاو زۆر دەكێشێت . نەسیم ، هەوڵیدەدا ، وا بنوێنێ كە بێباك و ورە بەرزە و گوێى لە هێرشى سەلجوقیان نییە ، لێ ئەوڕەحمان ، نیگەرانى و پەرێشانى بە هەموو هەڵسوكەوت و ڕەفتارێكیەوە دەبینى ، دیارە نیگەرانى نەسیم ، نیشانەى ئەوەبوو كە مەسەلەكە زۆر مەترسیدارە .

***

چەند هەفتەیەك بورى و لەشكر و سوپاكەى ئەڕسەلان تاش ، لە هەمان شوێنییەكەمڕۆژا ، لە دەوروبەرى هەڵەمووت هەڵى دابوو ، ئیدى لە هەوەڵڕۆژەوە نەیتوانى بوو تاقە هەنگاوێك بێتە پێشەوە . ئەمیر (( ئەڕسەلان تاش )) لەگەڵ فەرماندەكانى سوپادا كۆ بووبووەوە و ڕاوێژى پێدەكردن ، بێزارییان بە زەقى پێوە دیاربوو ، چونكە نەیانتوانى بوو لەوەى پتر لە قەڵاكە بێنە پێشێ ، یەكێك لە فەرماندەكان بە پەستییەوە گوتى :

-ئەزبەنى دەبوایە خەڵكێكمان ناردبا ، تا زانیاریمان دەربارەى تەبیعەت و تۆبۆگرافیاى ئەو شوێنە و مكوومى قەڵاكە بۆ بێنن ، ئەوسا بە سوپاوە بۆ ئێرە هاتباین . لەوەیە ئەگەر زانیاریمان دەربارەى تەبیعەت و هەڵكەوتى قەڵاكە هەبوایە ، هەر لە بنى نەهاتباین ، ئەوەمان زۆر باشتر بوو ، لەوەى بێین و دەست لە گونان شۆڕتر بگەڕێینەوە .

ئەڕسەلان تاش ، ئەو قسانەى بەدڵ نەبوو ، بەڵام بە كاوەخۆ بەرسڤى دایەوە :

-جا كێ دەڵێ بەدەستى بەتاڵ دەگەڕێینەوە ؟

فەرماندەیەكى دى كە تووڕەیى پێوە دیار بوو گوتى :

-ئەزبەنى ، ئەگەر كار وا بڕوات ، لەوەیە بە كوژراوێكى زۆرەوە بگەڕێینەوە .

ئەرسەلان ، خوێن لە دەمارەكانیدا هاتە جۆش ، بەدەم لێو كرۆشتنەوە و بە تووڕەیى گوتى :

-ئەم هەستی بەزین و شەرمەزاریە چیە ، لە کاتێکا هێشتا شەڕ دەستی پێنەکردووە ؟!
ئەو فەرماندەیەی کە لە هەوەڵەوە قسەی کرد ، بەرسڤی دایەوە :
-ئەزبەنی ئێمەش خەمی ئەمەمانە ... هێشتا شەڕ دەستی پێ نەکردووە ، جا پرسیار ئەمەیە ئایا شەڕ لە بناغەوە دەست پێدەکات ؟
ئەرسەلان ، بە دیقەتتەمەشایەکی کرد و هیچی نەگوت ، یارۆی فەرماندە لەسەریڕۆیی :
-ئێمە لەوەتای گەییوینەتە ئێرە ، تاقە یەک هەنگاو لە قەڵاکە نزیک نەبووینەتەوە ، ئەوانەی لە قەڵاکەدان ، یەکیەکڕاومان دەکەن .. لەوەیە پاسەوانێک خۆی لەبیر بکات و تۆزێک بچێتە پێشێ ، کاتێ بە خۆ بزانێ ، بووە بە تیری تیرەندازێکی سەر بورجێکی قەڵاکەوە ، ئێمەش هەرجارێ هێرش بەرین ، دەشکێین .. دوا هەوڵمان بۆ گرتنی قەڵاکە بە شەو بوو و سەرنەکەوتین ، ئێمە نامانەوێ ورەت بروخێنین ئەزبەنی ، بەڵام هیچ چارێکی دی هەیە ، هیچ نەخشەیەکت پێیە ؟
ئەرسەلان بزەیەکی کەسەرداری بۆ کرد و گوتی :
-دەزانن ، قەڵاکە چەند زەلامی تیایە ؟ بە هیچ تەقدیرێک لەسەد کەس زیاتر نابن ، ماقووڵە بەم سوپا گەورەیەوە ، پاشەکشە بکەین ، ئەمە چیە ئێوە سەبر ناگرن ؟! قەڵاکە لەم ڕێگایە زیاتری نییە کە ئێمە گرتوومانە ، مانای وایە ئەو ئازووقە و مونەیەی هەیانە ، درەنگ یا زوو تەواو دەبێ ... بۆیە شەڕەکەمان ، شەڕی سەبر و حەوسەڵەیە ، ئیدی ئەمە تەبیعەتی شەڕی ئابڵوقە و گەمارۆیە .
ئەو فەرماندەیەی کە قسەی دەگەڵ دەکرد ، ئاهێکی هەڵکێشا و بە بێتاقەتیەوە گوتی :
-بەڵام سەربازەکان ، بێزار بوون ، خەریکە تاقەتیان دەچێت .
ئەڕسەلان ، لێبڕاوانە ، بەرسڤی دایەوە :
-چونکە ئێوە بەم حاڵەوە دەبینن ، چاو لە ئێوە دەکەن ، پێویستە ورەی سەربازەکانتان بەرز بکەنەوە ، تا تەحەمووڵ بکەن .
قسەکەی ئەڕسەلان ، هەندێک ماقوولیەتی تیابوو ، ئەوان لە دەرەوە دەیانتوانی بە کەیفی دڵی خۆیان هەر ئازووقە و خواردنێکیان بوێ ، پەیدای بکەن ، ڕێک بە پێچەوانەی ئەوانەی لەناو قەڵاکەدا گرفتار و گیرۆدە بووبوون ... ئەو ژمارە کەمەیلە ناو قەڵاکەدا بوون ، نەیاندەتوانیڕاستەوخۆ پەلاماری سەربازخانەکەی ئەڕسەلان تاش بدەن ، ئەڕسەلان دڵنیا بوو لە جیاوازی ژمارەی نێوان سوپاکەی خۆی و شەڕڤانانی ناو قەڵاکە ، بۆیە پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ، ئەوان دەست پێشکەری بکەن و پەلاماری ئەم بدەن ، ئیدی چاوەڕوانی ئەوەبوو بەری ئەم ئابڵوقەیە بچنێتەوە .

****

ئەوڕەحمان بە پێوە وەستابوو ، لەو کونەوە کە چاودێری جم و جوڵی سوپاکەی ئەڕسەلان تاشی دەکرد ، تەمەشای دەکرد ، بەهیچ جۆرێ چاوی نەدەتروکاند ، چاوەڕوانی بچووکترین جم و جوڵی دەکرد تا نەسیمی ، کە لەسەر ئەرزەکە پاڵکەوتبوو ، لێ ئاگادار بکاتەوە ، ئەوڕەحمان لە ناکاوا گوێی لە دەنگی هەنگاوی خێرا بوو ، کە لە شوێنی حەرەسیاتەکەی ئەو نزیک دەبووەوە ، ئاوڕی بۆ لای ئەو دەرگایە دایەوە کە بەرەو پەیژەکە دەکرایەوە ، پاسەوانێکی بینی بەلەز وەژوورکەوت ، خێرا نەسیمیڕاتەکاند و بە هانکە هانک و بە پەرۆشەوە دەیگوت :

-کاک نەسیم ، کاک نەسیم ... پەیکەکەی" بوعەلی" گەیی .

نەسیم ، هەرکە گوێی لەناوی بوعەلی بوو ، یەکسەر و بەرزە پێ هەستا و بە پاسەوانەکەی گوت :

-چووە لای ئیمام حەسەن سەباح ؟

پاسەوانەکە سەری لەقاند و بەرسڤی دایەوە :

-ئێستا لای ئیمامە ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن .

نەسیم ، بەدەم لەبەرکردنی جبەکەیەوە گوتی :

-تۆ بڕۆ پێیان بڵێ هەر ئێستا دێم .

پاسەوانەکە بەلەز ڕۆیی ، نەسیم بە ئەوڕەحمانی گوت :

-برێک بە تەنیات جێدێڵم ، بەڵام ماتەڵ نابم .

ئەوڕەحمان بە کونجکاوی پرسی :

-قوربان ئەم بوعەلییە کێیە ؟

نەسیم ، بە ئومێدواریەوە پێکەنی و گوتی :

-با بێمەوە بۆتی باس دەکەم .

گەشبینی بە ڕووی نەسیمەوە دیار بوو ... کە گەڕایەوە باسی بوعەلی ، بۆ ئەوڕەحمان دەکات ، بوعەلییەکێک بوو لە بانگخوازەکانی حەسەن سەباح و لە باوەڕدارانی تەریقەتەکەی ئەو بوو ، بوعەلی لە "زفارە"و ، " ئەردستان " ەوە هاتبوو و لە " قەزوین" گیرسابووەوە ، توانی بووی خەڵکانێکی ئەوێ بکات بە ئیسماعیلی ، دیارە ئەو تەریقەت و بانگەوازە لە قەڵەمڕەوی"ڕەی" ش هەوادارانی هەبوو ، حەسەن سەباح جوابی بۆ" بوعەلی" ناردبوو کە فریای بکەوێت ، ئەویش چەک و زەلام و شەڕڤانی ناردبوو تا ئەو گەمارۆیە لەسەر قەڵاکەیان بشکێنێ .

پیاوانی بوعەلی ، دەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و جەنگاوەرانی قەڵاکەدارێککەوتن کە لە ناکاوا پەلاماری ئوردوگاکەی ئەڕسەلان تاش بدەن ، لە کاتێکا ئەوان ، واتە سوپاکەی ئەڕسەلان تاش خەریکی بەرپەرچ دانەوەی هێرشەکە دەبن ، جەنگاوەرانی قەڵاکە بۆیان دەرچن و پەلاماریان بدەن و لەناویان بەرن .
وادیارە نەخشەکەیان زۆر لەوە سەرکەوتووتر بوو کە بە خۆیان تەسەوریان دەکرد . ئەرسەلان تاش ، پاش ئەوەی خەسارەتێکی زۆری دا ، بڕیاری پاشەکشەی دا ، بە کەمتر لە مانگێک گەمارۆی سەر قەڵای هەڵەمووت شکێنرا ، هەروەها گەمارۆی سەر مەڵبەندی ئیسماعیلی لە ناوچەی کۆسار ، دوای ئەوەی هەواڵی مردنی مەلەک شای دوژمنیان پێگەیی ، لادەچوو .
قەڵا ، باشترین و خۆشترینرۆژگاری خۆی بەسەر دەبرد ، لە هەڕەتی باوەڕداریدا بوون بە تەریقەت و بانگەوازەکەی خۆیان ، ئەوپەڕی متمانە و باوەڕیان بەحەسەن سەباحی ئیمام و پێشەوایان هەبوو .
لەوکاتەدا ، ئەوڕەحمان هەستی نەدەکرد کە گەمارۆکە لاچووە ، بەڵکو هەستی دەکرد هێشتا لە چوارچێوەی ئەو قەڵایەدا گیرۆدە و گرفتارە .

## پێستی مەڕ

"ئەوانە ڕواڵەتی خۆ دەگۆڕن ... وەکو ئەو شەیتانانەی دەگۆڕێن بە فریشتانی لەنوور ، چونکە لاسایی ئەو هەڵسوکەوت و جل و بەرگ و زمان و داب و نەریت و ڕەفتارانە دەکەنەوە کە لە گەلان و نەتەوەێن جیاوازەوە وەری دەگرن . بەوجۆرە بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی خۆیان دەچنە پێستی مەڕەوە" .
ئەمە بەشێکە لە ئامۆژگاریەکی قەشە "بروکاردوس" بۆ شای فەرەنسا ، کە لە مەترسی بەنگکێشەکانی ئاگادار دەکاتەوە . ( بڕوانە کتێبی"بەنگکێشەکان" .. فیرقەیەکی شۆڕشگێڕن لە مێژووی ئیسلامدا ، نووسینی برنارد لویس . )

****

لەوەتای"بوتاڵیب" لەبەهەشت دەرچووە ، حەواسی پەرتە ، ئاگای لەخۆ نییە ، بێدەنگ و گۆشەگیرە ، بەتەنیا دادەنیشێت و قسە دەگەڵ کەسدا ناکات ... ئەورەحمان تاقیبی دەکرد ، دەیەوێ پرسیاری لێبکات کە لەوێندەر چی دیتووە ، بەڵام کە جارێک بینی و قسەی دەگەڵدا کرد ، تەمەشایەکی کرد و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە ، بەڵکو بەجێ هێشت و بەرێی خۆیداڕۆیی ، وەکو کەسێک بوو کە جەزمەگرتبی و حاڵی لێهاتبێ .. ئەورەحمان چوو بۆ لای نەسیم ، کە لە ژوورەکەی خۆیدا خەریک بوو دەرمانی بۆ زامیهەندێ لە بریندارەکانی ئەو شەڕەی دوایی دەگرتەوە ، باسی بو تاڵیبی لەنەسیم پرسی ، نەسیم بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی گوت :

-ئیدی ئەوە حاڵی هەرکەسێکە کە حەسەن سەباح دەیخاتە بەهەشتەوە ، ئیدی ناتوانێ جارێکی دی لەسەرئەرز بژی .

ئەورەحمان وەکو ئەوەی قسە بۆخۆی بکات ، گوتی :

-تۆ بڵێی لەوێندەر چی بینی بێت ؟

نەسیم ، کە شووشەیەکی بەدەستەوە بوو ، شلەیەکی تیا دەشڵەقاند ، بەرسڤی دایەوە :

-ڕەنگەڕۆژێ لە ڕۆژان تۆش بیگەیتێ ، جارێ وەرە یارمەتیم بدە ، با ئەم دەرمانە ئامادە بکەین . دەزانی ئەم مادەیەی ئامادەی دەکەم چیە ؟ بەزووترین کات زامان ساڕێژ دەکاتەوە .

ئەورەحمانتەمەشای دەفرەکەی کرد و هیچ سەری لێدەرنەکرد ، نەسیم لەسەریرۆیی :

-بۆیە پێمان دەڵێن بەنگکێشان ، چونکە هەموو گیایەک بۆ دەرمان بەکار دێنین .. بەڵام هۆیەکی دیکەش بۆ ئەم ناوە هەیە .

نەسیم ، کەمێک بێدەنگ بوو ، شلەکەی ناو دەفرەکەی شڵەقاند و ئەوجا لەسەریرۆیی :

-ئێمە سەری ئەو قوربانیەش دەبڕین ، کە تیرۆری دەکەین .

ئەورەحمان نەیدەزانی بۆیە بەهەشتیان بە بوتاڵیب نیشانداوە ، تا یەکەمین وگرینگترین ، کاریڕەشکوژی(تیرۆر) پێبکەن .

***

ئەوشەوە حەسەن سەباح ، وەکو هەمیشە لەقەڵاکەدا و لە ماڵەکەی خۆیدا دانیشتبوو ، ئەو ماڵەی لەوەتای هاتبووە قەڵاکە ، لێی نەهاتبووە دەرەوە . دەگەڵ گەورە فەرماندەکانی خۆیدا ، کە یەکێکیان نەسیم بوو ، لەگەڵ ئازاترین شەڕڤاناندا، کە یەکێکیان بوتاڵیب بوو ، کۆ بووەوە .. بوتاڵیب لە گەڵ کۆمەڵێک بکوژی زۆر تەڕدەستدا ، چووبووە بەهەشتەکەی حەسەن سەباحەوە ، تا ئەم چوونە بەهەشتە هانیان بدات بۆڕەشکوژی ئایندە ، کە یەکەم عەمەلیە بوو .

بوتاڵیب ، نەیزانی چۆن گەییە بەهەشت ، ئەوەندە دەزانێ کاتێک لە هۆڵێک دانیشتبوو و ، چاوەڕوانییەکێک لە فەرماندەکانی دەکرد ، لەناکاوا خەوی لێکەوت ، کە بێدار بووەوە ، خۆی لەوێدا بینییەوە ، پاشان لە بەهشتدا نوست ، کاتێکی بەخۆزانی دیسان هاتووەتەوە سەرزەوی .

حەسەن سەباح ، بە تەبیعەت کەم دوو بوو ... بێئەوەی سەروسیمای هیچ گوزارشتێکی پێوە دیاربێ ، بە دەنگە نەرم و نزمەکەی پێی گوتن :

-ئێوە هەمووتان ، مەترسی"نیزامول مولک" لەسەر خۆمان دەزانن .

ئامادەبووان هەموو سەریان لەقاند کە دەیزانن ، لەسەریڕۆیی :

-کێتان ئەم دەوڵەت و دیارە لەشەڕی"نیزامول مولکی تووسی"ڕزگار دەکات ؟

بوتاڵیب ، بەلەز دەستی خستەسەر سینگی خۆی کە ئەو ئامادەیە .. حەسەن سەباح ، تەمەشایەکی کرد و گوتی :

-بوتاڵیب ، تۆ گرینگی و خەتەری ئەم کارە دەزانیت ؟!

بوتاڵیب سەری بۆ لەقاند ولەدڵی خۆیدا خواخوای بوو کە حەسەن سەباح ، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە قەبووڵی بکات . حەسەن سەباح لەسەریڕۆیی :

-لەوەیە بتکوژن .

کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوجا لەسەریڕۆیی :

-ئەدی دەزانی کە ئەگەر کوشتیانیت بۆ کوێت دەنێرم ؟!

بوتاڵیب ، بزەیەکی بۆ کرد و گوتی :

-هەڵبەتە دەزانم قوربان .

حەسەن سەباح ، خەنجەرێکی دایە دەستی .. ئەو خەنجەرەی کە دەبوا " نیزامول مولکی" پێبکوژێت .. بوتاڵیب دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهەشتەی کە تەنیا بۆ ماوەییەک شەو دیتبووی ، ئامادەبوو لە پێناوی ئەو بەهەشتەدا هەرکارێک بکات ، بۆیەڕازی بوو ، بۆیە ئامادەبوو لە پێناوی ئەو بەهەشتەدا ، مل بۆ کوشتنی نیزامول مولک بدات .

نیزامول مولک ، لەشارۆچکەیەکی دەوروبەری دەڤەری تووسدا لە دایک بووبوو ، کوڕە جوتیار بوو .. قورئانی لەبەر کرد و هەر لە منداڵیەوە خووی دایە فیقهی شافعی .. بابی بەجێهێشت و ڕۆیی بۆ غەزنە و لەوێندەر لە دیوان و بارەگای سوڵتانیدا گیرسایەوە و کەوتە خزمەت .. تەنانەت خزمەتی وەزیری سوڵتان"ئەلب ئەرسەلان "ی کرد ، دوای مردنی وەزیر ، سوڵتان کردی بە وەزیر ، پاشان ئەرسەلان تاش مرد و مەلەک شا شوێنی گرتەوە کە بە کۆمەک و یارمەتی نیزامول مولک دەسەڵاتی سەلجوقیانی چەسپاند . فەزڵی دامەزراندنی قوتابخانانی

نیزامی دەگەڕێتەوە بۆ نیزامول مولک .. ئەهلی زانست و شەریعەت و زوهدی خۆش دەویست ، بۆیە مەجلیسی هەمیشە پڕبوو لە زانایانی شەریعەت و سۆفیان . بوتاڵیب ئێستا دەبوایە بۆ نەهاوەند بڕوات کە نیزامول مولک ، لەوێندەر، لە ناوچەی"ساهنا " جێگیر بووبوو ... بوتاڵیب ، سپێدە زوو ، جبەکەی لەبەرکرد و لەسەروو عەمامەکەی سەرییەوە ، شاڵێکی لەسەریەوە پێچا ، بەسواری ئەسپەکەی لەقەڵاکە وەدەرکەوت و نەهاوەند خۆ بگرە واهاتم ، نەهاوەند زۆر لە هەرێمی"ڕەی"یەوە دوور نەبوو .

بوتاڵیب ، خانوویەکی لە قەراخ نەهاوەند بەکرێ گرت ، باروبنە و توێشووی خۆی تیاخست و ئەسپەکەی لەبەردەمیا بەستەوە ، ئەوجا بڕیاری دا بۆ بازاڕ بڕوات .. هەڵبەتە نەیدەویست هیچ بکڕێت ، پێویستی بەهیچ نەبوو ، بەڵام زۆر چاک دەیزانی کە بازاڕ ، سەرچاوەی هەرە دەوڵەمەندی زانیارییانە .

ئیدی هێدی هێدی بە بازاڕدا دەسوڕێتەوە ، گوێ لە قسەی ئەم و ئەو دەگرێت .. نایەوێت بەشداری لە قسە و باسی کەسدا بکات .. مەسەلەکە پێویستی بە سەبر و حەوسەڵە هەبوو ، ئیدی چاوەڕوان دەکات تا یەکێک باسی نیزامول مولک بکات ، بێئەوەی کەس هەستی پێبکات گوێی بۆ هەڵخات .. گرینگترین شتێک کە گوێی لێبوو ، قسەی فرۆشیارێک بوو دەگەڵ شێخێکی گەورە و بەتەمەندا .. شێخەکە پیاوێک بوو هێمنی و خواناسی پێوە دیاربوو .. پێدەچوو لەو دەڤەرەدا ناسراو بێت ، چونکە فرۆشیارەکە هەرکەبینی بەگەرمی پێشوازی کرد و گوتی :

-حاڵت چۆنەیا شێخ ؟

شێخەکە ، بە ڕووخۆشی و بە ویقارەوە بەرسڤی دایەوە :

-لەخوا بەزیادبێ باشم .. ئەدی تۆ چۆنی عومەر ؟

فرۆشیارەکە بە خۆشیەوە بەرسڤی دایەوە :

-زۆرباشمیا شێخ .. ئەمرێ خزمەتێکت نییە ؟

شێخ بە هەمان هێمنی و ویقارەوە بەرسڤی دایەوە :

-دەمەوێ شووشەیەک بکڕم ، چونکە ئەو شووشەیەی کە هەمبوو، دوێنێ لەخۆیەوە شکا .

فرۆشیارەکە ، بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی :

-فەرموو ... دوکانەکە هەرچیەکی تیایە دەخزمەتودایە .

کابرا ، کەوتە تەماشاکردنی شووشەواتەکان و بیری لەوە دەکردەوە کامیان زیاتر بەکەڵکی ئەو دێت . دوکاندارەکە هەر بۆ سوعبەت و شۆخی گوتی :

-باشە ڕاستە وەزیر نیزامول مولک ، لە مزگەوتەکەدا سەرتان دەدات ؟

ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە بوتاڵیب لە ئاسمان بۆی دەگەڕا ، بۆیە گوێی هەڵخست تا بزانێ وەڵامی شێخ چیە :
-زۆرجار بۆ مزگەوت دێت تا نوێژمان لەگەڵدا بکات ... پیاوێکی باش و بێفیزە ، زانست و زانا و خواناسانی خۆش دەوێ .
دوکاندارەکە بە ڕەزامەندییەوە سەری لەقاند و گوتی :
-سۆفیانیشی خۆشدەوێ و ڕێزیان دەگرێت .
شێخەکە وەڵامی دایەوە :
-پەنای هەر ڕێبوار و موحتاجێک دەدات .
بوتاڵیب ، بۆ ئەوەی گومانی لێنەکەن ، زۆر نەوەستا ، دوای ئەوەی زانیاری خۆی دەست کەوت و لەوێ دوورکەوتەوە ، بیرۆکەیەکی بۆهات ، یەکسەر چوو بۆ بازاڕی کوتاڵ فرۆشان و لە دوکانێکی کوتاڵ فرۆشیدا داوای پارچە کوتاڵێکی سوفی سپی کرد .. کابرای دوکاندار بە دوودڵیەوەتەمەشای کرد ، ئەوسا گوتی :
-بەڵام زۆر زبرە قوربان .
بوتاڵیب ، بە متمانەوە گوتی :
-قەیدی نییە ... ڕاستت دەوێ بۆ خۆم نییە .
ئەوجا بەدەم تەماشاکردنی دەستەیەک سۆفیەوە کە بە مەیدانەکەی بەر بازاڕەکەدا تێدەپەڕین ، لەسەریڕۆیی :
-بۆیەکێک لە شێخانی سۆفیانمە .

***

بوتاڵیب ، دوودانە ڕۆژی لەسەر یەک ، تاقیبی نیزامول مولکی کرد و کاتی ، گەڕانەوەی بۆ کۆشکەکەی و تێپەڕبوونی بەو مەیدانە گەورەیەی کە پڕ بوو لە سۆفیان ، زانی .
شەوێ ، ئەو کراسەی دەدروو ، کە بۆخۆی دروستی کردبوو ، تا لە بابایەکی سۆفی بچێت .. لە دوورونی کراسەکە بووەوە ، بەڵام کراسەکە تازەیی پێوە دیاربوو ، بوتاڵیب لەماڵ وەدەرکەوت ، ئەوسا ئاوڕی دەوروبەری خۆی دایەوە ، کە دڵنیابوو کەس لەو ناوە نییە و کەس نایبینێ ، کراسەکەی لە خۆڵوەریناو هەڵی گلۆفت و تەواو پیس بوو ، ئەوجا بردیە ژوورەوە . لە ژوورەوە کەوتە شۆردنی کراسەکە ، پاشان لەسەر مێزێکی هەڵخست تا وشک ببێتەوە ... دەیویست کراسەکە وا بنوێنێ کە پێشتر بەکار هێنراوە
کاتێ کراسەکە وشک بووەوە ، ئەمجارەش لەخۆڵی وەردا ، بەڵام ئەمجارەیان پاکی نەکردەوە ، یەکسەر لەبەری کرد .

درزێکی بچووکی خستە دەرگاکە و ڕوانیە دەرێ .. کەس لە دەرەوە نەبوو .. بەلەز وەدەرکەوت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست و بەرەو ئەو مەیدانە گەورەیەڕۆیی کە هەموو شەوێک نیزامول مولک پێیدا تێدەپەڕی .

بوتاڵیب ، ئەدەبیاتی سۆفیگەری زۆر خوێندبووەوە ، بایی ئەوەی لێدەزانی کە ئیدیعای سۆفیاتی بکات و خۆی بەیەکێک لە ئەهلی سۆفیگەری بزانێت .. بوتاڵیب ، بە نیگای ئاوارە وهەنگاوی خاوەوە بەناو خەڵکەکە کەوت .. هێدی هێدی لێوی دەجولاند و هەندێشتی نامەفهوومی دەگوت وەکو ئەوەی وێرد و سەڵاوات بخوێنێ .

گەییە مەیدانە گەورەکە . دەستەیەک سوفی لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون ، باسی هەندێک مەسەلەیان دەکرد ، کە بەلای بوتاڵیبەوە گرینگ نەبوون .

بوتاڵیب ، لە سوچێکی مەیدانەکەدا دانیشت ، بەڵام هەستی کرد هەموو تەمەشای دەکەن ، بەلایانەوە تازە بوو ، سەروسیمای غەریب بوو .

بوتاڵیب ، هەستا ، خۆی گەیاندە سوچێکی دیکە ، وەستا ، وای دەنواند کە نوێژ دەکات ..لە شوێنێکدا بوو ، دەیتوانی هەموو ئەوانە بدینێ کە بە گۆڕەپانەکەدا تێدەپەڕین ، هەروەها دەیتوانی هەرکەسێک لەسەرەتای مەیدانەکەوە دێت ، بدینێ ، بۆیە زۆر بە ئاسانی ئەوی بەدی کرد کە دەهات .

نیزامول مولک بەسەر کەژاوەکەیەوە بوو ، پاسەوانێکی زۆری لەگەڵدا نەبوو .. ئاماژەی بۆ ئەو سۆفیانە کرد کە لەسەر ڕێگاکەی دانیشتبوون ، هەموو پێکەنین و لەبەری هەستان .

بوتاڵیب ، نە غەریب دیاربوو نە نەشاز .. بەکاوەخۆ لە کاروانە چکۆلەکە نزیک دەبووەوە .. وەکو گورگێک خۆی بۆ نێچیرەکەی مەڵاس بدات ، بەو ئاوایە چاوەڕوانی دەرفەتی دەکرد ..تا کەلێنێکی لەبەینی پاسەوانەکانەوە بەدی کرد .

بوتاڵیب ، وەکو تیر بۆی دەرچوو .. دەرفەتێکە و هاتووە ، ئەگەر لەدەستی بدات ، نیزامول مولک ، دەرباز دەبێت .. بەدەستیڕاستی ئەو خەنجەرەی گرتبوو کە حەسەن سەباح دابویە و بە دەستەکەی دیکەی خەنجەرێکی دی گرتبوو ، لە نزیکترین پاسەوانی تەنیشت ئەوییەوە دا .. نیزامول مولک نەیزانی مەسەلە چیە .. هەستی بە هیچ نەکرد .. هەستی بە هیچ ئازارێک نەکرد تا خەنجەرەکە چوو بە سینگیا ... جەزرەبەیەکی کاریگەر بوو .. لەوە کوشندەتر بوو ، کە بژی .

بوتاڵیب ، خەمی هەڵاتنی نەبوو ، هەموو خەمێکی ئەوەبوو کە لە مردنی نیزامول مولک دڵنیا بێت ، بۆیە لە هەڵاتن دواکەوت ، ئیدییەکێک لە پاسەوانەکان پڕی دایە و بەو نیازەی کە

ئاغایڕزگار دەکات جەزرەبەیەکی کوشندەی گەیاندێ . بەڵام لە ڕاستیدا ئاغای مردبوو و ئێستاش بکوژەکەی بەهەمان مەرەدی ئەوچوو .

بەڵام بوتاڵیب دڵی خۆشبوو .. چونکە باوەڕی وابوو ، لە دوای مردن دەچێتە هەمان بەهەشت کە پێشتر دیتبووی .. حەسەن سەباح بەڵێنی دابویە کە ئەگەر کوژرا ، ئەوا فریشتان دەنێرێت تا بۆ بەهەشتی بگوازنەوە .

بوتاڵیب مرد ، ئەوسا کەس هۆی کوژرانی وەزیرەکەی نەزانی ، ئەوە یەکەمین کاری تیروریستی و ڕەشکوژی بەنگکێشەکان بوو ، بەڵام دواکاریان نابێت ، ناودەردەکەن ، بە تێپەڕبوونیڕۆژگار ترس دەخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە .

## چاوانی بێ وێنە

ئەوڕەحمان ، لە گۆڕەپانی شەڕدا وەستاوە .. دوو گەنجی هاوتەمەنی خۆی لەبەردەمیدان .. لە ئان و ساتایە پەلاماری بدەن .. هەریەکێکیان دار عاسایەکی ئەستووری پێیە ، ئەو بەدەستی بەتاڵە ... لەیەک کاتدا هێرشی دەکەنە سەر ، یا بەلای ئەوانەوە کە توانا و بەهرەی ئەوڕەحمانیان نەبوو ، وا دەهاتەبەرچاو ، ئەوڕەحمان دیقەتی دا کە یەکێکیان کەمێکلەپێش ئەوی تریانەوەیە .. ئەوڕەحمان لە گەنجە نزیکەکەیان نزیک بووەوە ، لە هەوەڵەوە خۆی لە جەزرەبەی دار عەساکەی لادا و ئەوجا تاتوانی و بەلەز بۆکسێکی کێشا بە ورگیدا . لەوکاتەدا ، دار عاساکەی دی داهاتەوە بۆ سەر ، سەری ، بەڵام پێش ئەوەی بەرسەری بکەوێت ، بەدەستی چەپ گرتی و بە شاپێک خاوەن دارەکەی تووڕدا .

ئەم نمایشە لە گۆڕەپانێکدا بوو ، ڕێک لەبەردەم ماڵەکەی حەسەن سەباح دابوو . حەسەن سەباح لە دەلاقەیەکی بچووکی قەد دیوارەکەوە ، تەمەشای دەکرد .. حەسەن سەباح ، بە نەسیمی ، کە لە تەنیشتیەوە وەستابوو ، گوت :

-ئەوڕەحمان ، تەواو پێگەییوە .

نەسیم ، سەریرەزامەندی بۆ لەقاند و ، حەسەن سەباح لەسەریڕۆیی :

-پێدەچێت ماوەیەکی دی ، بەئەرکێکی قورسیڕاسپێرین .

نەسیم ، بێئەوەی هیچ بڵێ ، تەمەشایەکی پرسیارئامێزی کرد ، ماقووڵ نەبوو پرسیار لە حەسەن سەباح بکات کە لەسەریڕۆیی :

-عەلەمەدین .. شێخی ئەسفەهان کە بیروباوەڕ و تەریقەتەکەی ئێمە لەقاو دەدات و بەبەڵگە و لوژیک ، هەروشەیەکی ئێمە بەتاڵ دەکاتەوە .. هەموو ئەوانە فریو دەدات کە بەگەڵ ئێمە دەکەون و ژێوانیان دەکاتەوە ، بگرە هەندێک لە موریدەکانیشمان بۆلای خۆیڕادەکێشێت .. ئەو پیاوە بۆ ئێمە لەهەموو ئەو هێرشانە خەتەرترە کە سەلجوقیان تا ئێستا کردوویانەتە سەرمان .

نەسیم ، بێئەوەی ورتەی لێوەبێ ، سەریرەزامەندی بۆ لەقاند ، سەباح لەسەریڕۆیی :

-بەڵام بەخۆت دەزانی دەبێ لە هەوەڵەوە بیخەینە بەهەشتەوە .

نەسیم ، ئەمجارەیان ، دوای بێدەنگیەکی زۆر ، بەرسڤی دایەوە :

-بەڵێ ، دەزانم قوربان ، بەڵام دەمویستڕێگەم بدەیت کە بینێرم بۆ لای خورشید ، تا هەندێک پێویستی و کەل و پەلمان بۆ بکڕێت .

سەباح ، بە نیگەرانییەوە ، وەڵامی دایەوە :

-تۆ بەخۆت دەزانی ، حەزناکەم تێکەڵاوی خەڵکی ببن .. بۆچی خۆت ناڕۆیتیانیەکێک لە فەرماندەکان نانێریت ؟

نەسیم ، کۆکەیەکی بۆ کرد ، وەک ئەوەی بیەوێ بڵێ نەخۆشە ، ئەوجا گوتی :
-من نەخۆشم ، ئەو خورشید دەناسێت و دەتوانێ لە گەڵیا پێکبێت ، لەوەشە بە نرخێکی کەمتر لە خەڵکیش شتەکانی بداتێ .
حەسەن سەباح ، بەنەبەدڵی ، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە بێزارییەوە گوتی :
-باشە ، بینێرە بەڵام با دوا نەکەوێت .
نەسیم پێش ئەوەی وەدەربکەوێ ! ، کڕنۆشێکی بۆ برد و بەڕێزەوە گوتی :
-بەسەرسەر و سەرچاوان قوربان .
نەسیم لە لای ئەو وەدەرکەوت و چوو بۆلای ئەوڕەحمان کە خەریکی مدارای ئەو دوو گەنجە بوو کە تۆزێ لەوەپێش لێی دان .. هەمووان بە خۆشییەوە پێدەکەنین ، ئەوڕەحمان خۆشەویستی زۆربەی ئەوانە بوو کە لە قەڵاکەدا بوون .. نەسیم گازی کرد ، یەکسەر و بەغار چوو بۆ لای و گوتی :
-بەڵێ جەنابی نەسیم ؟ ئەمرکە .
نەسیم ، لێبڕاوانە گوتی :
-دەبێ بڕۆی بۆ لای خورشید و هەندێک پێویستی و کەل و پەلان بکڕیت .
ئەوڕەحمان ، ڕووی گەشایەوە و یەکسەر گوتی :
-سوپاس قوربان .
نەسیم ، بە سەرسامیەکی دەستکرەوە پرسی :
-بۆچی سوپاسم دەکەیت ؟
ئەوڕەحمان ، بەدەم زەردەخەنەوە و بەوپەڕی شادی بەرسڤی دایەوە :
-چونکە ئەو ئاواتەت هێنامەدی کە جارێکی دی خورشید ببینم .
نەسیم بەهەمان لێبڕاوی وەڵامی دایەوە :
-من بۆیە تۆ دەنێرم ، چونکە خۆم نەخۆش و ماندووم .
نەسیم ، وردەوردە دڵبەندی دەبوو ، بەڵام دڵبەندییەکە گۆڕا بە خۆشەویستی سنعەتکار بۆ سنعەتەکەی خۆی ، ئەوڕەحمان هەموو شتێکی لێوە فێربوو ، بگرە ئەویشی تێپەڕاند ... نەیدەویست تەنانەت لە دڵی خۆشیدا دان بەوەدا بنێت کە خۆشی دەوێ .. ئەوڕەحمان ، بەدەم ڕێگاوە بۆ ژوورەکەی خۆی تا خۆی بگۆڕێ ، گوتی :
-دەکرێت سەلامیش دەگەڵ خۆم بەرم ؟
نەسیم کەمێک دەبیرەوەچوووهیچی نەگوت ، ئەوڕەحمان لێی دووبارە کردەوە :
-لەهەڵگرتنی شتەکاندا یارمەتیم دەدات .

نەسیم بیری کردەوە کە ڕۆیشتنی سەلام هیچ بۆشاییەک دروست ناکات ، ئەمە جگە لەوەی زۆریان پێناچێت و زوو دەگەڕێنەوە ، بۆیە گوتی :

-بیبە لەگەڵ خۆتدا ، بەڵام ماتەڵ نەبن .

ئەورەحمان بەلەز چوو بە سۆراخی هاوڕێکەیەوە .. دەیەوێ بڕواتە سەردانی خورشید ، تا لە ئەحواڵی بپرسێت ، یا ئەوەی نیشان بدات کە چتۆ کوڕێکی لێدەرچووە ، با بۆی بسەلمێنێ کە شتێکی بە شتێک کردووە . سەلامیش دەگەڵ خۆیدا دەبات چونکە حەز دەکات دیدەنیەکی بابی بکات و سڵاوێکی لێبکات .. بەڵام سەلام لە کوێیە ؟

ئەورەحمان ، ماوەیەک بەناو قەڵاکەدا غاریدا ، تا گەییە مەیدان و گۆڕەپانێکی گەورە ، سەلامی بینی کە لە سوچێکی مەیدانەکەدا بە ڕاڕەوێکی قاتی سەرەوەدا دەڕۆیی ، سەری بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز و شاد بانگی لێکرد :

-سەلام .. هۆ سەلام .

سەلامتەمەشایەکی سەمتی دەنگەکەی کرد ، کە ئەورەحمانی بینیڕووی گەشایەوە و بە خۆشیەوە گوتی :

-چیت دەوێ هاوڕێ ؟

ئەورەحمان ، بە خۆشیەوە گوتی :

-ئەنجام جووتە هەڵۆ لە لانە دەردەچن .

سەلام ، لە مەبەستی هاوڕێکەی حاڵی بوو ، ڕووی گەشایەوە ، لەسەر دیوارەکە وەستا ، لە تۆ وایە دەیەوێ خۆی بۆ مەیدانەکە هەڵبداتە خوارەوە ، بە شۆخیەوە بە ئەورەحمانی گوت :

-خۆم هەڵدەدەمە خوارەوە ، ناتوانم ماتەڵ بم .

ئەورەحمان ، بەدەم پێکەنینەوە گوتی :

-لە پەیژەکەوە وەرە خوارێ ، دەمەوێ بەساغی لەگەڵ خۆمتا ببەم تا یارمەتیم بدەیت و شتم لەگەڵدا هەڵبگریت .

سەلام ، لەسەر دیوارەکە دابەزی و بە خۆشییەوە گوتی :

-ئاقیبەت ئەورەحمان .. ئاقیبەت دەردەچین !

بە تامەزرۆیی کەسێکەوە ئەو قسەیەی دەکرد وەک بڵێی چەندین ساڵ بێ لەو قەڵایەدا زیندانی بێ .

***

ئەوڕەحمان کە بە سواری ئەسپەکەیەوە لە قەڵایەکە وەدەرکەوت و هاوڕێکەی بە سواری ئەسپێکی دیکەوە لەگەڵیدا بوو ، هەرچی دەکرد باوەڕی بە خۆی نەدەکرد .. سەلام یەجگار خۆشحاڵ بوو .. دوای ئەوەی لە دەروازەکە وەدەرکەوتن پێی گوت :

-هەرچەند دەکەم باوەڕ ناکەم دوای ئەم هەموو ساڵە ، ئێستا لە دەرێی قەڵاکەداین .

ئەوڕەحمان کە مژوولی تەماشاکردنیڕێگا هەڵدێر و تەنگەکە بوو ، وەڵامی نەدایەوە ، ئەم ڕێگایە هەنووکە ڕێگای ئەوان بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە قەڵاکە بۆماوەیەکی کەم .. ئەگەر کەسێک لە یەکێک لە بورجە بەرزەکانی قەڵاکەوەتەمەشای کردبا ، سەرەتا و کۆتایی ئەو ڕێگایەی دەبینی ، بۆیە کاتێ ئەوڕەحمان مێگەلێکپەزی لەسەر ڕیگاکە بینی پێی سەیر نەبوو ، ماوەیەک بوو ئەو مەڕ و بەرخانەی لەو ناوچەیەدا دەبینی .. چی تیایە ، لەسەر ڕێگاکە لایان دەبات .. قامچیەکەی گرتە دەستیەوە و کەوتە دوورخستنەوەی مەڕەکان لە ڕێگاکە ، بەڵام لەناکاوا گوێی لە مرەمڕ و حەپەیەکی سەرنجڕاکێش بوو .. تەنانەت ئەسپەکەیرەوییەوە و لەزگ بوو بیخات ، بەڵام سەلام لە دواوە بوو ، فریای دوورخستنەوەی مەڕەکان نەکەوت و لە بنەڕەتدا بەشداری لەو کارەدا نەکرد .. ئەوڕەحمان بەسەر ئەسپەکەوە ڕاچڵەکی ، بەڵام لەپڕ گوێی لە دەنگێکی نەرمی ناسک بوو کە بانگی دەکرد :

-فەریح .. وەرە بۆ ئێرە .

سەگەکە بەلەز چوو بۆلای سەرچاوەی دەنگەکە .. لەدەنگی کچ دەچوو ، بەهۆی ئەو شاڵەوە کە لەسەری پێچابوو و بەشێکی زۆری دەم و چاوی داپۆشی بوو ، سیما و ڕوخساری دیارنەبوو . ئەوڕەحمان بەسواری ئەسپەکەیەوە لێی نزیک بووەوە و لێبڕاوانە گوتی :

-بۆچی بەتەنیا لەم ناوچە دوورە دەستەدا ، شوانی دەکەیت ؟

کیژێ ، بە خەمساردی و بێموبالاتیەوە بەرسڤی دایەوە :

-مەڕەکانم دەچنە دەغڵی خەڵکیەوە و منیش نیمە قەرەبوویان بکەمەوە و ، نامەوێ سەریەشە بۆ خۆم دروست بکەم .

ئەوڕەحمان ، ئەمجارە بە توندی پرسی :

-باشە تۆ منت نەبینی لە ڕێگاکەوە دێم ، تا مەڕەکانت لەسەر ڕێگەمان لابدەیت ؟

کیژێ سەری هەڵبڕی ، دەم و چاوی دەرکەوت و بە بێباکی بەرسڤی دایەوە :

-قوربان ، کوێرێکی وەکو من لە کوێ ببینێ ؟

ئەوڕەحمانتەمەشای کرد ، دوو چاوی قاوەیی بینی کە بە بێ تروکان تەمەشای ئەمیان دەکرد .. دەم و چاوی سپی ، لەبەر تیشکی هەتاوەکە کەمێک سوور هەڵگەڕابوو ، سیمای ناسک و جوان و وردیلە بوو .. هێندە ناسک دیار بوو ، لەتۆ وایە دەنگت کاری تێدەکاتو دەیڕوشێنێ ..

ئەوڕەحمان کە دیتی بەوجۆرە و بێ چاو تروکان تەمەشای دەکات ، موچوڕکێکی غەریبی پێدا هات ، لە قسەوشکەکانی خۆی ژێوان بووەوە ، هەستی بە عەزابی ویژدان کرد ، ئەمجارەیان بە نەرم و نیانی پێی گوت :

-باشە ، تۆ ناترسیت کە بەتەنیا لێرە دانیشتوویت ؟!

کیژێ ، بەهەمان ساردی و بێموبالاتیەوە بەرسڤی دایەوە :

-لێرەدا ، مەڕەکان بۆ خۆ دەلەوەڕن و هیچ خەمم نییە ، ئەوجا بە تەنیا نیم ، فەریحم لەگەڵە ، ئەو سەگەی کە بە حەپەحەپ پێشوازی کردیت ، ئەمە خانەوادەکەی منە .

ئەوڕەحمان ، تەمەشایەکی سەگەکەی کرد، بینی دەگەڵ کۆمەڵێک تووتەڵە و سەگێن دیکەی هاوتەمەنی خۆیدا گەمە دەکات ..

ئەوڕەحمان بەدەم بزەیەکی سەیرەوە لێی پرسی :

-ئەم هەموو سەگە بۆ پاسەوانیڕانەکەیە ؟!

کیژێ ، کە لەگەڵ حەپەی فەریحدا هەستابووە سەر پێیان، لە جێگای خۆی دانیشتەوە وبەرسڤی دایەوە :

-نەخێر .. من کسۆکان بە خێو دەکەم ، مەشقیڕاویان پێدەکەم و پاشان دەیانفرۆشم .. ئەمەش هۆیەکی دیکەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم شوێنە .

ئەوڕەحمان ، ئەمجارە بە ناچاری بزەیەکی کرد و گوتی :

-سەیرە ، مەڕ و کسۆکان پێکەوە بەخێو بکەیت و هەردووکیان بفرۆشیت .

کیژێ ، بە زمانێکی فەخرفرۆشییەوە بەرسڤی دایەوە :

-من لە بنەڕەتدا ، لەگەڵ بابمدا ، سەگەم بەخێو دەکرد ، پاشان دیقەتمان دا کە پاسەوانی مەڕەکان دەکەن و ، بەخێو کردنی مەڕ و بەرخ ئاسانتر و کەم ئەرکترە ، ئیدی هەردووکیانمان بەخێو کرد .

ئەوڕەحمان ، کە پێکەنینی بەم لوژیکە سادە و ساکارەی کیژێ دەهات ، دووبارە لێی پرسی :

-ئەدی بابت لە کوێیە ؟ بۆچی لەگەڵتدا نییە ؟

دوای دوودڵییەکی کورت ، کیژێ ئاهێکی هەڵکیشا و گوتی :

-نەخۆشە .. لەجێدا کەوتووە و زەمینگیرە .

نەیدەویست پێی بڵێی بە تەنیایە ، وای هەستدەکرد ئەمە بۆ خۆی خەتەرە ، بەتایبەتی کە ئەم پیاوە ناناسێت ، بەڵام قسە خۆشەکانی و دەنگە میهرەبانەکەی کردیانە کارێک زۆر سڵی لێنەکاتەوە ، ئەوڕەحمان دەیویست زیاتر قسەی دەگەڵدا بکات ، بەڵام سەلام تێوەی ژەند و بە گلەییەوە گوتی :

-ئەوڕەحمان درەنگە ، دەنا دێر دەکەوین .
کیژەکە ، بەدەم بزەیەکەوە ، وەکو ئەوەی منداڵێکی چکۆلە بدوێنێ ، گوتی :
-واباشە بە گوێی هاوڕێکەت بکەی ئەوڕەحمان .
ئەوڕەحمان بە شەرمێکەوە پێکەنی و بە کێژێی گوت :
-دەی باشە .. بە هیوای دیدار .. ناوەکەشتم نەزانی .
کیژێ بە بێموبالاتیەوە وەڵامی دایەوە :
-پێویست ناکات ، بڕۆ با دوانەکەوی .
ئەوڕەحمان مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ناوی بزانێت ، بەڵام سەلام تاقەتی چووبوو ، جبەکەیڕاکێشا تا بڕۆن بە کاری خۆیانەوە .

***

ئەوڕەحمان بە درێژاییڕێگا هەر بیری لەو کیژە شوانە دەکردەوە . حەواسی پەرت بوو ، قسەی دەگەڵ هاوڕێکەیدا نەدەکرد کە لە پەستا و بێپسانەوە قسانی دەکرد ، تەنانەت کە سەری لە بێدەنگیەکەی ئەوڕەحان سوڕمابوو ، پرسی :
-ئەوڕەحمان چیتە ؟ لە قەڵاکە وەدەرکەوتین ، دڵت زۆر خۆش بوو ، خێرە ، چیت بەسەر هاتووە ؟
گەیینە دوکانەکەی خورشید ، ئەوڕەحمان ئەمەی بەدەرفەت زانی کە خۆی لە وەڵامدانەوە بدزێتەوە – بە خۆیشی نەیدەزانی کاتێ ئەو کیژەی بینی چی بەسەرهات ، ئەمە یەکەم کیژ بوو ، لەوەتای چووبووە قەڵاکەوە ، دەیبینی – بەسەلامی گوت :
-دوکانەکەی خورشید هیچ نەگۆڕاوە ، خورشیدیش بە دەقی خۆیەوە ماوە . لە کەس ئەمین نییە کە سەرف وسونی دوکانەکەی پێبسپێرێ ، بۆیە شاگردێکی بچووکی هێناوە تا یارمەتی بدات ، وەکو ئەوسای ئەوڕەحمان ، بەڵام ئەمجارەیان شاگردەکە لەگەڵ خۆیدا بۆماڵ ناباتەوە .
ئەوڕەحمان ، لەئەسپەکەی دابەزی ، هەروەها هاوڕێکەشی .. بەدەم نەرمە بزەیەکەوە بە بێدەنگی لەبەر دوکانەکە وەستا ، تا شاگردەکە بە پیریەوە هات و بە نەزاکەتەوە گوتی :
-کەرەمکە قوریان ، ئەمرێکت هەبوو ؟
ئەوڕەحمان ، بە وتەکانی منداڵەکەدا ، خۆی بیرکەوتەوە ، پێکەنی و پێی گوت :
-منیش چەند ساڵێک لەمەپێش هەمان ئەم قسانەم دەکرد .
منداڵەکە ، هیچی لێ حاڵی نەبوو ، حەپەسابوو ، ئەوڕەحمان کە هێشتا شوێنەواری پێکەنینەکە بە سیمایەوە مابوو گوتی :

-جەنابی کاک خورشید لێرەیە ؟
منداڵەکە سەرێکی لەقاند و گوتی :
-بەڵێ ... لە ژوورەوەیە ، هەرچیت دەوێ دەتوانم بۆتی بێنم .
ئەوڕەحمان ، بەدەستی ئاماژەی کردێ و گوتی :
-نا .. کاک خورشید خۆیم دەوێ .
منداڵەکە کە مکووڕ بوونی ئەوڕەحمانی بینی ، چووە ژوورەوە و بانگی لە ئاغای کرد ، زۆری پێنەچوو ، ئەوڕەحمان سەیری کرد منداڵەکە لە دوکانەکە وەدەرکەوت و خورشید لە دوایەوە هات . لاواز بووبوو و پشتی کۆمابووەوە .. هێشتا زوو بوو کە حاڵی بگاتە ئەو حاڵە .. ئەوڕەحمان کە بەو حاڵەوە بینی زۆری خەفەت خوارد .. خورشید بە دەنگێکی کز گوتی :
-ئەمرکە قوربان .. شاگردەکەم گوتی کە منت گەرەکە .
وێڕای ئەو خەم و پەژارەیەی کە پێوەی دیاربوو ، سەرەڕای ئەوەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەو ڕادەیە کەسیرە بووبوو ، بەڵام هێشتا خوڵک و خووی نەرم و نیانی ئەو بازرگانەی بەرنەدابوو ، کە دەیەوێ ماڵەکەی بفرۆشێت و دەست بە خێری خۆیەوە نەنێت ، ئەوڕەحمان دڵنیابوو کە نەیناسیوەتەوە ، ڕووی گەشایەوە و چاک و خۆشی دەگەڵ کرد و گوتی :
-کاک خورشید نەتناسیمەوە .. وانییە ؟
خورشید ، کەمێک لەسەر و سیمای ورد بووەوە و ئەوجا بە نیمچە تەریقیەک گوتی :
-قوربان لێم مەگرە ، ناتناسمەوە ، بەڵام تۆ لە فەرماندەیەکی قەڵا دەچیت .. وایە ؟ من کە چاوم بەو قارەمانانە دەکەوێت ، یەکسەر دەیانناسم .
ئەوڕەحمان ، بەدەم بزەیەکەوە و بە شادی گوتی :
-تەواو نزیک بوویتەوە .. وایە من هی قەڵام .
ئەوجا ، بە شۆخیەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەریڕۆیی :
-بیرت دێ چەند ساڵێک لەمەوپێشیەکێکت بۆ قەڵا نارد ؟
چاوانی کابرا ئەبڵەق بوون ، فرمێسکیان تیا قەتیس ما ، پەلاماری دا و باوەشی پێدا کرد ، بەوپەڕی خۆشییەوە گوتی :
-ئەوڕەحمان ، ئەمە تۆی ! چۆنی کوڕەکەم ؟ دەک خێر بێتەڕێت ، عەمرت درێژ بێ ، دوای ئەم هەموو ساڵەش هێشتا لە بیرت نەکردووم .
ئەوڕەحمان ، باوەشی پێداکرد ، ماوەیەکی زۆر بەدەست دای بەسەر شانیا ، تاخورشید بەریدا ، ئەوجا ئاماژەی بۆ سەلام کرد و بە خورشیدی گوت :
-ئەمەش سەلامە ، کوڕی برادەرەکەت .

خورشید چاک و خۆشی دەگەڵ سەلام کرد ، تەمەشایەکی کردن ، ئەورەحمان نەیدەزانی ئاخۆ نیگای فەخر و شانازییەیا نیگای حەسرەتە کە ئەورەحمانی لەدەستچوو ، لێکدالێکدا دەیگوت و دەیگوتەوە :

-پەنا بەخوا ... ماشەڵڵا ، بوون بە قارەمان و جەنگاوەری تەواو ... وەرن با لە ژوورەوە دانیشین .

هەموو وەژوور کەوتن ، لەدەوری مێزێکی بچکۆلە لە ناوەندی دوکانەکەدا دانیشتن .. خورشید شاگردە چکۆلەکەی بانگکرد و پێی گوت :

-برۆ بۆ ماڵەوە و بە فاتیمە بڵێ خواردنی چوار کەس ئامادە بکات .. دەی خێرا ماتەڵ نەبی .

منداڵەکە بەر لەوەی ئەورەحمان فریای بکەوێ و نەیەڵێت ، بە غار بۆی دەرچوو . بە خورشیدی گوت :

-پێویست بەو ئەزیەتە ناکات قوربان .. بەڕاستی وەختمان نییە .. دەبێ بە زووترین کات بۆ قەڵاکە بگەڕێینەوە .

خورشید ، لێبڕاوانە گوتی :

-نابێ ... دەبێ نانێک پێکەوە بخۆین .

ئەورەحمان هەوڵیدا ، قەناعەتی پێبکات کە وەختی ئەوەی بەدەستەوە نییە ، بەڵام خورشید ، هێندە سوور بوو ،کە ئەورەحمان ناچاربوو مل بدات و سەریڕەزامەندی بلەقێنێ و بەدەم بزەیەکی میهرەبانەوە بڵێت :

-دەی باشە ... بەڵام دەتوانی تا خواردنەکە دێت ، ئەو کەل و پەل و شتانەمان بۆ ئامادە بکەی کە دەمانەوێن ؟

خورشید ، بزەیەکی بۆ کرد و گوتی :

-وام لێهاتووە ناتوانم هیچ شتێک هەڵبگرم .. دوکانەکە وەکو ئەوسایە کە بەجێت هێشت ، هیچ گۆڕانێکی بەسەر نەهاتووە ، ئەگەر پێت ناخۆش نییە و هێشتاڕەفەکانت لەبیر ماون ، هەستە بەخۆت شتەکان ئامادە بکە ، یا حەز دەکەی چاوەڕوانی شاگردەکە دەکەین .

ئەورەحمان بە پێکەنینەوە هەستا و بە خۆشییەوە گوتی :

-چەندین ساڵ بۆ دواوەم دەبەیتەوە .

ئەوجاتەمەشای سەلامی کرد و گوتی :

-سەلام هەستە برۆ هەواڵێکی بابت بپرسە ، تا تۆ دێیتەوە ، من پێویستیەکانمان کۆ دەکەمەوە ... با وەختەکەمان بە فیرۆ نەڕوات .

سەلام بەلەز هەستا و ، بە هەشتاو لە دوکانەکە وەدەرکەوت ، ئەوڕەحمان بەدەنگی بەرز پێی گوت :
-بەڵام دوانەکەوی ها .
مەسەلەکە هەر وەخت نەبوو کە داوای لەسەلام کرد بڕوات ، بەڵکو دەیویست بەتەنیا قسە دەگەڵ خورشید بکات .. هەستی دەکرد شتێکی لێقەوماوە .. ئایا ئەم پیربوونە ناوەختەی لە سۆنگەی تەمەنەوە بوو ؟ ئەوڕەحمان بەناو دوکانەکە کەوت ، ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە لێرە شاگرد بوو .. بەدەم خڕ کردنەوەی شتەکانەوە لە خورشیدی پرسی :
-کاک خورشید چیتە ؟ زۆر بێتاقەت و ماندوو دیاریت .
خورشید ، بەکەسەرەوە بەرسڤی دایەوە :
-لەوساوە کە زەهرە نەخۆش کەوت ، من وام بەسەر هاتووە ، ئیدی نازانم ترسە ، خەمە !
ئەوڕەحمان زۆری سوو لێخوارد ، لێی پرسی :
-چیەتی ؟ دوکتۆرت بۆ نەهێنا ؟
خورشید ، بەکەسەرەوە سەری لەقاند و گوتی :
-لەجیاتی دکتۆرێک دە دکتۆرم هێنایە سەری ، بەڵام فایدەی نەبوو .. پتر لە یەکێکیان پێی گوتم ، ڕەنگە دەرمانی لای دوکتۆرانی سەلجوقی هەبێت ، بەڵام چۆنیەکێک لەوانەی بۆ بێنم تا معایەنەی بکات ؟!
ئەوڕەحمان هێندەی دی خەفەتی بۆ خوارد . خورشید لە سەریڕۆیی :
-زەهرە ، بۆ من هەموو شتێکی ژیانمە .. ئامادەم دار و نەداری خۆم ، خڕ لە پێناوی ئەودا بدەم .
ئەمە هەستی باوکە ، کە خۆی لە هەنبەر یارمەتی جگەر گۆشەکەیدا ، دەستەوەستان ببینێتەوە ... ڕەنگە خورشید پارەی پێ بێ ، بەڵام شفای پێ نییە .. ئەوڕەحمان بەدەم دڵدانەوەیەوە گوتی :
-خەم مەخۆ .. خوا شفای بۆ دەنێرێت ... خوا بە هەموو شتێک توانایە .
خورشید ، سەری لەقاند و هیچی نەگوت ، ئەوڕەحمان بە بێدەنگی دوای ئەوەی دەردەکەی خورشیدی زانی ، کەوتە کۆ کردنەوەی کەل و پەلەکان ، لەو کاتەدا سەلام گەڕایەوە .. سەلام بەبێ سەلام و کەلام وەژوور کەوت و لە هەمان شوێنییەکەمی دانیشت .. ئەوڕەحمان بەسەرسامی لێی پرسی :
-وتم ماتەڵ مەبە ، بەڵام بەم ڕادەیەش نا .. چی بووە ، بۆ وا زوو گەڕایتەوە ؟ بابت نەبینی ؟
سەلام ، ئاهێکی هەڵکێشا و بە پەستی گوتی :

-با ، دیتم .
ئەوڕەحمان ، پرسی :
-ئەدی بۆ وا زوو گەڕایتەوە ؟
سەلام ، بە ئەوکی پڕگریانەوە گوتی :
-هێندە بەسارد وسڕی پێشوازی کردم ، قەت وێنای شتی وام لێنەدەکرد .
وەزعەکە لەوەی پتر ئەم باسە خەمناکەی تەحەموول نەدەکرد ، بۆیە خورشید لێبڕا ، ئەمڕۆ لەوەی پتر بەتانی ئەم باسەدا نەچێت ، بە سوعبەتەوە بە ئەوڕەحمانی گوت :
-دەی ئەوڕەحمان ئیشەکەی خۆت بکە ، تەمەڵی مەکە .
ئەوڕەحمان ، بزەیەکی بۆ کرد ، وای نواند کە گوایە لێی دەترسێت ، بە ترسێکی دەستکردەوە گوتی :
-بەڵێ قوربان .. هەر ئەمجارە سزام مەدە .
کاتێ ئەوڕەحمان ، شتەکانی لەهەر دوو ئەسپەکە بارکرد ، شاگردەکەی خورشید ، بە خواردنەکەوە گەڕایەوە و لەسەر مێزەکەی ناو دوکانەکە داینا .. خورشید پێی گوتن :
-دەی فەرموو با نانەکەمان بخۆین ، تا ماتەڵ نەبن .
ئەوڕەحمان بەرسڤی دایەوە :
- جارێ پارەی شتەکان کردیە چەند ؟
خورشید ، لێبڕاوانە گوتی :
-ئەمە دیاری منە بۆ ئێوە .
ئەوڕەحمان ، بە ئاماژەی دەست ناڕەزایی خۆی دەربڕی :
-نابێ .. خۆ ئەم شتانە بۆ من نین .
ماوەیەک بەدەم دەبێ و نابێوە وەستان ، تا ئەنجام خورشید بە نەبەدڵی پارەی شتەکانی وەرگرت ، بەڵام گوتی :
-پارەکە وەردەگرم ، بەڵام کەمترین نرختان لێوەردەگرم .. تەنیا بۆ ئێوە بەو نرخەی دەدەین ، ئەگەر جارێکی دیکەش شتیان بەو نرخە ویست ، با ئێوە بنێرنەوە ، چونکە بە حوبی دڵ حەزدەکەم بتان بینم .
هەڵبەتە زیاتر ئەوڕەحمانی مەبەست بوو ، بەڵام لەبەر لەڕوودامان ، سەلامیشی بەگەڵ خست ، کە بابی دوای ئەو هەموو ساڵە ، پێشوازی نەکردبوو .
***

لەگەڕانەوەدا بۆ قەلا ، دەبوایە بە پیادە بڕۆن ، چونکە ئەسپەکان باریان بەسەرەوە بوو و لەوەی پتریان نەدەبرد .. سەلام پەست بوو و قسەی نەدەکرد ، بیری لە ڕەفتاری باوکی دەکردەوە . بەڵام ئەورەحمان لەبەر هۆیەکی دی قسەی نەدەکرد .. بیری لەو کیسە خورمایە دەکردەوە بۆ کیژە شوانەکەی کڕیبوو .. بەزەیی پێیدا دەهاتەوە .. نا خۆشەویستی نەبوو .. تا ئێستا خۆشی نەویستبوو ، بەڵام زۆر خۆشەویستی هەیە لە بەزەییەوە دەست پێدەکات . کاتێ گەییەوە هەمان شوێن ، وەکو بەیانی لەهەمان شوێندا دانیشتبوو .. ئەسپەکەیڕاگرت ، سەگەکە ڕاپەڕی، بەڵام ئەمجارە نەوەڕی ، چونکە تا ڕادەیەک ئولفەتی بە ئەورەحمانەوە گرتبوو ، جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەست سەلام و بەلەز پێی گوت :

-تۆزێک دەوەستم تا شتێک بدەم بەم کیژە داماوە .

ئەورەحمان ، ئەسپەکەی لای هاوڕێکەی ، کە نەیدەزانی مەسەلە چیە ، بەجێ هێشت و بەغار بۆلای کیژەکەڕۆیی .. سەگەکە ئەمجارەش ، کاتێ ئەورەحمان لە خاوەنەکەی نزیک بووەوە ، وەکو بەیانی دەستی بە وەڕین کرد . کیژەی شوان ، بەدەنگی بەرز و بە نیگەرانیەوە گوتی :

-کێیە ؟

ئەورەحمان ، بەهێمنی بەرسڤی دایەوە :

-منم ، ئەو سوارەی کە بەیانی قسەی دەگەڵ کردیت .. من ئەورەحمانم .

بە شانازییەکی مندالانەوە وشەی سواری بەکار هێنا ، کیژەکە هەستی پێکرد ، بە تۆبزی جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی گرت ، کیژێ سەگەکەی گرت و هێوری کردەوە ، بە جۆرە تەوسێکی پەنامەکیەوە لە ئەورەحمانی پرسی :

-کاکە ئەورەحمان چیت گەرەکە ؟

ئەورەحمان لێی نزیک بووەوە و گوتی :

-ئەم کیسە خورمایەم بۆ هێناوی ، بێگومان کە لە بەیانیەوە ، بە تاقی تەنیا لێرە دانیشتوویت ، ئێستا برسیتە .

کیژێ دەستی نەهێنا تالێی وەربگرێت ، بەڵکو بە تووڕەیی و ناڕەزاییەوە گوتی :

-سوپاس ، برسیم نیە .

ئەورەحمان بە مکووڕییەوە لەسەریڕۆیی :

-بیبە لە ماڵەوە بیخۆ ..

کیژێ بە توندییەکی زیاترەوە گوتی :

-بەڵام من پارەی ئەوەم نییە و ، هیچ شتێک بەبێ پارە وەرناگرم .

ئەوڕەحمان بە میهرەبانیەوە گوتی :
-کێ داوای پارەی کردووە ؟ ئەمە دیاریە .
کیژێ ، بە تووڕەیی گوتی :
-من دیاری لە کەسانێک وەرناگرم کە نەی ناسم .
ئەوڕەحمان ویستی وەڵامی بداتەوە ، بەڵام کیژێ لەسەریڕۆیی :
-بڕۆ بەڕێی خۆتەوە ئەوڕەحمان دەنا فەریحت تێ بەردەدەم .
ئەوساڕۆیی و کەوتە کۆکردنەوەی بەرخ و مەڕەکانی لە گەڵ سەگەکەیدا ، و گاڵتەی بە ئەوڕەحمان دەهات و پێی پێدەکەنی . ئەوڕەحمان ، وێڕای ئەو سووکایەتیەی کە پێیکرا ، بەدەم بزە و پێکەنینەوە بۆ لای هاوڕێکەی گەڕایەوە ، کە بەسەرسامیتەمەشای دەکرد و لێی پرسی :
-ئەوە چیت دەکرد لەگەڵ ئەو کیژەدا ئەوڕەحمان ؟
ئەوڕەحمان ، پاش ئەوەی بزەکە بە سیمایەوە ئاوابوو و هەوڵیدا جدی بنوێنێ ، بەرسڤی دایەوە :
-هیچ ... بابڕۆین تا لەوەی پتر ماتەڵ نەبین .
ئەوڕەحمان ، نەیدەزانی بۆ دەیەوێ پێبکەنێت ! بۆچی دەیەوێ بە خورتی جڵەوی بزەکەی خۆی بگرێت ! نەیدەزانی بۆچی بەو دیقەتە سیمای ئەو کیژە لەبەر چاویدا بەرجەستە دەبێت ! نەیدەزانی بۆچی دڵی خۆشە ، هەرچەند کیژی تاین ، زۆر بەساردیڕەفتاری دەگەڵدا کرد ..
هەڵبەتە سەرکەوتنی ئەو هەورازە ڕکە بەو بارەوە قورس بوو .. بەڵام ئەوان خورت و بەهێز و شنگ بوون ... هەڵبەتە لێرەدا هێزی ئەسپەکان گرینگ بوو ، بارەکە بەسەر ئەوانەوە بوو .. دەمەوزەردەی خۆراوا گەیینە بەر دەروازەی قەڵا .. پاسەوانەکان ناسیانن و یەکسەر دەرگایان بۆ کردنەوە .. وەژوور کەوتن ، نەسیم لە پێشوازیاندا بوو .. تووڕەیی پێوە دیاربوو ، کابرایەکی دیکەی لەگەڵدا وەستابوو کە هەر لە تەمەنی ئەودا دەبوو .. ناویڕۆستەم بوو .. ئەم ڕۆستەمە پێی وابوو لە نەسیم باشترە ، بۆیە پێی ناخۆش بوو کە حەسەن سەباح ، نەسیمی بەسەر ئەودا پەسند دەدا و زیاتر متمانەی بە نەسیم بوو ، بۆیەڕوستەم ، بەچراوە بۆ هەڵەکانی نەسیم و شاگردەکانی دەگەڕا .. ڕۆستم ، وەستا ، بەدەم بزەیەکی تەوس ئامێزەوەتەمەشای دەکردن و بەتەشەرەوە گوتی :
-بۆ وا زوو گەڕانەوە ؟ خۆ دەتانتوانی لەدەرەوە بخەون !
نەسیم ، مۆڕەیەکی توندی لێکرد و دەمی پێ داخست ، ئەوجا بە تووڕەیی بە ئەوڕەحمانی گوت :

-بۆچی وا ماتەڵ بوویت ئەوڕەحمان ؟
ئەوڕەحمان ، باقی ئەو پارەیەی کە پێیان بوو دایەوە .. نەسیم سەیرێکی کرد ، ئەوجا بەدەم تەماشاکردنی ئەسپەکانەوە گوتی :
-هەموو شتەکانتان دەست نەکەوتووە ، هەموو بازاڕ گەڕان ؟
ئەوڕەحمان ، ئەسپەکەی بەرەولای ئەو ڕاکێشا و بەرسڤی دایەوە :
-قوربان چیت داوا کردبوو بە زیادەوە هێناومانە ، بۆیەش دواکەوتین ، چونکە لەگەڵ خورشیدا لەسەر نرخی شتەکان مامەڵەمان دەکرد .
نەسیم ، ڕوانیە پارەکەی نێودەستی خۆی ، ئەوجا بەدەم بزەوە گوتی :
-لە ئێستا بەدواوە ، تۆ بەرپرسی کڕینی پێویستیەکانمان دەبیت ، بازاڕمان بۆ دەکەیت .
ئەوجاڕوانیەڕۆستەم ، کە چاویڕەشی کاڵ بووەوە ، ئەوجا لەسەریڕۆیی :
-گرینگ نیە کە دواکەوتوویت .. دەی دانەوێڵە و ئازووقەکە بکەنە عەمارەکە و شتەکانی دیکەش ، وەکو جارەکانی پێشوو بەسەر جەنگاوەرەکاندا دابەش بکەن .
نەسیم ، وازی لێهێنان کە کاری خۆ ئەنجام بدەن ، بە خۆشی پارەکەی برد و بە خۆشحاڵیەوە بۆ ژوورەکەی خۆی چوو .. ئەوڕەحمانڕۆیی ، مژوولی ئەوەبوو کە بووە بە بەرپرسی چوونەبازاڕ و شت کڕین .. کە ئەمە بۆ خۆی بەو مانایە بوو کە ئومێدی ئەوە هەیە جارێکی دیکە لەم گەمارۆیە وەدەربکەوێ کە تیایدا دەژیا .

***

ئەوڕەحمان لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتبوو ، لەو دەلاقە بچووکەوە کە لە دیوارەکەدا بوو ، دەیڕوانیە دنیای بەرینی دەرێی قەڵاکە ، ئەو ژوورە ، هەمان ئەو ژوورە بوو کە یەکەم تیری لێوە هاویشت .. دوای ئەوەی گەورە بوو و پێگەیەکی لە قەڵاکە پەیدا کرد ، ئەو ژوورەی بۆ خۆی وەرگرت .. بازەکەی لە بەردەمیا وەستابوو و ، ئەویش دەیڕوانیە ئاسمان .. لە هەمان دەلاقەوە دەیڕوانی ، کە تاقە دەربیجەیان بوو بۆ دنیای دەرەوە ، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەمە بوو کە بازەکە زۆر دەفڕی ، دوور دەکەوتەوە و پاشان بە خوایشت و ئارەزووی خۆی دەگەڕایەوە .. ئەو بازە ، ڕاوی بوو .. ئەوڕەحمان خۆزیای پێ دەخواست کە دەیتوانی بفڕێت و بگاتە حەوێقی ئاسمان و، لە وەفاداری خۆی بۆ لای خاوەنەکەی بگەڕێتەوە ، ئەو ئەمەک و وەفایەی کە لای زۆرکەس لە ئادەمیزادان نەبوو .
ئەوڕەحمان ، نەیدەزانی بۆچی ئەوەندە بیر لەو کیژە شوانە دەکاتەوە ! زۆربەی ئەوکاتانەی کە مەشق و ڕاهێنانی نەبوایە ، لەم ژوورەوە تەمەشای مەڕ و بەرخەکانی ئەوی دەکرد .. ژوورەکە لە بەرزیدابوو ، مەودایەکی زۆری لێوە دیاربوو ... پێشتر ئەو بەرخ و مەڕانەی

دیتبوون ، بەڵام دیتنی ئێستای جیاوازبوو ، شتێکی دیکە بوو .. هەستی ئێستای لەوسا جیاوازترە کە دیتنی ... نەیدەزانی بۆچی لەناکاوا ئەم هەستی خۆشەویستیەی بەرانبەر بەو ڕانە لا دروست بوو .
لە دوورەوە ، دەیڕوانیە مەڕەکان ، زۆرکەم کیژەکە دەردەکەوت ، خۆ ئەگەر ڕۆژێک دەرکەوتبا ، ئەم دەرکەوتنەی بە خەڵات دەزانی بۆ خۆی .. دادەنیشت ، دەیڕوانیە مەڕەکان ، زیاتر چاوەڕوانی خودانی پەزەکان بوو .. ئێوارە نزیک بووەوە ، لەو کاتەدا کیژێ بە کۆمەکی سەگەکەی دەکەوتە کۆکردنەوەی پەزەکان .. ئێ بەڵکو خوابەختەکی ئێستا دەربکەوێت .
کیژێ ئەمجارە دەرنەکەوت ، ئەمجارە کەسێک دەرکەوت لەوە دەچوو پیاوێکی درێژی تۆکمە بێت .. هەڵبەتە ئەوڕەحمان لەو مەودایەوە ، سیما و ڕوخساری نەبینی .. تۆ بڵێی ئەمە دەزگیران و خۆشەویستی کیژێ بێ ؟ ئەوڕەحمان نەیدەزانی بۆچی هەستی بە تووڕەبوون و غیرە کرد .
دوای کەمێک .. پیاوی دووەم و سێیەم و چوارەم دەرکەوتن ... گومانی کەوتە دڵ و دەروون .. دەرکەوتنی ئەو پیاوانە لەو شوێنەدا ئاسایی نەبوو ، بەڵام دوای ئەوەبییەکێکیانی بینی کە بە نووکە شەقێک سەگەکەی خستە سەر عاردی و جوڵەی لەبەربڕا ، هەموو شتێک حاڵی بوو .. پاشان تەمەشای کرد کچەی نابینا ، کوێرانە غاردەدات و بەدەما دەکەوێت و پیاوان بە دیاریەوە پێدەکەنن .
ئەوەی دیتی بەس بوو کە لەوەی پتر چاوەڕوان نەکات .. ئەوڕەحمان وەکو تیر لە دەرگای ژوورەکەوە دەرپەڕیە دەرەوە ، شێت ئاسا بە ڕاڕەوەکانی قەڵاکەدا غاری دەدا ، بە لەز خۆی هەڵدایە سەر یەکەم ئەسپێک کە هاتەڕێی .. هیچی دەست نەکەوت تەنیا دار عەسایەکی درێژ نەبێت کە لە گەڵ خۆیدا بردی ... دەیزانیڕەنگە پێویستی نەبێ ، تا بەسەر ئەوانەدا زاڵ بێت ، بەڵام هێندە تووڕە بوو کە پاسەوانەکە بێئەوەی لێی بپرسێت بۆ دەردەچێت ، دەرگای قەڵاکەی بۆ کردەوە . ئەسپەکە ، وەک بڵێی هەست بە تووڕەبوونی سوارەکەی بکات بە نشیوەکەدا وەکو با بۆی دەرچوو .. ئەسپەکە بە چەند چرکەیەکڕێگاکەی بڕی ، کە بەلای ئەوڕەحمانەوە بەقەد سەدەیەک بوو تا گەییە کیژێ .. جگە لە کیژێ هیچی دی مەبەست نەبوو ... دەیویست لەحاڵی دڵنیا بێت ... بەڵام حاڵ چ حاڵێ ، پیاو بەزەیی پێدا دەهاتەوە .. هەر دوو دەستیان لە پشەوە بەستبووەوە ، لەوەدەچوو ویستبێتیان دەست درێژی بکەنە سەر ... جلەکانی لە چەند شوێنێکەوە دڕابوون ، بەڵام کە ئەوڕەحمان دەرکەوت یەکێکیانتەمەشایەکی کرد و بە تەوسەوە گوتی :
-چیت دەوێ کوڕۆ ؟

دەبوایە ، لەو هەلۆیستەدا ، ئەوڕەحمان کە کەسێکی شیعر دۆست بوو – بە شیعرێک جوابی داباوە ، بەڵام ئەوڕەحمان هیچی نەگوت .. لەسەر ئەسپەکەوە یەکسەر خۆی هەڵدایە سەرسەری نزیکترین پیاویانەوە و بەدار سەری شکاند ، کابرا بە بێهۆشی کەوتە سەر عاردی ، ئەوڕەحمان زۆر گوێی بەوە نەدا ... سیانەکەی دی لەترس و سەرسامیدا ئەبڵەق بوون ، خۆ نەش دەکرا ، هەروا بە ئاسانی و بەبێ شەڕفیزماڵکی بدەنێ و بڕۆن ، بە تایبەتی کە ئەوڕەحمان بەو جلە شپ و شۆڕانەوە ، بەهێز دیار نەبوو ..

یەکێک لە پیاوەکان بە شمشێرپرووتەوە ، بۆی چوو ، بەڵام کابرا لەناکاوا ، شمشێرەکەی بەدەستەوە نەما ، هەستی کرد ئەوڕەحمان شەقێکی خێوانده ورگی و تەختی ئەرزەکەی کرد .. دوانەکەی دی دوودڵ بوون لەوەی کە پەلاماری ئەوڕەحمان بدەن ، ئەوڕەحمان ، پەلامارییەکێکیانی دا ، کە لەترسا شمشێرەکەی بەجێهێشت و هەڵات ، بەڵام ئەوەی دیکەیان ، بەترس و لەرزەوە لە ئەوڕەحمان پاڕایەوە و گوتی :

-قوربان ، دەڕۆین .. دەڕۆین ..

ئەوڕەحمان کە گڕ لەچاوانی دەبووەوە ، گوتی :

-بیانبە و هەر ئێستا بڕۆ .

ئەوەی کە شەقەکەی خواردبوو هەستایەوە و لەگەڵ ئەوی دیدا ، چوون بەلای ئەوەیانەوە کە یەکەم جەزرەبەی خوارد ، سەیریان کرد سەری شکاوە ، بەڵام نەمردووە ، ئیدی هەڵیانگرت و بردیان .. ئەوڕەحمان بەغار چوو بۆ لای کیژێ کە نەیدەزانی مەسەلە چیە ، دەستی خستە سەرشانی کیژێ ، کیژێ لەترسا ڕاچڵەکی و لێی دوورکەوتەوە ، ئەوڕەحمان دڵی دایەوە و گوتی :

-مەترسە .. من ئەوڕەحمانم .

دەنگە ئاشناکەی کەمێکی هێور کردەوە ، بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی :

-ئەوڕەحمان کێیە ؟

خۆی بیرخستەوە ، وەبیری هاتەوە و بە ترسەوە پرسی :

-ڕۆیشتن ؟

بە پەرۆشەوە وەڵامی کیژێی دایەوە :

-بەڵێ ... مەترسە ، کە دیتمنیەکسەر لە قەڵاکەوە بۆیان هاتم .

کیژێ هێشتا بەسترابووەوە ، بەدەنگێکی کز گوتی :

-ئەم پەتەم لێناکەیتەوە ؟

ئەوڕەحمان ، بەلەز هەستا و بە عوزرخواییەوە کەوتە کردنەوەی پەتەکە ... کیژێ ، هەرچەندە نابینابوو ، ئاوڕی دەوروبەری خۆی دایەوە و پرسی :

-فەریح لە کوێیە ؟

سەگەکە بە ترسەوە هەڵتوتابوو ، دزەکان خراپیان لێدابوو .. ئەوڕەحمان چوو بەلای سەگەکەوە ، دەستی پێداهێنا و سەگەکەی لەگەڵ خۆیدا ، کە بەئاستەم دەلەنگی ، هێنایەوە .. ئیدی کیژێ هێور بووەوە و زانی چیڕوویداوە .. دەستی بەسەر سەگەکەدا کە ئەویش هێور بووبووەوە ، هێنا و ، بەشەرمەوە بە ئەوڕەحمانی گوت :

-سوپاس قوربان کە فریام کەوتیت .

ئەوجا هەستایەوە و لەسەرریڕۆیی :

-بەڵام دەبێ هەر ئێستا بڕۆم .

کیژێ بە کۆمەکی سەگەکە – کەتەواو بەخۆ هاتبووەوە – کەوتە کۆکردنەوەی مەڕ وبەرخە سەرگەردانەکان ، ئەوڕەحمان بە پەرۆشەوە بە کیژێی گوت :

-دەتوانم یارمەتیت بدەم و بتگەیەنمە ماڵەوە .

کیژێ لێبڕاوانە گوتی :

-سوپاس قوربان .. ڕێگاکە دەزانم .

ئەوڕەحمان ، بەدەم پێکەنینەوە لێی پرسی :

-ناوی خۆتم پێ ناڵێی ؟

کیژێ لێبڕاوانە و بێئەوەی بزەیەکیش بکات گوتی :

-پێویست ناکات ، تۆ کارێکی باشت کرد و سوپاست دەکەم ... ئیدی تەواو ، شتەکە بڕایەوە .

ئەوسا ئەوڕەحمانی بەجێهێشت و یەک وشەی دیکەی لە زار دەرنەچوو ... ئەوڕەحمان سەری لەم ڕەفتارەی سوڕمابوو .. ئایا ئەمە پاداشتی چاکەکەی بوو ؟ ڕەنگە کیژێ لێی بترسێت ، یا متمانەی پێنەکات ... هەڵبەتە نەهەقی نییە .

دوای ئەوەی کیژێی شوان کەوتە نەدیوی ، ئەوڕەحمان بە هەشتاو بۆ قەڵایەکە گەڕایەوە و هەنگێ بیری کەوتەوە کە بەبێ پرس لە قەڵا وەدەرکەوتبوو ... کە لە دەرگاوە وەژوور کەوت ، نەسیم چاوەڕێی دەکرد ، هەڵبەتەڕۆستەمیشی لەگەڵدا بوو .. ئەوڕەحمان ، لە ئەسپەکەی دابەزی و یەکڕاست بۆلای نەسیمڕۆیی ، کڕنۆشی بۆ برد و بەڕێز و ئەدەبەوە گوتی :

-دەکرێ بۆتی باس بکەم جەنابی ...

نەسیم ، قسەکەی پێبڕی و بە تووڕەیی گوتی :

-نەخێر ، باس نیە ... کەس بۆی نییە بەبێ پرس لەقەڵا وەدەربکەوێت ... وادیارەیاسا و ڕێساکانت لەبیر کردووە ... هەر ئێستا بڕۆ بۆلای ستوونی سزا .
ئەوڕەحمان ، بەڕێزەوە سەری لەقاند و بەرەو ئەو ستوونە چوو کە نەسیم ئاماژەی بۆکرد ... بەڵام لەکاتیڕۆشتنەکەیدا ، بزەیەکی شادکامی بەڕوویڕۆستەمەوە بەدی کرد ... ئەبدەس ، کە یەکێک بوو لە قوتابیەکانیڕۆستەم ، بەلایەوە وەستابوو و بە چپە قسەی بۆ دەکرد ، وەکو چۆنڕۆستەم بەغیلی و حەسوودی بە نەسیم دەبرد ، بەو ئاوایە"ئەبدەس "یش حەسوودی بە ئەوڕەحمان دەبرد ، زۆرجار پەیوەندی نێوان هاوتایان جۆرە حەسوودی و هەڤڕکییەکی تیایە ... جاری وایە هەڤڕکیەکی ئابڕومەندانەیە و کاری باشی لێدەکەوێتەوە ، هەندێجاریش دەبێ بە بوغز و کینە و دوژمنایەتی لێدەکەوێتەوە .
ئەوڕەحمان ، زۆرچاک دەیزانی سزاکەی چۆن دەبێت .. چەندینڕۆژ بەبێ نان و ئاو بە ستوونەکەوە دەبەسترێتەوە ... بەلایەوە گرینگ نەبوو چی بەسەر دێت ، گرینگ ئەوەیە فریای کیژێ کەوت و ڕزگاری کرد ، خەمی سزایەکەی نەبوو ... بەڵکو خەمی ئەوەی بوو نەیدەتوانی لە دووریشەوە ، ئەگەر تەنانەت دەموچاویشی نەبینێ ، بیبینێ ، ئەوەندەی بەس بوو ، لەحاڵی دڵنیابێ ...
هەنگێ ئەوڕەحمان ، زانی خۆشی دەوێ .

***

هەتاو لەناوەڕاستی ئاسماندا بوو .. مەگەر بچیتە خێوەتێکەوەیان ژێر کەپرێکەوە ، لەتیشکی هەتاو بخەلەسیت . ئەوڕەحمان لە ناوەندی مەیدانەکەدا بە ستوونەکەوە بەسترابووەوە ... لە دوێنێوە ئەوە حاڵی بوو ... هەستی بە برسێتی و تینوویەتی دەکرد ، بەڵام لەوەش پتر بەرگەی دەگرت ... دوێنێ نەنوستبوو ، خەمی ئەو کیژەی بوو کە قەبووڵی نەکردبوو بیگەیەنێتە ماڵەوە .. تۆ بڵێی دوای ئەو دزەکان چووبنەوە سەری ؟ دوور نییە لە شوێنێکدا بۆی چووبنە کەمینەوە .. چاوەڕوانی ئەوە بکەن بەتەنیا بگەڕێتەوە ، بۆیە کاتێ سەلام ، دانی بەیانی سەری دا تا لە حاڵی بپرسێت ، ئەوڕەحمان داوای لێکرد ، بڕوات بۆ ژوورەکەی ئەو و تەماشا بکات بزانێت ئایا کیژەکە ، هاتووەتەوە بۆ هەمان لەوەڕگەیان نا ... ئەوڕەحمان هەستی بە ماندوویەتی نەدەکرد ، چونکە نیگەرانی، ماندوویەتیەکەی بیر بردبووەوە .. سەلام دەمە و عەسرێکی درەنگ بۆلای هاتەوە .. بەدەم ڕێوە ، بەترس و شپرزەیی ئاوڕی دەوروبەری خۆی دەدایەوە .. جەوەنەیەک ئاوی پێبوو ، دەیویست بە دزییەوە و بێئەوەیکەس پێبزانێ ، ئاوی بداتێ ... لێ ئەوڕەحمان بەلەز پێی گوت :
-ئەو جەوەنەیە بشارەوە .. ئەگەر یەکێک بتبینێ ، تۆش سزا دەدرێی .

سەلام ، دەمی جەوەنەکەی لە دەمی هاوڕێکەی نزیک کردەوە و گوتی :
-خەمت نەبێ ... خێرا بخۆوە .
ئەوڕەحمان ، دەمی بە پیرە جەوەنەوە نا و تێری ئاو خواردەوە و ئەوسا بە پەرۆشەوە پرسی :
-ئەمرۆ کچەکە هاتبوو ؟
سەلام ، بە دڵتەنگی بەرسڤی دایەوە :
-چووم بۆ ژوورەکەت ، لەو دەربیجەیەوە کە گوتت ، تەماشام کرد ، بەڵام هیچم بەدی نەکرد .. ڕەنگە هاتبێت و من نەمدیبێ ، لەوەشە هەرنەهاتبێ ، وازبێنە ، هەموو ئەم نەگبەتیەبە بۆنەی ئەوەوەیە .
ئەوڕەحمان ، هێندەی دی نیگەران بوو ، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لە قەڵاکە وەدەربکەوێ و بڕوات سۆراخی بکات .. هەموو ئاواتێکی ئەوەیە ئێستا بیدینێ و هەواڵێکی بزانێ ... ئەوڕەحمان بە تەمای ئەوە بوو لێی بپرسێت کە ئاخۆ دڵنیایەیا نا ، بەڵام کە سەری هەڵبڕی تا پرسیاری لێبکات ، نیگای لەسەر ئەو کەسە گیرسایەوە کە لە پشت هاوڕێکەیەوە دەهات ... نەسیم بوو کە لۆژ لۆژ بۆلای ئەمان دەهات ... نەسیم جەوەنە ئاوەکەی بینی ... ئەوڕەحمان ، دڵنیابوو کە چاوی نەسیم بۆ چەند ساتێک لەسەر جەوەنەکەی دەست سەلام گیرسایەوە ... تەواو، هاوڕێکەی لەقافا گیرا ، تەواو حیسابیڕۆیی ، بەرگەی ئەم سزا قورسە ناگرێت کە دەخرێتە سەری .. هیچ شوێنێک نەبوو کە سەلام جەوەنەکەی لێبشارێتەوە و نەسیم نەیبینێ ، بۆیە سەلام زانی سزاکەی حەڵاڵ کرد ...
نەسیم ، هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەکردن ، بەڵکو خەنجەرێکی لەبەر پشتێنی سەر کەواکەی دەرهێنا و پەتەکەی بڕی و ئەوڕەحمان ئازاد بوو ... ئەوڕەحمانتەمەشایەکی کرد ، حەپەسابوو و نەیدەزانی دەبێ چ بکات ... هەڵوێستەکە بەو دەقەوە مایەوە ، هەموو لە جێی خۆڕەقڕاوەستابوون ، تا نەسیم بە سەلامی گوت :
-هاوڕێکەت بۆ ژوورەکەی خۆی ببە .. سزاکەی تەواو .
ئەوڕەحمان ، هەستی بە منەتباری کرد و گوتی :
-سوپاس قوربان ، بەڵام ...
نەسیم ، قسەکەی پێبڕی و گوتی :
-نامەوێ گوێم لە هیچ شتێک بێت .. برۆ ئیسراحەت بکە ، چونکە سبەی دەتنێرم بۆلای خورشید تا هەندێ کەل و پەل و ئازووقە بکڕیت .
ئەوڕەحمان ، بەڕێزەوە کڕنۆشی بۆ برد و ئەوسا ئاوڕی دایەوە تا دەگەڵ هاوڕێکەیدا بڕوات .. بەڵام پێش ئەوەی بڕوات گوێی لێبوو نەسیم وەکو ئەوەی دەگەڵ خۆیا بدوی،گوتی :

-ئەورەحمان ، پشت بەوە نەبەستی کە خۆشم دەوێی ها ... ڕەنگە جارێکی دی نەتوانم پشتیوانیت لێبکەم
تا گەییە ژوورەکەی خۆی ، سەدای ئەو وشانە لە گوێیدا هەر دەزرینگایەوە .

***

ئەورەحمان ، وێڕای ئەوەی زۆر شەکەت بوو ، نەیتوانی بخەوێ ، بۆ ماوەیەکی کورتیش خەو نەیبردەوە ... دەیزانی شەو لەمپەڕی نێوان ئەو و چوونە دەرەوەیەتی لە قەڵاکە ... ماوەیەک لە نێو جێگاکەیدا گینگڵی دا ، بێهودە هەوڵیدەدا بنوێت .. هەڵدەستا، بە ژوورە بچووکەکەیدا دەهات و دەچوو ... لە دەربیجەکەوە دەیڕوانییە ئەو شوێنەی کە بۆ دواکەڕەت کیژەکەی تیا بەجێهێشت ، دەیزانی کیژێ لەوێندەر نییە ، بەڵام سوکنایی و فەرامۆشی بە جێگاکەشی دەهات ، لە دەلاقەکەوە تەمەشایدەکرد ، بەڵام جگە لە تاریکی هیچی دیکەی نەدەبینی .. تاکو بەیانی بەو دەقەوە مایەوە ... بەیانی جم و جوڵ کەوتە نێو قەڵا .. ئەورەحمان جبەکەی لەبەر کرد و لە ژوورەکە وەدەر کەوت . بیری لەوە دەکردەوە ،ئایا قسەکانی دوێنێ ، وەبیر نەسیم بێنێتەوە ، یا نەسیم هەرکە بیدینێ ، ڕای دەسپێرێت کە بڕوات ...
کە نەسیم بینی ، بە ساردیەوە سڵاوی لێکرد و پاشان پێی گوت :
-بڕۆ دەست بە مەشقدانی ئەو کوڕانە بکە .
حەپەسا ، تووشی نائومێدی بوو ، بە درێژایی شەو دڵی خۆی بەوە خۆشدەکرد کە سبەینێ لەقەڵا وەدەردەکەوێ .. لە سەرەتاوە بۆیە حەزی دەکرد لە قەڵا وەدەر بکەوێ ، چونکە چەندین ساڵ بوو لە قەڵادا مابووەوە و بێزار بووبوو ، بەڵام ئێستا هاندەرێکی بەهێزتر هانی دەدا لە قەڵا وەدەربکەوێ .
ئەورەحمان چوو بۆ لای ئەو کوڕیژگانەی کە بە تێڵا مەشقیان لەسەر شەڕ دەکرد ... مەشقیان لەسەر بەکارهێنانی هەرشتێک، لە حاڵی نەبوونی چەکدا.. بۆ داکۆکی لە خۆ دەکرد.
ئەورەحمان چاوی لە کوڕەکان بوو بێئەوەی بیانبینێ .. بە نیگایەکی خاوەوە تەمەشای دەکردن .. گرژ و مۆنی و حەواسپەرتی پێوە دیاربوو .. دەنگی نەسیم وەخۆی هێنایەوە کە پێی گوت :
-ئەورەحمان ، باش بوو بیرم کەوتەوە .. سەلام لە گەڵ خۆتدا ببە و بڕۆن بۆ لای خورشید و بەقەد جارەکەی پێشوو کەل و پەلی لەلا بێنن ، ئەم کیسە پارەیە ببە .
ئەورەحمان ، کیسەکەی ، کە نەسیم بۆی هەڵدا ، قۆستەوە و بزە کەوتە سەرلێوی نەسیم .. ئایا ئەمە بزەیەکی دی بوو کە کەوتە سەر ڕوخسار و ڕووی نەسیم ؟ نەسیم بەدەگمەن پێدەکەنی .. ئەورەحمان بەناو قەڵا کەوت تا سەلام بدۆزێتەوە ، کە دۆزییەوە سەیری کرد

بووە بە بەرپرسی پاسەوانانییەکێک لە دەرگا بچووکەکانی قەڵا ... ئەو دەرگا چکۆلەیەش وەکو هەر دەرگایەکی دیکە ، بەنۆرە پاسەوانی لێدەکرا و ئێشکیان دەگرت ، بەڵام بەرپرسەکەیان سەلام بوو .. ئەمە یەکەمرۆژی بوو دەیویست بیسەلمێنێ کە شایستەیڕابەرییە ، بۆیە کاتێ ئەوڕەحمان بەغار بەرەوپیری دەچوو ، بینی بەسەر یەکێک لە پاسەوانەکاندا دەبۆڵێنێکە وەکو پێویست بە ئەرکی خۆی هەڵناسێت .. ئەوڕەحمان دەستی گرت و گوتی :

-با برۆین .

سەلام ویستی خۆی لەدەستی دەربێنێ ، کەزانی فایدەی نییە لە کاتێکدا دوور دەکەوتەوە و ئەوڕەحمان بکێشی دەکرد ، بە پاسەوانەکانی گوت :

-ئێستا دەگەڕێمەوە ، کەس شوێنی خۆی بەرنەدا .

سەلام ، دوای چەند هەنگاوێک دەستی لە دەستی هاوڕێکەی دەرهێنا و بە تووڕەیی گوتی :

-لەبەرچاوی پاسەوانەکان ڕەفتاری وامەکە ، با لەبەر چاویان سووک نەبم .. من کارم یەجگار زۆرە .. تۆ چیت لێم دەوێ ؟

ئەوڕەحمان ، برۆیەکی هەڵتەکاند و بە تەشەرەوە گوتی :

-دەی باشە ، تۆ لێرە لەگەڵ پاسەوانەکانتدا بمێنەوە و من بەتەنیا دەڕۆم بۆلای خورشید .

سەلام ، هەرکە گوێی لەو قسانەی هاوڕێکەی بوو ، پێشی کەوت ، ئەودەستی گرت و گوتی :

-واز لە دەرگا بێنە ، تێی هەڵدە بۆ دۆزەخ .

یەکسەر ، بەغار چوون بۆلای ئەو جووتە ئەسپەی کە لەبەردەروازە سەرەکیەکەی قەڵا وەستابوون ، جارێکی دی لەو چوار دیوارە وەدەرکەوتن ، کە چەندیش گەورە بوایە ، هەر دڵیان تیای تەنگ دەبوو ..بە هەشتاو وەکو ئەوەی پێشبڕکێ بکەن، بە هەڵدێرەکەدا داگەڕان.. دیاربوو کیژەکە لەوێ نییە .. بەڵام ئەوڕەحمان تا نزیکتر دەبوونەوە ، هەر بە تەمابوو بیدینێ و زیاتر بە ئومێدی دیداری بوو .. لە دیتنی نا ئومێد نەدەبوو ، چونکە ئەمە بووبوو بە خولیای و تاقەشتێک بوو کە لەم دنیایەدا دڵی پێی خۆش بوو ، تا گەییە ئەو شوێنەی کە یەکەمجار بینی .. لە هەمان شوێنەکەی ئەودا دابەزی ، لەتۆ وایە بە پێیان شوێن پێیەکانی سەح دەکاتەوە .. کیژێ دیار نییە .. بۆچی نایەت ؟ تۆ بڵێی شتێکی بەسەر هاتبێ ؟

سەلام ، دوای ئەوەی ئەویش لە ئەسپەکەی دابەزی ، پرسی :

-لەوە دەچێ ئەمرۆش نەهاتبێت .

ئەوڕەحمان ، چونکە هیچ وەڵامێکی پێنەبوو ، بەرسڤی نەدایەوە ، سەلام بە دەنگێکی پڕ بەزەییەوە لەسەریڕۆیی :

-نازانم تۆ بۆچی بەم ڕادەیە کردووتە بە خەم ؟
ئەوڕەحمان ، وەڵامی نەدایەوە ، سەلام لەسەرپڕۆیی :
-ئەوڕەحمان ، تۆ بەخۆت دەزانی ئێمە بۆچی دروست بووین .. ئێمە وەکو خەڵکی دی نازژین ، ژن بێنین و منداڵ بخەینەوە .. خۆشەویستی و دژایەتی بکەین .. منداڵمان هەبێ .. ئێمە بابمان لەدەست دا و ، بێ منداڵ سەر دەنەینەوە .. ئێمە تەنیا ئامرازی کوشتنین .
ڕوندک لە چاوانی ئەوڕەحمان قەتیس ما و بەرسڤی دایەوە :
-دەزانم بەڵام .. بەڵام چی لە دڵم بکەم کە حەوانەوەی لێهەڵگرتووم ، دان بەو واقیعەدا نانێت کە تیایدا دەژین ، هەموو ئەو شتانەم بیر دەخاتەوە کە لە دایکمەوە فێریان بووم ، ئەو شیعرانەم وە بیردەخاتەوە کە چەند ساڵێکە لەبیری خۆممبردونەتەوە ؟! ئەم کیژە کردیە کارێک دڵم بجوڵێت ، بێتەجۆش .. بۆڕابردووی دووری گێڕامەوە ... بردمیەوە بۆپێش ئەو کاتەی لەو دەرگایەوە بچمە ئەوێ ، بۆ ئەو دنیا تاریکە .. وام لێهاتووە کە بیری لێدەکەمەوە ، هەستدەکەم منداڵێکی چکۆلەم ، هیچی ناوێ جگەلە ڕاکەڕاکەی نێو مێرگان ... سەلام نازانم چی بکەم ، نازانم .
سەلام ، زۆری سوێ لەحاڵی هاوڕێکەی خوارد ، بە پارێزەوە لێی پرسی :
-بیرت لەوە نەکردووتەوە لە قەڵا هەڵێیت و چیتر نەگەڕێیتەوە ؟
ئەوڕەحمان بە گومانەوە تەمەشای کرد و وەڵامی نەدایەوە . سەلام لەسەرپڕۆیی :
-من زۆرم بیر لێکردووەتەوە .. بەڵام دەزانم ئیمام حەسەن سەباح لەبنی ئەرزیشدا بێ هەر دەمدۆزێتەوە ، ئەوێک خەڵکی بخاتە بەهەشت و لە بەهەشتی دەربێنێتەوە ... دۆزینەوەی من چیە .. لە ئاوخواردنەوەش ساناترە .
ئەوڕەحمان ، بە نائومێدیەوە سەری لەقاند و بەرسڤی دایەوە :
-ئەمە منی لێرە هێشتوەتەوە .
ئەوجا ، جڵەوی خۆی گرت و لەسەرپڕۆیی :
-با بڕۆین بۆ بازاڕ ، با دوانەکەوین .
بە درێژاییڕێگا هیچ قسەیەکیان نەکرد .. تەنیا سەیری دەوروبەری خۆیان دەکرد ، لە دیمەنەکانی سروشت ورد دەبوونەوە ... بەبێدەنگیتەمەشاییەکتریان دەکرد ... ئەنجام گەیینە بازاڕ .
ئەوڕەحمان ، لەسەرەتاوە هەستی بە چپە و فسکەفسکی خەڵکەکە کرد ، بەڵام مەسەلەکە بە جۆرێ زیادی کرد ، لەوەدەرچوو هەستی پێنەکرێت .. بەبەردەم هەرکەسێکاڕۆیشتبان ، بە حەپەساوی سەیری دەکردن و بە گوێی هاوڕێکەیدا دەی چپاند ... هەوەڵجاریش کە هاتنە

بازاڕ ، شتێکی وایان پێشهات ، بەڵام بەم ڕادەیەنەبوو ... پێیانەوە دیاربوو کە لە جەنگاوەرانی قەڵان ... بەسەر و سیما و جل و بەرگەکانیاندا دیاربوو ، بەڵام بەوڕادەیە نەبوو کە ئەم خانمە بەدەستە خوشکەکەیەوە بژەنێ و ئەوانی نیشانبدات ، خۆ خەریک بوو شانی لەبن دەربێنێ .. یان کچۆڵانی بچووک ڕیز ببەستن و بە حەماس و شانازیەوەتەمەشایان بکەن .. دیارە سەلامیش هەروەکو هاوڕێکەی هەستی بەمە کرد ، تەنانەت پێی گوت :

-ئەرێ بۆ وا تەماشامان دەکەن ؟

ئەوڕەحمان ، بەبێموبالاتی ، لەبەر دوکانەکەی خورشیدا ، لەئەسپەکەی دابەزی :

-نازانم ، گرینگ نییە .. دەی با شتەکان بکڕین و ماتەڵ نەبین .

ئەو کوڕەی لای خورشید کاری دەکرد ، هەرکە بینیانی ، یەکسەر ناسیانیەوە و بەڕوویاندا گرژییەوە و ئامازەی بۆ ناو دوکانەکە کرد :

-فەرموون .. ئاغام لە ژوورەوەیە .

خورشید ، هەرکە دیتیانی ، لەجێی خۆی هەستا و ، لەجارەکەی پێشوو گەرمتر پێشوازی کردن .. دوای ئەوەی دانیشتن ، ئەوڕەحمان بەجۆرێ ، کە خورشید گوێی لێنەبێ ، بەگوێی هاوڕێکەیدا چپاند :

-سەری بابت نادەیت ؟

سەلام ، بە نائومێدییەکی ئاشکراوە گوتی :

-پێویست ناکات .. باوەکو جاری پێشووم لێنەیات .

ئەوڕەحمان ، بە نائومێدیەوە سەری لەقاند و گوتی :

-دەی باشە .. با شتەکان بکڕین و بڕۆین .

خورشید ، بانگی شاگردەکەی کرد کە بۆ ماڵەوەی بنێرێ تاوەکو جاری پێشوو نانیان بۆ بێنێ .. بەڵام ئەوڕەحمان ئەمجارەیان بە مکووڕی گوتی :

-شتەکانمان دەکڕین و یەکسەر دەڕۆین .

بە بێتاقەتی و بێزاری قسەی دەکرد ، باری دەروونی زۆرخراپ بوو .. خورشید کە هەستی بە پەستی و بێزارییەکەی نەکرد ، بەرسڤی دایەوە :

-شتی وا چۆن دەبێت ؟! بەزاتی خوا نانم لەگەڵ دەخۆن ، بە تایبەتی کە حاڵی حازر ئێوە بەرگریمان لێدەکەن ، مایەی شانازیمە کە نانم لەگەڵ بخۆن و پێداویستیەکانی قەڵا لەمن دەکڕن .

ئەوڕەحمان ، لە هەوەڵەوە ، لەمەبەستی خورشید نەگەیی ، تا خورشید لەسەریڕۆیی و بە شانازییەوە گوتی :
-ئەوەندە بەسە کە جەنگاوەرانی قەڵاکەتان ، فریای"نورسین" کەوتن و لەو دزانەیان پاراست کە دەیانویست مەڕەکانی لێبدزن .
ئەوڕەحمان ، بەجۆرێ حەپەسا وەکو ئەوەییەکێک جەزرەبەیەک بە تۆقی سەریدا بکێشێت .. بۆ ساتێک هاوسەنگی خۆی لەدەست دا ، ئەوجا زانی کە خورشید باسی کێ دەکات ، بە پەرۆشەوە لێی پرسی :
-مەبەستت ئەو کچەیە کە لە نزیکیقەڵاکەدا پەزی دەلەوەڕاند ؟
خورشید ، بەشادییەوە ، وەڵامی دایەوە :
-بەڵێ .. ئەو ڕۆژە هیلاک و ماندوو گەڕایەوە ، خەڵکی لە ڕێگا دیتبویان و بۆی گێڕابوونەوە کە چۆن دزان داویانە بەسەریا و یەکێک لە قەڵاکەوە بۆیان دابەزیوە و فریای کەوتووە .
ئەوڕەحمان ، هەستی کرد لێدانی دڵی زیاد دەبێت ، ڕوانیە هاوڕێکەی ، هاوڕێکەی سەرێکی لەقاند و پێی گوت :
-ئەمە بۆیە هەرکێیەک لەبازاڕدا دەمانبینێ ، بەم شێوەیە تەماشامان دەکات .
خورشید ، هەڵیدایە :
-ئەی مەعنای چی ، خەبەرەکە لە هەموو گوندا بڵاوبووەتەوە .
ئەوڕەحمان ، هەموو بیری لای کچەکە بوو ، بە خورشیدی گوت :
-ناوی نورسینە ؟
خورشید سەری لەقاند کە بەڵێ .. ئەوڕەحمان دیسان پرسی :
-ئەدی حاڵی باشە ؟
خورشید ، ئەم بایەخ پێدانەی ئەوڕەحمانی پێ سەیربوو ، بەرسڤی دایەوە :
-حاڵی باشە ، بەڵام ئێستا لە ڕەخەکەی دیکەی گوندا پەزان دەلەوەڕێنێ ، لە دووری قەڵاکە .
ئەوڕەحمان دیسان لێی پرسی :
-باشە دەتوانی بمگەیەنیتە ئەو شوێنە ؟
خورشید بە سەرسامی گوتی :
-کام شوێن ، شوێنەکەی نورسین ؟
ئەوڕەحمان بە تاسە و پەرۆشێکی واوە ، کە هەرکەسێک هەست بکات ئەو کیژەی خۆشدەوێ ، گوتی :

-بەڵێ ، دەمەوێ بیدینم .
خورشید نەیدەزانی چی پێبڵێ ، سەلام بە بێدەنگی گوێی لە گەنگەشەکەیان دەگرت .. دوای کەمێک بێدەنگی خورشید بەسەر سامی پێی گوت :
-دەتوانم شاگردەکەت لەگەڵدا بنێرم تا بتگەیەنێ .
ئەورەحمان ، بە خوشحاڵیەوە هەستا و گوتی :
-دەی باشە ، بابڕۆین .
خورشید ، منداڵەکەی بانگکرد و پێی گوت :
-تۆ سەمتیرۆژاوا ، لەوەرگە گەورەکە پێدەزانی .. نورسین ، کیژە نابیناکە ، لەوێ پەز دەلەوەڕێنێ .. جەنابی ئەورەحمان بگەیەنە ئەوێندەر .
ئەورەحمان بەلەز لە دوکانەکە وەدەرکەوت ، بەڵام دیقەتی دا منداڵەکە لای ئەسپەکەی ئەو وەستا ، ئەورەحمان لێی پرسی بۆ وەستاوە ، منداڵەکە گوتی :
-ئەدی سواری ئەسپەکەت نابیت ؟
ئەورەحمان بەرسڤی دایەوە :
-وەستات دەڵێت ، شوێنەکە دوور نییە .
منداڵەکە دیسان گوتی :
-دوور نییە ، بەڵام حەزدەکەم تۆ سوار بیت و منیش لە پشتەوە سوار بکەیت .. من تا ئێستا سواری ئەسپ نەبووم .
ئەورەحمان بزەیەکی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی :
-با ئاواتی ئەم کوڕە بێنینەدی .
خورشید لە ژوورەوە سەری لەم هەموو بایەخدانەی ئەورەحمان بەو کچە سوڕمابوو ، تەنانەت دوایڕۆیشتنی ئەو لە سەلامی پرسی :
- باشە هاوڕێکەت بۆ ئەوەندە لەخەمی ئەو کیژەدایە ؟
سەلام خۆی لە گێلی داو ، بە درۆوە بەرسڤی دایەوە :
-چونکە ئەو ڕزگاری کرد و دەیەوێ لەحاڵی دڵنیاببێت .
خورشید لە هەولەوە ئەمەی پێخۆش بوو ، بەڵام پاشان ، بە شێوەیەک ، وەک ئەوەی بیەوێ قسەی لێدەربێنێ ، پرسی :
-هەر ئەوەندە و بەس ؟!
سەلام بزەیەکی کرد و بێدەنگ بوو ، بەڵام خورشید لە مانای بزەکەی سەلام تێگەیی .

***

ئەوڕەحمان کە چاوی بە پەزەکانی نورسین کەوت ، خۆی لە ئەسپەکە هەڵدایە خوارێ ، ئەوجا یارمەتی کوڕەکەی دا و ئەویش دابەزی ، پێی گوت :

-تۆ بە پەلە بۆلای خورشید بگەڕێوە .. خۆمرێگای گەڕانەوە دەزانم .

ئەوڕەحمان ، ئەسپەکەی لە نێو لەوەڕگەکەدا بەرەڵڵاکرد بە کەیفی خۆی بسوڕێتەوە ، بە خۆیشی کەوتە سۆراخی نورسین .. یەکەمجار فەریحی بینی کە لەسەرەتاوە بە گومانەوە تەمەشای کرد ، بەڵام زۆری پێنەچوو ناسییەوەو بە هەشتاو بەرەوپیری هات و کەوتە بۆنکردنی و لە خۆشیا دەوەڕی .. نورسین هەستی بە جم و جۆڵێکی غەریب و نامۆ کرد ، بە نیگەرانیەوە بانگی لە سەگەکەی کرد :

-فەریح ، فەریح .. ئەوە لە کوێی ؟

هەڵبەتە لەسەرنی جارەکەی ترەوە ، هەقی خۆی بوو ، سەبارەت بە هەر جم و جۆڵێکی غەریب ، هەست بە نیگەرانی و ترس بکات ، ئەوڕەحمان بزەیەکی بۆ کرد ، کیژێ بە تۆنی دەنگیا هەستی کرد پێدەکەنێ ، وەڵامی کیژێی دایەوە :

-فەریح لەگەڵ مندایە ، ناسیمیەوە ، وادیارە بەوەفایە ، وەکو خاوەنەکەی نییە ، وەفا لەنێو بەشەردا یەجگار کەم بووە ، دەگمەنە .

نورسین ، کە بەدەنگیا ناسییەوە ، بزەیەکی ناچاری بۆ کرد ، بەڵام گوتی نەیناسیوەتەوە ، بەشێوازێک ، کە هەوڵیدەدا بە گوێرەی توانا بێموبالات بنوێنێ ، لێی پرسی :

-تۆ کێی قوربان ؟

ئەوڕەحمان بە شۆخیەوە بەرسڤی دایەوە :

-لەوەدەچێت دەنگت نەناسیبمەوە !

نورسین ، کە ناسکە بزەیەک کەوتە سەر لێوی و زوو ئاوابوو ، گوایە بیردەکاتەوە تا بیناسێتەوە ، وەڵامی دایەوە :

-دەنگتم بەلاوە غەریب نییە ، بەڵام بیرم نایەتەوە .

ئەوڕەحمان ، بەتەشەرەوە گوتی :

-وادیارە کێشەیەکت لە یادگەیا لە وەفادا هەیە .

نورسین ، بە پەستی ئاهێکی هەڵکێشا و وەڵامی نەدایەوە ، ئەوڕەحمان هەستی کرد ، نورسین تووڕە بوو ، گوتی :

-نورسین ببورە، نیازم خراپ نەبوو .

نورسین ، بە خەمینی و لێبڕاوانە بەرسڤی دایەوە :

-ئەنجام ناوت زانیم ! چیت لەمن دەوێ ئەوڕەحمان ؟

ئەوڕەحمان ، بە شێوەیەکی کومیدیانە بەرسڤی دایەوە :
-بەرخێکم دەوێ بۆ شێو بیخۆم ، بەڵام حەز دەکەم جوانێکی سپی بێ ،ئەگەر چاوەکانی شین بن باشتر .
نورسین ، بێ ئیختیار پێکەنی ، هەرچەندە سوعبەتەکەی بەم ڕادەیەش خۆش نەبوو ... کاتێ کە بە نوکتەی خراپی بەرامبەرەکەت پێدەکەنی مانای وایە کەوتویتە داوی خۆشەویستی ئەو کەسەوە . نورسین کە هێشتا شوێنەواری پێکەنینەکە بەدەم و لێویەوە مابوو ، گوتی :
-وادیارەتۆ زۆر خۆریت .
پێکەنین و وەڵامەکەی هێندەی دی هانیدا ، بۆیە بە ماناوە کە خۆشی دەوێت ، گوتی :
-ئەگەر بەرخەکان هێ خۆت بوایە ، دەمتوانی هەموویان بخۆم .
نورسین ، هەستی کرد ، ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت ، لەوەیە تۆزێکی دی ماچی بکات ، بۆیە لێبڕا بیگەڕێنێتەوە ئەو سنوورەی کە بۆی دانابوو ، ئەوجا بە جدیەتێکی کوت و پڕ گوتی :
-ئەوڕەحمان ، ڕاستم پێبڵێ تۆ چیت لەمن دەوێ ؟
ئەوڕەحمان ، بەنەرمی وەڵامی دایەوە :
-دەمەوێ لەحاڵت دڵنیابم .
نورسین ، کەلە شەرما ، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا بەرسڤی دایەوە :
-ئەوە دڵنیابوویت ، دەی بڕۆ بەڕێی خۆتەوە .
ئەوڕەحمان لەناکاوا پرسی :
-بۆچی لێم هەڵدێی نورسین ؟
بەدەم لێوە لەرزێوە ، بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە :
-تۆ بۆچی لێم نزیک دەبیتەوە ؟
ئەوڕەحمان ، بێ چەند و چوون گوتی :
-چونکە خۆشم دەوێی .
تەنیا دوو وشە دەتوانن هەموو شتێک بگۆڕن ، دەتوانن هەموو بەستەڵەکەکان بتوێننەوە و هەموو لەمپەڕەکانڕامالْن ، دەم و چاوی بەڕادەیەک سوور هەڵگەڕا ، ئەگەر کەسێک دیتبای وایدەزانی هۆقەیەک سووراو و سپیاوی لەدەم و چاوی خۆی هەڵسوە ، قسەی نەکرد .. قسەکانی ئەوڕەحمان ، زمانی ئەمی لەگۆخست ، وشەیەکی بە نورسین گوت ، کە ئیلهامبەخشی شاعیران بووە ، شەڕی گەورەی لەسەر هەڵگیرساوە و ئەفسانەی لە سەر

ڕۆنراوە .. چەند ساتێک بە بێدەنگی تێپەڕی ، ئەو دووانە لەجێی خۆ وشک بوون ، ئەوڕەحمان ، کە هەستی کرد ، دوای ئەو قسەیەی ئەم ، چ قسەیەکی دی ناکات ، پێی گوت :

-بۆچی نەهاتیتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پەزەکانت تیا دەلەوەڕاند ؟

هەڵبەتە ، چونکە خواخوای بوو بۆ ئەوێ بگەڕێتەوە ، بە جۆرە پاڕانەوەیەک ئەو پرسیارەی لێکرد .

نورسین ، هەرچەندە لە بنەڕەتەوە نابینا بوو ، سەری وەبەر خۆنا و ڕووی کردە ئەرزەکە و بەرسڤی دایەوە :

-نامەوێ لای کەسێک بمێنمەوە کە چاکەی بەسەرمەوە هەبێ ، و سوور دەزانم چاکەیم پێ نادرێتەوە .

ئەوڕەحمان ، بە هەڵچوونەوە بەرسڤی دایەوە :

-ئەوەی من بۆم کردوویت چاکە نییە ، خۆ ئەگەر بە چاکەی دەزانی ئەوا دیتنی تۆ و دڵنیابوون لەحاڵی تۆ ، دانەوەی ئەو چاکەیەیە .

تا زیاتر قسەی دەگەڵ نورسیندا دەکرد ، زیاتر خۆی بۆ کەشف دەکرد .. تا زیاتر قسەی دەگەڵدا دەکرد ، زیاتر هەستی بە ڕاستگۆیی هەستی خۆی دەرهەق بەم کیژە دەکرد ، دیسانڕووی گەشایەوە، بزە کەوتە سەرسیمای و بە نازێکی بێ مەبەستەوە گوتی :

-ئەوەی تۆ لەگەڵ مندا دەیکەیت ، لەڕووی بەزەیییەوە نییە ؟

ئەوڕەحمان بەلەز و بە پەرۆشەوە گوتی :

-من داوا لە تۆ دەکەم کە بەچاوی میهر و بەزەیییەوە تەماشام بکەیت ، بۆچی بەزەییت بەحاڵی مندا نایەتەوە ؟!

ئەوجا بە شۆخیەکی تازەوە گوتی :

-وا بزانە بەرخێکم لە بەرخەکانت ، داوات لێدەکەم ! ئەگەر لە ڕووی بەزەییشەوە بووە ، حەز دەکەم بە چاوی بەزەیییەوە تەماشام بکەیت و بگەڕێوە بۆ لەوەڕگەکەی جارانت تا لەحاڵت دڵنیاببم . نورسین ئەمجارە بە نوکتە و سوعبەتەکەی پێنەکەنی ، بەڵکو لە کاتێکا هێشتاڕووی کردبووە ئەرزەکە ، بە سوعبەتێکی خەمناکەوە ، گوتی :

-ئاخر منێ کە چاوم نییە چۆن تەماشات بکەم ؟

ئەوڕەحمان ، ڕاستگۆیانە وەڵامی دایەوە :

-ڕەنگە چاوت نەبینێ ، بەڵام زیرەکی و نەفس بەرزییەکی وەهات هەیە کە لەخەڵکی دیکەدا نەمدیتوە .. ئەمە جگە لەوەی خۆشەویستی ، شێوەوڕواڵەت هەڵنابژێرێ ، بەڵکو ئەو سیفەت و خەسڵەتانە هەڵدەبژێرێ کە حەزمان لێیەتی ، ئەخلاقێک هەڵدەبژێرێ کە بەدڵمانە ، تەبع و

تەبیعەتێ هەڵدەبژێرێ کە حەزی لێدەکەین ، خۆشەویستیەکی بێ هۆ هەڵدەبژێرێ .. تاقە ئامانجی ئاشق ، خۆشەویستی ماشوقە ، من نورسین گیان نازانم بۆ تۆم خۆش دەوێی ، بەڵام خۆشم دەوێی ، دوای ئەوەی دیار نەمایت ، ئیدیدڵنیا نەبووم کە جارێکی دی دەتبینمەوە ، کە بینیمیت ، بەتەما نەبووم ، ئەوەی پێم گوتیت ، پێت بڵێم ، بەڵام من نازانم چیم گوت ، یان بۆ گوتم ، نورسین گیان خۆشەویستی تۆ زمانی پژاندم ، هێنامیە قسان .

نورسین ، پاش ئەوەی قسەکانی ئەو دڵی گرت ، لەسەر ئەرزەکە دانیشت ، ئەوڕەحمانیش لەلایەوە دانیشت و بە دەنگە میهرەبانەکەیەوە گوتی :

-نورسین تۆنازانی من لە چ حاڵێکدا دەژیم .. ژیانێکییەجگار سەخت و دژوارم هەیە .. قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە ، لە تەنیشت ئەو زیندانەدا کە تیایدا پەروەردە بووم ، دەربیجەیەک بدۆزمەوە کە ڕۆحم لێوەی دەربچێت بۆ دنیای بەرین .

وشەکانی ئەوڕەحمان ئەفسوونیان دەکرد ، ڕەنگە لەبەر ڕاستگۆییان بووبێ .. باسی ژیانی خۆی بۆکرد ، کاتەکەیان زۆر بەخێرایی لێڕۆیی .. داک و بابی ، کاتێ ئەم منداڵ بوو ، کوژران .. مامی کە فرۆشتی .. خورشید ، کە ژنەکەی قەبووڵی نەکرد ئەم لەماڵیان بژی .. مەشق و ڕاهێنانی قورسی قەڵا .. سەلامی برادەری .. کە ئێستا لە دووی هاتبوو .

سەلام ، سەیری کرد ئەوڕەحمان لە تەنیشت کیژێوە دانیشتووە و قسەی دەگەڵدا دەکات ، ئەوڕەحمان هەستی پێنەکرد ، تەنیا ئەو کاتە نەبێ ، کە بەسواری ئەسپەکەیەوە ، لەبەردەمیا وەستا .. ئەوڕەحمان لە هەوەڵەوە بەسەرسامیتەمەشای کرد ، ئەوجا ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دایەوە و هەنگێ بۆی دەرکەوت کە کات درەنگ بووە .. سەلام بە میهرەبانیەوە لێی پرسی :

-ئەوڕەحمان بۆ ماتەڵ بوویت ؟

ئەوڕەحمان ، بەلەز لەسەر ئەرزەکە هەستا و گوتی :

-هیچ ، دەی با بڕۆین .. کوا ئەسپەکەم ؟

ئەسپەکە ، بە ئارەزووی خۆی بە لەوەڕگەکەدا دەسوڕایەوە و دەلەوەڕی . سەلام ڕۆیی ، هێنایەوە . ئەوڕەحمان پێش ئەوەی بڕوات بە نورسینی گوت :

-سبەی دێی ؟

نورسین بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە :

-بۆ کوێ ؟

ئەوڕەحمان ، بەدەم تەماشاکردنی سەلامەوە ، بە شڵەژاوی گوتی :

-بۆ لەوەڕگەکەی بەری قەڵاکە .

نورسین ، بزەیەکی بۆ کرد و وەڵامی نەدایەوە ، ئەوڕەحمان لەسەریڕۆیی :
-من لە دەربیجەی ژوورەکەمەوە ، لە قەڵاکەوە تەماشات دەکەم .. تکایە لەوەم بێبەش مەکە ، خۆ ئەگەر دەرفەتم بۆ هەلبکەوێ لەوەشە بتبینم .
نورسین ،بە شێوەیەک سەری لەقاند کە دیارنەبوو ئاخۆ دێتیا نا ،ئەوجا بەدەم بزەیەکی کاڵەوە گوتی :
-بەهیوای دیدار ئەوڕەحمان .
لێرەدا سەلام هەڵیدایەوە و بە بێزارییەوە گوتی :
-دەی ئەوڕەحمان .. پێی گوتیت بە هیوای دیدار و تەواو .
ئەوڕەحمان سواری ئەسپەکەی بوو و بە نورسینی گوت :
-بە هیوای دیدار نورسین .
نورسین ، بزەیەکی بۆ کرد و هیچی نەگوت .کەچی ئەوڕەحمان بە هاوڕێکەیەوە ژەند و گوتی :
-بابڕۆین هەی بڵاوەپێکەری خەڵکی .
سەلام بەدەم بزەیەکەوە سەری لەقاند و هیچی نەگوت ، بە دوو قۆڵی بەرەو بازاڕ بوونەوە ، تا شتەکانیان باربکەن و بۆ قەڵا بگەڕێنەوە .

# سەردانی بەهەشت

ئەوە شەوە ، ئەورەحمان بەدەم بیرکردنەوەوە لە نورسین ، خەوی لێکەوت ، بەڵام بەیانی بەترسەوە لەخەو ڕاپەڕی ، بەهەشتاو چووە بەر دەلاقەکە تا بزانێ ئاخۆ ئەمڕۆ هاتووە یا نا ... کە سەیری کرد پەزەکان ، بەغار دێن و دەچن و گەمان دەکەن ، وەکو ئەوەی شاد بن بەگەڕانەوەیان بۆ دەوروبەری قەڵاکە ، هەستی بە شادییەکی زۆرکرد ، قەد وێنای نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان بەم ڕادەیە دڵی بە دیتنی پەزەکان خۆش بێت .

جبەکەی لەبەرکرد و لە ژوورەکە وەدەرکەوت ، تابەکاریڕۆژانەی خۆیڕابگات ، بەڵام لە هەموو ڕۆژانی پێشوو بە شەوق و زەوقتر بوو .. وەستا بوو و چاودێری مەشق و ڕاهێنانی ئەو کوڕانەی دەکرد کە ئەم لێیان بەرپرس بوو ، سەلام هات ، سڵاوی لێکرد ، ئەورەحمان سڵاوەکەی سەندەوە و گوتی :

-ئەمڕۆ هاتووە .

سەلام ، بەبێ موبالاتی و خەمساردیەوە پرسی :

-کێ ئەمڕۆ هاتووە ؟

ئەورەحمان ، بە شادیەوە بەرسڤی دایەوە :

-نورسین ، پەزەکانی بۆ لەوەڕ هێناوەتە بنی قەڵاکە .

سەلام ، سەرێکی لەقاند و یەکسەر بیری کەوتەوە ، بە خەمساردیەوە گوتی :

-ئا ... بەڵێ ئێستا بیرم کەوتەوە .

دوای دوو دڵییەکی کەم ، بە ناڕەزاییەوە پرسی :

-ئەرێ تۆ خۆشیت بە کوێی ئەم کچەدا چووە ؟ جوانە ، ڕەنگە ... بەڵام کیژی زۆر لەو جوانتر هەن ... ئەمە جگە لەوەی نابینایە ... ئاخر تۆ چۆن و بە چ ئەقڵێکەوە دەیخوازیت ؟ وەکو پێشتریش پێمگوتووی ئێمە وەکو خەڵکانی دیکە نین .

ئەورەحمان کەمێک لێی ورد بووەوە و ئەوجا بەدەنگێکی هێمن گوتی :

-سەلام تۆ ،خۆت شێوە و روخساری خۆت هەڵبژاردووە ؟

یەکسەر وەڵامی دایەوە :

-هەڵبەتە نا .. لە ئیجادی وا خولْقاوم .
ئەوڕەحمان دیسان پرسی :
-تۆ دایکیا باوکی خۆت هەڵبژاردووە ؟
سەلام ، ئەمجارەیان بە پەستی بەرسڤی دایەوە :
-ئەگەر شتی وا ببوایە ، ئەم بابەم هەڵنەدەبژارد کە چاوی بەرایی نادات تەماشام بکات .
ئەوڕەحمان ، کە بەسەرهاتی سەلامی دەگەڵ باوکیا بیرکەوتەوە گوتی :
-باش بوو ، باسی ئەم بابەتەت کرد .. باشە تۆ لەسەر ئەو هەڵوێستەڕقت لە بابتە ؟
سەلام ، سەرێکی بادا کە نا ، ئەوجا گوتی :
-بە پێچەوانەوە ، چاکەی ئەوم دەوێ ، ئاواتی خێری بۆ دەخوازم .
ئەوڕەحمان ، بزەیەکی خەمناکی بۆ کرد و گوتی :
-ئەگەر بەدەست خۆم بوایە ، کچێکی خۆش دەستم هەڵدەبژارد .. ئەگەر بە دەست خۆم بوایە ، یەکێکی جوانترم ، یا کچێکی چاو ساغم هەڵدەبژارد .. مەسەلەکە بەو ئاسانیە نییە .. ئەشق ئەو پێوەرە لۆژیکیانە نازانێ کە تۆ باسی دەکەیت .. من خۆشم دەوێ ، خوا دەزانێ دەیگەمێیا نا ... لەوەیە جارێکی دی بیدینمیا نا ... ڕەنگە بۆ من بێیایەکێکی دی ... بەلاّم ئەمە هەستم بەرانبەر بەو ناگۆڕێت .
خۆ ئەگەر سەلام ، کە بە بێدەنگی سەری بۆ دەلەقاند ، بە قسەکەشی قاییل نەبووبێ ، گرینگ ئەوەبوو کە ئەوڕەحمان هەستی خۆی بەرانبەر کیژێ دەربڕی و هاوڕێکەی خۆی لە مەسەلەکە گەیاند ... ئەوڕەحمان ئاراستەی قسەکەی گۆڕی ولەسەرریڕۆیی :
-لەگەڵ ئیشە تازەکەتدا چۆنیت ؟
سەلام ، بە شانازییەوە پێکەنی و گوتی :
-باشە ، لەخوا بەزیاد بێ ... بەیانی زوو هەستام تا سەرپەرشتی پاسەوانەکانی بەردەگاکە بکەم .. ئیشێکی خۆشە .. تەنیا سەرپەرشتی پاسەوانەکان دەکەم .. تەنیا دوای عەسران کەمێک بە تەنیا لەبەر دەرگاکە دەوەستم ، چونکە ئەوان دەچن خواردنەکەیان دێنن .
ئەوڕەحمان ، کە بیرۆکەیەکی کوت و پڕی بە مێشکدا هات ، گوتی :
-یانی دوای عەسر بەتەنیا و هەر خۆت لەبەر دەرگا دەوەستی ، تۆ دڵنیایت لەمە ؟
سەلام ، کە لە قسەکەی خۆی دڵنیابوو ، لەترسی ئەوەی نەبا هاوڕێکەی وابزانێ ئێستا نۆرە حەرەسیاتیەتی ، بە پارێزەوە گوتی :
-بەڵێ ، تەنیا ئەوکاتە بە تەنیا ئێشک دەگرم .
ئەوڕەحمان کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی :

-بەڵام تۆ دەتوانی ئەو پاسەوانەی کە لەگەڵتدایە بۆ شوێنێک بنێریت و ئێوارەش بەتەنیا بیت .

سەلام ، بە نیگەرانیەکی زیاترەوەتەمەشای کرد ، لە دڵی خۆیدا خۆزگەی دەخواست کە هاوڕێکەی داوای ئەوەی لێنەکات ، کە ئەم مەزەندەی بۆ دەچوو ، گوتی :

-جابۆچی شتی وابکەم ؟ پاسەوانەکە ...

بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد ، کە نیگای پڕ ئومێدی ئەورەحمانی بینی ، چاوانی ئەبڵەق بوون ، سەلام زانی هاوڕێکەی چی لێی دەوێ .. بە قامکان ئاماژەی کردێ و بە شڵەژانێکی توندەوە گوتی :

-نا ، ئەورەحمان ... ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە ، دەزانم چ دەڵێی .. شتی واناکەم .

ئەورەحمان ، بە پاڕانەوەوەتەمەشای کرد :

-سەلام ، تکات لێدەکەم ... تکایە .

سەلام ، پشتی تێکرد و لەوێڕۆیی ، هاوڕێکەی بەدەم تکا و پاڕانەوەوە دوای کەوت ، سەلام ، کە هێشتا لێی دوور دەکەوتەوە گوتی :

-تۆ نازانی ئەگەر یەکێک پێمان بزانێ ، چیمان بەسەر دێت .

ئەورەحمان ، بەدەم هاندانەوە ، بەرسڤی دایەوە :

-کەس پێمان نازانێ ، مەترسە .

سەلام ، وەستا ، بە توندییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە بەرسڤی ئەورەحمانی دایەوە :

-ئەورەحمان ، ئامادەم هەموو شتێکت بۆ بکەم ، تەنیا ئەمە نەبێ .. ناتوانم ئەم داوایەت جێبەجێ بکەم .. نەک هەر لەترسی خۆم ، بەڵکو لەبەر تۆش .. لەسەر ئەو کچە کەمت بەسەر نەهات .. کاتێ کە چووین بۆ کڕینی کەل و پەلان لای خورشید ، دەتوانی بیدینی .. بەڵام ئەم خەیاڵە لە مێشکی خۆت دەرکە ، لەبیری خۆتی بەرەوە ، ئەوە خەیاڵە ، مەحاڵە بێتەدی ...

***

- دەست و لاقت ماچ دەکەم .. ئامان دوا نەکەوی .

سەلام ، بە پاڕانەوەو نیمچە گریانەوە ، ئەو قسەیەی بە ئەورەحمان دەگوت ، دەرکە چکۆلەکەی بۆ کردەوە تا لەوێوە وەدەر بکەوێت ...

ئەورەحمان ، کە بە پەلە وەدەردەکەوت ، دڵنیای کردەوە :

-مەترسە ، پێش مەوعیدەکە دەگەڕێمەوە ، چاوەڕوان بکە وەکو پێکهاتین ، دەرکەکەم بۆ بکەیتەوە .

ئەوڕەحمان بە هەشتاو وەدەرکەوت ، سەلام دەرگاکەی وەکو خۆی لە دوایەوە داخست و گەڕایەوە شوێن خۆی .

ئەوڕەحمان ، دەبوایە ماوەیەک بە دەوری گردولکەیەکی بچووکدا بسوڕێتەوە تا پاسەوانانی دەروازە سەرەکییەکە پێی نەحەسێن ، ئەوجا لە شوێنێکی بەرزەوە ، تا نیوەی ئەو ڕێگا هەڵدێرە داگەڕێت کە دەچوو بۆ قەڵاکە .

خۆزیای دەخواست ئەو کاتەی کە بەو پێچە بەدەورەیە بەسەری برد ، لەگەڵ نورسیندا بەسەری بردبایە ، بەلامڕابواردنی ماوەیەکی کەم لەگەڵ ئەودا ، لە هیچ باشتر بوو ، بە تایبەتی کە نەیدەویست دوا بکەوێ و کەشف بێ ، هەروەها بۆ ئەوەی سەلام جارێکی دیکە هەمان کاری بۆ بکات .

کاتێ ئەوڕەحمان گەییە هەڵدێر و نشێوەکە ، بەغار بەرەوخوار داگەڕا ، پەزەکانی بینی کە وەکو جاران بەدەم لەوەڕەوەیارییان دەکرد ... هەندێجار خۆزیای بەو ئازادی و ئاسوودەییە دەخواست کە پەزەکانی تیا دەژیان ، ئەمە جگە لەوەی لە نورسینەوە نزیک بوون ، ئیدی بەرلەوەی بگاتە لای نورسین ، بۆ ئەوەی پشووی وەبەربێتەوەو لە هانکەهانک بکەوێ ، لەڕاکردن وەستا ـ چونکە بەبێ ئەوەش ، کە نورسینی دەبینی هەناسەی سواردەبوو و دڵی دەکەوتە لێدان ، کە دیتی لەجاران بەشەوق تر بوو .. چاوەکانی لە هەموو کاتێ جوانتر بوون .. سەلام چۆن ئەمی لە نورسین بەخەسار دەزانی ؟!

ئەم، واتە ئەوڕەحمان ، نورسینی لە هەموو کەسێک بەزیاد دەزانی .

هەرکە فەریح چاوی بە ئەوڕەحمان کەوت بەغار و بەدەم وەڕینی شادییەوە بەرەو پیری هات .. ئەمیش فەریحی لەبیر نەکردبوو .. پارچەیەک گۆشتی لەگەڵ خۆدا بۆ هێنابوو ، فڕێی دایەبەری ، فەریح و ئەو توتکەی لەگەڵیا بوو ، دەستیان بە خواردنی کرد ... نورسین ، لە سۆنگەی وەڕینی شادی سەگەکەوە هەستی بە بوونی ئەوڕەحمان کرد ، بەدەنگێک کە بۆنی هیوای لێدەهات ، بانگی کرد :

-ئەوڕەحمان ، خۆتی ؟

ئەوڕەحمان ، وەلامی نەدایەوە ، بەڵکو بە بێدەنگیتەمەشای کرد ، تا بۆ جاری دووەم بانگی کرد ، چونکە کیژێ ترسا ، بەپەلە وەلامی دایەوە :

-بەڵێ نورسین گیان .. منم ، مەترسە .

بەدەم لێوەلەرزێوە و بە گلەییەوە گوتی :

-کە یەکەمجار بانگم کردیت بۆیەکسەر وەڵامت نەدایەوە ؟ چیە دەتەوێ بمترسێنی و گاڵتەم پێبکەیت ؟
ئەوڕەحمان ، بە هەناسە بڕکێ و بە میهرەبانیەوە بەرسڤی دایەوە :
-دەمویست بۆ جارێکی دیکەش ناوی خۆم لە زاری تۆوە بژنەوم .. قەد تەسەورم نەدەکرد ناوەکەم ئەوەندە جوان و خۆش بێ ، تا لەزاری تۆوەم بیست .
نورسین ، بە شەرمێکەوە کە هێندەی دی جوانی کرد ، پێکەنی ، دوای ئەوەی کە هەستابوو ، دووبارە لە جێی خۆی دانیشتەوە . ئەوڕەحمان لە نزیکیەوە دانیشت ، بۆ ئەوەی نورسین بە باشی قسەکانی ببیستێ ... ئەوڕەحمان لێیڕاما ، پرسی :
-حاڵت چۆنە نورسین ؟
نورسین ، کە لە شەرما سەری داخستبوو ، هەرچەندە چاوی نەدەبینا ، بەڵام هەرکاتێ شەرمی کردبا ، سەری دادەخست ، گوتی :
-سوپاس بۆ خوا ، شوکر باشم .
ئەوڕەحمان کە بیری کەوتەوە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نورسین نازانێ ، پرسی :
-من دوێنێ بەسەرهاتی خۆمم ، تا ئەو ڕۆژەی تۆم دیت بۆ گێڕایتەوە ، ئەدی بەسەرهات و حیکایەتی تۆ چییە ؟
نورسین ، هەناسەیەکی خەمناکی هەڵکێشا و گوتی :
-من کیژی گەورەی بابمم .. وەکو پێشتر بۆم گێڕاویتەوە ، ئێمە سەگمان بەخێو دەکرد و ئەوسا شوانکارەییشمان بەگەڵ ئیشەکەمان خست ... بابم شەو و ڕۆژ کاری دەکرد تا ژیانێکی سەربەرزانەمان بۆ دابین بکات . برایەکی بچووکم هەبوو ، یەکسەر لە دوای من بووبوو ، بەڵام نەخۆش کەوت و مرد .. ئەو یارمەتی بابمی دەدا ، بەڵام دوای مردنی ئەو ، ئیدی من یارمەتیم دەدا ... دوای ئەوە بەرەبەرە چاوم دایە کزی ... ئیدی هیچ چارێکم بۆ نەخۆشیەکەم نەدۆزییەوە ، تا بە تەواوەتی چاوم لەدەست دا .. دوای ئەوە بابم کە سەگێکی کێویڕاودەنا ، لە هەڵدێرێکەوە گلا .. لەزگ بوو بمرێت ، بەڵام ژیا و لە جێگادا کەوت ، نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوڵێ .. ئیدی بە تەواوەتی زەمینگیر بوو ... دوو برای بچووکم هەن ، ڕەنگە ئەگەر کەمێک گەورە ببن یارمەتیم بدەن .
ئەوڕەحمان ، لەو کاتەدا خۆزیای دەخواست ، کە ئازاد بوایە .. کە بیتوانیبایارمەتی بدات ... قسەکەی پێ نەبڕی ، بە خەمباریەوە وازی لێهێنا تا حیکایەتەکەی تەواو بکات .
-ئیدی شێوە و ڕوخساری خۆم لەبیر نەما ... ڕەنگ و شێوەی ئەو کەسانەم لەبیر نەما کە دەمناسین و لەگەڵیاندا دەژیام .. ئیدی هیچ شتێکم لەبیر نەما .

ئەوڕەحمان ، زۆر بەزەیی پێدا هاتەوە . بەڕاستی پەرجووی دەویست کە خۆی بگرێت و لە هەمێزی نەگرێت و بە خۆیەوەی نەگوشێت ، ئەوڕەحمان ، بەدەنگێک ، کە کاتێ نورسین گوێی لێبوو ، هەستی کرد ئەوڕەحمان چەندی خۆش دەوێ ، هەستی کرد چەند پەرۆشی ئازارەکانی ئەمە ، گوتی :

-هەر تۆ هەست بەمە ناکەیت .. من لەوەتای چوومەتە ئەم قەڵایە ، وا هەست دەکەم لە زیندانێکی گەورەدام ، خۆزگە دەمتوانییارمەتیت بدەم نورسین ، خۆزیا دەمتوانی خزمەتت بکەم ، نەک یارمەتیت بدەم .

نورسین ، بە گومان و دوو دڵییەوە پرسی :

-تۆ بڵێی ئەم هەستەی تۆ بەرامبەر بەمن تەنیا بەزەیی هاتنەوە نەبێ بەحاڵی مندا ؟

ئەوڕەحمان ، بەدەم بزەیەکەوە کە نورسین نەیبینی ، بەرسڤی دایەوە :

-تۆ بڵێی ، لە پێناوی بەزەییدا ، ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە ؟ تۆ نازانی جارەکەی دی کە لە قەڵا وەدەرکەوتم تا فریای تۆ بکەوم ، چ سزایەکیان دام .

نورسین ، داوای لێکرد بۆی باس بکات . ئیدی باسی ئەو سزایەی کرد کە نەسیم بۆی بڕییەوە ، کە لە قسەکەی بووەوە هەستی کرد کات درەنگە ، ئیدی لە جێی خۆی هەستا و بە شپرزەیی بە نورسینی گوت :

-ئیدی درەنگە ، دەبێ بڕۆم .

نورسین ، بەپەلە و بێ بیرکردنەوە گوتی :

-بۆچی وا زوو دەڕۆیت ؟

ئەوجا وەکو ئەوەی لە قسەکەی خۆی پەشیمان ببێت ، لەسەریڕۆیی :

-مەبەستم ئەوەیە ، ئیستراحەتت نەکرد .

نورسین ، دەیویست بڵێت ، زۆر منەتباری هەڵوێستیەتی . ئەوڕەحمان زۆر خۆشحاڵ بوو ، کە هەستی کرد نورسین حەزدەکات زیاتر لەلای دانیشێت ، بەڵام دەبوایە بڕوات تا دوانەکەوێت و سەلام ئیحراج نەکات ، گوتی :

-ئەگەر بەدەست خۆم بوایە بۆ ساتێکیش بەجێم نەدەهێشتی .. بەڵام وەکو دەزانیت ، من بە دزییەوە هاتووم و نەم هێشتووە کەس بمدینێ .. تەنیا سەلامی هاوڕێم دەزانێت کە بۆ ئێرە هاتووم .. دەبێ بەرلەوەی کەس پێبزانێ بگەڕێمەوە .. فەرموو ئەم کیسە خورمایە ... ئەو دیارییە کە جارەکەی دی وەرت نەگرت .. ئێستا قەبووڵی دەکەیت ؟

بزەیەکی بۆ کرد ، کیسەکەی لێوەرگرت و گوتی :

-سوپاس ئەوڕەحمان .

بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە :
-سوپاسی چی ؟ ئەمە شتێکی سادەیە ، دەبێ من مەمنوونی تۆ بم کە ڕازی دەبی قسەم لەگەڵدا بکەیت و لەگەڵم دانیشیت .
نورسین ، بەدەم زەردەخەنەیەکی شەرمنانەوە گوتی :
-من هەر لەبەر خورماکە سوپاست ناکەم ... بەڵکو لەبەر هەموو شتێک سوپاست دەکەم .
ئەوڕەحمان ، بە ئەشقەوە تەمەشای کرد و یەکسەر تێگەیی مەبەستی لە هەموو شتێک ، چیە .

***

ئەوڕەحمان لە گەڕانەوەدا زۆر خۆشحاڵ بوو ، بەڵام نیگەرانی ئەوەبوو نەبا یەکێک پێی زانیبێ کە لە قەڵا وەدەرکەوتووە .. ڕێگای گەڕانەوە قورستر و دژوارتر بوو ، چونکە ڕوو لە هەوراز بوو .. ڕێگای قەڵاکە بەرز و هەوراز بوو ، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە بە پێچ و دەورە بڕوات تاکەس بەدی نەکات .
گەییە ئەو شوێنەی کە قەرار بوو سەلام چاوەڕوانی بکات ... بە ماوەیەکی کەم بەرلە مەوعیدەکە گەییەوە .. هەستی بە جم و جوڵێک لەلای دەرگاکەوە کرد .. گوێی لە دەنگی سەلام بوو لەنێو قەڵاکەوە .. دوای کەمێک دەنگەکە هێور بووەوە و جم و جوڵەکە نەما ، ئەوسا درزێک کرایە دەرگاکە و سەلام سەری لێوە کێشا .. سەلام نەیدەتوانی بیدینێ ، بەڵام ئەوڕەحمان هەرکە دڵنیابوو سەلامە ، خێرا بەرەو دەرگاکە تەکانی دا و بە ئەسپایی پاڵی نا و وەژوورکەوت .
ئەوڕەحمان هێندەی غار دابوو هانکەهانکی پێکەوتبوو ، سەلام لەترسا هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو .. سەلام چاوی بڕییە سەروسیمای، لەتۆ وایە دەیەوێ دڵنیاببێت کە خۆیەتی ، ئەوجا بە دنیایەک نیگەرانی و شادی و پەشێویەوە گوتی :
-سوپاس بۆ خوا ... زۆر شوکر .. لەوەختی خۆیدا گەڕایتەوە .
ئەوڕەحمان ، بە نیگەرانییەوە لێی پرسی :
-هیچ شتێکڕوویدا ؟
سەلام ، بە دڵنیایی بەرسڤی دایەوە :
-خەمت نەبێ .. ئاغای نەسیم لێی پرسیت .. بەڵام تۆزێ لەمە پێش .. من پاسەوانەکەم نارد تا بزانێ ئاخۆ لە ژوورەکەی خۆتی و گوتم من لێرە دەبم تا دەگەڕێتەوە ... هەڵبەتە پاسەوانەکە لەوێندەر ناتبینێ ، بۆیە باشتر وایە بلەز بڕۆی بۆلای نەسیم تا گومانت لێنەکات .

ئەوڕەحمان دیسان لێی پرسی :
-لەکوێ چاوەڕوانم دەکات ؟
سەلام ، بەزمانێک وەڵامی دایەوە کە ترسی لێدەباری :
-لەماڵی ئیمام .. لەوەدەچێ شتێکی گرینگ لە ئارادا بێت .
ئەوڕەحمان ، هەستی بە نیگەرانی و شڵەژانێکی زۆرکرد ، بۆچی لەماڵی ئیمام چاوەڕوانی دەکات ؟! ڕەنگە ئەمە نیشانەی ئەوەبێ کە ئەرکێکی قورسی پێ بسپێرن .. بەهەشتاو بەرەو ماڵی ئیمامڕۆیی تا ماتەڵ نەبێت .. لەهیچ ئەرکێک ، چەند قورس و مەترسیداریش بێ نەدەترسا ، بەڵام ترسی هەرەگەورەی ئەوەبوو کە لە نورسین دوور بکەوێتەوە .. ئەو نورسینەی ، وێڕای ئەوەی کە خۆی هیچ شتێکی لە دەوروبەری خۆی نەدەبینی ، نۆڕینی ئەوی بۆ ژیان گۆڕی .
ئەوڕەحمان ، بە خۆشحاڵیەوە ، سەلامی دۆستی بەجێهێشت ، دڵنیابوو کە هیچ کەسێک نەی دیتووە .. بەڵام هەستی بە ئەبدەس نەکرد کە لەوەتای لە دەرگەکە وەدەرکەوتبوو چاودێری دەکرد .. ئەمە ئەوڕەحمانی نەدەحوباند ... ڕەنگە ئەمە تەنیابەغیلی بێت ، یا لەوەیە هەمان ڕقی مامۆستاکەی ، واتە ڕۆستەم بێ لە نەسیم و ، کردبێتیە کارێک کە "ئەبدەس" ش ڕقی لە ئەوڕەحمان بێت .
پاش ئەوەی ئەوڕەحمانڕۆیی تا بزانێ نەسیم چی لێدەوێ ، ئەبدەس بە هەڵەداوان چوو بۆ لای مامۆستاکەی تا هەموو شتەکەی بۆ بگێڕێتەوە ، ڕۆستەم ، دوای ئەوەی قوتابیەکەی لە قسەکانی بووەوە ، لێی پرسی :
-تۆ دڵنیایت کە ئەوڕەحمان بوو ؟
ئەبدەس ، بە دڵنیاییەوە بەرسڤی دایەوە :
-بێگومان ئەزبەنی ... قابیلە ئەوڕەحمان نەناسم ؟!
ڕۆستەم ، دەستێکی بە ڕدێنە کورتەکەیدا هێنا ، دەبیرەوە چوو ، ئەوجا بە ئەبدەسی گوت :
-ئەمە جارییەکەمی نییە کە بەبێ پرس لەقەڵا وەدەردەکەوێت ... نەسیم پێشتر لەبەر ئەم دەرچوونە سزای دا ، ڕەنگە ئەمە یەکەمجاری نەبێ کە بە دزییەوە لەقەڵا وەدەردەکەوێ .. ئەمەلای کەس باس مەکە ... بەڵام جاری داهاتوو دەمەوێ بزانم کێوە دەچێت .
لەوکاتەدا ئەوڕەحمان گەییە ماڵی حەسەن سەباح ، لەهەموو ماڵەکانی قەڵاکە موتەوازیع تربوو .. حەسەن سەباح ، زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەو ڕامان دەبردەسەر ، کاتێ دەرگاوانەکە لەبەر دەرگای ماڵەکە دیتی ، ناسییەوە و یەکسەر پێی گوت :
-لە ژوورەوە چاوەڕوانی تۆ دەکەن .

دەرگاوانەکە ، کردیە مەیدانێکی گەورەی بەردەم ئەو ژوورەوە کە حەسەن سەباح تیایدا دادەنیشت و پێی گوت :
-فەرموو دانیشە تا لە هاتنت ئاگاداریان دەکەم .
ئەورەحمان ، دانیشت ، نەفەسێکی تازە کردەوە ، دەرگاوانەکە کەمێک دواکەوت ، پاشان بە پەرداخێکەوە گەڕایەوە کە بڕێک شەربەتی تیابوو ، پێی گوت :
-فەرموو بیخۆرەوە ، ... تۆزێکی دی دەچیتە ژوورەوە .
ئەورەحمان پەرداخەکەی وەرگرت و یەکسەر هەڵیدا .. چونکە بە هەشتاو هاتبوو تینووی بوو .. نەک هەر لە لای دەرگاکەوە ، بەڵکو لە لای نورسینەوە بەغاردان هاتبوو ...
ئەورەحمان دانیشت ، چاوەڕوانی ئەوەبوو یەکێک بانگی بکات کە بچێتە ژوورەوە ، بەڵام کەس لە ژوورەکە نەهاتەدەرێ .. دەرگاوانەکە گەڕایەوە بەردەرگاکە ، هەر تەماشاشی نەدەکرد ... هەستی بە ماندوویەتی دەکرد ، ڕەنگە بەهۆی ئەو کارانەوە بووبێ کە ئەمڕۆ کردبوونی .. بەڵام کاری چی ؟ دەیتوانی زۆر لەوەزیاتر بکات .. بۆچی هەست دەکات سەری قورسە ؟ هەستدەکات خەوی دێت .. ماقووڵ نییە لێرە بخەوێت .. باشە ئەگەر نەسیم بێتەدەرێ و بیبینێ خەوتووە چی دەڵێت .. نەخێر ، نانوێت .. دەبێ چاو نەنوقێنێ .. ویستی هەستێت تا خەو بەسەریدا زاڵ نەبێت ، لێیەکسەر کەوتە سەر ئەرز و چۆیە دنیایەکی دیکەوە .

***

کاتێ ئەورەحمانڕابوو ، سەری قورس بوو .. نەیدەزانی چەند بەوحاڵەوە مابووەوە .. بیری کەوتەوە کە چاوەڕوانی ئەوەبوو ، بچێتە ژوورەوە بۆلای ئیمام ، بەترسەوە دانیشت .. خۆزیای دەخواست کە ئیمام بەو حاڵەوە نەیدی بێت ..
بەڵامڕاوەستە .. خۆلەسەر ئەرز نەنوستووە .. بەڵکو لەسەر جێگایەکی نەرم و نیانە .. خۆ ئەمە ژوورەکەی خۆی نییە .. باشە لە کوێیە ؟
ئەورەحمان لەسەر نوێنە نەرمەکە دانیشت ، بەعەمراتی لەسەر جێگای لەمە نەرمتر دانەنیشتبوو .. لەخێوەتێکدا نوستبوو ، قەدەکانی لە ئاوریشمیڕەخشانی بریقەدار بوو .. بۆنی عەتر و بخورد شوێنەکەی پڕکردبوو .. دەفر و قاپی پڕ لە جۆرەها میوە .. دووکچی گەنج ، لەبەر پێیدا دانیشتبوون کە بە عەمراتی کچی لەوانە جوانتری نەبینی بوو ، جلێکی زۆر تەنک و تیواڵیان لەبەر بوو ..

لە کوێیە ؟ پرسیارێک بوو بەبیریداهات ، هەرگیز ئەم ناز و نیعمەت و جوانیەی نەبینی بوو .. بەتەمای وەلام بوو .. بەلام وێڕای ئەوەش هەر بۆ دلنیایی لەیەکێک لە کچەکانی پرسی ، بەدەنگێکی خۆش و نەرم بەرسڤی دایەوە :

-تۆ لە بەهەشتدایت ئەزبەنی .

ئەوڕەحمان بەسەرسامی ، لێی پرسییەوە :

-چۆن بۆ ئێرە هاتم ؟!

کیژێ بە دەنگێکی ئەفسوناوی ئەوتۆ ، کە ئەقڵ و هۆشی دەبرد ، بەرسڤی دایەوە :

-ئیمام فریشتەکانی خۆی نارد و بۆ ئێرەیان هێنایت .

ئەوڕەحمان ، بە خۆشحاڵیەوەتەمەشای کرد و لەناکاوا لێی پرسی :

-دەی باشە ، دەتوانم دایک و باوکم لە کوێ بدینم ؟

کەنیزەکەکە ، بەسەرسامیتەمەشای کرد ، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد لەبەر ئەمە هاتبێتە بەهەشت ، بەلامیەکسەر و بەشێوەیەک کە گومان نەکات ، پێی گوت :

-ئەم بەهەشتە تایبەتە بە قارەمانانی قەلاکە ... لەوەیە لە شوێنێکی دیکەبن .

ئەوجا بەڕادەیەک لێی نزیک بووەوە کە بۆنی تیژی عەترەکەی دەچوو بە هەر دوو کونە لووتیدا و بەنازەوە گوتی :

-نابێ ، کاتی خۆ بەم قسانەوە بەفیرۆ بدەین .

ئەوڕەحمان ، بە ئەسپایی لە خۆی دوور خستەوە و بەنەرمی پێی گوت :

-دەچم پیاسەیەکی ئەم ناوە دەکەم .

ئەوڕەحمان ، لە خێوەتەکە وەدەرکەوت ، کەنیزەکەکە سەری سوڕمابوو .. لەبەر خێوەتەکەدا وەستا ، ڕوانیە دەوروبەری خۆی .. بەعەمراتی شوێنی وا جوانی نەبینی بوو ! مێرگ و سەوزەزارێکی فراوان .. روبارێن بچووک بچووک ، بێرەوبەوێدا تێدەپەڕی ، هەندێک حۆری و کەنیزەکان مەلەیان تێدا دەکرد ... کەنیزەکەکان لەهەموو شوێنێک خەریکی رەقسین و گەمان بوون ..

ئەوڕەحمان ، لە خێوەتەکە وەدەرکەوت و کەوتە پیاسە بەو دەوروبەرەدا ، دەیڕوانیە شوێنەکە ، تاچاو هەتەر بکات هەر دار و درەخت و مێرگ و سەوزەزار بوو .. ئەو کەنیزەکەی کە لەناوخێوەتەکە قسەی دەگەڵ کردبوو ، لەدوایەوە دەرچوو ... ئەوڕەحمان هەستی پێکرد ، بەسەرسامی لێی پرسی :

-تۆ هیچت لەمن دەوێ ؟

کەنیزەکەکە ، بە ئەدەب و ملکەچیەوە کڕنۆشی برد و بەرسڤی دایەوە :

-من لە خزمەتی تۆدام ئەزبەنی ؟
ئەورەحمان بە هێمنی وەڵامی دایەوە :
-سوپاس ، من هیچم لە تۆ ناوێت .
کەنیزەکەکە بە زمانێکی بەماناوە گوتی :
-من دەتوانم هەرچیەکت بوێ بۆتی بکەم .
ئەورەحمان ، ڕاستگۆیانە بەرسڤی دایەوە :
-بەڵام من هیچم لە تۆ ناوێ ... سوپاس .
ئەمجارە بە ناز و نوزەوە لێی پرسی :
-ئەوەت ناوێ کە هەر پیاوێک لە ژنی دەوێت ؟
ئەورەحمان لە مەبەستی تێگەیی ، بەڵام وای هەست دەکرد ڕەفزکردنی بریندار دەکات ، بۆیە کەوتە خافڵاندنی ... بەڵام ئەمجارە بەرسڤی دایەوە :
-لەوانەیە پیاوان زۆر شتیان لە ژنان بوێت .
کەنیزەکەکە ، بە شێوەیەکی سیکسیانە پێکەنی و گوتی :
-بەڵام من گرینگترین داواکاری پیاوان دەزانم .
ئەورەحمان ، لێی پرسی :
-باشە چوزانی ، ئەوەی تۆ دەیزانیت ، گرینگترین شتەلای هەموو پیاوێک ؟
پێکەنین لەسەر لێوەکانی ئاوا بوو ، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی دەم و زمانی پڕبێت لە ناز و عیشوە ، بەرسڤی دایەوە :
-چونکە ئەوەی من پێشکەشیان دەکەم ، خۆشترین شتە بەلایانەوە .
ئەورەحمان ، بزەیەکی هاتێ ، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی :
-ئەم هەموو دار و درەختەی دەوروبەرمان دەبینی ؟
کەنیزەکەکە ، بە سەرسامی وەڵامی دایەوە :
-بەڵێ ... چیانە ؟
ئەورەحمان بەرسڤی دایەوە :
-هیچیان نییە ، بەڵام ئەگەر برسیت نەبێ فایدەی چیە ؟ بەرەکانیان دەخۆیت ؟
کەنیزەکەکە ، بەرسڤی دایەوە :
-هەڵبەتە نە .
ئەورەحمان ، دیسان لێی پرسی :
-ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە حەز لە میوە ناکەیت ؟

کەنیزەکەکە ، بە نەرێ وەڵامی دایەوە ... ئەورەحمان هەمدیس لێی پرسی :
-ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە میوە بەلەزەت و ئیشتیا بزوێن نییە ؟
کەنیزەکەکە ئەمجارەش بە نەرێ وەڵامی دایەوە ، لە مەبەستەکەی حاڵی بوو ، لە ئەورەحمانی پرسی :
-باشە تۆ ژنداریت ، یا لەدەرەوە ئەوەندەت کەنیزەک هەن کە تێریان کردبیت ؟
ئەورەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-نەخێر ... هەموو ئەو هاوتەمەنانەی من کە لە قەڵاکەدان ، تامی ژنیان نەکردووە و زۆربەیانساڵەهایە کە ژنیان نەدیتووە .
کەنیزەکەکە ، دیسان لێی پرسی :
-ئەدی بۆچی وا هەست دەکەیت پێویستت بە ژنان نییە ؟
ئەورەحمان ، وەڵامی دایەوە :
-چونکە دڵم بە یەکێکەوەیە لەدەرەوەیە .
ئەورەحمان ، نەیزانی ئەو نیگایەی لە چاوانی کەنیزەکەکەدا بەدی کرد ، نیگای سۆزەیا هی بەزەیی ... هی خەمە یا هی غیرە ... کەنیزەکەکە پێی گوت :
-تۆ لە بەهەشتدایت ! کەنیزەکێکی زۆرت لەبەردەمە ... بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە .. ئەسمەر نا زەری ، گوشتن نا باریک .. بەکەیفی خۆت هەڵبژێرە ... هەر هەموومان لێرە لە خزمەتوداین ..ئەوەی لە دەرەوەیە ، لە هەموومان جوانترە ؟!
ئەورەحمان بەدەم بزە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە ، چونکە وێنەی نورسین ، ڕێک لەم کاتەدا کە باسی دەکرد ، هاتە بەرچاوی :
-لە چاوی منەوە بەڵێ .. ئاشق، جوانی تەنیا لە ماشووقەکەیدا دەبینێ .. هیچ عەیبێکی تیا نابینێ ، خۆ ئەگەر عەیبێکیشی تیا ببینێ ، هەر خۆشی دەوێ ، عەیبەکەشی لێدەبێ بە جوانی .
کەنیزەکەکە چاوی بڕییە ئەرزەکە و هیچی نەگوت .. بۆیەکەمجار هەستی کرد ، کاڵایەکی ستۆکە ...
ئەورەحمان ، بەزەیی پێیدا هاتەوە و لێی پرسی :
-تۆ کوێندەریت ؟ و من لە کوێم ؟
کەنیزەکەکە ، بە نیگەرانی وەڵامی دایەوە و گوتی :
-تۆلە بەهەشتدایت .
ئەورەحمان ، بە نائومێدییەوە گوتی :

-من وام وێنادەکرد ، پیاو لە بەهەشتدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات ، بەڵام من لێرەدا ، وێڕای جوانی و ئەفسوونی شوێنەکە هەست بە ئاسوودەیی ناکەم .
کەنیزەکەکە پەشۆکا و گوتی :
-دەیسا وەرە شتێک بخۆ .. تۆ لە مێژە هیچت نەخواردووە .
ئەوڕەحمان هەستی بە برسێتی دەکرد ، دوای کەنیزەکەکە کەوت بۆ خێوەتەکە ، کەمێک لە سەر جێگاکەی دانیشت تا خواردنی بۆهات .. جۆرەها قاپی پڕ لە خۆراکی جۆراوجۆر هات ...
ئەوڕەحمان کەمێکی خوارد و دیسان خەوی پێیاکەوت ...
ئەو کەنیزەکەی کە قسەی دەگەڵیدا دەکرد بە دیاریەوە وەستا ، کەنیزەکێکی دیکەش هاتە لایەوە و لێی پرسی :
-کێشەی ئەم گەنجە چیە ؟
ئەو کەنیزەکەی کە قسەی دەگەڵ ئەوڕەحماندا دەکرد ، بەرسڤی دایەوە :
-سەیرە .. دەبێ نەسیم ئاگادار بکەینەوە .
ئەوجا ، عەبایەکی ئەستووری بەسەر جلە تەنکەکانی خۆیدا لەبەر کرد و لەسەرریڕۆیی :
-پێموایە ئەم کوڕە جارێکی دی نایەتە ئێرە .
ئیدی چاوی بڕییە ئەوڕەحمان کە لە پرخەی خەوێکی قووڵدابوو ... بەسەرسامی و دڵبەندیەوەتەمەشای دەکرد .

***

کەنیزەکەکە ، لە دەرگایەکی چکۆلەی تەنگەوە کە دەچووەسەر دالانێکی درێژ و کۆمەڵێک پاسەوانی لێبوون ، دەرچوو ، پاسەوانەکان یەکسەر ناسیانەوە و بەڕێزەوە سەریان بۆ لەقاند .
هەمان کەنیزەکی کە ئەوڕەحمان قسەی بۆکرد ... بەدالانە درێژەکەداڕۆیی تا گەییە کۆتایی .. لە کۆتایی دالانەکەدا ، شوێنێکی گەورە هەبوو ، کە حەوزێکی ئاو لە ناوەندیدا هەبوو ، بەچواردەوریا کورسی دانرابوو .. ئەم شوێنە ، لە هەموو شوێنەکانی دیکەی قەلاکە جیاوازبوو ، جۆرێک دەست گرتنەوە و زوهدیڕواڵەتی تیابوو .. کەنیزەکەکە بە گورجیڕێی دەکرد ، دەنگی پاژنەی پێڵاوەکانی لەسەر ئەرزە سەڵبەند کراوەکە ، بەباشی دەبیسترا و دەگەڵ زرینگەی پاوێنەکانی پێیدا تێکەڵ دەبوو .
لەپشت زەلامێکەوە ، کە لە پەنجەرەی سووچێکەوەتەمەشای دەکرد و لەوە دەچوو ئاگای لە خۆ نەبێ ، کڕنۆشی برد و سەری نایە ئەرزەکە ، بۆیە کابرا هەستی بە هاتنی نەکرد ، کەنیزەکەکە بە ڕێزەوە گوتی :

-هاتم ئەزبەنی .

پیاوەکە ئاوڕی دایەوە ، نەسیم بوو کە لە ئاسایشگەکەی خۆیدا و دوور لە چاوی شاگرد و قوتابیەکانی ئیستراحەتی دەکرد .. بە گومانەوە پرسیاری لە کەنیزەکەکە کرد :

-وا زوو لێی بوویتەوە ؟

کەنیزەکەکە ، دەیویست بۆ وەڵامێکی لەبار بگەڕێت کە وەسفی ئەوڕەحمانی بۆ بکات ، بەدەمەلاڵکێوە گوتی :

-بەتەواوی نا ئەزبەنی ، بەڵام شتێکی سەیر لە گەڵیاڕوویدا .

نەسیم ، بە بێزاریەوەتەمەشای کرد و گوتی :

-بڵێ گوێم لێتە .

کەنیزەکەکە ، بە دووردورێژی ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە لەگەڵ ئەوڕەحماندارووی دابوو .. سەر وسیمای نەسیم بەرەبەرە گۆڕا ... کە کەنیزەکەکە لێبووەوە نیگەرانی بە زەقی بە سیمای نەسیمەوە دەرکەوت ، بە نیگەرانی و سەرسامیەوە لە کەنیزەکەکەی پرسی :

-باشە پێت وایە ، حەقیقەتی شوێنەکەی زانی بێ ؟

کەنیزەکەکە ، بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە :

-باوەڕ ناکەم ... بەڵام قەناعەتیشی نییە ... پێدەچێت ، کچێکی زۆر خۆش بوێت .

نەسیم ، جارێکی دی لێی پرسی :

-ئەو کچە کێیە ؟ لە کوێ دیتویەتی ، بۆتی باس نەکرد ؟

کەنیزەکەکە سەری بادا کە نە ،،نەسیم پرسی :

-باشە ئێستا لە کوێیە ؟

کەنیزەکەکە وەڵامی دایەوە :

- مەستە و ، دەیبەن بۆ ماڵی ئیمام .

نەسیم وەکو ئەوەی قسە بۆخۆی بکات گوتی :

-ئەگەر ئیمام بەم مەسەلەیە بزانێ ، داوای لێدەکات ، بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی بسەلمێنێ دەبێ لە دیواری قەڵاکەوە بازبداتە خوارەوە . پێویستە ئەوڕەحمان تێبگەیەنم کە یەکسەر ئەو ئەرکە قەبووڵ بکات .

نەسیم بەهەشتاو وەدەرکەوت و بە کەنیزەکەکەی گوت :

-تۆ ئێستا بگەڕێوە .. ئەم مەسەلەیەی ئەوڕەحمان لای کەس باس نەکەی ... ئەگەر پێویستم پێت بوو دەنێرم بە شوێنتدا .

نەسیم ، بە هەڵەداوان ، بەنێو دالان و ڕاڕەوەکانی قەڵاکە کەوت ، لەو شوێنانەی کە تەنیا خەڵکانی تایبەتی بۆیان هەبوو بچنە ناوی .. گەییە دەرگایەکی دی ، وەکو ئەو دەرگایەی کە کەنیزەکەکە لێوەی هاتبووە ژوورەوە .. بەڵام بە توندی پاسەوانی دەکرا .. نەسیم لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت ، کۆمەڵێک پاسەوان ، هەرکەدیتیانیەکسەر لەبەری هەستان ، بەڵام ئەو هەر ئاوڕیشی لێنەدانەوە ... دوای ئەوە بە شوێنێکی دۆڵ ئاسادا کەوتەڕێ ، لە دەرگایەکی دیکەوە دەرچوو ، گەییە دالانێکی دوور ودرێژ و کۆمەڵێکپاسەوان ، لەوان تێپەڕی ، تا گەییە شوێنە ئاوا و ئاوەدانەکەی قەڵاکە ... نەسیم بەودەقەوە ڕۆیی تا گەییە ماڵی حەسەن سەباح . بینی دەرگاوانەکە لە ژوورەوە وەدەرکەوت ، یەکسەر لێی پرسی :

-ئەوڕەحمان گەیی ؟

دەرگاوانەکە سەرێکی لەقاند کە بەڵێ .. نەسیم بە پەرۆشەوە لێی پرسی :

-ئیمامی بینی ؟

دەرگاوانەکە بەرسڤی دایەوە :

-نەخێر .. ئیمام تا ئێستا نەی بینیوە .

نەسیم وەژوورکەوت ، بینی ئەوڕەحمان ، هەرچەندە جوڵەجوڵی پێکەوتبوو ، هێشتا نوستووە . نەسیم بەلایەوە دانیشت ، چاوەڕوانی دەکرد ، خەبەری ببێتەوە .. نەسیم ئەوڕەحمانی بە باشترین شاگرد و قوتابی خۆی دەزانی ... بە باشترین پەروەردەی خۆیدەزانی ... بەهێزترین و چالاکترین ، زیرەکترین و زیتەڵ ترین شاگردی بوو .. بەڵام ئایا وەفادارترین و گوێڕایەڵترین شاگرد دەبوو ؟ لەمە نیگەران و دوودڵ بوو ... ئەم گەنجە کەسێکی بەرزەفڕ بوو ، دڵی بۆ شتێکی دوورتر لێی دەدا .. شتێک کە نەسیم بەدرێژایی ئەم ساڵانە بۆی هەڵنەهات و پەی پێ نەبرد ، ڕەنگە لە ئەوڕەحمان خۆیشی ، مەعلووم نەبێ ... ئەوڕەحمان ، کەوتە گینگڵ دان و خەریک بوو بێدار دەبووەوە ، نەسیم ، بەوردیتەمەشای دەکرد ، بەشێوەیەکی کاتی ئەو هزر و بیرانەی کە تیایا غەرق بوو ، وەلانا . ئەوڕەحمان چاوی کردنەوە ، خۆی لە هەمان شوێندا بینییەوە کە پێش ئەوەی بۆ بەهەشت بگوازرێتەوە ، لێی نوستبوو .. لەسەر ئەرزەکە دانیشت ، سەیری کرد نەسیم لەلایەوە دانیشتووە ، بە شادیەوە گوتی :

-ئاغای نەسیم ... حاڵت چۆنە ؟

نەسیم ، بە نیگەرانیەوە ، وەڵامی دایەوە :

-باشم ... ئەدی تۆ چۆنی ؟ بێگومان بەهەشتت پێخۆش بوو .

ئەوڕەحمان ، بە نائومێدیەوە بەرسڤی دایەوە :

-هەڵبەتە شوێنێکی جوانە ... بەڵام شتێکی نوقسانە .

نەسیمیەکسەر لێی پرسی :
-ئەوشتە چیە ؟
ئەورەحمان نەیدەتوانی بڵێ نورسینە ، بۆیە وەڵامی نەدایەوە .. نەسیم لەسەریڕۆیی و تێگەیی کە قوتابیەکەی نایەوێ قسەبکات :
-ئیمام داوای شتێکت لێدەکات ، ئەرکێکت پێ دەسپێرێت .. یەکسەر قەبووڵی بکە .
نەسیم ، دەترسا ، ئەورەحمان وەکو قوتابیەکی ناکام دەربکەوێ ، چونکە ئەمە لەدوا ئەنجامدا کاری لەویش دەکرد .. هەرچیەک بێ ئەورەحمان قوتابی ئەوبوو ، ناکامییایاخیبوونی ئەو ، لەدوا ئەنجامدا لەسەر ئەو دەکەوت ... ئەورەحمان ، بەدڵ بەرسڤی دایەوە :
-ئەرکێک ئیمام بە منی بسپێرێ ، بۆمن شەرەفە ، ئەگەر مردنی خۆمیشی تیابێ گوێم لێنییە .
نەسیم ، بە وەڵامەکەی ئەورەحمان ئاسوودە بوو .. دوای ماوەیەکی کەم دەرگاوانەکە هات و پێی گوتن کە ئیمام چاوەڕوانیانە ...
ئەمە جارییەکەم بوو کە ئەورەحمان ئیمامی دەبینی .. پیاوێکی بەسام و هەیبەتی ، بە ویقار و نیگا تیژ و سیحراوی بوو ، زۆرتەمەشای بەرانبەرەکەی و ئەو کەسە ناکات کە قسەی بۆدەکات . بە دەنگێکی نەرم و خۆش گوتی :
-ئیمامی مزگەوتی گەورەی ئەسفەهان ، ئیش وکاری بووە بەوەی خەڵکیمان لێ هانبدات و بیروباوەڕەکەمان لەقاو بدات .. شەو و ڕۆژ گاڵتە بە هەموو بیروباوەڕ و ڕێورەسمێکمان دەکات .. تەنانەت ئەوانەشمان لێ هەڵدەگەڕێنێتەوە کە هاتوونەتە سەر ئاینی ئێمە ... چی لێبکەین ؟
نەسیم ، یەکسەر بەرسڤی دایەوە :
-جەنابی ئیمام دەبێ لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە .
حەسەن سەباح ، گوتی :
-باشە کەسێکی وا هەیە بتوانێ لە کۆڵمانی بکاتەوە ؟
ئەورەحمان ، یەکسەر دەستی خستەسەر سینگی خۆی کە ئامادەیە ، حەسەن سەباح خەنجەرێکی دایە و پێی گوت :
-دەی ئەورەحمان بتبیتم ... بیکوژە و ئەو خەڵکە لەشەڕیرزگاربکە ... ئەگەر کوژرایت ، فریشتەکانم دەنێرم ، بتخەنەوە ئەو بەهەشتەی کە تیایدا بوویت .

ئەوڕەحمان ، بزەیەکی کاڵی بۆ کرد ، خەنجەرەکەی وەرگرت و خستیە توێی جلەکانیەوە ، ئەوجا کڕنۆشی بۆ ئیمام برد ولەگەڵ نەسیمدا وەدەرکەوت ... ئەوڕەحمان دەیویست جگە لەو بەهەشتەی کە تیایدابوو ، داوای شتێکی دیکە بکات ، بەڵام زاتی نەکرد .

***

ئەوڕەحمان لەگەڵ نەسیمدا وەدەرکەوت ، تالەسەر نەخشەی کوشتنی ئیمامی مزگەوتی گەورە "عەلەمەدین" باش مەلای ئەسفەهان ، ڕێکبکەون ... نەسیم پێی گوت :

-تۆدەبێ جل و بەرگی فەقیاتی و فێرخوازی ، خەڵکی شاری سافا لەبەر بکەیت و بەو شێوەیە خۆت حەشار بدەیت .. من بۆیە ئەم شارەم هەڵبژارد چونکە تۆ خەڵکی ئەوێی و داب و نەریتیان ، زۆر لە داب و نەریتی ئێرەی ئێمە جیاواز نیە ، بەڵام ئەوەی باشە کە سەروسیمات نزیکە لەسەر و سیمای خەڵکیسافاوە ، جا ئەو پیاوە کەسێکی زۆر سەرناسە و هەر بە سیماتدا دەزانێ خەڵکی کوێیت ، ڕەنگە ناچاربیت قسەی دەگەڵ بکەیتیان لێی نزیک ببیتەوە تا بتوانی زەفەری پێبەریت و لەناوی ببەیت ، جا عەلەمەدین ، بەدرێژاییڕۆژ لە ناو قوتابیەکانیدایە و هەرگیز دەوری چۆڵ ناکەن .

ئەوڕەحمان ، لە ئەرکەکە نەدەترسا ، هەرگوێشی لێنەبوو،کوڕ هەیە عەلەمەدینی لەدەست دەرباز بکات ؟ تەنانەت قوتابیەکانی دەوریشی .. ئەمانە فەقێ و تەڵەبەن ، دوورن لەهەر ئەزموونێکی شەڕ و تەنانەت داکۆکی لە خۆشیان ... بۆیە کارەکەی بەلاوە ئاسان بوو ، بەڵام دەبێ وریابێ ، کاتی گونجاو هەڵبژێرێت ، خەڵکی لە دەور خڕ نەبنەوەو نەتوانێ هەڵێت .. زۆربەی ئەو بەنگکێشانەی کوژراون ، لە سۆنگەی ئەو خەمساردیەوە کوژراون .

ئەوڕەحمان عەمەلیەکەی بەلاوە گرینگ نەبوو ، زیاتر بیری لە دوای ئەرکەکە دەکردەوە ، کە ئەگەر سەرکەوت چی بەدوادا دێت ... ئەوڕەحمان بە پارێزەوە لە مامۆستاکەی پرسی :

-باشە قوربان ، ئەگەر کارەکەم بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا و پاشان جگە لە بەهەشت و چوونە بەهەشت داوای شتێکی دیکە بکەم دەبێ ؟

نەسیم دەیزانی چی دەوێت ، بەڵام وای بەباش زانی خۆی لە گێلی بدات و گوتی :

-باشە هیچ شتێک لەبەهەشت باشتر هەیە ؟

ئەوڕەحمان ، سەری بادا کە نەخێر و گوتی :

-هەڵبەتە نەخێر ، بەڵام من شتێکی دیکەم دەوێ ...

نەسیم ، چاوەکانی چکۆلە کردنەوە و گوتی :

-ئەو شتە چیە ؟

ئەوڕەحمان ، بە پارێزەوە گوتی :

-کچێک دەناسم ، دەمەوێ بیخوازم .
نەسیم ، لەم داوایە دەترسا ، حەشاش " بەنگکێش" نابێ خێزانی هەبێت و خەمی خێزانی ببێ و ئەمە بکاتە کارێک کە بەدوودڵیەوە بەرەوپیری مەرگ بڕوات ، بۆیە نابێ هیچیەکێک لەوانەی بۆ ئەو کارانەی دەڕۆن ، ژن بهێنن .. نەسیم بەسەرسامیەکیڕاستەقینە لێی پرسی :
-باشە ئەو کیژە ، لەو ژنانە جوانترە کە لە بەهشتدا دیتن ؟
ئەورەحمان ، بێ بیرکردنەوە و دوودڵی بەرسڤی دایەوە :
-قوربان مەسەلەکە پەیوەندی چاوی خەڵکییەوە نییە ، لەچاوی منەوە جوانترە . لەچاوی مەجنونەوە بڕوانە لەیلا .
نەسیم ، نەیویست لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕوات ، هەڵبەتە ئامادە نەبوو ئێستا ئەو داوایەی رەفز بکات ، تا لەو کارە سارد نەبێتەوە کە بۆی دەچوو ، جا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو چەلەحانێە بێنێ ، پێی گوت :
-باشە ، کاتێ کە گەڕایتەوە ، قسە لەم مەسەلەیە دەکەین .
ئەورەحمان ، سەرپڕەزامەندی بۆ لەقاند و گوتی :
-باشە ، بەڵام داوایەکی دیکەشم هەیە .
نەسیم ، ئەمجارە بە بێزارییەوە لێی پرسی :
-داواکەت چیە ؟
ئەورەحمان ، بە نیمچە پاڕانەوەیەک گوتی :
-دەمەوێ بەرلەوەی بڕۆم بۆ ئەسفەهان بچم بۆلای خورشید وخواحافیزی و گەردن ئازایی لەگەڵ بکەم ، کێ دەڵێ دیدار بە قیامەت نابین .
نەسیم ، نیگایەکی کەمێک وێڵی کرد و ئەوسا پێکەنی و بە تەوسەوە گوتی :
-تۆ وام لێدەکەی وا هەست بکەم کە دەچیت بۆ حەج !
ئەورحمان ، بەدەم بزەیەکەوە زیرەکانە وەڵامی دایەوە :
-چوونە حەج عیبادەتە و کوشتنی ئەو پیاوەش عیبادەتە .
بزەکەی سەر ڕوخساری نەسیم لە ناکاوا ئاوابوو ، جدیەت بەسەر ڕوخساریدا زاڵ بوو و گوتی :
-دەی باشە ، سبەینێ بڕۆ بۆ دیدەنی ، بەرلە سەفەرەکەت هەندێک کەل و پەلی لێبکڕە .. بەڵام بەکەس نەڵێی سەفەرت بەدەستەوەیە ... حاڵی بوویت ؟ هیچ کەسێک .
ئەورەحمان ، دڵی خۆش بوو ، بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە .. هەر بە ڕاستی دەیویست خواحافیزی لە خورشید بکات ، بەڵام زیاتر بیری لای نورسین بوو ...

دەبێ بەرلە سەفەرەکەی بیدینێ .

***

ئەورەحمان ، بۆ بەیانییەکەی چوو بۆ لای سەلام تاوەکو هەمیشە لەگەڵ خۆیدا بۆ دوکانەکەی خورشیدی ببات ، ئەورەحمان ئەمجارەیان بە دڵنیاییەوە و بە ئاشکرا وەدەرکەوت ، وەکو جاری پێشوو بە دزییەوە وەدەرنەکەوت .

ئەورەحمان ، بۆ سەلامی دەگێڕایەوە کە چی لەبەهەشت دیتوە ، هەردووکیان خۆیان بەسەر ئەسپەکانیاندا دابوو،بە خاوی دەڕۆییشتن ، هەروەها خەبەری دایە کە بە تەمایە کە ئەگەر بە سەلامەتی گەڕایەوە ، وەکو پاداشتێک بۆ ئەم ، داوای زەماوەند لە نورسین دەکات ، سەلام هەرکە گوێی لەم قسەیە بوو ، بەواقی وڕەوە دەستی دان بەیەکدا و بەسەرسامی ، بێئەوەی لەمەبەستی هاوڕێکەی بگات گوتی :

-دەچیتە بەهەشت و دوایی دەگەڕێیتەوە تا خوازبینی بکەی ، ئەورەحمان تۆ لەبەهەشت بووی !

ئەورەحمان ، بەدەنگێکی خەمین بەرسڤی دایەوە :

-سەلام ، ئەم بەهەشتە ... نورسین بەهەشتە .. من بەهەشت لەچاوی ئەودا دەبینم ، خۆشەویستی ئەو بۆمن بەخشش و نیعمەتی خوایە .

سەلام ، نەیدەزانی چی بڵێت ، زۆر خەمی بوو ، بەبێزاریەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە نیگەرانییەوە پێی گەت :

-دەبینم زۆر کوشتەی ئەم ئەشقەی ئەورەحمان !

ئەورەحمان بە ڕەزامەندییەوە بەرسڤی دایەوە :

-من کوژراوی دووریەکەیم .

ئەوجا لەناکاوا بە جۆش و خرۆشەوە لەسەریرۆیی :

-با تۆزێ خێرا بڕۆین و لەوەی پتر کاتەکەمان بەفیڕۆ نەدەین .

دەیویست زۆرترین کات بەلای نورسینەوە بەسەر بەرێت .نورسین وەکو هەمیشە زوو گەیی بووە جێ سەگەکەی"فەریح" بەدەوریا دەسوڕایەوە و گەمەی دەکرد ، کە چاوی بە ئەورەحمان کەوت بە غاردان بەرەوپیری چوو ، فەریح بەتەمابوو وەکو جاری پێشوو خواردنی بداتێ ، هەروەهاش دەرچوو .

نورسین ، هەستی بە هاتنی کرد ، بەپیری دەنگی پێیەکانیەوە چوو و بزەیەکی بۆ کرد ، ئەورەحمان لەئەسپەکەی دابەزی ، بەڵام سەلام هەربەسەر ئەسپەکەیەوە بە چاوەڕوانی مایەوە و پێی گوت :

-ئەوڕەحمان ماتەڵ نەبی .. زۆر کارمان بەدەستەوەیەکە بەر لە سەفەرەکەت بیکەین .
ئەوڕەحمان سەرێکی بۆ لەقاند و بەلەز چوو بۆلای نورسین .. ئەوڕەحمان حەزیدەکرد بیدینێ ، نەک هەر لەبەر ئەوەی بیری دەکرد ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئاگاداری بکاتەوە کە سەفەرێکی لەبەرە و ماوەیەک لێی دادەبڕێت تا نیگەران نەبێت و هیچگومانێکی خراپی لێنەکات ، کاتێ کە خەبەری دایە ماوەیەک دوور دەکەوێتەوە و ناتوانێ لە ڕۆژانی ئایندەدا ببینێ ، سیمایڕۆشنی گرژ و تاری بوو .. ئەوڕەحمان ، هۆی پەست بوونەکەی لێپرسی .
نورسین بەرسڤی دایەوە :
-ئەگەر باوەڕت وایە پەلەت کردووە لەوەی کە پێت گوتم ، هیچ نیگەران مەبە ، دەکرێت ..
ئەوڕەحمان بلەز قسەکەی پێبڕی :
-جارێکی دی ئەم قسەیە مەکە .. بۆیە پێمگوتی تا گومانت نەکەوێتە دڵ .
بێدەنگ بوو، نەفەسی تازە کردەوە و لەسەریڕۆیی :
-بە ئەرکێکیان راسپاردووم .
ترس لە نورسین نیشت ، وەکو بیەوێ بیگرێت ، دەستی درێژ کرد ، بەڵام زوو دەستی گێڕایەوە .. باسی ئەو تیرۆروڕەشکوژیانەی ژنەوتبوو کە ئەمانە دەیانکرد ، گەلێک لە بەنگکێشەکان ، لەم کارەدا تیاچووبوون ، بۆیە بەترسەوە گوتی :
-مەڕۆ ئەوڕەحمان .. مەڕۆ ..
ئەوڕەحمان کە بینی ئەوەندە پەرۆشی ئەمە ، زۆری پێخۆش بوو ، ئەوجا بە شێوەیەک کە شەرمەزاری کرد ، گوتی :
-نورسین بەو ڕادەیە پەرۆشی منیت ؟
نورسین ، بە نیمچە گریانێکەوە ، بەرسڤی دایەوە :
-چۆن پەرۆشت نەبم ئەوڕەحمان ، لەکاتێکدا بوویت بە گرینگترین شتی ژیانم ؟!
ئەوڕەحمان ، هەستی بە خۆشەویستی و لە هەمان کاتدا شادی کرد ، وای هەستکرد کچێکی منداڵی ئەمە و ، هێندە هۆگریەتی کە نایەوێت بڕوات و لێی دوور بکەوێتەوە .. هەوڵیدا قەناعەتی پێبێنێ ، گوتی :
-یەکەم : ناتوانم ، ئەرکێکڕەفزبکەم کە ئیمام حەسەن سەباح داوای لێکردووم ... دووەم : شتێکی گرینگتر هەیە کە وای لێکردووم ئەم ئەرکە قەبووڵ بکەم .
ئەوجا بێدەنگ بوو ، چاوەڕوانی ئەوە بوو بهاڕوژێت و پرسیاری ئەو شتەی لێبکات ، بەڵام پرسیاری نەکرد ، چونکە بە خەمی ئەمەوە مژوول بوو ، بۆیە ئەوڕەحمان ، بەسەرسامی لێی پرسی :

-ناتەوێ بزانی ئەو شتە چیە ؟
بەخەمینییەوە بەرسڤی دایەوە :
-جگە لە سەلامەتیت هیچی ترم ناوێ .
ئەوڕەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-بەڵام من دەمەوێ تا ماوم لەگەڵ تۆدابم ، ئەگەر گەڕامەوە ، داوا لە ئاغام دەکەم ، کە ڕێگەم بدات تۆ بخوازم .
گۆناکانی لەشەرما سوور هەڵگەڕان ، بە کەشم و نەشمەوە گوتی :
-جاکێ دەڵێ من ڕازی دەبم ؟
ئەوڕەحمان بە پێکەنینەوە گوتی :
-دڵم پێی گوتوم .. من بەرلەسەفەرەکەم تەنیایەک شتم لە تۆ دەوێت .
-ئەو شتە چیە ؟
-دەمەوێ بەرلەسەفەرەکەم ، یەک جار تەنیایەک جار بڵێی خۆشم دەوێی .
دەم و چاوی لەشەرما سوورهەڵگەڕا و لەبن لێوانەوە کەوتە ورتە ورت ، بەڵام لەناکاوا گوێیان لەدەنگێکی بەرز بوو کە ئەوڕەحمانی بانگ دەکرد .. سەلام بوو کە لە چاوەڕوانی بێزاربوو و بانگی لێکرد :
-ئەوڕەحمان با بڕۆین ، خۆتا ئێوارێ لێرە نابین ؟
نورسین هێور بووەوە . ئەوڕەحمان بەپەستی وەڵامی دایەوە :
-باشە سەلام ، واهاتم .
ئەوجاتەمەشایەکی نورسینی کرد و بەرلەوەی بڕوات گوتی :
-بەهیوای دیدار خۆشەویستەکەم .
نورسین ، بزەیەکی بێگەردی بۆ کرد و هیچی نەگوت ، بەڵام کاتێ ئەوڕەحمانڕۆیی ، لەبن لێوانەوە و بەدەنگێکی نزم کە هەر خۆی گوێی لێبوو گوتی :
-بەهیوای دیدار خۆشەویستم .. وەکو هەمیشە لێرە چاوەڕوانت دەکەم .
***

خورشید وەکو جارەکانی دی بەگەرمی پێشوازی لە ئەوڕەحمان کرد و شاگردەکەی نارد تا لەماڵەوە خواردنیان بۆ بێنێ ، هەرچەندە ئەوڕەحمانڕازی نەبوو .. ئەوڕەحمان و سەلام لەگەڵیا دانیشتن ، تا بۆ دواجار لەسەر شتەکان لەگەڵیاڕێکبکەون تا منداڵەکە دەگەڕێتەوە ... سەلامیش ، ئاخیرجارکەیارمەتی خورشیدی دەدا لە کۆکردنەوە و داگرتنی شتەکاندا ، بەتەواوەتی شارەزای ناو دوکانەکە بوو ، ئەوجارەیدیکە ئەوڕەحمان بیری چووبوو هەواڵی

زەهرەی کچی بپرسێت ، بۆیە دەیویست سڵاوی لێبکات و بەرلەسەفەرەکەی لە زەهرە بپرسێت ... خورشید پێی گوت :

-هەندێجار کەمێک باش دەبێت ، بەڵام زۆربەی کات خراپ و بێتاقەتە .

ئەورەحمان بەسەرسامی پرسی :

-باشە چۆن پزیشکانی ئەم دەڤەرە نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن ؟ شتێکی سەیرە ... هۆیەکەی ئەوەیە کە نان ناخوات ؟

-تەنیا ئەوە نییە .. کە شتێکیش بخوات ، زۆرجار هەڵی دێنێتەوە ... ڕەنگە ئەگەر خواردنەکە لە گەدەیدا بمێنێ ، باش ببێت ...

ئەورەحمان ، ئاهێکی کەسەرداری هەڵکێشا و گوتی :

-خوا شفای بۆ بنێرێت .

خورشید ، بەکەسەرەوە وەڵامی دایەوە :

-خوا لەزارت بنورێ .. جگە لە دوعا هیچی ترمان لەدەست نایەت .

ئەورەحمان و سەلام ، شتەکانیان بارکرد ، کاتێ کە گەڕانەوە ، نورسین کە دێرکەوتبوو ، خۆی بۆڕۆیشتن ئامادە دەکرد ، ئەورەحمان نەیتوانی زۆرڕاییبگرێت ..

ئەورەحمان ، خۆی بە قەڵادا کرد .. ئەوشەوە لەوێ نەدەمایەوە، دوای تۆزێکی دی بەدزییەوە دەرۆیی ، جلیرەشی شەوی لەبەردەکرد و دەرۆیی تاکەس نەیبینێ ...

دوای تۆزێک ، گەنجێکی کەتەی زەلام ، لەهەمان دەرگاوە وەژوورکەوت کە ئەورەحمان تۆزێ لەوەپێش لێوەی وەژوورکەوتبوو ... هەڵبەتە کەس نەیدەزانی کە ئەو گەنجە بۆیە هاتبوو تا تاقیب و چاودێری ئەورەحمان بکات .. کەس نەیدەزانی کە ئەبدەس ئەورەحمانی بینی بوو کە دەگەڵ نورسیندا دانیشتبوو ..

بەڵام دوای تۆزێکی دیرۆستەمی مامۆستای لەهەموو ئەو شتە ئاگادار دەکاتەوە کە دیتبو

## بەرەوئەسفەهان

لەشەوا ... کاتێ ئاشقان خەویان دەزڕێ و، دادەنیشنو بیر لە مەحبوبەکانیان دەکەنەوە ... کاتێ خواپەرستان لەبەردەم خودای خۆیاندا دەوەستن و عیبادەت دەکەن و دەپاڕێنەوە ، کاتێ خەڵکی زەحمەتکێشی ماندووی کاریرۆژانە دەخەون ، کاتێ پیاوکوژان تاقیبی نێچیرەکانیان دەکەن ...

ئەورەحمان ، شەوێ بە نهێنی وەدەرکەوت ، تا هیچ کەسێکی خەڵکی گوندەکە ، ئەگەر بە ڕێکەوتیش بووە ، نەی بینێ ... وەرزی زستان بوو ، زستانی ئەو دەڤەرەش تۆف و کرێوە و سەرما وسۆڵە وبەفرە ، بەتایبەتی ناوچەی قەڵاکە کە کەوتبووە بەرزییەوە .

پاسەوانەکان ، دەرگای قەڵاکەیان بۆ کردەوە و سەلام هاتبوو بۆ بەڕێکردنی .. سەلام ، لەبەر دەرگا کراوەکەی قەڵاکەدا وەستا و تا لەچاو ون بوو ، هەر دەستی بۆ هەڵدەبڕی .. ئەوڕەحمان بە سواری ئەسپەکەی وەدەرکەوت ، بازەکەی ( ڕەیان ) لەبەردەم خۆیدا دانابوو ، لەگەڵ خۆیدا بردبووی ، تا لەڕێگاداڕاوی پێبکات ... ئەوڕەحمان نەیدەویست ئازووقەی زۆر لەگەڵ خۆیدا بەرێت تا باری ئەسپەکەی قورس نەکات .. بەتایبەتی کە دنیا سارد بوو و ڕێگای ئەسفەهان سەخت و چۆڵ و بێ ئاوەدانی بوو .

ئەوڕەحمان ، بەشەو ڕێی دەکرد ، باکی لە تاریکی و دز و ڕێگران نەبوو .. باوکی خۆی بیرکەوتەوە کە ڕێگرێک کوشتی .. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئێستا تووشی بکوژەکەی بابی ببێت .. خۆ ئەگەر توشیشی ببێت نایناسێتەوە !

بەڕۆژەوە ، بەکۆمەکیڕەیان هەرشتێکی کە بەکەڵکی خواردن بهاتبایە ، ڕاوی دەکرد و خۆی بە ئەسپەکەوە بە ئەشکەوتێکدا دەکرد و ئەو نێچیرەی کە بازەکەیڕاوی کردبوو ، پاک دەکرد ، هەندێکی لێدەدا بەبازەکە و ئەوی دیکەی دەبرژاند .

ئیدی بەم حاڵەوە مایەوە تا گەییە دەوروبەری ئەسفەهان ... نەسیم پێی گوتبوو کە لە قەراخی شاردا ماڵێک بەکرێ بگرێت .. هەم کرێکەی کەم دەبێ و هەم لەچاوی خەڵکیەوە دووردەبێ ...

ئەوڕەحمان ، پرسیاری خانوویەکی گونجاوی کرد ، پێیان گوت پیاوێک هەیە ناوی سلێمانە و خانوویەکی هەیە دەیدا بەکرێ ... ئەوڕەحمان چوو بۆ ئەو شوێنەی کە خەڵکەکە پێیان گوتبوو ، کابرای دۆزییەوە ، پیاوێکی بەتەمەنی لاوازیڕدێن درێژیڕیش سپی بوو .. ئەوڕەحمانڕیشی کورت بوو ، بەڵام بەری دابووەوە تا درێژ ببێ و لە فەقێ و تەڵەبەی ئێرە ، ئەسفەهان بچێت ...

ئەوڕەحمان لە ئەسپەکەی دابەزی ، بازەکەی بە بەستراوی لەسەر ئەسپەکەی بەجێهێشت و ئەسپەکەی بەدارێکی نزیکەوە بەستەوە .. لەکابرا نزیک بووەوە و بە ئەدەب و نەزاکەتێکی زۆرەوە لێی پرسی :

-جەنابت ، مام سلێمانی ؟

کابرا کە لە کێڵگەکەیدا و لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو ، تەمەشایەکی کرد ، ئەوجا ڕووی لێوەرگێڕا و بەدەنگێکی نەرم و بەماناوە گوتی :

-عەلەیکە سەلام وەڕەحمەتوڵڵاهی وەبەرەکاتهو .

کابرا ویستی پێی بڵێ : بەڵێ من سلێمانم ، بەڵام هەقە هەوەڵجار سڵاو بکەیت ... ئەوڕەحمان تەریق بووەوە ، ئەوجا بەدەنگێکی نووساو گوتی :

-خانوویەکی بەکرێم دەویست .
کابرا ، دیسان بە ویقارەوە بزەیەکی بۆ کرد ، لەهەموو شتێکدا هەر بە ویقار و سەنگین بوو ، تەنانەت لە بزە و پێکەنینشدا ، گوتی :
-ئەگەر هەر وابی ، خانووەکەت نادەمێ .
ئەوڕەحمان ، بەسەرسامی گوتی :
-هەروابی ، چیە ؟
کابرا ، بەهەمان بزەوە وەڵامی دایەوە :
-حەز لەو دراوسێیانە ناکەم کە سڵاو ناکەن .
ئەوڕەحمان ، هەرچەندە دەیویست لەگەڵ کابرادا جدی بێت و لەمپەرێک لە نێواندا بمێنێ ، بەڵام شێوازە میهرەبان و پێکەنیناویەکەی دەرفەتی ئەوەی بۆ نەهێڵایەوە .. ئەوڕەحمان ، بەدەم بزەوە گوتی :
-دەی باشە .. جارێکی دی سڵاو لەبیر ناکەم .
کابرا ، بەزەحمەت لەسەر ئەرزەکە هەستا و گوتی :
-ئەوخانووەی کەدەتدەمێ ، ئەگەر دڵت گرتی ، بەتەنیشت ماڵەکەی خۆمەوەیە .. لێرەوە نزیکە ، وەکو دەبینی من کابرایەکی پیرم ، ناتوانم زۆر بڕۆم ، خانووەکەم لەنزیکی زەویەکەمەوە دروستکردووە و وەرزێرم بەکرێ گرتووە و کێڵگە و ئەرزەکەم بۆڕەعەمەل دێنێ .. دوای ئەوەی کوڕەکانم ژنیان هێنا و حەزیان کرد لەناوشار بژین و خەریکی کاری بازرگانی بن ، ئیدی بۆخۆم ئەم خانووە بچووکەم بەکرێ دەدەم و سوودێک لە کرێکەی وەردەگرم .
ئەوڕەحمان ، خەریک بوو بێتاقەت دەبوو ... بۆ ئەوە نەهاتبوو گوێ لە چیرۆکی ژیانی کابرا بگرێت ، نەشیدەویست لەگەڵیا زبربێت ، بەتایبەتی کە پیاوێکی باش دیاربوو .. ئەوڕەحمان چاوەڕوانی کرد تا کابرا لە حیکایەتەکەی بووەوە ، ئەوجا بەنەرمی گوتی :
-نەچین بۆ خانووەکە ؟ من لە ڕێگای دوورەوە هاتووم ، ماندووم و دەمەوێ ئیسراحەت بکەم .
کابرا ، زۆر بەخاوی کەوتە ڕێ ، ئەوڕەحمان بەوپەڕی سەرسامی گوتی :
-بارەبەرت پێیە ؟
کابرا بە بێموبالاتی گوتی :
-پێویست بە بارەبەر ناکات : ماڵەکە نزیکە .
کابرا زۆر هێواشڕێی دەکرد .. ئەگەر ماڵەکە زۆر نزیکیش بوایە ، ئەوڕەحمان پێی وابوو ، ئەگەر کار وابڕوات ، دەبێ تا ئێوارێ بەڕێوەبن .. ئەوڕەحمان چوو ئەسپەکەی کردەوە ، هێنای بۆلای کابرا و گوتی :

-هەرموو قوربان ، تۆ سواری ئەسپەکەی من بە و ، منیش بە تەنیشتتەوەرێدەکەم .
ئەورەحمان ، خواخوای بوو زوو مەسەلەکە ببڕێتەوە ، کابرا ، بە نارەزاییەوە گوتی :
-نابێ کوڕم ، نابێ !
ئەورەحمان ، بە مکووڕی لێی دووبارە کردەوە :
-توخوا ئەگەر نەیەی سواربی .
ئەوجا ، بەدەنگێک کە کابرا گوێی لێنەبێت گوتی :
-خو بەم حاڵە ، تا ئێوارە ناگەین .
کابرا ، دوای ئەوەی ئەورەحمانیارمەتی دا ، بە هەزار زەحمەت سواری ئەسپەکە بوو .. ئەورەحمان ، لەڕاستیدا نەک هەر یارمەتی دا ، بەڵکو بەهەڵگرتن ، هەڵی گرت .. کابرا تاماوەیەک هەر هانکەهانکی بوو و بەزەحمەت پشووی وەبەرهاتەوە ، ئەورەحمان بە وریاییەوەتەمەشای دەکرد تا ڕێگاکەی نیشانبدات ... کابرا کەمێک هەناسەی وەبەرهاتەوە و ئەوجا بەدەنگێکی ماندوو گوتی :
-دەی کوڕم هەرەپێش .
ئەورەحمان ، جڵەوی ئەسپەکەی گرت و کەمێکرۆیی ، سڵێمان بە دەنگێکی نزم گوتی :
-دەتوانی کەمێک هێواش برۆی کوڕەکەم ، پشتم دێشێت ؟
ئەورەحمان ، کەمێک هێواشی کردەوە ، دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە ئەگەر هێواشیش برۆن ، لەوەباشترە بە پێیان بڕوات .. کابرا دوای ئەوەی حەسایەوە و وەخۆ هاتەوە ، پرسی :
-بۆچی هاتوویت بۆ ئەسفەهان ؟
ئەورەحمان کە پێشبینی ئەو پرسیارەی دەکرد ، بەرسڤی دایەوە :
-دوای خوێندن کەوتووم .. دەڵێن ئیمام"عەلەمەدین" هەموو هەڵە و شوبوهاتەکانی شیعەڕەت دەکاتەوە .
سڵێمان ، بەدەم بزەیەکەوە و وەکو ئەوەی ئیمام خزمی نزیکی بێت ، بەشانازییەوە گوتی :
-وایە و ئەولاتریش .
ئەورەحمان ، وەڵامەکەی کابرای لەبەر گران بوو ، دیارە ئەو ئیمامە وەکو حەسەن سەباح گوتبووی فیتنەیە .. سڵێمان هەمدیس لێی پرسی :
-تۆ خەڵکی کوێی ؟
ئەورەحمان بلەز وەڵامی دایەوە :
-خەڵکی شاری سافام .
سڵێمان ، سەری لەقاند و گوتی :

-سافا ، شارێکی جوان و گەورەیە .. ئەدی بۆلەوێ ناخوێنی ؟ خۆ زانای زۆری تیایە .
ئەورەحمان ، کە وەڵامی زۆربەی پرسیارە چاوەڕوان کراوەکانی ئامادەکردبوو ، بە متمانەوە وەڵامی دایەوە :
-ڕاست دەکەیت ... بەڵام چونکە شیعەی زۆرە ، هەندێ کەس کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە ، هەڵبەتە ئەوانە لەگەڵ ئیمام عەلەمەدیندا بەراورد ناکرێن .
سڵێمان ، ماوەیەک سەری بۆ قسەکانی لەقاند و بە ڕەزامەندییەوە پرسی :
-باشە هیچ خزم و خوێشێکت لێرە هەیە ؟
ئەورەحمان ، هەستی کرد ئەو پیاوە زۆر قسەدەکات و لەوەیە قسەکردن لەگەڵیا ، هەندێک کێشەی بۆ دروست بکات ، بەڵام ناتوانێ وەڵامی نەداتەوە ، بۆیە بەدەم ترسەوە لەپرسیاری ئایندەی ، بەرسڤی دایەوە :
-نەخێر ، کەسم نییە لێرە .
کابرا دیسان پرسی :
-ئەدی خەرجی و مەسرەفت لەکوێ بوو ؟ کارێکت بۆ خۆ دۆزیوەتەوە ؟
ئەورەحمان ئەمجارە بە دوو دڵییەوە وەڵامی دایەوە :
-من ، ئەمڕۆکە گەیومەتە ئێرە ، بەڵام لە سبەینێوە دەکەومە تاقیبی دۆزینەوەی کار ، لەپاڵ خوێندنەکەمدا ، کاریش دەکەم .
هەڵبەتە ئەورەحمان ، نەیگوت ئەوەندەی پارە پێیە ، بەشی ئەو ماوەیە بکات کە لێرە دەمێنێتەوە تا عەلەمەدین لەنێو دەبات .. سڵێمان ویستی شتێکی دیکە بڵێت ، بەڵام ئەورەحمان بەپەستی قسەکەی پێ بڕی :
-زۆرمان ماوە بۆ خانووەکە ؟
کابراڕوانیە دەوروبەری خۆی ، لەتۆ وایە مەسەلەی خانووەکەی لەبیر نەمابوو ، ئەوجا بەدەست ئاماژەی بۆ خانوویەکی بچکۆلەی بەردەمیان کرد و گوتی :
-ئەوە خانووەکەیە .
ئەورەحمان ، بە گومانەوە تەمەشای کرد و پاشان پرسی :
-تۆ دڵنیایت ؟
کابرا لەوەدەچوو ، هۆشی بە خۆی نەبێت ، ئەمە دڵی ئەورەحمانی کرمێ کرد ، بەڵام کابرا لێبڕاوانە و بە ناڕەزاییەوە گوتی :
-هەڵبەتە دڵنیام ... تۆ بڵێی خانووەکەی خۆم نەناسمەوە ؟

ئەوڕەحمان ، دەیویست بڵێ ، پێدەچێ نەک ماڵی خۆیشی لەبیر بچێت .. بەڵام وای بەباش زانی بێدەنگ بێ و ، دوای ئەوەی بەزەحمەت لەئەسپەکەی داگرت ، دوای کەوت تا گەیینە بەر دەرگای خانووەکە ، کابرا هەوڵیدا دەرگاکە بکاتەوە و دەرگا نەدەجوڵا .. ئەوڕەحمان دیسان ، بە گومانەوە لێی پرسی :

-ئەمە خانووەکەیە ؟

سڵێمان ، ئەمجارەیان بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە :

-ئەگەر جارێکی دی ئەم پرسیارە دووبارە بکەیتەوە ، خانووەکەت بەکرێ نادەمێ .. نازانم ئەم دەرگایە بۆ ناکرێتەوە !

ئەوڕەحمان لە پشت سڵێمانەوە خۆی گەیاندە بەر دەرگاکە و تەمەشایەکی کرد ، ئەوجا بەدەست پاڵێکی پێوەنا و گوتی :

-چونکە دەرگاکە کرابووەوە .

سڵێمان ، هیچی نەگوت ، یەکسەر خۆی بە حەوشەدا کرد و ئاماژەی بۆ خانووەکە کرد :

-خانووەکە گەورە نیە .. بەڵام بۆ گەنجێکی سەڵت و تەنیا گەورەیە .

ئەوڕەحمان لە شوێنێکی هێمن دەگەڕا کە لەچاوی خەڵکی دووربێ ، بۆیە شێوەی خانووەکەی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو .. قەنەفەیەکی تیابوو کە دەیتوانی هەم لەسەری دابنیشێت و هەم لەسەری بخەوێت .. هەروەها مێزێکیشی تیابوو کە هەندێک قاپ و ئامانیلەسەر بوو .. ئەمانە لەهۆڵی پێشوازیدا بوون کە هۆڵێکی چکۆلەی چوارگۆشەبوو ، دەرگایەکی تیابوو دەچووە سەر ژووری نوستن کە تەختێک و بڕێک نوێنی تیابوو .. ئەوەندەی شت تیابوو کەبەشی ئەو ، بەزیادەوە بکات ، بۆیە وەدەرکەوت تا ئەو کەل و پەلە کەمەی بەسەر ئەسپەکەوە بوو ، لەگەڵ بازەکەدا بێنێتە ژوورەوە .. هەڵبەتە پێش ئەوەی لەسەر کرێکەڕێک بکەون ، شتەکانی هێنایە ژوورەوە .. دەیزانی هەر چۆنێ بووە پێکدێن ... سڵێمان لێکدا لێکدا قسەی دەکرد و وەسفی خانووەکەی دەکرد و چۆن دروستکراوە .. هەستی بە چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەی ئەوڕەحمان نەکرد ،بۆیە کاتێ کە بازەکەی بینی بە شیشی پەنجەرە چکۆلەکەوە بەستراوتەوە ، بەسەرسامی لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-ئەمە چیە ؟

ئەوڕەحمان ، بەپەستی وەڵامی دایەوە :

-بازە ، نای بینی .

کابرا بە بێتاقەتی گوتی :

-دەزانم بازە ، بەڵام چ دەکات لێرە ؟

ئەورەحمان وەڵامی دایەوە :
-ڕاوی پێدەکەم .
سلێمانتەمەشایەکی کرد و بە گومانەوە پرسی :
-ئەمە یەکەمجارە ببینم فەقێ و تەڵەبە باز بەخێو بکات .
ئەورەحمان ، بیری کردەوە کە قسەی زۆر لەگەڵ ئەم پیاوەدا ، لەوەیە کەشفی بکات و پێشوەختەڕیسەکەی لێبکاتەوە بە خوری ، بۆیە پێی گوت :
-ئەمە هیوایەتێکی کۆنمە ، بەهەرحاڵ زۆر سوپاس هاپۆ سلێمان .. فەرموو ئەمە کرێی مانگێکی تەواو .
سلێمان ، تەمەشایەکی پارەکەی کرد و هیچ حاڵی نەبوو ، بەڵکو لەبن لێوانەوە پرتاندی :
-چما لەسەر کرێیەکە پێکهاتین ؟
ئەورەحمان ، بۆ ئەوەی خۆی لێڕزگار بکات گوتی :
-بەیارمەتیت ... دەمەوێ تۆزێک ئیسراحەت بکەم .
سلێمان ، ماوەیەک لە جێی خۆی چەقی و ئەوجا گوتی :
-بەڵێ ... بەڵێ .. تێگەیشتم .. باشە ... ئێستا دەڕۆم .. ئەگەر هەر شتێکت پێویست بوو ، من لە خانووەکەی تەنیشتەوەم .. سەلام و عەلێک .
ئەورەحمان ، لەدوای ئەوەوە دەرگاکەی داخست و مێزەکەی دایە پاڵی .. ئەم دەرگایە لەژوورەوە پێویستی بە کێلۆنێکە تا بە مکوومی دابخرێت .. ئەوسا ئەورەحمان چوو بۆ ژوورەکە ، خواردنی بۆ بازەکە دانا و لێی خەوت ... وێڕای ئەوەی زۆر شەکەت و ماندوو بوو ، سەرباری خەتەری کەشف بوونی ... هەموو هۆش و گۆشی لەلای نورسین بوو و ، زۆری بیردەکرد ، خواخوای بوو بەلەز لەکارەکەی ببێتەوە و بگەڕێتەوە و بیخوازێت .. لەدڵی خۆیدا دەیپرسی :
-تۆ بڵێی ئەویش وەکو من بیری دەکەم ، بەو ئاوایە بیری من بکات ؟
غافڵ بوو لەوەی ئەویش شەو تابەیانی نەدەخەوت و بیری لەو سوارچاکە دەکردەوە کە دڵی برد و ڕۆیی ، بۆ دوور ڕۆیی .. بیر لە ئەورەحمان دەکاتەوە .

***

ئەورەحمان ، لە دەنگی لێدانی دەرگا بێدار بووەوە ، بەترسەوە ڕاپەڕی .. دەستی بۆ خەنجەرەکەی ژێر سەرینەکەی برد ، دەریهێنا و بەلەز هەستا .. لەپشت دەرگاکەوە وەستا و پرسی کێیە ؟ سلێمان لەدەرەوە بەدەنگێکی ماندوو گوتی :
-من سلێمانم .. بەپەلە دەرگا بکەوە .

ئەوڕەحمان دوای ئەوەی خەنجەرەکەی لە جلەکانیدا شاردەوە و بەپەلە دەرگای کردەوە ، سەیری کرد سڵێمان بە قاپێک خواردنەوە لەبەر دەرگا وەستاوە ... قاپێکی هێندە گەورە بوو کە سڵێمان بە خورتی بۆی هەڵدەگیرا ، بۆیە ئەوڕەحمان بەپەلە لێی وەرگرت و گوتی :

-ئەمە چییە هاپۆ سڵێمان ؟

سڵێمان ، بە هانکە هانک وەڵامی دایەوە :

-نانی بەیانیە .

ئەوڕەحمان ، زۆر دڵی بەم کارەی سڵێمان خۆش بوو ، ماوەیەکی زۆر نوستبوو ، زۆری برسی بوو .. خواردنەکەی لەسەر مێزەکە دانا و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی :

-پێویستی بەم ئەزیەتە نەدەکرد هاپۆ سڵێمان .

سڵێمان ، لەسەر قەنەفەکە دانیشت و گوتی :

-چییە ؟! هیلاک و برسی دیاریت .. تەنانەت بۆ نوێژی بەیانیش هەڵنەستاوی .

هەڵبەتە ئەوڕەحمان پێی نەگوت کە ئیمام هەموو تەکلیفێکی لەسەر هەڵگرتووە و نە نوێژی لەسەرە و نە ڕۆژوو ، و نە هیچ جۆرە عیبادەتێکی دیکە . ئەوجا بیری کەوتەوە کە دەبێ وەکو فەقێیەکی سوننە مەزەب ڕەفتار بکات ، بۆیە گوتی :

-بەڵێ ، هێندە ماندوو بووم کە گوێم لە بانگی بەیانی نەبوو .

ئەوجا بۆ ئەوەی دەوری خۆی بەباشی بدینێ ، لەسەریڕۆیی :

- زۆر مەمنوونت دەبم ، ئەگەر خۆم خەبەرم نەبووەوە ، بۆ نوێژی بەیانیان هەڵم بستێنی .

سڵێمان ، بە خۆشحاڵیەوە ، سەری بۆ لەقاند و گوتی :

-وەی بەسەر سەر و سەرچاوان .. خوا خوامە کە دەڕۆم بۆ نوێژ هاوڕێیەکم هەبێ .

ئەوجاڕوانیە قاپە خواردنەکە و گوتی :

-دەی با نانەکەمان بخۆین ، واچێشتەنگاوە و هێشتا نانمان نەخواردووە .

ئەوڕەحمان ، مێزەکە و قاپەکەی سەری هەڵگرت و هێنایە بەردەم قەنەفەکە و ئەوجا لەلایەوە دانیشت و دەستیان بەنان خواردن کرد .. خواردنەکە ، خواردنێکی سادە و هەژارانە بوو ، بەڵام بەلای ئەوڕەحمانەوە ، هێندە بەلەزەت بوو کە هیچ کاتێک هەستی بەوجۆرە لەزەتە نەکردبوو ، هەستی دەکرد خەریکە ئولفەت بەو پیرەمێردەی تەنیشتییەوە دەگرێت .. کابرا دەمی لێک نەدەنا ، بیرەوەرییەکییەجگار زۆری لەلابوو و خەریک بوو هەر هەمووی بۆ ئەوڕەحمان و بە گوێی ئەوڕەحماندا هەڵدەڕشت ، کە ئەویش بەلایەوە خۆش بوو .. بەو دەقەوە ، تا نزیکی نیوەڕۆ مانەوە . قسە لەسەر قسە ، تەنانەت لەدوای خواردنەکەش هەر تەواو نەبوون .. سڵێمان کە هەستی کرد ئەمڕۆ لە چوونە کێڵگەکەی دواکەوتووە ، گوتی :

-پێویستە بڕۆم بەلای کێڵگەکەمەوە ، چونکە ئەو کرێکارانەی کە بە کرێیان دەگرم ، ئامانیان نییە .. کە خۆم لەوێ نەبم دەغەڵی و تەمەڵی دەکەن ، ئیشیرۆژێک بەچەند ڕۆژێک دەکەن هەر بۆ ئەوەی کرێی زیادە وەربگرن .. ئەگەر گەنجێکی ئەمین بدۆزمەوە و کارم لەگەڵدا بکات هەرچەندی بوێ دەیدەمێ .

کابرا ، دەیدا بە گوێی ئەوڕەحماندا کە دەیەوێ کاری لەگەڵدا بکات ، بەدەستی خۆی نەبوو ، هەرچەندە دوێنێ بۆیەکەمجار دیتبووی ، مەحەبەتی چووبووە سەری و متمانەی پێ پەیداکردبوو .. ئەوڕەحمانلەمەرامی کابرا حاڵی بوو ، بەڵام چونکە دەیزانی مانەوەی لەم شارەدا کاتیە ، بۆیە خۆی لە گێلی دا ، کە گوایە لەمەبەستەکەی حاڵی نەبووە ... کابرا دیسان پرسی :

-باشە تۆ لەکار ناگەڕێی ؟

ئەوڕەحمان ، کە دەیزانی کابرا وەکو هەمیشە لە پرسیاری دەگرێت ، بەرسڤی دایەوە :

-با لەکار دەگەڕێم ، بەڵام هیچ شتێک لەکاروباری کشت و کاڵ و مەزرارداری نازانم .

سلێمان ، کەوتە هاندانی و گوتی :

-قەیدی نییە ... فێرت دەکەم .

ئەوڕەحمان ، بەناوی ئەوەوە کە پەلەیەتی بڕوات بۆ نوێژی نیوەڕۆ لە مزگەوتی گەورە گوتی :

-کە گەڕامەوە باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین .. ئێستا بۆ نوێژی نیوەڕۆ دەچم بۆ مزگەوتی گەورە ... مزگەوتەکە نزیکە وانیە ؟

سلێمان گوتی :

- بۆ تۆ نزیکە .. پێویستت بە ئەسپ نییە ، دەتوانی بیکەیتە ئەو تەویلەیەی پشتماڵەکەی منەوە .

ئەوڕەحمان ، سوپاسی کرد ، بەلەز لەماڵ وەدەرکەوت ، تا جارێکی دی باسی ئەوە نەکات کە کاری لەگەڵدا بکات .. ئەسپەکەی کردە تەویلەکەوە و بە پێیانڕۆیی .. هەرچەندە وەرزی زستان بوو ، بەڵام هەواکەی خۆشبوو .. بەڵامڕۆژی زستان ئەگەر هەتاو بەدەرەوە بێ گەرمە .. ئەوڕەحمان هەستی بە ماندوویەتی نەکرد .. بەڵکو خۆشحاڵ بوو کە بەناو خەڵکیدا دەسوڕایەوە .. پتر لە جارێک پرسیاری کرد تا مزگەوتەکەی دۆزییەوە .. پێشتر مزگەوتی وای نەبینی بوو .. زۆر گەورە و بەسام بوو .. کە گەییە ئەو نزیکانە ، موەزینەکە سەرکەوت تا بانگی نیوەڕۆ بدات .. دەنگێکی خۆش لەتۆ وایە لە دنیایەکی دیکەوە دێت .. پێشتر دەنگی واهی نەژنەوتبوو .. لە سووچێکی مزگەوتەکەوە دانیشت ، گوێی بۆ بانگەکە دەگرت و چاوی

لەوانە دەکرد کە لە هەموو لایەکەوە بۆ نوێژ کردن هاتبوون ، نە دەستنوێژی هەبوو و نە دەستنوێژی گرت ، لەڕاستیدا نوێژی نەدەکرد و بۆ نوێژ نەهاتبوو ، تەنیا لە شوێنێکی نزیکی ریز و سەفییەکەم دەگەڕا ، تا ئیمام بدینێ و بیناسێت .

***

نوێژ تەواوبوو .. ئەوڕەحمان وای وێنا دەکرد کە ئیمام دوای نوێژ دابنیشێت و وەعزێکی خەڵکەکە دابدات ، بەڵام کات تێپەڕی و خەڵکەکە دوای نوێژی سوننەت لە مزگەوت وەدەرکەوتن و بڵاوەیان لێکرد .. کەس نەهات لەسەر کورسیەکەی ئیمام دانیشێت ، کەس لە مزگەوتەکەدا نەمایەوە جگە لە تاک و تەرایەک نەبێ کە ئیسراحەتیان دەکرد یا لە نوێژی جماعەت دواکەوتبوون .. ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دایەوە ، گەنجێکی هاوتەمەنی خۆی بەدی کرد کە پشتی بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەوە دابوو و قورئانی دەخوێند .. چوو بۆ لای ، سڵاوی لێکرد و ئەوجا لێی پرسی :

-باشە مامۆستا عەلەمەدین نایەت ؟

گەنجەکەچاوێکی هەڵبڕی و بە دانیشتنەوە گوتی :

-خواحەزکا دێت .

ئەوڕەحمان ، دیسان لێی پرسی :

-یانی لە کوێیە ؟

گەنجەکە ، پێی وابوو ئەوڕەحمان ، لەم شارە غەریبە ، پرسی :

-ئەمە یەکەمجارتە دێیتە دەرسی مامۆستاوە ؟

ئەوڕەحمان لەبەردەمیدا دانیشت و گوتی :

-ئەمە یەکەمڕۆژمە ، لەم شارەدا .

گەنجەکە دیسان لێی پرسی :

-تۆ خەڵکی کوێی ؟

ئەوڕەحمان ، بە نیگەرانی وەڵامی دایەوە :

-خەڵکی سافام .

گەنجەکە بە خۆشحاڵییەوە گوتی :

-من گەلێک لە مامۆستاکانی سافا دەناسم .. لەوێ کێ مامۆستات بوو ؟

ئەوڕەحمان لەمە دەترسا .. لەوە دەترسا کە لەگەڵیەکێکدا بکەوێتە قسان و پرسیارێکی لێبکات کە نەیزانێ ، کە دەبوایە بە پێچەوانەی ئەوەوە بێ .. ئەوڕەحمان ، بۆ ئەوەی سەری لێبشێوێنێ و پرسیارەکەی لەبیر بەرێتەوە گوتی :

-ماموستا عەلەمەدین کەی دێت .
گەنجەکە گوتی :
-لەپێش نوێژی عەسردا نایەت .. نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ لە مزگەوتێکی نزیکی ماڵەکەی خۆیدا دەکات .. لە چێشتەنگاوەوە تا کەمێک پێش عەسر ، لە خانوویەکی تەنیشت ماڵەکەی خۆیەوە ، معایەنە و دەرمانی نەخۆشان دەکات .. ئەوڕەحمان بەسەرسامی قسەکەی پێبڕی :
-چۆن دەرمانی نەخۆشان دەکات ؟
گەنجەکە بە شانازییەوە وەڵامی دایەوە :
-ماموستا زانستێکی زۆری هەیە ، هەر مەلا و شەریعەتناس نییە ، لەواری پزیشکیشدا زانایە .
ئەوڕەحمان هەرکە گوێی لەو قسەیەبوو ، یەکسەر بیرۆکەیەکی بۆهات .. دەتوانێ خۆی بکات بە نەخۆش و بچێت بۆلای ، بیکوژێت و هەڵێت .
گەنجەکە لەسەریڕۆیی :
-دێت تا نوێژی عەسر لە مزگەوتی گەورە بکات ، ئەوجا دەرسێکی شەریعەتیان تەفسیریان هەردووکیان تا خۆراوا دەڵێتەوە ... لە مەغریبەوە تا عیشا ، تەرخان دەکات بۆڕەتکردنەوەی ئیفتیرا و بوختانەکانی شیعە ... هەڵبەتە باسی ئەم دەرسەت بیستووە .
ئەوڕەحمان ، سەرێکی لەقاند و بەماناوە گوتی :
-بیستوومە .. منیش بۆ ئەوە هاتووم .
گەنجەکە ، بە خۆشحاڵییەوە لەسەریڕۆیی :
-دوای نوێژی شێوان ، دادەنیشێت تا وەڵامی پرسیاری شاگرد و قوتابیەکانی بداتەوە و پاشان بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە .
ئەوڕەحمان ، هەستی کرد ئەم گەنجە زۆر چەنەبازە ، ترسا لەوە زیاتری لەگەڵدا بلێت ، تێوە بگلێ ، بۆیە هەستا و گوتی :
-زۆر سوپاس .. ئێستا دەڕۆم و پێش عەسر دێمەوە .
گەنجەکە ، دوای ئەوەی ئەوڕەحمان بلەز ڕۆیی و دوورکەوتەوە ، بەدەنگی بەرز گوتی :
-ماتەڵ مەبە ، مزگەوتەکە پێش عەسر پڕ دەبێت .
ئەوڕەحمان وەڵامی نەدایەوە ، زۆر دوور کەوتبووەوە ، بەڵام کە دوای نوێژی نیوەڕۆ ، مزگەوتەکەی بە نیمچە چۆڵی بینی بوو ، هەستی دەکرد مزگەوتەکە زۆر قەرەباڵغ نابێ .. ئیدی ئەمەی بە دەرفەت زانی کە پرسیاری ماڵی ئیمام بکات کە هەموو کەسێکی خەڵکی ئەسفەهان دەیزانی .. ئەوڕەحمان بە ئاسانی ماڵەکەی دۆزییەوە ..لە ماڵی سلێمانەوە ، لە

مزگەوتەکە دوورتر بوو .. خانوویەکی بچکۆلەی ئاسایی بوو . زۆر لەو خانووە باشتر نەبوو کە ئەم بە کرێی گرتبوو .. تەنیا تۆزێ گەورەتر بوو .

ئەورِەحمان ، کەمێک لە فکران ڕا چوو ... ئایا ئێستا وەژوور بکەوێ و بیکوژێت ؟ بەڵام چۆن وەژوور بکەوێ و بیکوژێت و کەس نەیبینێ ؟! خەڵکی پەیتا پەیتا دەچنە ژوورەوە و دێنە دەرەوە .. هەموو ماندوو و نەخۆش دیارن .. کەواتە ئەمە ئەو شوێنەیە کە نەخۆشانی تیا معایەنە و دەرمان دەکات ، وادیارە ئەو خانووەی تەنیشتی ، ماڵەکەیەتی .. ئەو خانووەی کە گەنجێکی باریکەلەی لێوە هاتە دەرێ ، کراسێکی سپی چڵکنی لەبەر بوو ، کۆمەڵێک شووشەی بەدەستەوە بوو .. بە زەحمەت بۆی هەڵدەگیران ، تەنانەت یەکێکیان خەریک بوو لێی دەکەوت .. ئەو گەنجە دەچوو بۆ ئەو خانووەی کە عەلەمەدین کردبووی بە مەزاری نەخۆشان .. ئەورِەحمان بەلەز چوو بۆلای ، هەندێک لە شووشەکانی لێوەرگرت و گوتی :

-با یارمەتیت بدەم .

ئەورِەحمان ، ئەمەی بە دەرفەت زانی تا لە گەڵیدا وەژوور بکەوێت و عەلەمەدین ببینێ .. گەنجەکە بەگەرمی بەرسڤی دایەوە :

-زۆر سوپاس برام .

ئەورِەحمان ، هەندێک لە شووشەکانی بۆ هەڵگرت و لێی پرسی :

-تۆ لەگەڵ ئیمام عەلەمەدیندا کاردەکەیت ؟

گەنجەکە بەسەرسامیتەمەشایەکی کرد و بەدەم بزەیەکەوە گوتی :

-لەوەدەچێت خەڵکی شار نەبیت .

ئەورِەحمان ، وەستا بەسەرسامیتەمەشای کرد و گوتی :

- تۆ ئیمامی ؟

گەنجەکە پێکەنی و گوتی :

-نەخێر من عەبدورِەزاقی کورِی ئەوم .. بەڵام من لە هەموو شتێکدایارمەتی دەدەم و لە بەیانیەوە تا ئێوارە لەگەڵیام ، هەرکەسێک ئیمام بناسێت ، منیش دەناسێت ، بۆیە هەموو ئەسفەهان دەمناسن .

ئەورِەحمان لە گەڵیدا وەژوورکەوت ، بینی دیمەنی ژوورەوە زۆر جیاوازە لە دیمەنی دەرەوە .. خەڵکی لەسەر کورسی دادەنیشن و ماندوویەتیان پێوە دیارە .. دەنگی ئاهوناڵە بەسەر شوێنەکەدا زاڵە .. پەردەیەک هەڵواسراوە و عەلەمەدین لە پشتیەوە وەستاوە و معایەنەی نەخۆشەکان دەکات ...ئەورِەحمان ، بە شووشەکانەوە وەستا ، هەوڵیدا بە

دزییەوەتەمەشایەکی ئیمام بکات ، بەڵام بێهودە ... تا عەبدوڕەزاقی لەبەردەم خۆیدا بینی کە بەدەم بزەوە دەستی درێژ کرد تا شووشەکانی لێوەربگرێت و گوتی :

-زۆر سوپاس برا .

ئەوڕەحمان ، بەدەم بزەیەکی کاڵەوە بەرەو دەرگاچوو ... عەبدوڕەزاق ، لەبەر دەرگا لێی پرسی :

-برا ، بەزانینی ناوت مشەڕەف نەبووم !

ئەوڕەحمان ، کە گەیی بووە بەردەگا ، بەرسڤی دایەوە :

- ئەوڕەحمان .

عەبدوڕەزاق پێکەنی و گوتی :

-هەردووکمان عەبدی خوداین .. سڵاوت لێبی ئەوڕەحمان .

هەنگێ چووە ژوورەوە تا یارمەتی بابی بدات .. بەڵام ئەوڕەحمانڕۆیی ، تا وەخت بەڕێ بکات و کاتی عەسر دێت .. کاتی هاتنی ئیمام بۆ مزگەوتی گەورە .

***

ئەوڕەحمان ، وێنای ئەوەی نەدەکرد کە کاتێ بۆ نوێژی عەسر دەڕوات بۆ مزگەوتەکە ، مزگەوت لە خەڵکیدا سیخناخ دەبێت ، بەزەحمەت توانی خۆی بەژووردا بکات و لە دوای دواوە جێگەیەک بدۆزێتەوە و دانیشت ... هەموو چاوەڕوانی دەرسی ئیمام بوون .. دوای نوێژی عەسر ، هەندێک لەو نوێژکەرانەی کە گوێیان لەدەرس نەدەگرت ، ڕۆیشتن ، ئەوڕەحمان توانی کەمێک بچێتە پێشەوە .. مامۆستا عەلەمەدین ، لەسەر کورسی مامۆستایەتی دانیشت .. پیاوێکی بەتەمەن بوو ، ڕدێنێکی سپی درێژی هەبوو ، چونکە لە خەنەی گرتبوو ، سوور دەینواند ... دەم و چاوی سپی بوو .. بەڵام نور و ڕوناکیەک بە ڕوویەوە بوو کە بەهۆیڕەنگی پێستە سپیەکەیەوە نەبوو .. جبە و عەمامەیەکی ئەستور و قورسی لەبەربوو .. بەناوی خوا و سەڵاوات لە دیداری پێغەمبەر و ماڵباتەکەی و ستایشییاران و یاوەرانی پێغەمبەرەوە ، دەستی بە قسان کرد و گوتی :

-دەبوایە ئەمڕۆ ، باسەکەی پێشوومان باسی ئەحکام و یاسا و ڕێسای فرۆشتن و باش فرۆشان تەواو بکەین ، بەڵام وام بەباش زانی جارێکی دی بێمەوە سەر نوێژ ، دەبینم زۆرکەس قەدری نوێژ نازانن و هەقی خۆی نادەنێ .. زۆر بە بێموبالاتی و خەمساردی نوێژ دەکەن .. ئەو نوێژەی کە کۆڵەکەی ئاین و پوختەی عیبادەتانە .

عەلەمەدین ، کەوتە باسی خشوع و بایەخی بێدەنگی و ملکەچی لە نوێژدا .. ئەوڕەحمان لە سەرەتاوە گوێی لێدەگرت ، تا بە سیمای ئاشنا بێت و جوان بیناسێت ، بەڵام بەرە بەرە

کەوتە ژێر کاریگەری قسەکانی ، ئیمام باسیڕاز و فەزڵی خشوعی لە نوێژدا دەکرد .. یەکێک لەو قسانەی لە مێشکیا مایەوە : قسەی ئیمام بوو دەربارەی خشوع بۆ خوا لەکاتی سوجدە بردنا ، ڕەنگە لە هەموو تەمەنتدا تاقە جارێک هەست بەوە بکەیت ، لەوەیە دوو سێ جار بگەیتە ئەو حاڵەتە ، ڕەنگیشە هەرگیز نەگەیتە ئەو حاڵەتە ، هەستی نزیک بوونەوە .. سوجدە ببە و نزیک ببەوە .. سوجدە لەخوا نزیکت دەکاتەوە .. ملکەچی بۆ خوا ، سەردانەواندن بۆ خوا .. کۆیلایەتی بۆ خوا .

ئەوجا ئیمام کەوتە باسی حوکمی تەرکە نوێژان و ، نوێژ لەسەر موسوڵمانان ، تا لەژیاندا بن ، لاناچێت ، مەگەر لەوپەڕی ناچاریدا .

کاتێ عەلەمەدین ، لە قسەکانی بووەوە ، ئەوڕەحمان بەتەواوەتی بیری چوو بووەوە کە بۆچی هاتووە و کەوتە ئەوەی بیر لە قسەکانی مامۆستا بکاتەوە .. بۆچی خۆی تاقی نەکاتەوە و نوێژ بکات ؟ بۆچی هەستی دەکرد ، حەزدەکات نوێژ بکات ؟ بۆچی ئێستاهەست بە گرینگی نوێژ دەکات ؟ بۆچی ئیمام حەسەن سەباح نوێژی لەسەر لابرد ؟

ئەوڕەحمانڕۆیی ، دەستنوێژی بۆ نوێژی ئێوارە گرت ، لەکاتی نوێژدا وەژوورکەوت ، کابرای بانگوێژ سەرکەوت تا بانگ بدات .. دەنگی بانگ وێژەکەی زۆر لە گیان خۆش بوو .

ئەوڕەحمان ، ئەمجارەیان بەڕاستی نوێژی کرد ، نەک وەکو نیوەڕۆ وعەسر .. دەنگی قورئانەکە لە چوارچێوەی مزگەوتەکەدا لە دوای ئیمامەوە دەنگی دەدایەوە و یەکسەر و بێئەوەی بەگوێدا تێپەڕێت ، دەچووە دڵەوە .. هەرگیز وەکو ئێستا هەستیبە سوجدە و هەیبەتی سوجدە بردن نەکردبوو .. هەرگیز وەکو ئێستا هەستی بە ئاسوودەیی نەکردبوو .. هەرگیز وەکو ئێستا هەستی بە خشوع و ملکەچی نەکردبوو ..

نوێژ تەواو بوو ، هەستی کرد ، حەزی بە گریانە .. هۆیەکەی نەدەزانی ، بەڵام گریانی دەهات .. لە شوێنی خۆی ، کەلە جاران نزیکتر بووبووەوە دانیشت ، عەبدوڕەزاقی بەدی کرد کەلەسەر ئەرزەکە ، لەدەستە ڕاستی بابیەوە دانیشتبوو .

ئیمام ، وەکو جاری پێشوو بەناوی خوا دەستی بە قسان کرد ، بەڵام کاتێ هاتەسەر باسییارانی پێغەمبەر ، گوتی :

-نەفرەتی خوا لەو کەسانەی نەفرەت لەیارانی پێغەمبەری خودا دەکەن .. هەڵگران و پارێزەرانی ئەم ئاینە .. ئەوانەی خودا ، بۆ پێغەمبەری هەڵبژاردوون .

ئەوڕەحمان ، دەیزانی ، عەلەمەدین ، بەو قسەیە مەبەستی شیعەیە .. دوای ئەوەی کەمێک هەستی بە ئاسوودەیی کرد ، پەست بوو .. بیری لەوە دەکردەوە ، لە مزگەوتەکە وەدەربکەوێ و بۆ ماڵ بگەڕێتەوە ، بەڵام بیری کەوتەوە کە ئەو لەڕای کوشتنی ئەو پیاوە گەییوەتە ئێرە ،

دوای ئەوەی باسی نوێژی کرد ، هەستی بە جۆرە سۆزێک کرد بەرانبەری ، بۆیە کە هاتە سەر باسی شیعەش ، بۆی دانیشت و کەوتە گوێگرتن .
ئەو قسەیەی عەلەمەدین دەربارەییارانی پێغەمبەر کردی ، قەناعەت بەخش بوو .. باسی چۆنیەتی گێڕانەوە و نەقڵ کردنی هەواڵ و گرینگیڕاستگۆیی گەیەنەری خەبەری کرد ، خۆ ئەگەر یاران خەڵکی کافر و درۆزن و فاسق بان وەکو شیعە دەڵێن .. چۆن بڵاوکردنەوەی ئاینەکەمانیان پێ بسپێرین ؟ ئەگەر پێغەمبەر ، لە هەڵبژاردنییاوەرەکانی و هەڵگرانی پەیامەکەی لەدوای خۆی ، سەرکەوتوو نەبوایە ، لەدوای خۆی چی بۆ دەمایەوە ؟
ئەوجا بەدوور و درێژی کەوتە قسەکردن لەسەر گوێزانەوە و چۆنیەتی گێڕانەوەی خەبەر و زانستی گێڕانەوە و فەرموودە .
ئەوڕەحمان ، هەرچیەکی لە ئیمام حەسەن سەباح دەبیست ، بە بێ بەڵگە و قەواڵە ، بێ چەند و چوون باوەڕی پێدەکرد ، بەڵام قسەی عەلەمەدین ، هێندە مکووم و ماقووڵ بوو ، هیچ گومان و گەنگەشەیەکی هەڵنەدەگرت .
کاتی نێوان ئێوارە و شێوان کورتە بۆیە باسی شیعە ، وەختێکی کەمتری ، لە دەرسی دوای عەسر ، دەبرد .. نوێژی شێوان تەواو بوو ، خەڵکەکە ، لە مزگەوت دەردەچوون .. ئەوڕەحمان ویستی چاودێری عەلەمەدین بکات ، بەڵام سەیری کرد قوتابییەکانی دەوریان داوە و پرسیاری هەندێ شتی لێدەکەن ، کە لە قسەکەیدا گۆنگ و ناڕوون بوون .
ئەوڕەحمان ، هەستی بە جۆرە شەکەتییەک دەکرد .. هەستی دەکرد گەرمی لەشی بەرزە و گشت ئێسقانەکانی جەستەی دێشن .. لەوەی پتر هەڵی نەدەکرد .. پێویستە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە و کەمێک ئیسراحەت بکات .
بەلەز بەرەو ماڵ بووەوە ، بەدرێژاییڕێگا بیری لەو قسانە دەکردەوە کە ئەمڕۆ لە مزگەوتدا گوێی لێبوو .. بۆچی بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە وایدەزانی لەسەر هەقە و تەنیا گوێی لەیەک قسە بووبوو ؟ زۆرشت لە شەریعەتی ئەهلی سوننەوە فێر بوو ، بەڵام بەمەبەستی ناسینی دوژمن فێری دەبوو .. ئەمە یەکەمجاری بوو گوێی لە خۆیان دەبوو و هەر بەوە رازی نەدەبوو کە گوێی لە باسکردنیان بێ .
نا .. نابێ بکەویتە ژێر کاریگەری ئەو قسەیەوە ئەوڕەحمان .ئەم پیاوە شەیتانە ، قسە بۆ هەرکەسێک بکات ئەفسوونی دەکات .. بە زەبری جوانی قسەکانی و وردی لوژیکەکەی دیلی دەکات .. ئەفسوونت دەکات وەکو چۆن خەڵکی ئێرەی ئەفسوون کردووە .
ئەفسوونت دەکات ؟! بەڵام کافرەکان لەم بابەتە قسەیەیان دەربارەی پێغەمبەران کردووە .. هەرکێ ئیمانیان پێ بێنێ ، ئەفسوونی دەکەن .. ئەدی چۆن بزانم من ئەفسوون نەکراوم ؟

چۆن بزانم من نەخەوتووم ؟ لەوەیە هەر هەموو ئەمانە خەون بێ .. کاتێ خەون دەبینی ، دڵنیایت کە ئەوەی دەیکەیتڕاستی و حەقیقەتە .
هەستی بە شەکەتی و گەرما کرد .. بۆچی وا هەست دەکات ، ماڵەکە ، دوور کەوتووەتەوە ، لەوسای بەیانی دوورترە ؟
ئەنجام ماڵەکە بەدیارکەوت ، دەرکەوتنی ماڵەکە هانیدا کەلەزتر هەنگاو بنێ ، لەتۆ وایە بانگی دەکات .. ئەمشەو هیچ شتێک ناکات ، تەرخانی دەکات بۆ پشوودان و ئیسراحەت ..
وای دەویست ، بەڵام نورسینی بیرکەوتەوە .. لەبیری نەکردبوو ، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم کەوتبووە یەکێک لە خانە تاریکەکانی ئەقڵیەوە ، دوور لە جەرگەی رووداوان .
خۆی بە ژوورا کرد ، بازەکە هەستی پێکرد لە خۆشی گەڕانەوەی ئەودا ، هەردوو باڵی لێکدان .. گێولی لە خواردن نەبوو ، بەهەرحاڵ خوراکی لەماڵەوە نەبوو .
دەرگای ماڵەکەی توند داخست ، یەکسەر چوو بۆ نووستن .. هەستی بە سەرمایەکی زۆر دەکرد ، دەستی بە هەڵ لەرزین کرد .. هەندێ لە جلەکانی دەرهێنا و لەبەری کرد .. ئەوجا جگە لە جبەکەی بەری ، جبەیەکی دی دەرهێنا تا لەگەڵ نوێنەکانی دیدا بە خۆیا بدات .. سەرباری ئەوەش هەستی بە سەرما دەکرد .. دنیا سارد بوو ، بەڵام بەم ڕادەیەش نا .. باشە نەخۆشە ؟ پێشتر نەخۆش نەکەوتبوو .. وای هەست دەکرد شتێکی قورس هەوڵدەدات چاوی دابخات .. نەیدەویست بە گژیا بچێتەوە .. بەڵکو پێشوازی کرد ، زۆر پێویستی بە ئیسراحەت بوو .. بەڵام پێش ئەوەی خەوی لێبکەوێت بیری لەو دەکردەوە ، لەو نورسینەی کە بەرلەوەی خەو بیباتەوە ، بەیادی ئەوەوە چاوانی لێکنان .

## ئیمام

دنیا زۆر گەرم بوو .. تا زیاتر لە پردەکە نزیک دەبووەوە ، زیاتر هەستی بەگەرمی ئەو ئاگرە دەکرد کە بە ڕوبارەکەی ژێریدا دەڕۆیی .. کابرایەکی دەم و چاو ڕەش کە سیمای نەدەناسرایەوە ، ئاماژەی بۆدەکرد ، کە بۆ ئەوبەری ئەم ڕوباری ئاگرە بڕوات ، نورسین لەوبەریڕوبارەکە بوو .. دانیشتبوو و خەمبارییەکی ئاشکرای پێوە دیاربوو .. بەڵام ئەمی دەبینی .. هاواری بۆ دەکرد .. دوودڵ بوو لەوەی کەلە ڕوبارەکە بپەڕێتەوە .. چونکە ئەگەر بکەوتبایە ، ڕاستەوخۆ دەکەوتە ڕوبارەکەوە ، بەڵام نورسین دەستبەرداری نابێت .. بە پارێزەوە جوڵا .. پێش ئەوەی پێ بنێتە سەر پردەکە ، زەمینەی پردەکەی سەح کردەوە ..

چەند هەنگاوێکی نا ، پردەکە بەرلەوەی هەرەس بێنێ ، کەوتە لەقەلەق ، ئەورەحمان خۆی بە ئاسمانەوە دەبینێ کە بەرەو ناو ئاگرەکە دادێتەوە ..
لەناکاوا بە ئاسمانەوە دەوەستێ .. دەستێکی سارد دەستی دەگرێت و بە ئاسمانەوە هەڵیدەواسێت .. دەڕوانێتە سەرێ تا بزانێ ئەم فریاڕەسەی کێیە ، جگە لە نوور و ڕوناکی هیچی دی بەدی ناکات و ، دەنگێکی کزی گازندە ئامێز لێی دەپرسێت :
-ئەورەحمان بۆچی دەتەوێ بمکوژیت ؟
ئەورەحمان بەترسەوە تەمەشای دەکات و دەپرسێت :
-تۆ کێی ؟
دەنگەکە بەرسڤی دایەوە :
-من کوژراوێکی بێتاوانم .
ئەورەحمان ، بەترسەوە وەڵامی دەداتەوە :
-بەڵام من کەسم نەکوشتووە .
دەنگەکە دووبارە پرسی :
-بەڵام تۆ دەتەوێ بمکوژیت .
ئەورەحمان ، کە دەیویست خۆی لێبدزێتەوە گوتی :
-ئەمە ئەرکی منە .. من هەموو ئەمە لە پێناوی نورسین دا دەکەم .
دەنگەکە ، هەمدیس پرسی :
-باشە پێتوایە بەم شێوەیە دەیگەیتێ ؟
ئەورەحمان ، وەڵامی نەدایەوە ، بەڵکو هەوڵیدەدا خۆی لێبدزێتەوە ، دەنگەکە پێی گوت :
-دەتەوێ خۆتم لێبدزیەوە ؟ بەڵام من ئەگەر دەستت لێ بەربدەم دەکەویتە ئاگرەکەوە !
ئەورەحمان بەرسڤی نەدایەوە ، چونکە لەدەستی بەربووبوو ، سەیری کرد ڕاستەوخۆ بەرەو ڕوباری ئاگرەکە دادەکشێت .

***

ئەورەحمان ، بەترسەوە ڕابوو ، دوای ئەو خەونە سەیرەی دیتبووی ، ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو .. هێشتا هەستی بە سەرما دەکرد .. نوێنەکەی بە ئەسپایی لەسەر خۆی لابرد ، جبەیەکی دابەشانیدا و لە ژوورەکە وەدەرکەوت .
هەتاو دەرچووبوو ، پێدەچوو نیوەڕۆ نزیک بووبێتەوە .. دەست و دەم و چاوی شت ، ئەوجا دانیشت تا ئیسراحەت بکات و ئەوسا بیرلەوە بکاتەوە کە ئەمڕۆ چی بکات .. دەبوایە بەرلە هەر شتێک ، شتێک بۆ خواردنی خۆی و بازەکەی پەیدا بکات ، ئەگەر هەستییە نەخۆشی و

ماندوویەتی نەکردبا ، دەچووە ڕاوێ ، زۆری حەز لە ڕاو بوو ، بەڵام شەکەت و نەخۆش بوو و نەیدەتوانی بچێتەڕاو .. لەم بیر و خەیاڵانەدا بوو ، کە لەتەقەی دەرگا درا .. دەرگاکەی کردەوە و وەکو وێنای دەکرد ... سلێمان بوو وەکو دوێنێ بە قاپێک خواردنەوە هاتبوو .. کاتێ کە چاوی پێکەوت بیری کردەوە کە لەم شارەدا جگە لەو خواردنەی سلێمان بۆی دێنێ ، هیچی دیکەی نەخواردووە ..

خواردنەکەی لێوەرگرت و وەکو دوێنێ لەسەر مێزەکە داینا .. سلێمان ، لەسەر قەنەفەکە دانیشت و پێی گوت :

-ویستم بۆ نوێژی بەیانی خەبەرت بکەمەوە ، بەڵام گوێت لە دەنگی لێدانی دەرگاکە نەبوو .. لەوە دەچێت هێشتا ماندووی سەفەرەکەت بیت .

ئەوڕەحمان بەدەنگێکی کز گوتی :

-ماندووی سەفەرەکە نیم .. بەڵام هەستدەکەم نەخۆشم .

سلێمان ، ڕوانیە چاوەکانی ، ئەوجا دەستی نایە سەرسەری و گوتی :

-سەرت زۆر گەرمە .. نانەکەت بخۆ و پێویستە ئەمڕۆش ئیسراحەت بکەیت .

ئەوڕەحمان ، لە تەنیشتیەوە دانیشت و کابراش دەستی بە چەنە بازیە ئاساییەکەی خۆی کرد .. ئەوڕەحمان گوێی لێنەدەگرت ، بڵکو هەموو هۆش و بیری لای عەلەمەدین بوو .. هەستی دەکرد بارێکی قورسی بەسەر شانەوەیە و دەیەوێڕزگاری بێ لێی .. دەیەوێ ئەو کابرایە بکوژێت و ئەو ئەرکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و بۆ وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە .. لەڕاستیدا وڵات و زاگەی خۆی نییە ، بەڵام مادامێکی "نورسین"ی لێیە وڵات و زاگەی ئەمیشە .. وای هەست دەکرد نورسین نیشتمان و کەس وکارێتی .. کاتێ سلێمان لە خواردن بووەوە ، کاتی نوێژی نیوەڕۆ هاتبوو ، پێی گوت :

-من دەچم بۆ نوێژ .. تۆ دەبێ ئەمڕۆ لەماڵەوە ئیسراحەت بکەی .

ئەوڕەحمان ، سەرێکی بۆ لەقاند کە باشە .. بەڵام بە تەما بوو دوای عەسر بۆ مزگەوتی گەورە بڕوات .

***

ئەوڕەحمان ، تا دوای نوێژی ئێوارە نەیتوانی لەماڵ وەدەربکەوێت .. دەیویست ئەمڕۆ تاقیبی عەلەمەدین بکات تا بزانێ کێ لەگەڵیا بۆ ماڵ دەڕواتەوە .. ئەوڕەحمان هەستی دەکرد کەمێک باش بووە .. خۆی لە عەبایەکەوە پێچا و بەرەو مزگەوت بووەوە .. نوێژکەران لە نوێژی ئێوارە بووبوونەوە ، دانیشتبوون ، گوێیان لەدەرسی عەلەمەدین دەگرت .. ئەوڕەحمان

، تەمەشایەکی ئەو هەموو خەڵکەی کرد کە دانیشتبوون و گوێیان دەگرت ، لەدڵی خۆیدا گوتی :

-ئەو هەموو خەڵکە ، ئەفسوونی ئەم پیاوەن !

هەستی دەکرد ، لەسەرێتی ئەم پیاوە لەناوبەرێت و خەڵکی لەو زمانە سیحراویەیرزگاربکات .. تەنانەت بە خۆیشی کەوتبووە ژێر ئەفسوونی قسەکانیەوە . وەختێکی زۆر بەسەر دەرسەکەدا نەڕۆیی بوو کە سەری دایەوە ژان ، دەتگوت بە چەکوش بەسەریدا دەکێشن .. هەستی دەکرد لەشی زۆر گەرمە .. بەرچاوی لێڵ بوو .. دڵی تێک هەڵدەهات ، حەزی دەکرد بڕشێتەوە .

دەبوایە لەوەی پتر ماتەڵ نەبێت .. هەستی کرد پێویستەیەکسەر بۆماڵ بگەڕێتەوە .. بانگوێژەکە خۆی بۆ بانگی شێوان ئامادە دەکرد .. ئەوڕەحمان هەڵدەستێ و بە بیانووی شتێکەوە لە مزگەوتەکە وەدەر دەکەوێت و ئەوجا دەڕوات .. موەزینەکە، دەستی بە بانگدان کرد ، ئەوڕەحمان هەستا و بەرەو دەرگای مزگەوتەکە ڕۆیی ، بەڵام هەستی کرد ئەرزەکە لە ژێر پێیدا دەسوڕێت ، یا لاقەکانی ناتوانن هەڵیگرن .. زۆری هەوڵدا کە نەکەوێتە سەر ئەرزەکە .. نایەوێ لەنێو ئەم حەشامەتەدا بکەوێت .. وەکو هەمیشە خەنجەرەکەی لەژێر جلەکانیەوە شاردبووەوە .. ئەگەر بکەوێت ، لەوەیەیەکێک خەنجەرەکەی پێ بدینێ .. دەبێ هەرچۆنێ بووە خۆی بگرێت تا بۆ ماڵ بگەڕێتەوە ... بەڵام لە کۆتاییدا نەخۆشی زاڵ دەبێ .. ئیدی چەند بەدەن بەهێز و ئەقڵ دروست و ورەبەرز بێت .

ئەوڕەحمان ، بە نیمچە بوراوەیی کەوتە سەر ئەرزەکە ... خەڵکەکەی وەکو سێبەر بەدەوری خۆیەوە دەبینی .. عەلەمەدین ، هەستی بەو غەڵبەغەڵبە کرد کە لە مزگەوتەکەدا بەرپا بوو ، لە هۆی غەڵبەغەڵبەکەی پرسی ، زەلامێک لە کۆتایی مزگەوتەکەوە و بە دەنگێکیڕەسا بەرسڤی دایەوە :

-جەنابی ئیمام کابرایەک بوراوەتەوە ... پێدەچێ نەخۆش بێ .

ئیدی ئیمام و عەبدوڕەزاقی کوڕی خۆیان گەیاندە دیار کابرای بوراوە .. عەبدوڕەزاق هەرکە بینی ، گوتی :

-ئەمە ئەوڕەحمانە .

بابیرۆانیە سیمای ئەوڕەحمان و بە کوڕەکەی گوت :

- ئەمە کێیە کوڕم ؟ من پێشتر نەمدیتووە .

عەبدوڕەزاق ، دەستی ختەسەر هەنیەی ئەوڕەحمان و گوتی :

-غەریبە ، خەڵکی ئەسفەهان نییە .. بەڵام من ماوەیەک لەمە پێش لەبەرماڵەوە بینیم و لە هەندێ شتدا یارمەتی دام .. وادیارە تای لێیە .
عەلەمەدین ، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی :
-کەس ماڵەکەی دەزانێ ؟
کەس وەڵامی نەدایەوە ، بە عەبدوڕەزاقی گوت :
-دەی باشە .. بە پەلە بۆ ماڵی ببەوە ، من نوێژی شێوان دەکەم و ئەوجا خوا حەزکا دێمەوە .. ئەمشەو ماتەڵ نابم .

***

هەمان ئەو خەونانەی کە بەدرێژایی ژیانی دەیبینین ، لەو بێهۆشیەدا دووبارە هاتن بە سوراخیەوە ، بەڵام ئەوجارە هەموو خەونەکان پێکەوە .. دایکی بینی کە چۆن دزەکان لە بیاباندا سەریان دەبڕی و بابی کە لە پێش دایکیدا کوژرابوو ، لەو گۆڕەبە مردوویەتی کەوتبوو .. مامی کە چۆن حەواڵەی قەڵاکەی کرد و لە بەرزترین بورجی قەڵاکەوە کەوتە خوارەوە .. ئەو بەهەشتەی کە بۆ ماوەییەکرۆژ چووە ناوی  و تیایدا نەحەوایەوە و لەزەتی لێ نەبینی .. نورسین کە بووبە تاقە تروسکەی ئەو ژیانە تاریکە .. عەلەمەدین ، کەدەبێ بیکوژێت ، تا بگاتە نورسین ..
ئەوڕەحمان ، بە زەحمەتێکی زۆر چاوی کردنەوە .. نەیدەزانی لە کوێیە .. نوێنەکان نەرم و خاوێن بوون و ژوورەکەی بەلاوە تازە بوو .. ئەمە ئەو خانووە نییە کە بەکرێی گرتبوو .. بەزەحمەتێکی زۆر لەسەر جێگاکە دانیشت ... ئازای هاواری دەکرد .. سکی لەبرسان قۆڕە قۆڕی بوو .. هەستایە سەرپێ و بەلارەلار بەرەو دەرگای ژوورەکە ڕۆیی .. بەزەحمەت دەرگاکەی کردەوە ، هەستی بە بێتاقەتیەکی زۆر دەکرد .
لە ژوورەکە وەدەرکەوت ، بینی عەبدوڕەزاق ، لەو شوێنەدا کە عەلەمەدین پێشوازی نەخۆشان دەکات ، لە عاردی دانیشتووە .. عەبدوڕەزاق ، هەوەڵجار نەیبینی ، کتێبێکی لەبەردەستدا بوو ، کە سەرقاڵی خوێندنەوەی بوو .. لێی نزیک بووەوە و سڵاوی لێکرد ، عەبدوڕەزاق ئاوڕی لێدایەوە ، بەدەم بزە و شادیەوە ، لەسەر ئەرزەکە هەستا و پێی گوت :
-سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتی ئەوڕەحمان .
ئەوڕەحمان ، پشتی بە دیوارەکەوە دا و پرسی :
-چۆن بۆ ئێرە هاتووم ؟
عەبدوڕوزاق وەڵامی دایەوە :

-لە مزگەوتەکەدا بورایتەوە ، بابم ئەمری فەرموو کە بتگوازمەوە بۆ ئێرە تا دەرمانت بکەین
.
ئەوڕەحمان ، ئەوکارەی عەلەمەدینی پێناخۆش بوو .. خۆزگە وازی لێدەهێنا و چارەی نەدەکرد .. ئەو بۆ کوشتنی هاتووە و ، ئەم دەرمانی دەکات .. ئەوڕەحمان ، دووبارە پرسی :
-ئەدی ئیمام ئێستا لە کوێیە ؟
عەبدوڕەزاق ، بەرسڤی دایەوە :
-لەماڵەوەیە و نوێژی بەیانی دەکات ، دوای تۆزێکی دی دێت ، ئێستا نەخۆشان دەگەنە سەرمان .. دەی با بچین بۆلای .
ئەوڕەحمان ، بەدەم ڕێوە خۆی بە عەبدوڕەزاقەوە گرت تا گەینە ماڵی ئیمام .. وەژوور کەوتن ، بینیان عەلەمەدین تازە لە نوێژ بووەتەوە . عەلەمەدین کە گەنجە نەخۆشەکەی بینی چاک بووەتەوە ، ڕووی گەشایەوە و بە میهرەبانیەوە لێی پرسی :
-ئەمڕۆ چۆنی ئەوڕەحمان ؟
ئەوڕەحمان ، بەشەرمەوە وەڵامی دایەوە :
-سوپاس بۆخوا ، باشم جەنابی ئیمام .
عەلەمەدین ، هێشتا لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو ، بە کوڕەکەی خۆی گوت :
-بیبە با خۆی بشوات و دەستێک جلی خۆتی بدەیە .
ئەوڕەحمان ، بە ناڕەزاییەوە گوتی :
-پێویست بەو زەحمەتە ناکات قوربان .
عەلەمەدین ، بەرسڤی دایەوە :
-چۆن ؟ تۆ دوو ڕۆژە لە جێدا کەوتوویت و جلەکانت پیسن .. با ئەمە دیاری عەبدوڕەزاق بێ .
ئەوجاڕووی کردە کوڕەکەی و لەسەرێرۆیی :
-دەی عەبدوڕەزاق ، ئاوی بۆ گەرم بکە .. تا ئەو خۆی دەشوات ، نانی بەیانی بۆ بێنە .
هەڵویست و کرداری ئەم پیاوە دەرهەق بە ئەوڕەحمان ، وای لێدەکات هەست بە تاوان بکات لە ئاستیا .. ئاخر ، ئێستا دوای ئەم هەموو چاکەیە ، چۆنی بکوژێت ؟ چۆن بەر خەنجەری بدات ؟ خەنجەر ؟ کوا خەنجەرەکەی ؟ خستبوویە توێی عەباکەیەوە ، کەچی ئێستا دیار نییە .. تۆ بڵێی لە مزگەوتەکەدا لێی کەوتبێ ؟ ئاخۆ ئەو کاتەی هەڵیانگرتووە و بۆ ماڵی ئیمامیان هێناوەتەوە لێی کەوتووە ؟ دەنگی ئیمام ، لەو خەیاڵاتانەی دەرهێنا و گوتی :
-ئەوڕەحمان ، چیە .. بیرلە چی دەکەیەوە ؟
ئەوڕەحمان ، بە زمانەلاڵکێ بەرسڤی دایەوە :

-هیچ قوربان .. هیچ نییە .. زۆر سوپاست دەکەم .
ئیمام ، لەئەرزەکە هەستا و گوتی :
-شایەنی نییە کوڕەکەم .. ئەمە ئەرکی منە .. ئەرێ بەڕاست عەبدوڕەزاق پێی گوتم کە تۆ خەڵکی سافای .. من گەلێک لە زانا و ئیمامەکانیان دەناسم .. تۆ لەلای کامیان دەتخوێند ؟
ئەوڕەحمان ، سەری خۆی لەنێو هەردوو دەستی نا کە گوایە هەست بە سەرەگێژێکێ دەکات ، گوتی :
-قوربان نەخۆشییەکەم چی بوو ؟
دەیویست ، بابەتەکە بگۆڕێت ، ئیمام گوتی :
-گرانەتا .. ڕەنگە لەکاتی سەفەرەکەتدا تووشت بووبێ و لێرە لێی دیاری دابیت .
ئەوجا ، لەماڵ وەدەرکەوت و گوتی :
-سەلام و عەلێک .. دەبێ بڕۆم تا فریای نەخۆشەکان بکەوم .
ئەوڕەحمان ، بزەیەکی کاڵی بۆ کرد و سوپاسی خوای کرد ، کە کابرا درێژەی بە قسەکەی دەربارەی سافا ، ئەو نیشتمانەی کە هیچی دەربارەی نەدەزانی ، نەدا .

***

ئەوڕەحمان ، پاش ئەوەی خۆی شت و دەگەڵ عەبدوڕەزاقدا تێشتی خوارد ، هەستی کرد ، وەزعی زۆرباش بوو ، هەرچەندە هێشتا هەستی بە سەرەگێژکەیەکی سووک دەکرد .. دەگەڵ عەبدوڕەزاقدا وەدەرکەوت ، تا خواحافیزی لە ئیمام بکات و بۆ ئەو خانووە بگەڕێتەوە کە بە کرێی گرتبوو و دوو ڕۆژ بوو نەچووبووەوە .. دوودانە ڕۆژ بوو بازەکەی بەبەستراوی و بێ خواردن لەوێ بەجێ هێشتبوو .. تۆ بڵێی چی بەسەر هاتبێت ؟
ئەوڕەحمان ، خۆی بەو خانووە بچووکەدا کرد کە ئیمام کردبووی ، بە خەستەخانەی نەخۆشان ، کە ئەوڕەحمان ، لەچەند ڕۆژیڕابردوودا لەوێ کەوتبوو .. ژوورەکە زۆر قەرەباڵغ بوو .. عەبدوڕەزاق خۆی کرد بە پشتی ئەو پەردەیەدا کە ئیمام لەوێ معایەنەی نەخۆشانی دەکرد ، داوای لێکرد کە ڕێگای ئەوڕەحمان بدات تا بێت خواحافیزی لێبکات .. ئەوڕەحمان ، خۆی بەپشت پەردەکەدا کرد ، کابرایەکی لاوازی بینی کە لە سەر مێزێکڕاکشابوو ، گوێی لە ئیمام بوو کە بە گەنجێکی، وادیاربوو کوڕی کابرایە ، دەگوت :
-کێشەی بابت لە گەدەیدایە .. ئەو خواردنانەی دەیخوات ، یەکسەر هەڵیدەهێنێتەوە .. ئەگەر خواردن لە گەدەی بەندببێ ، ئیشەڵڵا چاک دەبێتەوە .
ئەوجا ، شووشەیەکی چکۆلەی دایە و گوتی :

-پێش هەر ژەمێک ، بڕێک لەم دەرمانە بخوات ، با تا دەتوانێ ماستی تازەی سارد بخوات ، دوای هەفتەیەک بیهێنەوە .
کابرای باریک و بنێس ، خۆی بە کوڕەکەیەوە گرت و بەدەم دوعای خێرەوە بۆ ئیمام لە ژوورەکە وەدەرکەوت .. ئیمام سەیرێکی کرد و لەبن لێوانەوە ، بەدەنگێک کە ئەوڕەحمان گوێی لێبوو ، گوتی :
-هیوادارم خوا بەو دوعایەی تۆم لەگەڵدا بکات .. سوپاس بۆ خوا ، بەهرەی ئەوەی داومەتێ خزمەتی بەندەکانی بکەم .
ئەوجا ئاوڕی لای ئەوڕەحمانی دایەوە و گوتی :
-بۆچی وا بە پەلە دەڕۆیی ئەوڕەحمان ، پەلەت چیە ؟
ئەوڕەحمان ، ڕاستگۆیانە بەرسڤی دایەوە :
-بەڕاستی بووم بە بار بەسەرتەوە .. خوا جەزای بە خێرت بداتەوە قوربان .
ئیمام ، بەشەرمێکەوە سەری لەقاند و گوتی :
-خێرانداربی ئەوڕەحمان .. ئەم چەند ڕۆژە ئیسراحەت بکە .. چونکە هێشتا بێتاقەتیت و بە تەواوەتی وەخۆ نەهاتوویتەوە .. ئەگەر پێویستت بە هەر چیەک بوو ، بێ دوودڵی داوا بکە ، من هەموو کاتێک لە خزمەتتدام .
ئەوڕەحمان ، پێش ئەوەی بڕوات ، سەرێکی لەقاند و بزەیەکی بەڕوویدا دا .
لەبەر دەرگاکەدا ، کەمێک وەستا ، گوێی هەڵخست بزانێ خەڵکی چۆن باسی ئیمام دەکەن ... بۆی دەرکەوت کە ئیمام پارە لە هیچ کەسێک وەرناگرێت .. بەڵکو دیاری میران وەردەگرێت تا لە هەژارانی خەرج بکات .
ئەم ئیمامە ، وێنەیەکی تەواو جیاوازە لەو وێنەیەی لای ئەم دروست بووبوو .. بەشەرێکە وەکو ئەم ، هیچ توانایەکی تایبەتی نییە .. بەهەشتی تایبەتی خۆی نییە .. ئەمە ئاینێکی دیکەیە ، جیاوازە لەو ئاینەی ئەوڕەحمان هەیەتی .
ئەوڕەحمان ، بەراوردی لە نێوان حەسەن سەباح و ، کە خەڵکی بۆیە دوای کەوتبوون پێیان وابوو دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت ، و ئیتاعەت و گوێڕایەڵی ئەو فەرزە لەسەریان و هەرکارێک کە دەیکا سروش و وەحی و هەقە .. وای لێهاتبوو لە چاوی خەڵکیدا لە پێغەمبەران باشتر و گەورەتر بوو ، و لە نێوان عەلەمەدیندا دەکرد ، کە پیاوێکی بێ هەوا و خاکی بوو ، خەڵکی بۆیە دوای کەوتبوون چونکە خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت و قسەکانی ماقوول و لۆژیکی بوون .
ئەوە تۆ چ دەڵێی ئەوڕەحمان ؟

ئەمە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە ..
چیە باوەڕت بە ئیمام نەماوە ؟
بەڵکو باوەڕم بە حەقیقەتی ئیمام هێناوە .. ئیمامیڕاستەقینە ..
دەی چوزانی عەلەمەدین لەسەر هەقە ؟ مادامێکی گومانت لە حەسەن سەباح پەیدا کردووە ، کە لە قەڵاکەی ئەودا پەروەردە بوویت و ڕێبازی ئەوت گرتووەتەبەر ، هەقە گومان لە گشت شتێک بکەیت ..
وادەکەم .. لەم ساتەوە دەست پێدەکەم .. من زانیاری زۆرم لەسەر مەزەبی سوننە و ڕاوبۆچوونیان هەیە .. پارەم پێیە و کتێب و سەرچاوەکانیان دەکڕم .. ئیدی دەکەومە خوێندنەوە و موتاڵا تا دەگەمە دواقەرار و دەزانم کامیان ئیمامی منن .

***

کاتێ ئەوڕەحمان گەییە ماڵەوە ، سەیری کرد دەرگا لەسەر گازی پشتە .. یەکەم شتێک کە بە بیریداهات ئەوەبوو کە ڕەنگەیەکێک پارەکەی ، کە لەژێر جێگاکەیدا دانابوو ، دزی بێت .. بەلەز وەژوورکەوت ، سەیری کرد سلێمان ، خواردن بۆ بازەکە دادەنێت .. سلێمان کە چاوی پێکەوت ، بەناوی خۆیەوە گازی کرد و بەخۆشیەوە بەرەو پیری غاری دا و خێرا لێی پرسی :
- ئەوڕەحمان ، ئەوە لە کوێ بوویت ؟
ئەوڕەحمان ، لەسەر قەنەفەکە دانیشت و حاڵ و حیکایەتەکەی لەسیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە ،سلێمان ، کە بەپەرۆشەوە گوێی لێدەگرت ، گوتی :
-ئیدی ئەمە تەبیعەت و ئەخلاقی ئیمام عەلەمەدینە .. پیاوێکی کەم وێنەیە .
ئەوڕەحمان ، لەدڵی خۆیدا گوتی :-کەچی من بۆ کوشتنی هاتووم !
سلێمان هەستا ، بەرەو دەرگا کراوەکە چوو و گوتی :
-ببورە کە بەبێ پرس هاتوومەتە ژوورەوە ، چیبکەم خەمی تۆم بوو .
ئەوڕەحمان ، وەڵامی دایەوە :
-من مەمنونم ، کە خەمی بازەکەت خواردووم .
سلێمان وەدەرکەوت ، ئەوڕەحمان بەتەنیا مایەوە و تەمەشای بازەکەی دەکرد .. بەدڵنیاییەوە خواردنی دەخوارد ، بەڵام خەمینی بە ئاشکرا پێوە دیاربوو .. سەری بەکزی شۆڕ کردبووەوە .. قوەت و توانای هەبوو ، بەڵام ئازادی نەبوو .
ئەوڕەحمان هەستا ، دەستی بەسەریا هێنا ، ئەوجا پەتەکەی لێکردەوە ، بەنەوازشتەوە هەڵیگرت و لەبەر پەنجەرەکەدا داینا .. بازەکە ، باوەڕی نەدەکرد ، کە ئێستا ئازادە و دەتوانێ بفڕێت .. ئەوڕەحمان ، دەیزانی کە بازەکە دەتوانێ بڕوات و هەرگیز نەگەڕێتەوە ،

چونکە ئەم شوێنە ، هەمان شوێن نەبوو کە تیایدا مەشق درابوو ، بەڵام بەرەبەرە هەستی بە بۆنی ئازادی کرد و ناتوانێ لەوەی پتر ئەم بازە بەدیلیڕابگرێت .. بابڕوات ئەگەر بە خوایشتی خۆی بگەڕێتەوە وا دەگەڕێتەوە، دەنا بۆ کوێ دەڕوات با بڕوات .

ئەوڕەحمان ، دوای ئەوەی بازەکەی بەرەڵڵا کرد ، بەتاقی تەنیا دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە لەو خەنجەرەی لێکەوتبوو ... تۆ بڵێییەکێک دۆزی بێتیەوە ؟ بڵێی کەسێک گومانی لێبکات ؟ ئایا حاڵی حازر لەژێر چاودێریدایە ؟ ئینسان ناتوانێ هەتاهەتایەلەو نیگەرانیەدا بژی ، ئێستا دەبێ لە وەڵامی تەواوەتی پرسیارێکی تازە بگەڕێت : ئایا ئەو لەسەر هەقە ؟ ئەوڕەحمان لە فکران ڕاچوو کە لەکوێوە دەست پێبکات ، چون دەتوانێ لە دروستی خەبەر دڵنیابێت ! زانی دەبێ لەزانستی فەرموودەدا ، کە زانستی گێڕانەوە و گێڕەوانە بۆی بگەڕێ تا بزانێ .. بەچیا ئەم فەرموودەیەڕاستە و ئەوی دی دروست نییە ؟ کەوتە خوێندنەوە وئامادەبوون لە دەرسێن زانستی زانایانی پسپۆری مەیدانی گێڕانەوە .. زانی کە هەر قەسەیەکبەڵگە و سەنەدێکی خۆی هەیە . قورئان سەند و سەرچاوەی خۆی هەیە ..فەرموودەێن پێغەمبەر سەنەدو سەرچاوەی خۆیان هەیە.. گوتەبیاران و زانایان سەندی خۆیان هەیە .. بە پەیگیری سەند بۆی دەرکەوت کە ناکرێدرۆیان بەسەر قەولانەوە بکرێ .

ئەمجۆرە زانستەی لای ئیمامانی خۆیان نەبینی بوو ، کە بە بێ هیچ سەند و بەڵگەو سەنەدێک قسە دەکەن و هیچ بەڵگەیەکیان نیە تەنیا سروش و وەحی نەبێت .

ئیدی بەم حاڵەوهمایەوە، کەمیخەرج دەکرد ، کەمی دەخوارد و زۆر فێردەبوو .. تا زیاتری دەخوێندەوە و پتر تێدەگەیی بەشێک لە ئەقڵ و لەدڵیڕوناک دەبووەوە .. وەڵامی پرسیارێکی وێڵی زەینی خۆی دایەوە .. هەستی بە ئەرخایەنی دڵی کرد .. دەستی بە نوێژ کرد ، بەشداری هەموو سرووتێکی ئەهلی سوننەتی دەکرد ، کە حەسەن سەباح عەفووی کردبوو .. بە ئەنجامدانی ئەو سرووت و شەعیرانە ، هەستی بە ئاسوودەییەک دەکرد کە بە قسە نایەتە وەسف کردن .

لەدڵی خۆیدا هەستی کرد زۆر لە قەڵاکە دوور کەوتووەتەوە .. لەهەر هەموو ئەو تەربێت و شتانە دوور کەوتووەتەوە کە لەوێندەر فێری بووبوو .. لە مەزەب و تەریقەتی قەڵا دوور کەوتووەتەوە .. بەڵام هێشتا هەر لە گوماندا دەژیا .. ئەو بەهەشتەی کە بۆ ماوەیڕۆژێک چووبوویە .. ئەگەر بە دڵیشی نەبووبێ هەر بەهەشت بوو .

شەوێ ، لە ڕامانی خۆیدا غەرق بوو ، کە گوێی لەو دەنگە بوو .. دەنگی تەق و هۆڕ و شکانی شتێک .. لەدەنگی کردنەوەی دەرگایەک دەچوو .. لەگینە سڵێمان بێ ..بەڵام سڵێمان بۆچی بەو ناوەختە هەڵدەستێ ؟ کەواتە دوور نییە ، دزبێ و هاتبێتەسەری تا دزی لێبکات .

باشە دەکرێ ئەوڕەحمان ، هەروا بەبێ هیچ تاقیقێک شتەکە پشت گوێ بخات ؟ هەڵبەتە نا .. بۆیە بە ئەسپایی لە دەرگاوە وەدەرکەوت ،سەیری کرد ئەو تارماییە لە پەنجەرەوە خۆی بە ماڵی سلێماندا دەکات .
زۆر بیری نەکردەوە ، وەکو تیر بەرەو پەنجەرەکە ، کە ئێستا کرابووەوە ، ڕۆیی ، بەڵام بەرلەوەی بگاتە پەنجەرەکە ، ئەو زەلامە زلەی بەدی کرد ، بە خۆ و کوتەکێکی قورسەوە . بەرەو ئەم هات .. لەوە دەچوو پاشدزی ئەو کابرایە بێ کە چووە ماڵەکەی سلێمانەوە . ئەوڕەحمان بلەز خۆی لە جەزرەبەی کابرا دەرباز کرد ، ئەوجا مستێکی خێواندێ و لە عاردی تەختی کرد ، ئەوجا ئەژنۆیەکی کێشا بە ورگیدا .. کابرا بەدەنگێکی بەرز ، ئاهێکی بۆ کرد ، کابرای ژوورەوە پەشۆکا و خاوەن ماڵ خەبەری بووەوە .. جگە لەو زەلامەی کە ئەوڕەحمان لەبەر پەنجەرەکەدا لێی دابوو ، دوو زەلامی دی لەژوورەوە بوون .. بلەز لەدەرگاکەوە وەدەرکەوتن ، بەڵام ئەوڕەحمان بەر دەرگای پێگرتبوون .. هەردووکیان لە ئەوڕەحمان زەلامتر بوون ، بۆیە پێیان وابوو ، دەتوانن بە ئاسانی بەرزەفتی بکەن و لەناوی بەرن .. بەڵام پێش ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە پەلاماری بدەن ، ئەوکوتەکەی کە لەپاش دزەکەیانی سەندبوو ، بەسەر سەرییەکێکیانەوە گیرسایەوە و سەری شکاند و ، شەقێکی سرەواندە ئەویتریان و تەختی ئەرزەکەی کرد ، بەڵام زوو هەستایەوە و هەڵهات .
سلێمان ، بەترسەوە وەدەرکەوت تا بزانێ ئەم هەرایە لەبەر ماڵەکەی ئەودا چیە ، ئەوڕەحمان ، ئەو پیاوەی هەستاند کە سەری شکاندبوو و لە سلێمانی پرسی :
-ئەم پیاوە دەناسیت ؟
سلێمان ، بە چاوە چکۆلەکانیتەمەشایەکی کرد و گوتی :
-ئەمە وەرزێرە لای من ، لە کێڵگەکەمدا کار دەکات .
ئەوڕەحمان ، وازی لە کابرا هێنا و پێی گوت :
-ئەگەر جارێکی دی بتبینم ، دەتکوژم ها .
کابرا باوەڕی نەدەکرد کە ئەوڕەحمان بەریداوە و ئازادی کردووە ، هەرچەندە خوێن بەسەریا دەهاتە خوارێ ، بەڕاکردن لەوێندەر دوورکەوتەوە .. ئەوڕەحمان بە سلێمانی گوت :
-ئەمە لەگەڵ دوو زەلامی دیدا خەریک بوون دزییان لێدەکردی .
سلێمان ، بەکەسەرەوە سەری لەقاند و گوتی :
-پێشتر پێمگوتیت ، بەڵام تۆ باوەڕت نەدەکرد .
ئەوڕەحمان بەسەرسامی گوتی :
-چیت پێگوتم ؟

سلێمان ، بە گلەییەوە گوتی :

-پێمگوتیت ، ئەمانە دزیم لێدەکەن ، وەرە کارم لەگەڵدا بکە .

ئەورەحمان وەڵامی دایەوە :

-بەڵام من هیچ لە کشت و کاڵ و مەزرادارى نازانم .

سلێمان ، بەرسڤی دایەوە :

-فێرت دەکەم ، لە ئێستا بە دواوە قەبووڵم نیە داواکەم رەفز بکەی .

ئەورەحمان ، ئەو پارەیەی کە پێی بوو ، تەواو بوو ، بۆیە دەبوایە کارێک بدۆزێتەوە ، ئیدی لەبەر مکوور بوونی سلێمان و لەبەر بێ پارەیی خۆی ، دەبوا ئەوکارە قەبووڵ بکات .

***

ئەورەحمان ، دوانیوەڕۆیەکی زوو ، لەکاری کیڵگە بووەوە .. سلێمان وێنای نەدەکرد بەو خێراییە فێر ببێ ، ئەمە جگە لەوەی لەکارا بەکار و بەسەبر و حەوسەڵە بوو .. سلێمان ، جگەلەو پێویستی بە هیچ کەسێک نەبوو ، لەکێڵگەکەدا کاری لەگەڵدابکات .

ئەورەحمان ، هەموو بەیانیەک دەگەڵ سلێماندا کاری دەکرد .. پێکەوە بۆنانی بەیانی دەچوونە ماڵی سلێمان .. نانیان دەخوارد و ئەوسا دەچوون بۆ کێڵگە .. تا نیوەڕۆیا دوانیوەڕۆیەکی زوو لەکێڵگەکەدا کاری دەکرد ، تا فریای کاتی دەستپێکی دەرسی ئیمام عەلەمەدین بکەوێت کە ئەم لە تەنیشت عەبدورەزاقەوە دادەنیشت .

ئەورۆژە کە لە کار بووەوە ، بلەز بۆ ماڵڕۆییەوە ، خۆی شت و چوو بۆ مزگەوتی گەورە .. بەهیچ جۆرێ بیری لە تیرۆرکردنی ئیمام نەدەکردەوە ، هەموو بیرکردنەوەی هاتبووە سەر ئەوەی چۆن بڕوات نورسین لەگەڵ خۆیدا بێنێ و نەیەلێت ئەوانەی لەناو قەلاکەدان هەستی پێبکەنیا پێی بزانن !

نورسین ، خەم و خولیای شەو و ڕۆژی بوو ، تەنیا نورسین ، بەو خاکەوەی دەبەست ، کە ئاوارە و دەربەدەری کرد .. هەندێ جار بیری لە خورشید دەکردەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژانیارمەتی دابوو یا هەولی دابوو یارمەتی بدات .. باشە بگەڕێتەوە بۆ قەلاکە و پێیان بلێ ، ئەرکەکەی پێ جێبەجێ نەکراوە ؟ هەنگێ کەسێکی دی بۆ تیرۆرکردنی عەلەمەدین دەنێرن .. ئەمە ئەگەر خۆی نەکوژن ، چونکە بەنگکێش و حەشاش یا لەکارەکەیدا سەردەکەوێیا دەکوژرێ .. بەلام بەبێ جێبەجێکردنی ئەرکەکەی ناگەڕێتەوە .

ئەورەحمان ، پێش نوێژی عەسر گەییە مزگەوت .. مزگەوتەکە هێشتا ئارام بوو ، قەرەبالغ نەبووبوو .. بەلەز وەژوورکەوت .. دەستنوێژی شتبوو و لە ریزی پێشەوە دانیشت تا لە

ئیمامەوە نزیک بێت ، کە وەکو هەموو ڕۆژێک دانیشتبوو ، تا لە دوای نوێژی عەسری ، دەرسیرۆژانەی خۆی بلێتەوە .
عەلەمەدین ، ئەوڕۆژە باسی سەواب و خێری تاعەتی دەکرد ، دەرسەکەی بریتی بوو لە باسی بەهەشت .. ئەورەحمان ، زۆر بە وریایی گوێی بۆڕادێرابوو .. بەهەشت ئاواتی بەر و دوایەتی ، لەگەڵ حەسەن سەباح دا ، لە پێناوی بەهەشتدا کاری کردبوو ، وای هەست دەکرد کە چووەتە بەهەشت .. عەلەمەدین پێی گوتن :
-وا زەن نەبەن کە بەهەشت تەنیا جێگای هاوخەوی دەگەڵ ژنان و خواردنی خوراکە .. من نکۆڵی لەوە ناکەم کە لەزەت و نیعمەتی بەدەنی تیا هەیە ، بەڵام شتی زۆر لەوانە گرینگتر هەیە .. ئاشتی دەروونی و ئاسوودەیی بیر و پاکی و بێگەردیڕوح زۆر گرینگترە .. مەزنترین نیعمەت بینینی خوای مەزنە .. لەبەهەشتدا هەست ناکەی کە لە هیچت کەم بێ .. چونکە هەست کردن بە نەبوونی و حورمان خۆی لەخۆیدا عەزابە .. بۆ نموونە ئەگەر تۆ کەسێکت خۆشبوێ لە دۆزەخابێ ، ئایا تۆ لەبەهەشتدا ، خەم بۆ دابڕانی دەخۆیت ؟ نەخێر ... نە هەست بە دابڕانی دەکەیت و نە بیری دەکەیت ، ئەوەی ئەم دنیای نەبێ و شوکرانە بژێربێ ئەو دنیای دەبێ .
وشەکانی ، هەموو ئامادەبووانی ئەفسوون دەکرد ، وای لێدەکردن دڵیان بۆ ئەو دنیا لێبدات و لەگەڵ زیکری خوادا ڕوندک بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە .. کاتێ دەرس تەواو دەبوو ، ئەورەحمان بە حاڵێکی دیکەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە .. بەدڵ و دەروونێکیخۆشتر و ئاسوودەترەوە دەگەڕایەوە . کاتێ ئەورەحمانلە دەرگای ماڵ نزیک بووەوە ، هەستی کرد یەکێک لەماڵەوەیە.. خۆی نەشاردبووەوە ، بەڵکو بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد .. دەنگی سلێمان بوو ، وادیاربوو لەژوورەوە لەگەڵیەکێکدا قسە دەکات ..ئەورەحمان لە فکران ڕا چوو .. باشە سلێمان بە چ هەقێک لەو ماڵەدا کە ئەم بەکرێی گرتبوو ، ماڵی ئەم بوو ، لەگەڵ کەسێکی دیدا قسەی دەکرد ... ئەورەحمان وەژوورکەوت ، سلێمان قسەکەی بڕی ، بە پێکەنینەوەڕوانیە ئەورەحمان و گوتی :
- ئەورەحمان ئەمشەو بۆ ماتەڵ بوویت ؟ خزمەکانت ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانت دەکەن .
ئەورەحمان ، تەمەشای ئەو شوێنەی کرد ، کە سلێمان ئاماژەی بۆکرد ، کە چاوی بەو چاوە وشک و نیگا ساردانە کەوت ، خوێن لە دەمارەکانیدا مەیی .. "بجرت" و "فراز" ، کە دڕترین و کارامەترین بەنگکێش بوون ، چاوەڕوانیان دەکرد .. ئەورەحمان لێیان نزیک بووەوە ، وەکو ئەوەی خێر هاتنیان بکات لە هەمێزی گرتن و بە چپەوە پێیگوتن :
-چیتان بەم کابرایە گوتووە ؟

"بجرت"تەمەشایەکی سلێمانی کرد و بەگوێی ئەوڕەحمانیدا چپاند :
-بەڕێی بکە ، تا بە ئیسراحەتی خۆ قسە بکەین .
ئەوڕەحمان ، ئاوڕی لە سلێمان دایەوە و گەیاندیە بەر دەرگا و گوتی :
-سوپاس هاپۆ سلێمان ، کە خێر هاتنت کردن .. تۆ بڕۆ بخەوە کات درەنگە .
سلێمان ، کە هەوڵیدەدا زیاتر دانیشێت گوتی :
-نا دەتوانم زیاتر دانیشم .
ئەوڕەحمان پێی گوت :
-ئەمان ماندوون ، دەخەون .. خوات لەگەڵ .
دوای ئەوەی سلێمان وەدەرکەوت ، دەرگاکەی داخست ..
ئەوڕەحمان لەبەردەمیاندا دانیشت ، چاوەڕوان بوو بزانێ چی پێدەڵێن .. تووڕەیی و دڕندەییان پێوە دیار بوو .. ئەمان بە تەمەن و بەجەستە و بە ئەزموون لەو گەورەتر و زەلامتر و پیاوکوژتر بوون .
بجرت ، بە تەوسەوە پێی گوت :
-چۆنی ئەوڕەحمان ؟
ئەوڕەحمان ، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :
-باشم ، لەخوا بەزیاد بێ .
بجرت ، سەری لەقاند و چاوێکی لە فراز داگرت و بەتەوسەوە گوتی :
-پێتەوە دیارە .. کە کاری فەلاحەتی دەکەی ، ئەمە شتێکی زۆر باشە .
ئەوڕەحمان بەدەم داکۆکیەوە لەخۆی، گوتی :
-شتەکە وانییە ، بەڵام ..
بجرت ، قسەکەی پێبڕی و گوتی :
-ئەدی شتەکە چۆنە ؟ ئەوە نییە کە لێرە دەژیت و بیرلەوە ناکەیتەوە کە ئەو ئەرکە پیرۆزە جێبەجێ بکەیت کە ئیمام رای سپاردوویت ؟
ئەوڕەحمان ، بەترسێکیڕاستەقینەوە گوتی :
-نەخێر ، بجرت ، شتەکە وانیە .
ئەمجارەیان فراز ، بەتوندی بەرسڤی دایەوە :
-کە بۆ قەلا گەڕاینەوە ، هەرچیت هەیە و دەتەوێ بە ئیمامی بڵێ .
ئەوڕەحمان ، هەستی بە سووکە ئارامییەک کرد .. بەلای کەمەوە ئەرکەکەی لە کۆڵ بووەوە ..
بجرت لێی پرسی :

-کوا ئەو خەنجەرەی مەولامان پێی دابوویت ؟
ئەوڕەحمان ، نەیدەزانی چ بڵێ ، بۆیە بێدەنگ بوو ... بجرت ماوەیەکی زۆرتەمەشای کرد و ئەوجا بە تەوسەوە لەسەریڕۆیی :
-ونت کردووە ، یا چی ؟
ئەوڕەحمان وەڵامی نەدایەوە ، بجرت لەسەریڕۆیی :
-نازانم چیت بەسەر هاتووە ! چۆن بوویت بەو بوونەوەرە ملکەچە لاوازە ؟ ئێمە هەموومان ، وامان دانابوو کە تۆ لە هەموومان باشتر دەردەچیت .
ئەوڕەحمان ، سەری لەبەرخۆنا ، بجرت لەسەریڕۆیی :
-ڕەنگە خۆشەویستیت بۆ ئەو کیژە شوانە ، کردبیتی بەو ئاشقە گەمژەیە .
چاوانی ئەوڕەحمان ، لەترسا ئەبڵەق بوون .. چۆن بە مەسەلەکەی"نورسین"ی زانیوە ؟ ئەم شتە کوت و پڕە زمانی لەگۆ خست و بیرکردنەوەی شێواند .. بەڵام لەدڵی خۆیدا قەرارێکی گرینگی دا ، کاتێ کە گوێی لێبوو ، بجرت دەڵێت :
-ئیمە ئەمشەو عەلەمەدین دەکوژین .. تۆ لێرە چاوەڕوان دەکەی .. دوای ئەوەی عەلەمەدین لەکۆڵ دەکەینەوە ، دێینەوە بۆلای تۆ ، تا پێکەوە بۆ قەڵا بگەڕێینەوە .
ئەو قەرارەی ئەوڕەحمان دابووی پەیوەندی بە عەلەمەدینەوە هەبوو .

***

هێشتا بانگی بەیانی نەدابوو .. تاریکی باڵی بەسەر ئەو شەقامانەدا کێشابوو کە عەلەمەدین و کوڕەکەی پێیایدا بۆ مزگەوت دەچوون .. ئەو سێبەرە تاریکەڕەشە چاودێری دەکرد .. بەسەربانی ماڵەکاندا بازی دەدا .. هەندێجار دادەبەزی تا خۆی لە پەنا دیوارێک وەشێرێ .. ناوبەناو دەستێک لە شمشێرەکەی دەدا تا بزانێ ئامادەیە بۆ هەڵکێشان .. خاوەن سێبەرەڕەشەکە دەڕوانێتە عەلەمەدین .. لێی نزیک دەبێتەوە ، تا دەکەوێتە شانی .. خۆی ئامادە دەکات ، لەناکاوا بەرەو لای عەلەمەدین غاردەدات ، نەک بۆ ئەوەی دەستی لێ بوەشێنێ ، بەڵکو بۆ ئەوەی بەرگری لێبکات و نەیەڵێت شمشێرەکەی"بجرت"ی بەربکەوێت ... ئیدی شەڕە شمشێر دەستی پێکرد .. بجرت ، وێنای ئەوەی دەکرد کەسێک هەبێ داکۆکی لە ئیمام بکات ، بەڵام وێنای نەدەکرد بەو کارامەیی و لێهاتووییە ئەوکارە بکات .. زەربەی شمشێرێکرەت بکاتەوە و ئەوجا دەست بە شمشێر وەشاندن بکاتەوە .. کابرا دەمامکی کردبوو ، بجرت نەیتوانی هەڤڕکەکەی بناسێت .
لەکاتێکا بجرت ، شەڕی کابرای نادیاری دەکرد ، فراز لە ئیمام هاتە بەرەوە تا بیکوژێت ، بەڵام شەڕڤانە نادیارەکە ، کە بینی فراز لە ئیمام نزیک بووەوە ، بجرتی دوور خستەوە و

بەغار خۆی گەیاندە فراز و لە پشتەوە شمشێرێکی کاری لێدا . بجرت لە تووڕەییدا خوای نەما ، بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە هەڵیکوتایە سەر شەرڤانەکە .. عەبدوڕەزاق ، بە تێڵایەکەوە پەلاماری بجرتی دا و هەوڵیدا فریای ئەو شەڕڤانە بکەوێ کە ژیانی بابیرزگارکرد .. بەڵام بجرت زۆر بە ئاسانی خۆی لە تێڵایەکەدەرباز کرد و بە شمشێر تێی بەربوو ، بەڵام شەڕڤانەکە ، بەپەلە بەخۆ و شمشێرەکەیەوە خۆی خستە نێوان شمشێرەکەی بجرت و عەبدوڕەزاق .

شەڕڤانەکە پێکرا ، شمشێرەکە بەر سینگی کەوت ، دەمامکەکەی بەر بووەوە .. بجرت لە سەرسامیدا چاوی پەڕیە تۆقی سەری ، بە شەڕڤانەکەی گوت :

-ئەوڕەحمان ! ئەوە چ دەکەی هەی غایەن ؟

بجرت ، چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد ، دوای ئەوەی ئیمام خۆی بە نزیکترین ماڵدا کرد و هاواری ژنان بەرز بووەوە ، خەڵکەکە بەرەبەرە کۆبوونەوە .. بجرت لە چاو تروکانێکا دیار نەما ، فراز کە مردبوو ، ئەوڕەحمانی کە خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕۆیی بەجێهێشت .

ئەوڕەحمان لەبەردەستی عەبدوڕەزاقدا بەربووەوەو گوتی :

-بمبورە برام .

ڕوندک کەتە چاوانی عەبدوڕەزاق و گوتی :

-بۆچی برام ؟ خۆ تۆ ژیانتڕزگارکردین .

ئەوڕەحمان هەستی کرد دنیا بەرەبەرە لەبەر چاوی تاریک دەبێت و دوا شتێک کە بەدی کرد دەم و چاوی ئیمام بوو .. ئیمام عەلەمەدین .

## پزیشک

ئەوڕەحمان ، چاوی هەڵێنا ، خۆی لە هەمان ژووردا بینییەوە کە جاری پێشوو ، ئیمام عەلەمەدین ، لەوێدا پەرستاری و دەرمانی دەکرد ، بەڵام ئەمجارەیان ئیمام و کوڕەکەی لەسەر ئەرزەکە و لە تەنیشت جێگاکەی ئەوەوە دەنووستن .

عەلەمەدین ، هەستی بە جوڵەی ئەوڕەحمان کرد ، بەلەز لە شوێن خۆیەوەڕاپەڕی و چووە دیاری و گوتی :

-ئەوڕەحمان ، حاڵت چۆنە ؟

بەدەنگێکی کزی چپە ئاسا ، بەرسڤی دایەوە :

-لەخوا بەزیاد بێ باشم .

ئەورەحمان ، کە قسەی کرد ، هەستی بە ئازارێکی توندی زامەکەی کرد ، دەستی بەو شاش و شتانەدا هێنا کە عەلەمەدین لە زامەکەی نابوو .. عەلەمەدین بە منەتبارییەوە گوتی :

-نازانم بە چ زمانێک سوپاست بکەم ئەورەحمان .. تۆ ژیانی خۆم و کورەکەترزگار کردم .

بەدەنگێکی کز ، کە بە ئەستەم دەبیسترا گوتی :

-پێویستە شتێکی گرینگت پێ بڵێم قوربان .. بۆ ئەوەی کە ئەگەر مردم ، ویژدانی خۆمم ئاسودە کردبێ .

عەلەمەدین ، بە نیگەرانییەوە گوتی :

-فەرموو ئەورەحمان .. گوێم لێتە .

عەبدورەزاق ، هەستا و لای بابیەوە دانیشت ، تا گوێ لە چیرۆک و بەسەرهاتەکەی ئەورەحمان لە نووکەوە و بە دوور و درێژی بگرن .. ئەورەحمان هیچ شتێکی لەبیر نەکرد .. بێ پەردە هەموو شتێکی گێڕایەوە : باوکی .. مامی .. خورشید ، سەلام ... نەسیم، نورسین .. بەهەشت .. ئەبدەس .. بجرت و فراز .

ئەورەحمان ، ئەوەی لەدڵیا بوو هەڵیڕشت .. هەستی بە جۆرە ئاسودەییەک کرد ، وەکو ئەوەبوو تاوێرێک بەسەر سنگیەوە بێت و ئێستا لاییردبێت ، بەڵام سەیر ئەوە بوو عەلەمەدین ، شتەکەی پێ سەیر نەبوو ، وەکو عەبدەرەزاق نەحەپەسا ، بەڵکو کاتێ ئەورەحمان لە قسەکانی بووەوە ، یەکسەر لە جێی خۆی هەستا و چووە دەرەوە ، کەمێک ماتەڵ بوو ، ئەوجا بە خەنجەرێکەوە هاتەوە .. خەنجەرەکەی حەسەن سەباح ، کە دابووی بە ئەورەحمان ، تا ئیمام عەلەمەدینی پێبکوژێت .

عەلەمەدین ، خەنجەرەکەی پیشانی ئەورەحمان دا و گوتی :

-ئەمە ئەو خەنجەرەیە کە حەسەن سەباح دابووتێ ؟

ئەورەحمان ، تەمەشایەکی خەنجەرەکەی کرد و ئەوجا گوتی :

-بەڵێ قوربان ... خۆیەتی .

عەلەمەدین ، لەسەرڕیرۆیی :

-جارەکەی پێشوو ، لەناو جلەکانتدا دۆزیمەوە .. من هەندێک شتم لەبارەی کار وکردەوەی بەنگکێشەکانەوە بیستبوو و گومانم لێکردیت ، کە دیتم وردەوردە خەریکە دەگۆڕێی زۆرم پێخۆش بوو ، بۆیە ئەو کابرایە ناوی دەزانیت .

ئەورەحمان سەرڕیرەزامەندی بۆ قسەکانی عەلەمەدین لەقاند و گوتی :

-قوربان ، داوایبوردن دەکەم .
عەلەمەدین ، بە دڵبەندیەوەتەمەشای کرد و گوتی :
-بۆچی و لەسەر چی بتبورم ؟! تۆ چاکەت بەسەر منەوە هەیە .. تۆ ژیانترزگار کردم .
ئەورەحمان ، بەشەرمەوە گوتی :
-ببورە قوربان .. قسەی وامەکە .
عەلەمەدین ، بەدوور لە هەر ڕوبینی و مجامەلەیەک گوتی :
-ئەورەحمان ، ئەمە هەق و دادە .
ئەورەحمان بەرسڤی نەدایەوە .. هەستی بە ئاسودەییەک دەکرد ، کە قەت هەستی بە شتی وا نەکردبوو .. حەزیدەکرد بگری .. حەزی دەکرد پێبکەنێ .. هەستی دەکرد کە ئازارەکەی نەما ، دەیتوانی دەست بە ژیانێکی تازە بکات ، بەڵام تاقە شتێک بەو گوندەیەوە دەبەست : نورسین .. دەبێ لە پێناوی ئەودا بگەڕێتەوە ، کاتێ عەلەمەدین لێی پرسی کە بە تەمایە لەمەودوا چی بکات ، بە تایبەتی کە لە بەنگکێشەکان قاچاخ بوو و ئەگەر بیاندیبا سێبەریان بەتیر دەنگاوت ، گوتی :
-دەگەڕێمەوە بۆ گوندەکە .
عەلەمەدین ، بە پارێزەوە پرسی :
-یانی بە پێی خۆت دەچیتە بەردەستیان ، وەکو ڕۆژیڕوون لە لات عەیانە کە ، دوژمنی قەستەسەرتن ؟
ئەورەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-دەبێ لەبەر خاتری نورسین هەر بڕۆم .. دەبێ بیهێنم بۆ ئەسفەهان .
ئیمام ، بە پرسیارێک بەرسڤی دایەوە :
-جا چوزانی لەگەڵتدا دێت ؟
ئەورەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-هەوڵێکی لەگەڵدا دەدەم .. نامەوێ بە گومڕایی لەوێ وەمێنێ .. ئەگەر کەسێک ، کەسێکی خۆش بوێ ، دەبێڕێگای هیدایەتی پێ نیشان بدات .. شتێکی دیکەش هەیە .
ئیمام ، کە بیری لە گەڕانەوەی ئەو بۆ گوندەکە ، دەکردەوە ، پرسی :
- ئەو شتە چییە ؟
ئەورەحمان ، کە پێدەچوو زامەکەی بەتەواوی بیرچووبێت ، بەرسڤی دایەوە :
-زەهرەی کیژی خورشید نەخۆشە .. هەوڵدەدەم کە قەناعەتی پێبکەم بۆ ئێرەی بێنێ ، تا چارەسەرێکی بکەیت ، دیتم زۆر حاڵەتی وەکو نەخۆشیەکەی ئەو چارەسەر دەکەیت .

عەلـەمەدین ، دەستی خستە ڕدێنە درێژەکەی و بە حەواس پەرتیەوە ، گوتی :

-ئەگەر تۆ سووربی لە سەر ڕۆیشتنەوە ، پێویست ناکات خورشید کچەکەی بۆ چارەسەر بۆ ئێرە بێنێ .

ئەوڕەحمان ، پرسی :

-مەبەستت چیە قوربان ؟

عەلەمەدین ، سەری لەقاند ، بەدەست ئاماژەی کردێ کە ئیسراحەت بکات ، ئەوجا گوتی :

-هیچ .. پێویستە ئێستا ئیسراحەت بکەی تا چاک دەبیتەوە ، ئەوسا خوا کەریمە ، قەدەری خوا ڕەت نابێتەوە .

ئەوڕەحمان لە مەبەستی ئیمام حاڵی نەبوو .. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ، پاش ئەوەی لێدەبڕێت بۆ ئەو گوندەیڕەخیرڕوبارەکەی نزیکی قەڵاکە ، قەڵای هەڵەمووت بگەڕێتەوە بۆی دەردەکەوێت .

***

سلێمان ، هەستی بە خەمبارییەکی زۆرکرد ، فرمێسک لە چاویدا قەتیس ما ، بە خورتی جڵەوی گریانی خۆی گرت ، بە پاڕانەوەوە لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-ئێستا بۆ سافا دەگەڕێیتەوە ؟

ئەوڕەحمان ، بە میهرەبانی بەرسڤی دایەوە :

-بەڵێ .. بەڵام خوا یاربێ زوو دەگەڕێمەوە .

سلێمان ، بەکەسەرەوە گوتی :

-یانی من دیسان ناچاردەبم بە تەنیا بژیم ؟! کێ لە کێڵگەکەدا کارم لەگەڵدا بکات ؟!

ئەوڕەحمان ، گوتی :

-پێمگوتی ، زۆرم پێناچێت .. کارێکی گرینگ هەیە دەبێ تەواوی بکەم .. لەوەیە دوای ئەوە ، بۆ ئێرە بێمەوەوباقی تەمەن و ژیانم لێرە بەسەربەرم .

ڕووی سلێمان گەشایەوە ، ئومێد و هیوا بە سیمایەوە دەرکەوتن و لێی پرسی :

-یانی بەڕاستی دەگەڕێیتەوە .. تا باقی ژیانت لێرە بەسەر بەریت ؟

ئەوڕەحمان بەرسڤی دایەوە :

-پشت بەخوا .. ئەگەر باقیەک مابێ .

سلێمان ، هەستی کرد ، دەنگی بە نائومێدی و نیگەرانیەکی زۆر بارگاویە ، لێی پرسی :

-بۆم هەیە پرسیاری ئەوەت لێبکەم کە کارەکەت لە سافا چیە ؟

هەڵبەتە ئەوڕەحمان ، لە حاڵێکا نەبوو کە چیرۆکێکی تازەی بۆ بگێڕێتەوە ، بۆیە بەدەم هەڵگرتنی توێشووی سەفەرەکەیەوە ، گوتی :

-زۆر دواکەوتووم .. پێویستە خێرا بکەومە ڕێ .. کە گەڕامەوە هەنگێ هەموو شتێک .

ئەوڕەحمان ، دەستی برد تا تەوقەی دەگەڵ بکات و خواحافیزی لێبکات ، بەڵام سلێمان باوشی پێداکرد و باسکی لە قەدی وەرینا ، ئەوڕەحمان پێی وابوو بەری نادات تا بڕوات .. بە ئەسپایی خۆی لە هەمێزی دەرهێنا ، بە میهرەبانیەوە دەستی دا بەسەرشانیدا و ئەوجا بلەز بۆی دەرچوو .

ئەسپەکەی کە ماوەیەکی زۆر بوو سواری نەبووبوو ، چاوەڕوانی بوو .. شتەکانی لێبارکرد ، ئەوجا خۆی هەڵدایە سەری ، ئەسپەکە جوڵا و حیلەیەکی توندی بۆکرد ،لە تۆ وایە تامەزرۆی سەفەرێکی تازەیە .

بەڵام سەفەری ئەمجارە ، لەهەموو سەفەرەکانی پێشوو ، مەترسیدارتر بوو .. بەرەو مەڵبەند و قەڵای بەنگکێشەکان دەگەڕایەوە .. ئەو بەنگکێشانەی کە یەکێکی لێکوشتبوون .. بێگومان بجرت گەڕاوەتەوە و هەمووانی لە واریقاتەکە ئاگادار کردووتەوە .. ئەم هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نەبوو .. بەلایەوە گرینگ نەبوو کێ لە قەڵادایە ، تەنیا نەسیم ، کە فێری هونەری شەڕی کردبوو و بە درێژایی ئەو ساڵانە دۆستانەڕەفتاری لەگەڵدا کردبوو ، یانی تەنیا نەسیم و سەلامی هاوڕێی ، بەلاوە گرینگبوو ، سەلام کە هاوڕێیڕێگای بوو لە گوندەکەوە بۆ قەڵا ...

بەڵام دەبێ ئێستا ، کە زانیویانە چی کردووە ، هەڵوێستیان بەرانبەری چ بێت ؟ تۆ بڵێی هێشتا مامۆستاکەی لەسەر هەمان میهری خۆی و هاوڕێکەی لەسەر هەمان ئەمەک و وەفاداری خۆ ، مابن ؟

هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو .. ئەوڕەحمان دوای نوێژی بەیانییەکسەر کەوتە ڕێ .. هەمیشە حەزدەکات بە تاریکی بکەوێتەڕێ و بەتاریکی بگاتەجێ .. تا لە ئەسفەهان وەدەرکەوت ، بەهەشتاو ڕۆیی .. زۆر نەڕۆیی ، ماڵەکەی سلێمان لەقەراخ شاردا بوو .. ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دایەوە ، دیقەتی دا دوو تارمایی لە تاریکیەکەدا وەستاون و چاوەڕوانی دەکەن .. لەدوو پیاو دەچوون کە لەبەردەم ئەسپەکانیان وەستابن .. بەرەو ڕوویانڕۆیی ، ئەوجا لەبەردەمیاندا وەستا و بەرلەوەی لە ئەسپەکەی دابەزێ ، هەر بۆ دڵنیایی خۆی پرسی :

-تۆ ئیمام عەلەمەدینی ؟

ئیمام ، دەمامکەکەی لەڕووی خۆی لابرد و گوتی :

-بەڵێ .. دەی با بڕۆین ئەوڕەحمان .

ئیمام ، بە کۆمەکی کوڕەکەی سواری ئەسپەکەی بوو ، کوڕەکەی گوتی :

-بابە ، هێشتا هەر مکوورِی لەسەر رِۆیشتن ؟
عەلەمەدین ، لێبرِاوانە ، بەرسڤی دایەوە :
-پێویستە هەندێ شت بەچاوی خۆم ببینم .. دەبێ لە هەندێک زانیاری و بیرو باوەرِان دڵنیابم تا کۆمەڵێک ئەحکامی گرینگی ، تایبەت بەوانی لەسەر رِۆبنەم .
عەبدورِەزاق ، بەترسەوە گوتی :
-بەڵام ئەگەر بتناسنەوە دەتکوژن .
ئیمام ، بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە :
-مردن بە ئەجەلە کورِەکەم .. ئەگەر کوژرام مانای وایە ئەجەلم هاتووە .. هێندەی بکرێ خۆ دەپارێزم و قەدەری خواش رِەت نابێتەوە .. مەرگ بەرەوپیرم هات .. بەڵام هێشتا ئەجەلم نەهاتبوو .
عەبدورِەزاق پرسی :
-باشە بۆ لەگەڵ خۆتم نابەی ؟
عەلەمەدین ، بەپەلە گوتی :
-پێشتر باسی ئەمەمان کردووە .. دەبێ تا من ئیشەڵڵا دەگەرِێمەوە ، یارمەتی نەخۆشەکان بدەیت ...
ئەوجا جڵەوی ئەسپەکەی گرت و گوتی :
-سڵاوت لێ بێ عەبدورِەزاق .. دەبێ تاکەس نەیدیوین لێکدی دوور بکەوینەوە ، وەکو گوتم ئەگەر یەکێک لێی پرسیم ، بلێ رِۆیشتووم بۆ چارەسەری کیژێکی خزمی برادەرێک ، لە گوندێکی ئەم نزیکانە .
عەبدورِەزاق خواحافیزی لەبابی کرد و بە ئەورِەحمانی گوت :
-ئەورِەحمان ، تا دەتوانی ئاگات لێی بێت .
ئەورِەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-ئەگەر خوانەخواستە شتێکی بەسەر هات ، ئەوا بزانە من لە پێشا مردووم .. بەهەرحاڵ ، خوا هەر خۆی باشترین پشت و پەنا و پارێزەرە .. بەهیوای دیدار عەبدورِەزاق .
هەردوو ئەسپەکە بەرەو قەڵا وەرِێکەوتن ، عەبدورِەزاق تا لە چاو ون بوون ، هەر لەدواوەتەمەشای دەکردن ..

***

خورشید ، لۆژلۆژ دەرِۆیی .. ماندوویەتی و شەکەتی پێوە دیاربوو .. رِەنگە لە خەفەت و پەژارەدا وای لێ هاتبێ .. گەییەماڵەوە ، کە کاتی خۆی زەهرە ، بەدەم یاری و گەمەوە ،

باخچەکەی پڕکردبوو لە خۆشی و شادی .. ئێستا هەموو شتێک خەمناک و بێدەنگ بوو ، بەڵام ئەم دەنگە چییە ؟ وەکو ئەوەبوو یەکێک لە بن لێوانەوە بە چپە بانگی بکات ... ئاوڕی دەوروبەری خۆی دایەوە ، بەڵام هیچ شتێکی نەبینی .. وای زانی خەیاڵە ، بەڵام دوای تۆزێک هەستی بە دەستێک کرد کە خرایە سەرشانی .. خورشید ، بۆساتێک هەستی کرد لاقی سست بوون و ئەگەر کار وا بڕوات دەکەوێت ، بەڵام زاتی وەبەرخۆی نا و توانیبڕوانێتە دەم و چاو و ڕوخساری خاوەن دەستەکە .. چاوەکانی ، لەترسا ئەبڵەق بوون ، دەستی نایە سەردەمی خۆی و بەسەرسامی گوتی :

-ئەوڕەحمان ! بۆچی هاتوویتەوە ؟ لەدووت دەگەڕێن .

بلەز بەرسڤی دایەوە :

-باجارێ ، تایەکێک نەیدیوین ، بچینە ژوورەوە .

خورشید ، بلەز دەرگای کردەوە ، چوونە ژوورەوە و ئەوڕەحمان گوتی :

-هاوڕێیەکم لەگەڵە .. کەسی غەریب لە ماڵەوەتان هەیە ؟

خورشید بەرسڤی دایەوە :

-تەنیا خۆم و ژنەکەم و کارەکەرەکەمان لە ماڵەوەین .. هەروەها زەهرەش کە وەکو جاران نەخۆشە .

ئەوڕەحمان ، بەنیمچەپاڵ ئیمامی بۆ ژوورەوە پاڵنا و گوتی :

-ئەم برادەرە لەبەر ئەوە لەگەڵمدا هاتووە .. پزیشکە .

خورشید ، دەرگاکەی توند داخست و گوتی :

-جا بەچی دەچێت ؟ زۆر دکتۆری دیکەم هێناوەتەسەری .. نەدەبوو ئەم ڕیسکە بکەیت و بێیتەوە ، چونکە ئەمانە سێبەرت بەتیر دەنگاون ، سەری تۆیان چ بە زیندوویەتی چ بە مردوویەتی دەوێ .

ئەوڕەحمان ، بە ئەسپایی گوتی :

-بەڵام خەڵکی ئێرە نییە ..

ئەوڕەحمان ، کە بە ترسەکەی سەر ڕوخساری خورشیدەوە زانی خورشید شتەکەی زانیوە ، قسەکەی تەواو نەکرد . خورشید بە ترسەوە لێی پرسی :

-سوننەیە ؟

ئەوڕەحمان سەری لەقاند کە بەڵێ . خورشید وەکو ئەوەی لە شتێک بگەڕێت ، بەدەوری خۆیدا خولایەوە ، ئەوڕەحمان هەردوو شانی گرت و بە توندی پێی گوت :

-خورشید هێور بە . کاتمان بەدەستەوە نییە .. من بە کارێکی تایبەتی هاتوومەوە و ئەم دکتۆرەشم بۆ دەرمان و مالیجەی کیژەکەت هێناوە .. ئەگەر یەکێک پێمان بزانێ دەمانکوژن ، لەگینە تۆش بە ئێمەوە بکوژن .. ئەگەر ناتوانی میواندارییمان بکەیت، دەڕۆین .. بەڵام بیر لە کچەکەت بکەوە ، کە لەبەر خاتری ئەو ئەم دکتۆرەم هێناوە .

خورشید کەمێک هێور بووەوە و لە ڕووی ناچارییەوە گوتی :

-دەچم ژنەکەم و کارەکەرەکەم بێدار دەکەمەوە ، ئەمڕۆ لەکار دواکەوتووم ، پێدەچێ خەوتبنەوە .

ئەوڕەحمان ، لێی پرسی :

-هێشتا فاتیمە لەلای تۆ کار دەکات ؟

خورشید ، بەرسڤی دایەوە :

-بەڵێ ... حەزناکەم ، ئەو کەسانە بگۆڕم کە کارم لەلا دەکەن .

ئەوڕەحمان ، هەمدیس پرسی :

-متمانەی پێدەکەیت ؟

خورشید ، بەرسڤی دایەوە :

-هەمو تەمەنی لەگەڵ ئێمەدا بەسەر بردووە ، چۆن متمانەی پێناکەم ؟! یەکێکە لە خۆمان .

خورشید ، لێبڕا بچێ بۆلای ژنەکەی ، ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد و لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-دکتۆرەکە ناوی چییە ؟

ئەوڕەحمان ، یەکسەر بەرسڤی دایەوە :

-عەبدوڕەزاق .. هەمووومان هەر عەبدی خواین .

خورشید ، سەرێکی لەقاند و ، بەدەم ورتەورتەوە دوورکەوتەوە :

-دەزانم ئەمە ناوی خۆی نییە ... بەڵام قەیدێ ناکات .

چوو تا ژنەکەی و کارەکەرەکەی هەستێنێ .. ئەوڕەحمان و دکتۆرەکە ، لەخوارەوە چاوەڕوانیان دەکرد .

***

وەجدی هاوسەری خورشید ، لە هەوەڵەوە نەیزانی خورشید بۆچی هەڵیساند .. ئەوسا گوێی لەناوی ئەوڕەحمان بوو .. نەیدەزانی ئەوڕەحمان چی کردووە ، چونکە لەماڵەوە نەدەچووە دەرەوە ، بەڵامرق و غەزەبەکەی خۆی لە ئەوڕەحمان بیرکەوتەوە . بۆیە بە تووڕەیی لە خورشیدی پرسی :

-چی بۆ ئێرەی هێناوە ؟

خورشید ، بە ئەسپایی دەستی خستەسەر دەمی تا بێدەنگی بکات و ئەوجا گوتی :
-دکتۆرێکی کارامەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە . دەتوانێت چارەسەری کیژەکەمان بکات .
ژنەی تاین ، بە نە باوەڕییەوەتەمەشای کرد و پرسی :
-باشە ئەم دکتۆرە چی لەوانی دی زیاترە ؟ خۆ هەموو دکتۆرانی دەڤەرەکەمان هێنایە دیاری .
خورشید ، بەرسڤی دایەوە :
-کێشەکە ئەمەیە .. دکتۆرەکە خەڵکی ئێرە نییە .. خەڵکی دەڤەری سوننیانە .
چاوانی ژنە ئەبڵەق بوون ، گوتی :
-سوننەیە ؟
خورشید ، سەری بۆ لەقاند و ، کەوتە گێڕانەوەی ، ئەو قسانەی کە لە چەند ڕۆژیڕابردوودا ، لەبازاڕ دەربارەی خیانەتی ئەورەحمان لە ئیمامی قەڵا و کوشتنییەکێک لە بەنگکێشەکان .. نیگەرانی کەوتە دڵی ئەو دایکەوە کە شیفای بۆ کچەکەی دەویست .. ژنە ، کەمێک بێدەنگ بوو ، ئەوجا لێبڕاوانە گوتی :
-دەڵێن دکتۆری ئەوان زۆر کارامە و شارەزان .. دەبێڕایگرین تا زەهرەی عیلاج دەکات .
ئەوجا بە دەنگێکی پڕ لە خۆزیاوە لەسەریڕۆیی :
-هیوادارم بتوانێت .
خورشید ، لەلایەوە هەستا و بەرسڤی دایەوە :
-دەی باشە ... فاتیمە هەستێنە و پێی بڵێ ژوورە بەتاڵەکە بۆ ئەورەحمان و دکتۆرەکە خاوێن بکاتەوە .
ژنەکەی بەجێهێشت و بەخۆی چوو بۆ بەر دەرگای ژوورەکە ، بەڵام لەناکاوا هەڵوەستەیەکی کرد ، بزەیەکی بۆ کرد و بێئەوەی ئاوڕ لە ژنەکەی بداتەوە ، پێی گوت :
-هەمان ژوورە .
ژنەکەی ، بێئەوەی لە مەبەستی حاڵی بێت ، پرسی :
-کام ژوور ؟
خورشید بەرسڤی دایەوە :
-ئەو ژوورەی کە ڕۆژانێک ئەورەحمان تیایدا دانیشت .
ژنەکەی ، سەری وەبەرخۆنا ، چاوی بڕییە ئەرزەکە ، خورشید هەناسەیەکی هەڵکێشا و ، لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بە ژنەکەی گوت :
-گرینگ ئەوەیە ، دڵنیابیت ، کە فاتیمە لای هیچ کەسێکی باسی میوانەکان نەکات .

ژنەی تاین ، بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە :
-خەمت نەبێ ، لێی دووپات دەکەمەوە .
خورشید ، دوور کەوتەوە و گوتی :
-منیش لێی دووپات دەکەمەوە .
خورشید وەدەرکەوت ، ژنەکەشی خەریک بوو دادەبەزی بۆلای کارەکەرەکە .

***

عەلەمەدین ، لە ژوورەکەدا خەریک بوو ئەو کاغەزانەی ئامادە دەکرد تا ئەو سەرنجانەی ، کە لە پێناویدا هاتبوو ، لەسەر تۆمار بکات .. ئەورەحمانلە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشت و تەمەشای دەکرد ، کە گوێیان لە لێدانییەک لە دووییەک و خێرایدەرگای ژوورەکە بوو ، ئەورەحمان لە جێی خۆیراپەڕی و هەستایە سەر پێیان ، عەلەمەدین گوتی کێیە ؟
گوێیان لە دەنگی فاتیمە بوو ، کە بە ئەدەبەوە پێی گوتن :
-ئەگەر دکتۆر بێدارە ، ئایا دەتوانێ بێت بۆ ژوورەکەی خانم زەهرە ؟
عەلەمەدین ، بەرسڤی دایەوە :
-هەر ئێستا دێم .
عەلەمەدین ، لەسەر ئەرزەکە هەستا ، بە ئەورەحمانی گوت :
-تۆ لێرەبە .. هەر ئێستا دێمەوە .
ئەورەحمان ، سەرێکی لەقاند و هیچی نەگوت .. بیری بە نورسینەوە مژوول بوو .. چۆنڕووبەڕووی دەبێتەوە و چۆن دەیبینێ ؟ ئاخۆ هێشتا لەدەوروبەری قەڵادا پەزان دەلەوەڕێنێ ؟ چۆن بیگاتێ و کەس نەیبینێ ؟ زۆر شتی دی مژوولیان دەکرد و وایان لێدەکرد بەردەوام ، سڵ و سرک بێ .
عەلەمەدین گەییە بەر ژوورەکەی زەهرە ، بەوەدا زانی ژووری ئەوە کە بابی لەبەردەمیا وەستابوو .. خورشید ، چووە ژوورەوە و عەلەمەدین ، دوای کەوت .
شوێنەواریپرشانەوە بەهەر چوار دەوریا دیاربوو .. کچێکی لاوازی ، باریک و بنێس و ڕەنگرووسیەڵە و چرچەڵە .. بە ئاستەم هەناسەی دەدا .. عەلەمەدین لێی نزیک بووەوە ، ڕوانیە ئەو ڕشانەوەیەی کە فاتیمە بە پارچە پەڕۆیەکی کۆن لەسەر ئەرزەکەی دەسڕی .. وەجد ، لەلای کیژەکەیەوە دانیشتبوو و بە بێدەنگی دەگریا .. وەجد ، بە پاڕانەوە و ئومێدوارییەوەڕوانیە عەلەمەدین .. لەتۆ وایە پێی دەڵێت : ئایا بەڕاستی دەتوانی شتێکی بۆ بکەیت ؟!
عەلەمەدین ، کەمێکڕوانیە کیژێ و ئەوجا لە خورشیدی پرسی :

-لەکەیەوە وایە ؟
خورشید ، بە نائومێدییەوە گوتی :
-پتر لە چوارساڵە .. نەخۆشیەکەی زووتر لێدەرکەوت ، بەڵام چوارساڵە لێی پیس کردووە .
عەلەمەدین ، دیسان پرسی :
-وەکو زانیومە ، زۆر دکتۆرت هێناوەتە سەر .. هیچ شتێکت لەو دەرمانانە لایە کە بەکاری دەبرد ؟
خورشید ، ڕوانیە کارەکەرەکە و گوتی :
-هەڵبەتە لەلامان هەیە .. فاتیمە گیان ئەو دەرمانە بێنە .
کارەکەرەکە ، بلەز ، چووبۆلای ئەو مێزەی کەچەند شووشەیەکی لەسەر بوو و یەکێکیانی هێنا .. عەلەمەدین ، شووشەکەی لێوەرگرت ، لە کەپووی خۆی نزیک کردەوە و بۆنێکی کرد ، ئەوجا تامی کرد .. ناڕەزایی بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت ، ئەوجا گوتی :
-جارێکی دی ئەم دەرمانەی مەدەنێ .
ئەوجا بە خورشیدی گوت :
-دەمەوێ هەندێک گیام بۆ بکڕیت کە بەکاری دێنم .. پێموایە لە گوندەکەی خۆتاندا دەستت دەکەوێ ، من ئەوانەم لەگەڵ خۆدا هێناوە کە لەگینە لێرە دەست نەکەون .
ئەوجا بە کارەکەرەکەی گوت :
-تۆزێ شیری تازە بێنە .
خورشید ، بە دکتۆرەکەی گوت :
-پێشتر شیرمان داوەتێ .. هەندێجار پێی دەکەوت و هەندێجار هەڵیدەهێنایەوە .
عەلەمەدین ، بەدەم بزەوە گوتی :
-بۆ ئەم و بۆ حاڵەتی ئەم ئاساییە .. بەڵام ئەمجارە دوای ئەوەی هەندێ شتی دی تێکەڵ دەکەین ئەوجا دەیخواتەوە .

***

زەهرە ، بەرەبەرە باش دەبوو .. بەڵام خورشید و ژنەکەی تەنیا ئەمەیان پێ سەیر نەبوو ، بەڵکو خێرایی چاکبوونەکەیان بەلاوە سەیر وخۆش بوو .. لەو ڕۆژانەدا عەلەمەدین ، زۆربەی کاتی خۆی بە نووسینەوەی ئەو شتانەوە بەسەر دەبرد کە ئەوڕەحمان دەیگێڕانەوە ، ئەو شتانەی کە لە قەلا فێری بووبوو ، دەربارەی ئەو دەستە تیروریستەی کە بە خۆییەکێک بوو لەوان . هەروەها ئەو شتانەی کە لە فاتیمەی دەبیست ، کە هەرچەندە نەزان بوو ، بەڵام

گوزارشتی لە ڕاوبۆچوونی عەوامی خەڵکی دەربارەی ئەو ئیمامە دەکرد کە پەنای وەبەر قەڵاکە بردبوو .
ئەمە بەردەوام بوو تا ئەوڕۆژەی کە خورشید بە پەشۆکاوی و پێش وەختی ئاسایی خۆی ، بۆماڵ هاتەوە .. لەترسا دەلەرزی .. کارەکەرەکەی لێی پرسی ئایا خۆراکی دەوێ ؟ خورشید لە شپرزەییدا وەڵامی نەدایەوە .. نەچووە ژووری کچەکە ، کە ئێستا باش بووبوو ، لەسەر جێگاکەی دادەنیشت ، هەندێجار بە ژوورەکەدا ڕاوێچکە و پیاسەی دەکرد ، نەچووە ئەو ژوورە تا هەواڵێکی کیژەکەی بزانێ و لە وەزع و حاڵی دڵنیابێت ، بەڵکویەکسەر بۆ ژوورەکەی ئەورەحمانڕۆیی ، بەبێ پرس خۆی بە ژوورا کرد .. ئەورەحمان کە لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو ، ڕاپەڕی ، بەڵام عەلەمەدین ، نیگایەکی پرسیار ئامێزی کرد ، خورشید بە ترسەوە گوتی :
-ئەمڕۆ سەلام هاتبوو .
ئەورەحمان ، باسی سەلامی هاوڕێی بۆ عەلەمەدین کردبوو ، بۆیە هیچی نەپرسی .. ئەورەحمان لە خورشیدی پرسی :
-بۆچی هاتبوو ؟
خورشید ، وەڵامی دایەوە :
-هاتبوو بۆ کڕینی کەل و پەل و پێویستیاتی قەڵا .
ئەورەحمان ، تەمەشایەکی عەلەمەدینی کرد و وەکو یەکێک ئیلهامی سەبر وئاسوودەیی لەوەوە وەربگرێت ، گوتی :
-جا ئەمە چی تیایە ؟ شتێکی ئاساییە .
خورشید ، بەرسڤی دایەوە :
-بەڵێ ، بەڵام کە وەکو جاران شاگردەکەم نەنارد خواردن بێنێ ، گومانی کرد ، من نامەوێ شاگردەکەم بتان بینێ .. ئەوجا کوت و پڕ لە تۆی پرسی ، وەکو یەکێک بزانێت من بە شوێنەکەت دەزانم .
ئەورەحمان ، بەزەحمەت تفەکەی دەمی قووت دا و ڕوانیە عەلەمەدین ، وەکو ئەوەی داوای تەگبیر و ڕاوێژی لێبکات .. عەلەمەدین کەوتە یاریکردن بە ڕدێنەکەی و گوتی :
-ڕەنگەتەنیاڕێکەوت بێ .. پێموایە ئەگەر بیانزانیبا لێرەیت ، پەلاماری ماڵەکەیان دەدا .
ئەورەحمان ، سەریڕەزامەندی لەقاند .. بەڵام کە گوێیان لەدەنگی دەرگا بوو بە خێرایی لێدەدرا هەموویان ترسان .. خورشید ، بە پەلە وەدەرکەوت تا نەیەڵێت کارەکەرەکەی دەرگا

بکاتەوە ، ئەوڕەحمان و عەلەمەدین بە دوویدا غاریاندا ، بەڵام کارەکەرەکە تازە دەرگای کردبووەوە .
سەلام ، بەهەشتاو ، خۆی بەژووردا کرد .. تەمەشای چەپ و ڕاستی کرد ، وەکو یەکێک دڵنیابێت ئەوە دەدۆزێتەوە کە لێی دەگەڕا ، بەڵام کە چاوی هەڵبڕی و تەمەشای سەرێی کرد ، ونبووی خۆی دۆزییەوە .. ئەوڕەحمان لەبەرزایی قاڵدرمەکەدا وەستابوو .. لەساتێکی بێدەنگیدا نیگایان لێکدی هەڵەنگوت ، ئەوڕەحمان لێی پرسی :
-چۆن زانیت من لێرەم ؟
سەلام بەرسڤی دایەوە :
-ئاشقێکی وەکو تۆ ، مەحبوبەکەی بەجێ ناهێڵێت .. کەسێک بەهەشت ڕەفز بکات و خۆشەویستی خۆی تیانەبینێ ، بێگومان دەگەڕێتەوە ، تۆ لەم گوندەدا جگە لە خورشید ، کێت هەیە ؟ ئەسپەکەتم لە تەویلەکەی خورشیدا بینی .. من هەرگیز ئەسپەکەت لەبیر ناکەم .
سەلام ، بەدەم قسەکردنەوە ، بەمیهرەبانی پێدەکەنی .. ئەوڕەحمان دڵنیابوو کە خاوەنی ئەو بزە و پێکەنینە ، خراپەی ئەمی ناوێ .. خاوەنی ئەو بزەیە هێشتا هەر هاوڕێیەتی .. ئەوڕەحمان بە هەشتاو لە قاڵدرمەکە دابەزی و خۆی هاوێشتە ئامێزی هاوڕێکەی کە بە خۆشەویستیەوە باوەشی بۆ گرتەوە .. عەلەمەدین ، کە سڵتر بوو ، دابەزی و سڵاوی لە سەلام کرد و وەکو دکتۆرێک خۆی پێناساند .. ئەوڕەحمان لە سەلامی پرسی :
-دەنگ و باس و وەزعی قەڵا ؟
سەلام وەڵامی دایەوە :
-ئەگەر ، مەبەستت حاڵ و حیکایەتەکەی خۆتە ، ئەوا قەڵا هاڕوژاوە .. یەکەمجارە کە گوێم لە حەسەن سەباح ببێ کە بەسەر نەسیم دا هاوار بکات .. ڕۆستەمیانڕاسپاردووە ، پەیدات بکات .. حاڵی حازر لە ئەسفەهان بۆت دەگەڕێن .
ئەوڕەحمان ، بە گومانەوە سەیری سەلامی کرد ، سەلام پرسی :
-بۆچی بەم شێوەیە سەیرم دەکەیت ؟
ئەوڕەحمان ، بە پرسیارێک بەرسڤی دایەوە :
-ئەدی تۆ ؟
ئەویش بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە :
-من چی ؟
ئەوڕەحمان ، پرسیارەکەی بۆڕوون کردەوە :
-تۆ سەری منت ناوێ ؟

سەلام پێکەنی و گوتی :
-بۆچی ؟ پێتوایە من هێشتا باوەڕم بەو حەسەن سەباحە فیشاڵبازەیە ؟ ئەگەر دڵنیانەبوایەم کە تۆ دەگەڕێیتەوە ، هەر ئەوسای کە حەقیقەتم بۆدەرکەوت قەڵام بەجێدەهێشت .
عەلەمەدینراچڵەکی ، هەستی کرد سەلام شتێکی گرینگیان پێ دەڵێت ، بۆیەیەکسەر لێی پرسی :
-حەقیقەتی چی ؟
سەلام بەرسڤی دایەوە :
-حەقیەقەتی بەهەشت .
ئەورەحمان پرسی :
-باشە تۆ چوویتە بەهەشت ؟
سەلام ، بەرسڤی دایەوە :
-نەخێر .. بەڵام من بەڕێکەوت گوێم لەوانە بوو کە بەنگکێشان دەخەنە بەهەشتەوە ، باسیان دەکرد .
عەلەمەدین ، لێی پرسی :
-مەبەستت لەوانە کێیە ؟
سەلام بەرسڤی دایەوە :
-مەسەلەکە نە بەهەشتە و نە دۆزەخ .. شتەکە زۆر ئاسایی ئەوەیە هەر کەسێکیان بوێ ، بەنگی دەکەن و وای خەیاڵ دەکەن وابزانێ خستویانەتە بەهەشتەوە ، ئەوسا دەینێرن بۆ دۆڵێکی ئەودیو قەڵاکە .
ئەورەحمان بە شادیەوە پرسی :
-تۆ دڵنیایت ؟
سەلام ، بە متمانەوە بەرسڤی دایەوە :
-بەڵێ ، دڵنیام .
ئەورەحمان ، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە شادیەوە سوپاسی خوای کرد .. ئیمام ، ڕازی ئەم خۆشی و شادیەی ئەورەحمانی دەزانی ، لێی پرسی :
-ئێستا دڵنیابوویت ؟
ئەورەحمان سەری لەقاند و گوتی :
-بەڵکو دڵم ئاسودەبوو .
ئەوجا بە سەلامی گوت :

-ئێستا چی بکەین ؟
سەلام سەری لەقاند و گوتی :
-نازانم ، من چاوەڕوانی تۆم ، تا بزانین چ بکەین .
ئەوڕەحمان ، هیچی نەگوت .. بەڵکو لە فکران ڕا چوو ، تا سەلام پێی گوت :
-نورسین ، هێشتا ، بۆ لەوەڕگەکەی نزیکی قەڵا دێت .
ئەوڕەحمان ، بەدڵێکی ترساوەوە گوتی :
-ئەدی حاڵی چۆنە ؟
سەلام ، بەرسڤی دایەوە :
-باشە .. من هەرکاتێ لە قەڵا وەدەرکەوم سەری دەدەم ، هەموو جارێک لێت دەپرسێت .. لەوەتای زانیویەتی قاچاغیت و لێت دەگەڕێن ، زۆرت بۆ بەخەمە .
ئەوڕەحمان ، لێبڕاوانە گوتی :
-پێویستە بیبینم .
سەلام ، ئاگاداری کردەوە :
-سەرکێشینەکەی .. ئەگەر لە نزیکی قەڵاکەدا ببینرێی دەتکوژن .. بە تایبەتی کە دوور و نزیک چاودێری ئەو کیژە دەکەن .. بە بەینی تۆ و ئەویان زانیوە .
ئەوڕەحمان ، لێی پرسی :
-باشە کێ ئەوی تێوەگلاندووە ؟
سەلام ، لەفکران ڕا چوو و ئەوجا گوتی :
-وابزانم ، ئەبدەس .. دەبێ ئاگادار بی .. دڕترین شەرڤانیان بۆ لەناوبردنت تەرخان کردووە .. ئەبدەس و بجرت لەسەرو هەموویانەوەن .
ئەوڕەحمان ، بە نەباوەڕییەوە سەری لەقاند و گوتی :
-بەڵام من دەمەوێ بیدینم .. بەڵکو قەناعەتی پێدێنم کە لەگەڵمدا بۆ ئەسفەهان هەڵێت .
عەلەمەدین ، خۆی لە قسەکەیان هەڵقورتاند و گوتی :
-هەق بە هاوڕێکەتە ئەوڕەحمان .. پێویستە لە قەڵا نزیک نەبیتەوە .. بەڵکو پێویستە خۆ بۆڕۆیشتن ئامادە بکەین ، مادامێکی ئەوەم زانی کە دەمویست و حاڵی زەهرەش ڕوو لە باشیە .. ئەوەندەی دەرمان بۆ بەجێ دێڵێم کە بە ئومێدی خوا بە تەواوەتی چاک ببێتەوە .
ئەوڕەحمان ، بەرسڤی نەدایەوە ، چونکە بەنیازبوو ، بەهەر نرخێک بووە نورسین بدینێ .. سەلام هەستی بە عەزمی هاوڕێکەی کرد و گوتی :
-من بیرۆکەیەکم هەیە کە دەتوانی بەبێ هیچڕووبەڕوو بوونەوە و کێشەیەک بیدینی .

ئەوڕەحمان ، بە تاسەوە پرسی :

-ئەو بیرۆکەیە چیە ؟

سەلام بەرسڤی دایەوە :

-نەخشەیەکی زۆر سادەیە .. بەڵام دوای ئەوەی دەیبینی دەبێ هەمووومان ، لێرە هەڵێین .

کەوتە باسی ئەو نەخشە سادەیەی کە زەمینەی خۆشدەکرد تا ئەوڕەحمان ، نورسین بدینێ .

## خیانەت

سەلام زۆر چاک دەیزانی کە نەهاتنی نورسین بۆ پەزلەوەڕاندن ، لە شوێنە ئاساییەکەی خۆی ، گومان لای ئەو کەسانە پەیدا دەکات کە چاودێرییان دەکرد ، بۆیە لەگەڵ ئەوڕەحماندا

پێکهات لەسەر ئەوەی کە یەکسەر هەڵێنیا بەلای کەمەوە دوای دیتنی نورسین لەو شوێنەدا خۆ بشارنەوە کەلەسەریرێککەوتن . واتە ئەو شوێنەی کە نورسین دوای هەوڵی دزینی پەزەکانی ، کە ئەورەحمانرزگاری کرد ، بۆی چوو .
سەلام ، کیژێی لە هاتنەوەی ئەورەحمان ئاگادار کردەوە و پێیراگەیاند کە ئەورەحمان دەیەوێ بیدینێ، بەڵام لێی دووپات کردەوە بە کەس نەڵێت کە بە نیازە لەوەرگای پەزەکانی بگۆرێت ، نەبا ژیانی هاورێکەی بکەوێتە مەترسییەوە ، بەهەر حاڵ خۆ نورسین لەو پتر خەمی ژیانی هاورێکەی ئەوی بوو .
ئەورۆژەی کە قەراربوو ئەورەحمان بدینێ ، نورسین ، هەڵنەستا ، چونکە بەدرێژایی شەوەکە نەخەوتبوو ، بەدرێژایی شەوەکە هەر بەخەبەر بوو ، لەنێو جێگاکەیدا ئەمدیو و ئەو دیوی دەکرد ، لەنێوان ترس و دوودڵیدا بوو .. لەنێوان نیگەرانی و خۆزیدا بوو .. بەرلە کاتی ئاساییرۆژان لە جێگاهاتە دەر ، کەوتە خۆ ئامادەکردن ، تا وەدەربکەوێ .
خۆزیای دەخواست ، ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بووە چاوی بدینێ .. تاخۆی جوان بکات و خۆی برازێنێتەوە و بزانێ شێوەی چۆنە .. ئێستا کەس نەبوو یارمەتی بدات تاخۆی برازێنێتەوە ، کاتێ لەماڵ دەرچوو ، هەمووان نوستبوون ، بانگی سەگەکەی واتە "فەریح"یکرد ، کە هەم دڵنیایی پێدەبەخشی و هەم رێنوێنی دەکرد .
نورسین ، بەدرێژاییرێگا ، گوێ قوڵاخ و سرک و رەوەک و پەشێو بوو ، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەورەحمانی بینی چی پێ بڵێ .. ئایا بڵێ بیری دەکرد .. یا بڵێ خۆشی دەوێ و بەبێ ئەو ناژی ؟
بەدەم ئەو بیرانەوە گەییە ئەو شوێنەی کە رۆژانە پەزی لێ دەلەوەراند .. یەکەم کەس بوو کە گەییە جێ .. خۆر تازە لە ئاسۆ وەدەردەکەوت .. پەزەکانی بەرەڵلای ناو لەوەرگەکە کرد کە بە ئارەزووی خۆ بلەوەرن . سەگەکە بە خۆشیەوە ، بەو شوێنەدا دەسوراپەوە کە لە مێژبوو بۆی نەهاتبوو .
نورسین ، دەیزانی زۆر پێش ئەو کاتە هاتووە کە لەگەڵ سەلامدا لەسەریرێکەوتبوون ، بەڵام نەیتوانی لەوەی پتر لەماڵەوە چاوەروان بکات ، چاوەروانی درێژەی کێشا ، نیگەرانی کەوتە دڵ و دەروونی ، وەکو ئەوەی نەیەوێ لەوەی پتر ، دڵی لە مەراقا بمێنێ ، لەپر پەیدا بوو ..
بە پارێزەوە دەهات .. ئاوری دەوروبەری دەدایەوە .. دڵنیا دەبوو کە کەس لەدووی نییە .. کەمێکتەمەشای کرد ، لەتۆ وایە ئەمە یەکەمجارە دەیبینێ .. هەرجارێ دەیبینی وایدەزانی ئەمە یەکەمجارە دەیبینێ .. وەکو ئەوەبوو یەکەمجار بکەوێتە داوی ئەشقیەوە .. بە ئەسپایی لێی چووە پێشێ ، سەگەکە راپەری ، کەوتە مراندن ، خۆی بۆ پەلامار ئامادە کرد ،

بەڵام دوای تۆزێک ناسییەوە ، ئەوجا بەشادییەوەکەوتە وەڕین و بەدەوریا کەوتە کلکەسووتێ .. نورسین ، هەستی بە بوونی کرد ، دڵی کەوتە پەلەپەل ، خەریک بوو لە سینگییەوە دەردەهات تا ئەشق و ڤیانی خۆی بۆ دەرببڕێت ، بەتاسەوە پرسی :

-کێیە ؟ تۆ کێی ؟

ئەورەحمان پێکەنی و گوتی :

-فەریح ، وەکو هەمیشە کەشفی کردم .

ئەوڕەحمان بوو .. دەنگی ، شێوازی قسەکردنەکەی کە ئالوودەی بووبوو .. ئایا بیری لەوە دەکردەوە کە دیتی چی پێ بڵێ ؟ ئەگەر وایە بۆچی هەرکە گوێی لەدەنگی بوو ، گریان ئەوکی گرت ؟ بۆچی ناتوانێت هەستێت ؟

ئەوڕەحمان ، خێرا لە تەنیشتیەوە دانیشت و بە سۆز و میهرەوە دەستی بە شانیا دا و نەوازشی کرد ، نورسین بە شەرمێکەوە شانی لەژێر دەستیا دەرهێنا ، ئەوڕەحمان ، شەرمی لێکرد .. هێشتا وەکو جاری جاران پاک و بێگەردە .. وەکو خۆی جوان و درەخشان .. دوای ئەوەی کەمێک هێورییەوە ، لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-ئەرێ چیە ؟ دەڵێن ، لەگەڵ فەرماندەکانی قەڵادا ناکۆکیت ؟

ئەوڕەحمان ، بەرسڤی دایەوە :

-شتەکە زۆر لەوە گەورەترە .

ئەوڕەحمان ، بەخێرایی ، کەوتە گێڕانەوەی ورد و درشتی سەفەرەکەی بۆ ئەسفەهان .. دیارە تەنیا ئەوەی مەبەست نەبوو کە ڕوودا و بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە ، بەڵکو دەیویست ئەوەشی پێڕابگەیەنێت کە گەییوەتە چ قەناعەت و ئەنجامگیرییەک .. تەنانەت باسی ئەو بەهەشتە ساختە ودرۆینەشی بۆ کرد کە لە قەڵادا بەنگکێشەکانیان پێ دەخاپاند .

نورسین ، گوێی دەگرت و یەکسەر باوەڕی دەکرد ، ڕاستە زانیارییەکی زۆری نەبوو ، بەڵام تەبیعەت و فیترەتێکی ساغڵەم و دروستی هەبوو ، ئەمە جگە لەو خۆشەویستیەی کە کردبوویە کارێک باوەڕ بە هەر قسەیەکی بکات .. دوای ئەوەی لە حیکایەتەکەیبووەوە ، هەموو هۆش و گۆشی نورسین لای ئەوەبوو ، کە ئاشکرایە ئەوڕەحمان چیتر ناتوانێ لەگوندا وەمێنێ ، بۆیە بە خەمینی لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-چیتر لە گوندا هەڵناکەیت .. وانییە ؟

ئەوڕەحمان سەری لەقاند و گوتی :

-بەڵکو هەڵناکەین .. کەسمان جێمان لێرە نابێتەوە .. بەتەنیا لێرەت بەجێ ناهێڵم .

ڕوندک لەچاوانی نورسین قەتیس مان ، بەرسڤی دایەوە :

-ناتوانم بابە نەخۆشەکەم و داکم و برا چکۆلەکانم بەجێ بێڵم .
ئەورەحمان ، بە خۆشحاڵییەوە لێی پرسی :
-هەر ئەمە کێشەکەتە ؟
نورسین ، گوتی :
-چما ، ئەوە کەمە ؟
ئەورەحمان ، بەسەرسامی پرسی :
-ئەدی گلەییت لە باوەڕە تازەکەم نییە ؟
نورسین ، بە متمانەوە ، بەرسڤی دایەوە :
-ئەورەحمان تۆ درۆ لەگەڵ مندا ناکەیت ، مادامێکی وەکو دەڵێی لەهەموو شتێکدا درۆیان لەگەڵدا کردی ، مانای وایە دینیان نییە .
ئەم وەڵامە سادە و لوژیکە ساکارەی زۆر بەدڵ بوو ، بۆیە گوتی :
-ئەگەر هەموو کێشەیەکت کەس و کارەکەت بێ ، ئەوا خورشید ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات .
نورسین بە پەرۆشەوە پرسی :
-چۆن ؟
ئەورەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-خورشید ، لە دوێنیوە کەوتووەتە ساغکردنەوەی کاروباری دوکان و کاسبیەکەی ، دوای ئەوەی من دەڕۆم بۆ ئەسفەهان ، ئەویش بۆ ئەسفەهان باردەکات ، لێرە ، لە گوندەکەی خۆیدا ، هەست بە ئەمان ناکات .. نیشتمانێک پیاو تیایدا هەست بە ئەمان نەکات و هیچ دۆزێکی تێایدا نەمێنێ بە نیشتمان دانانرێت .. جا خورشید ، ئەگەر بە خۆت داوای لێبکەی دەتوانێ تۆ و کەس و کارەکەت لەگەڵ خۆیدا بەرێت ..
نورسین ، بە نیگەرانی پرسی :
-پێت وانیە ، تاقیبم بکەن ؟
وەڵامی دایەوە :
-تاقیبی لەوەڕگاکەی لای قەڵاکە دەکەن .. ئەو شوێنەی کە تۆم تیایدا دەبینی .. سەلام ئەوەی پێگوتم .. بەڵام تاقیب و چاودێری ماڵەوە ناکەن .. من دڵنیابووم کە کەس تاقیبت ناکات ، بۆیە کەمێک ماتەڵ بووم .
نورسین ، بزەیەکی بۆکرد و ئەورەحمان بەسەرسامی پرسی :
-بۆچی پێدەکەنی ؟

بەدەم بزەوە بەرسڤی دایەوە :
-لە دوا کەوتنەکەت پەست بووم ، وام وێنا دەکرد کە پەرۆش و تاسەمەندی دیتنی منیت ، وامدەزانی ، بەبێ هۆ ماتەڵ بوویت .
ئەوڕەحمان ، بە گازەندەیەکی سوعبەت ئامێزەوە گوتی :
-لەو بەد گومانیەت نابورم .
نورسین ، بەرسڤی دایەوە :
-نا ئەوڕەحمان ، دەبێ بمبوری .
ئەوڕەحمان گوتی :
-بەمەرجێک دەتبورم .
نورسین پرسی : -چ مەرجێک ؟
ئەوڕەحمان ، بەرسڤی دایەوە :
-کە قابیل بی شووم پێبکەی .
نورسین ، بزەیەکی هاتێ ، گۆناکانی لەشەرما سوور هەڵگەڕان ، بەڵام زۆری پێنەچوو کە سەرلەنوێ نیگەرانی بە ڕوخساریەوە دەرکەوت ، ئەوڕەحمان لێی پرسی :
-چیە نورسین ؟ ناتەوێ شووم پێبکەیت ؟
وەڵامی دایەوە : -مەسەلەکە ئەمە نییە .. بەڵام من دەترسم بابم بەم سەفەرە ڕازی نەبێت .
ئەوڕەحمان ، بزەیەکی بۆ کرد و بە متمانەوە گوتی :
-خەمت نەبێ ، خورشید ، دەم و زمانێکی پێوەیە ، هەرچۆنێک بێڕازی دەکات .. ئەگەر پێویست بکات ، هەموو پەزەکانتان لێدەکڕێت .. من دڵنیام کە خورشید ، تەماحێکی وای دەخاتە بەر کە نەتوانێڕەفزی بکات .
نورسین ، سەری لەقاند و هیچی نەگوت . ئەوڕەحمان گوتی :
-لەوەدەچێت هێشتا دوودڵ و نیگەران بیت .
نورسین گوتی :
-تا ئەو کاتەی لێرە دەردەچین ، هەر وادەبم .
ئەوڕەحمان ، ئەم نیگەرانیەی بە ئاسایی دەزانی .. ئێستا دەبوا ، بۆ ماڵی خورشید بڕواتەوە و تا شەوێ چاوەڕوان بکات .. تا لەگەڵ عەلەمەدیندا ، لەگوندی هەڵێن ، ئیدی خورشید و سەلام مشوری سەفەرەکەی نورسین و کەس و کارەکەی دەخۆن .. ئەو نورسینەی ، کە ئەوڕەحمان ، لە ڕێگادا چاوەڕوانی دەکات و بەنیازە داوا لە عەلەمەدین بکات ، هەر لە ڕێگا و پێش ئەوەی بگەنە ئەسفەهان ، لێی مارە بکات .

***

ڕۆژەکە زۆر بەخاوی دەڕۆیی .. دەتگوت لە جێی خۆی چەقیوە و نایەوێ بجولێت .. هەموو لەماڵەوە مانەوە .. تەنیا خورشید چووە دەرێ بۆ ساغکردنەوەی هەندێک کار و باران ، فاتیمەش بۆ ماوەیەکی کەم وەدەرکەوت تا هەندێ ئازوقە و خۆراک بۆڕێگا بکڕێت .

وەجدی هاوسەری خورشید ، جلەکانی خۆی و کچەکەی کە حاڵی زۆر باش بووبوو ، کۆ دەکردەوە .. پێی ناخۆش نەبوو ، کە گوندیان بەجێدەهێشت ، خۆشی باشبوونی تەندروستی کچەکەی قەرەبووی هەموو شتێکی دیکەی بۆ کردبووەوە .

بێدەنگی باڵی بەسەر عەلەمەدین و ئەوڕەحماندا کێشابوو .. بە بێدەنگیتەمەشابییەکتریان دەکرد .. ئەوڕەحمان ، ناوبەناو هەڵدەستا و کەمێک بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو ، یا لەپەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دیمەنی دەرەوە .. هەتاو بەرەو ئاوابوون دەکشا و کاتی سەفەرەکەیان نزیک دەبووەوە .

ئیدی بۆیەکجاری ئەم گوندە بە جێدێڵێ .. دوای دیتنی نورسین و قاییل بوونی بەوەی لەگەڵیا بڕوات ، ئیدی هیچی لەم گوندەدا نەما .

دەنگی پاڵنانی دەرگای ژوورەکە ، وەخۆی هێنایەوە .. شەقێکی توند ، خەریک بوو دەرگاکە لە پاژنەوە دەربێنێ .. عەلەمەدینڕاپەڕی و هەستایە سەر پێیان .. ئەوڕەحمان ، بەلەز بەرەو شمشێرەکەیڕۆیی ، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە شمشێرەکەی ، دەمی شمشێرێکی دی لەسەر گەردنی گیرسایەوە .

ئەبدەس ، بەدەم بزەیەکی شادکامیەوە ، وەستا .. بە متمانەوە تەمەشای ئەوڕەحمانی دەکرد ، دوو بەنگکێشی دیڕووی شمشێرەکانیان کردە سینگی عەلەمەدین و ئەوڕەحمان .

ئەبدەس بە تەوس و تەنزەوە بە ئەوڕەحمانی گوت :

-بە هەموو ئەقڵێکەوە واتدەزانی ناتوانین بتگرین !

ئەوڕەحمان ، بە بێ پەروایی بەرسڤی دایەوە :

-ئەگەر خۆم نەگەڕابامەوە ، نەتدەتوانی بمگریت .

ئەبدەس ، بە دوو حەشاشەکەی هاوڕێی گوت :

-هەردووکیان ، لەگەڵ ئەم دوو خانمەدا بێننە خوارەوە .

ئەوڕەحمان ، سوپاسی خوای کرد ،کە ئەبدەس ، ئیمام عەلەمەدینی نەناسی ، دەنا یەکسەر دەیکوشت . ئەوڕەحمان بە قاڵدرمەکەدا داگەڕا و ، نووکی شمشێرەکە ئاراستەی پشتی کرابوو ، سەیری کرد زەهرە بە باوشی دایکیەوە دەگری ، و بەنگکێشێکی دیکە لە بەردەمیاندا وەستابوو .

ئەوڕەحمان ، بە ئەبدەسی گوت :

-تۆ هەمیشەڕقت لێم بوو ، چونکە لەتۆ بەتواناتر بووم .

ئەبدەس ، بە غروورەوە بزەیەکی بۆکرد و گوتی :

-بەڵکو لەبەر ئەوەبوو ، شتێکت دەست دەکەوت شایستەی نەبوویت ، هەمیشە لە هەقی خۆت زیاترت وەردەگرت ، ئاکامەکەشی ئەو خیانەتە بوو کە لێت کردین .

ئەوڕەحمان ، بە تەوسەوە گوتی :

-تۆ بۆیە قسەی زل دەکەیت ، چونکە شمشێرێکت پێیە و ئەم مێزەشمان لە نێواندایە ، بۆیە دڵنیا و ئاسوودەیت .

ئەبدەس ، کەمێک بێدەنگ بوو ، ئەوجا بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی :

-پێتوایە من گێلم و دەتوانی بەم شێوەیە فریوم بدەیت ؟

ئەوڕەحمان ، بەجدی گوتی :

-ئایا ، بەمجورە ، کەچەکم پێ نییە ، دەمکوژیت ؟

ئەبدەس ، کە هێشتا پێدەکەنی ، گوتی :

-بەڵێ دەتکوژم ، با چەکیشت پێ نەبێ .

ئەوڕەحمان ، بزەیەکی بۆ کرد و گوتی :

-کێ دەڵێ ، چەکم پێ نییە ؟

ئەو بەنگکێشەی کە لەپشت ئەوڕەحمانەوە وەستابوو ، کاتێکی بەخۆزانی ، بە شەقێک کەوتە سەر ئەرزەکە .. ئەبدەس بینی ئەوڕەحمان خۆی هەڵدا و بەسەر مێزەکەدا بازی دا و دەمی تیغێکی بینی لە قۆڵی کراسەکەیەوە هاتەدەرێ .

ئەو خەنجەرەی کە حەسەن سەباح دابوویێ بۆ کوشتنی ئیمام عەلەمەدین ، هەمیشە لە قۆڵی کراسەکەیدا بوو .. ئێستا هەمان خەنجەر ئاراستەی ملی ئەبدەس ، دەکرا کە ئێستا سەری لەم شتە کوت و پڕە دەرنەدەکرد ، پیرە خەنجەر چوو بە ملیا .. ئەبدەس موچوڕکەیەکی توندی پێداهات ، شمشێرەکەی لەدەست کەوت ، ئەوڕەحمان هەڵیگرتەوە و کردی بە ورگی ئەو بەنگکێشەدا کە لەبەردەم زەهرە و دایکیدا وەستابوو .

زەهرە بە ترسەوە هاواری کرد و لە کوژراوەکە دوور کەوتەوە و دایکی بەدووی خۆیداڕاکێشا ، ئەو بەنگکێشەی کە ئەوڕەحمان بە شەقێک خستبوویە سەر ئەرزەکە هەستایەوە و ملی عەلەمەدینی گرت ، بەنگکێشەکەی دی پێی گوت :

-واز لەم پیرەمێردە بێنە ، پێویستمان پێی نییە .. پێویستە ئەوڕەحمان بکوژین ، با بە دوو قۆڵی هێرشی بەرینێ .

بەنگکێشەکە عەلەمەدینی دەڵەک دا و کەوتە سەر ئەرزەکە . ئەوجا خۆی ئامادە کرد کە لەگەڵ هاوڕێکەیدا پەلاماری ئەوڕەحمان بدات .

ئەوڕەحمان، ئەبدەسی بینی کە لەسەر ئەرزەکەدا کەوتبوو ، ئیدی زانی لەحاڵی مەرگ و لەدوا گیانەڵادایە ، ئەبدەسی بەلاوە گرینگ بوو ، چونکە لە هەموویان کارامەتر بوو ..

ئەوڕەحمان کەمێک چاوەڕوانی کرد ، ئەوجا بە دەستێک مێزەکەی هەڵگرت و کێشای بەو کەسەدا کە لەدەستە چەپەوە بۆیهات .. ئەوجا بەدەستیڕاست ، جەزرەبەی ئەوەکەی دی گل دایەوە ، بەڵام کەمێک دواکەوت ، ئەو دواکەوتنە بەس بوو بۆ ئەوەی شمشێرێک بیپێکێ .

ئەوڕەحمان ، هەستی بە ئێش نەکرد .. هەموو بیری لای ئەوە بوو هەردووکیان بکوژێت ، تا لە نورسین دڵنیاببێ .. ئەوڕەحمان ، سینگی بەنگکێشەکەی بەرانبەری پێکا ، ئەوەی دیکە کە مێزەکەی بەسەردا کەوتبوو ، هەستایەوە و خۆی بە تەنیا لە هەنبەر ئەوڕەحماندا بینی ، عەلەمەدین بڕیاریدایارمەتی بدات و فریای بکەوێ ، دەستی دایە شمشێرێک و لەلایەوە وەستا .. بەنگکێشەکە هەستی کرد بێفایدەیە ، بەلەز وەدەرکەوت ، بەو ئومێدەی بە پشتیوانەوە بگەڕێتەوە .

ئەوڕەحمان شانی گرت ، کە دوای ئەوەی پێکرا خوێنی لێدەچۆڕا .. عەلەمەدین لێی نزیک بووەوە و بۆی بەست تا خوێنەکەی بوەستێتەوە .. ئەوڕەحمان پێی گوت :

-دەبێ هەرئێستا بکەونەڕێ .. دەنا بۆمان دێنەوە و تاقو بڕمان دەکەن .ئەمجارە ژمارەیان زۆرتر دەبێت .

عەلەمەدین ، لێی پرسی :

-ئەدی تۆ .. بۆ کوێ دەچیت ؟

ئەوڕەحمان ، وەڵامی دایەوە :

-دەڕۆم تا هەواڵێکی نورسین بزانم .

عەلەمەدین ، هەوڵیدا ژێوانی بکاتەوە ، پێی گوت :

-بێگومان ئەوەی شوێنەکەی تۆی پێگوتون ، وای کردووە کە ئێستا تاقیب و چاودێریماڵەکەی ئەویش بکەن .

ئەوڕەحمان ، بە کەسەرەوە ، بەرسڤی دایەوە :

-مەحاڵە بەجێی بێڵم .

دوای ئەوەی کەمێک بیری کردەوە ، بەگومانەوە لەسەریڕۆیی :

-پێت وایە ، سەلام خەبەری لێدابین ؟

عەلەمەدین ، شانی هەڵتەکاندن و گوتی :

-نازانم .
ئەوجا ئاوڕی دەوروبەری خۆی دایەوە و پرسی :
-کوا کارەکەرەکە ؟
لێرەدا ئەوڕەحمان ، هەستی بە دیارنەمانی کارەکەرەکە کرد و بە عەلەمەدینی گوت :
-پێت وایە کارەکەرەکە خەبەری لێدابین ؟
ئەمجارەیان ، ژنەکەی خورشید ، لەژووی مووبەقەکەوە ، هەڵیدایە و بەدەم لەرزینەوە گوتی :
-فاتیمەیان سەربڕی .
ئیدی وەختی ترس و لەرز نەبوو ، بۆیە ئەوڕەحمان بەدەم دەرچوونەوە پێی گوتن :
-هەرچی شتی سووک و گران قیمەتە هەڵیگرن ، بچن بۆ دوکان بۆلای خورشید ... ئەو لەگەڵ خۆدا بەرن و بڕۆن .. من پێتاندا دەگەمەوە .
بەهەشتاو بەرەو ماڵی نورسین وەڕێکەوت .. نیگەرانی نورسین و بە گومان بوو لە سەلام .
***

ئەوڕەحمان ، گەییە ماڵی نورسین ، کە خانوویەکی هەژارانەی داڕوخاو بوو .. دەنگی پەزەکان ، بە ئاشکرا ، لە گەوڕەکەی تەنیشت ماڵەکەوە دەهات .. کەواتە خۆی لە ژوورەوەیە .. بە ئەسپایی لە یەکێک لە دیوارەکان نزیک بووەوە و گوێی هەڵخست .. هیچ دەنگێک نەدەهات ...
هەستی بە نیگەرانی کرد .. لەدەرگای خانووەکە نزیک بووەوە ، دەرگا کرابووەوە .. بە ئەسپایی پاڵی نا تا وەژوور بکەوێ .. دنیاڕوناک نەبوو ، پێویستی بە چەند چرکەیەک بوو تا چاوی بە تاریکیەکەڕابێ و دەوروبەری خۆی بدینێ .
تەمەشای دەوروبەری خۆی کرد ، هیچی نەبینی .. هەموو شتێکی دەوروبەری کڕ و کپ بوو ... ئەدی ئەمە چیە لە عاردی کەوتووە ؟ شتێکە لە تاریکیەکەدا گرمۆڵە بووە ، دەڵێی ... دەڵێی جەستەی بەشەرە ...
دڵی بە توندی داخورپا .. لە جەستەکە نزیک بووەوە ... کەوتە سەر چۆکان .. خوا خوای بوو ، مەزەندەکەیڕاست نەبێ .. خواخوای بوو هەستی سەرچیغ چووبێ .. بەڵام خۆیەتی ...
"نورسین"ە ...
خاوەنی جوانترین جووتەچاو کە نەیان دەبینی .. بەڵام دنیایان زۆرباشتر بەم نیشان دا .. نورسین ، ئێستا خاوەنی ئەو بزەشەرمنانەیە نەبوو کە ئەمی دیل و ئەسیر دەکرد .. بەو دەنگە خۆشە نەدەدوا ، کە دەیهێنایە گەشە و نەشە .. نورسین ، ئیدی هەناسەی نەدەدا .

سەری نورسینی نایە سەر ڕانی و دەستی بە گریان کرد .. ئەمجارەیان گریا ئەمما گریان .. تەنانەت بە هۆی فرمێسکی بە خوڕزمی باران ئاساوە ، هیچی نەدەبینی .
ئەوڕەحمان ، ئاگای لەو کەسەنەبوو کە لە پشتیەوە بۆی دەهات .. کاتێ وەئاگاهات ، جزە لە پشتیەوە هەستا ..
سڵاو لە مەرگ .. بەخێرێ .. من دەڕۆم بۆ لای نورسین .

## لە چاوەڕوانی بەهەشتدا

کاتێ فاتیمە ، ئەو ڕۆژەی کە ئەوڕەحمان چوو بۆ دیدەنینورسین ، چووە دەرێ ، جۆرەها بیر و خەیاڵی لە مێشکدا بوو .
ئەم ئافرەتە هەموو تەمەنی لە خزمەتی خانەوادە و ماڵباتی خورشیدا بەسەر بردبوو ... شوی نەکردبوو .. ماڵ و منداڵ و خێزانی نەبوو .. لە دنیادا هیچی نەبوو .. ڕۆژگار پیری کردبوو ، تەمەنی هەڵکشابوو .. جوانیەکەی ژاکابوو .. بەڵام دەڵێن ئەوەی بچێتە بەهەشت ، گەنج دەبێتەوە ..
حەسەن سەباح کلیلی بەهەشتی پێیە ..
باشە خیانەت لە ئاغای بکات ؟
بەڵام خوازگارڕەفزی ناکات .. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجاتی .. جوان و خشیک .. دروست و سەلامەت .. ئەمان پیریان کرد ، گەنجایەتیان سڕییەوە ، تەندروستیان لێسەندەوە .
فاتیمە چووبۆ قەڵا ، تا شوێنی ئەوڕەحمانیان پێ بڵێ ، لەهەنبەر ئەوەدا کە زەمینەی بۆ خۆش بکەن تا حەسەن سەباح بدینێ ..
وەڵامی حەسەن سەباح ئەوەبوو ، کەسێک دوای ئەم هەموو ساڵە خیانەت لە ئاغای خۆی بکات ، هەر بۆ مردن باشە .. بۆیە دوای ئەوەی دەرگای بۆ ئەبدەس کردەوە ، ئەبدەس سەری بڕی .

***

سەلام ، کاتێ فاتیمەی بینی کە لە قەڵاکە دەردەچوو ، لای دەرگا لاوەکیەکە وەستابوو .. ئەوجارە بینی بووی کە چوو بوو بۆلای خورشید . دوای کەمێک هەستی بە جم و جوڵێکی نا

ئاسایی کرد .. ئەبدەس لەگەڵ سێ بەنگکێشی دیکەدا چوو بۆماڵی خورشید ، بجرت و بەنگکێشێکی دی چوون بۆ ماڵی نورسین .

سەلام ، تیا مابوو نەیدەزانی چی بکات .. بەهەرحاڵ مانەوەی لە قەڵادا ، مەترسیدار بوو .. لەوەیە فاتیمە زمانی لێبدا ، وەکو زمانی لە ئاغای خۆی دا .. سەلام چاوەڕوانی کرد ، تا دڵنیا بوو کەس چاودێری و تاقیبی ناکات ، دوای ئەوەی کە پاسەوانەکە ، کە باشی دەناسی ، دەرگاکەی بۆکردەوە ، ئەویش فیزماڵیکی دایەو لە دەرگا چکۆلەی قەڵاکەوە بۆی دەرچوو .

سەلام ، بە هەشتاو بەرەو ماڵی خورشیدڕۆیی .. ئەسپەکەی لەبەر دەرگا بەجێهێشت و بلەز خۆی بە ژووردا کرد ، شوێنەواری شەڕ بە هەموو شوێنێکەوە دیاربوو ، عەلەمەدین و وەجد و زەهرە ، هەرچیەکیان بەدەستەوە هاتبوو کۆیان کردبووەوە ، هەڵیان گرتبوو ، تا هەڵێن .. سەلام بە هەڵەداون چووە پێشێ کۆڵەکانی لە زەهرە و دایکی زەهرە وەرگرت و خۆی هەڵیگرتن . لە عەلەمەدینی پرسی :

-کوا ئەوڕەحمان ؟

عەلەمەدین بەرسڤی دایەوە :

-ڕۆیی ، تا لە سەلامەتی نورسین دڵنیابێت .

سەلام ، بەتانی قساندا نەڕۆیی .. بە پەلە یارمەتی دان و شتەکانی لەگەڵیاندا ، لە ئەسپان بارکرد و گوتی :

-ئیوە بڕۆن .. ئەگەر ماین و نەکوژراین ، ئێمەش بەدواتاندا دێین و دەتانگەینێ .

جارێکی دی خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی .. پیرە ئەسپ وەکو با ، بەجادەکاندا بەرەو ماڵی نورسین دەرپەڕی ، کە گەییە ئەوێ ، کڕ و کپ بوو ، دەرگا کرابووەوە ، هەرچەند دنیا تاریک بوو بریسکەی شمشێرێکی بەدی کرد کە لە هاوڕێکەی نزیک دەبووەوە ، بجرت دەیویست بە جەزرەبەی دووەم کاری بکات و لەنێوی بەرێت .. بەڵام سەلام ، کەوانەکەی گرت ، تیرێکی خستەسەر و هێنایە سەرپێ و گرتیە بجرت و لە پشتیا گیرسایەوە ، بجرت لەتاوا هاواری لێهەستا ، ئاوڕی لە سەلام دایەوە کە تیری دووەمی نابەسەر سنگیەوە ... و تیری سێیەمی نابە سکییەوە .

تیری چوارەمی گرتە ئەو بەنگکێشەی دی کە لەگەڵ بجرتدا هاتبوو ، بەڵام تیرەکەی وێنەکەوت ، بەغار خۆی لە تیرەکانی سەلام دەرباز کرد .

سەلام ، بەرەولای هاوڕێکەیڕایکرد ، سەیری کرد بوراوەتەوە و خوێن لە برینانی دەچۆڕێ .. بەڵام نورسین ، مردبوو .

ویستی بە گوێرەی توانا ، خوێنەکەیڕابگرێ . ئەوجا خستیە سەر ئەسپەکەی و بەهەشتاو ڕفاندی .. بە ئومێدی ئەوەی فریای پزیشکەکەی بخات .

***

سلێمان ، بە پێ خشکێ وەژوورکەوت .. قاپێ خواردنی بۆ ئەوڕەحمان پێ بوو ، تا لە ژوورەکەی خۆی بیخوات ، بەدەگمەن لە جێگا هەڵدەستا .. عەلەمەدین ، داوای لێکرد ، ئیسراحەت بکات تا زامەکەی ساڕێژ دەبێتەوە .. بەڵام ئەوڕەحمان ئەمڕۆ دەیەوێ لە دەرەوە نان بخوات ..هەوڵیدەدا لەسەر جێگاکەی هەستێت ، سلێمان گوتی :

-بۆ کوێ دەچیت ؟

ئەوڕەحمان ، وەڵامی دایەوە :

-لە ناو جێگا بێزاربووم .. چەندین مانگە من لە جێگادا کەوتووم .

سلێمان ، گوتی :

-بەڵام ئیمام پێی گوتی دەبێ ئیسراحەت بکەیت .

ئەوڕەحمان ، بەرسڤی دایەوە :

-چاک بوومەتەوە ، با لەبەر دەرگا ، لەو دەشتەدا نانەکەمان بخۆین .

سلێمان ، دڵی نەشکاند ، خواردنەکەی بردە دەرێ و بەدەم چاوەڕوانی ئەوەوە دانیشت .. ئەوڕەحمان ماوەیەک بوو ، ئەمە یەکەمجاری بوو دەهاتە دەرەوە .. کە لە دەرەوە دادەنیشت هەستی بە ئاسودەیی دەکرد .. بەدەم خواردنەوە لە سلێمانی پرسی :

-سەلام چۆنە لەگەڵتدا ؟

سلێمان وەڵامی دایەوە :

-لەڕووی خۆت نەبێ ، کوڕێکی باشە .. حەزی لە ئیشە .. یارمەتی من و یارمەتی کاک خورشیدیش دەدات .

ئەوڕەحمان ، بزەیەکی بۆ کرد و گوتی :

-خورشید ، خەزورێتی .. بێگومان دەبێیارمەتی بدات .

بێدەنگیەکی کەم باڵی بەسەراکێشان ، دەنگی ئەو بازەی کە لە سەربانی خانووەکە هێلانەی کردبوو ، بێدەنگیەکەی شڵەقاند .. سلێمان ، سەری هەڵبڕی و لە ئەوڕەحمانی پرسی :

-دەنگی ئەم بازەت پێناخۆشە ؟

ئەوڕەحمان ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ، بەرسڤی دایەوە :

-هەڵبەتە نا .. دەنگی ، کەسێکم بیردەخاتەوە ، کە زۆر لەم دەچێ .

ڕوانیە ئاسمان ، خۆر بە حەوێقی ئاسمانەوە بوو .. تیشکی دەدا لەو بەهەشتەی کە دەمێ بوو خەوی پێوەدەبینی ..
بەهەشتی تایبەتی خۆی .

تێبینی :
ئەمڕۆ ، ٢٧ / ٩ / ٢٠١٦ ، لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ ، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی :
الحشاش الباحث عن الفردوس / محمود أمین ، بصمه للنشر و التوزیع / ٢٠١٥ / القاهره .

## حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١ دا لەدایک بووە .
- لەساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە .
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی" هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو" کە لە ژمارە ( ١٧٠ ) رۆژنامەی هاوکاری لە ٨ / ٦ / ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە .
- لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە .
- سەرنووسەر یان بەڕێوبەری نووسینیان سکرتێری نووسینیان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە : گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک ، نووسەری کوردستان ، کەلتوور ، نووسەری کورد ، گوڵانی عەرەبی ، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢ ، گۆڤاری نەوشەفەق (تاژمارە، ٤١)

• جگەلەناوی خۆی بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک ، نووسەری کوردستان ، کەلتوور ، ڕۆژنامەی ئالآی ئازادی تا ژمارە : ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند ، زنار ، سیپان ، پاکزاد ، محەمەدی حاجی ، سیروان عەلی ، دیدار هەمەوەندی ، هێژا ، ح . ع ، هامون زێباری ، بازەوان عەبدولکەریم ، قەرەمیرزا ، ڕەندی عارفزادە ، بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە .

• لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە ، لە هەشتاکاندا بۆماوەی نۆ ساڵ ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتیرەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات ، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی .

• لە هەشتاکانەوە تا ٢٠ / ٨ / ٢٠١٠ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکوکییەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە .

• زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە ، لێ زۆربەی هەرە زۆریان ، بەتایبەتی ئەوانەی لەچیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە ، لەنرخی نەبوودان و هەر ئەوەندەیە کە لەفەوتان ڕزگاربوون . هەندێک لەوانە :

١ – تیرۆژ ، کۆ چیرۆک ، چاپییەکەم ١٩٧٩

٢ – کۆچی سوور ، ڕۆمان ، چاپییەکەم ، ١٩٨٨ ، چاپی سێیەم ٢٠٠٧ .

٣ – بەیداخ ، چیرۆک ، چاپییەکەم ١٩٨٨ .

٤ – داوەتی کۆچەرییان ، کۆ چیرۆک ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٥ .

٥ – لەخۆ بێگانەبوون ، کۆمەڵە چیرۆک ، چاپییەکەم ( ١٩٩٩ ) دەزگای گوڵان .

٦ – کوچ سرخ ، کۆچیرۆک ، بەفارسی ، وەرگێڕانی چاپییەکەم ١٩٨٧ شاخ .

٧ – نینا ، ڕۆمان ، سابت رەحمان ، چاپییەکەم ، شاخ ١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥ .

٨ – نامۆ ، ڕۆمان ، ئەلبیرکامۆ ، چاپییەکەم ، شاخ ١٩٨٧ چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە ، سلێمانی .

٩ – رێبەر ، ڕۆمان ، مەهدی حسین ، چاپییەکەم ( شاخ ) ١٩٨٣ ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٧ .

١٠ – شکست ، ڕۆمان ، ئەلکساندەر فەیداف ، چاپی شاخ ( راه کارگر ) ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان .

١١ – هاوماڵەکان ، ڕۆمان ، ئەحمەد مەحمود ، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان .

١٢ – بێناسنامەکان ، ڕۆمان ، عەزیز نەسین ، چاپی سێیەم ٢٠٠٦ .

١٣ – قوربانی ، ڕۆمان ، هیرب میدۆ ، چاپییەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق .

١٤ – دووره وڵات ، ڕۆمان ع . ڤاسموف ، چاپییەکەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان .

١٥ – ئازادییا مەرگ ، ڕۆمان ، كازانتزاكیس ، چاپییەكەم ٢٠٠٣ كتێبخانەی سۆران ، چاپی دووەم : ٢٠٠٨ .
١٦ – چیرۆكەكانی سەمەدی بیهرەنگی ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٤ كتێبخانەی سۆران هەولێر .
١٧ – ئامانجی ئەدەبیات . م . گۆركی ، چاپی شاخ ١٩٨٥ .
١٨ – ئەو ڕۆژەی كە ونبووم ( كۆمەڵە چیرۆكی بیانی ) چاپییەكەم ، ٢٠٠٦ .
١٩ – جیَ پێ ( كۆمەڵە چیرۆكی فارسی ) چاپییەكەم ٢٠٠٦ ، نووسەرانی كەركووك .
٢٠ – زندە خەون ، كۆمەڵە چیرۆك ، چیخۆف ، چاپییەكەم ، دەزگای موكریانی .
٢١ – چیرۆكستان ، كۆمەڵێك دەق و رەخنەی جیهانی چاپییەكەم ، ٢٠٠٥ ، نووسەرانی كەركووك .
٢٢ – دیدار و دەق و رەخنە ، چاپییەكەم ٢٠٠٥ .
٢٣ – دیداری چیرۆكڤانی ، چاپییەكەم ٢٠٠٥ .
٢٤ – ئەو بەرخەی كە بوو بە گورگ ،عەزیز نەسین، چاپییەكەم ، ٢٠٠٨ نووسەرانی كەركووك .
٢٥ – میوان ، چیرۆك ، ئەلبیر كامۆ .
٢٦ – مەسەلەی كورد لە عێراقدا ، عەزیز شەریف ، چاپی دووەم ٢٠٠٥ .
٢٧ – مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد ، ئیحسان نوری پاشا ، چاپییەكەم ١٩٩٨ .
٢٨ – كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو ، د . كوینتەر دیشنەر ، چاپی سێیەم ٢٠٠٤ .
٢٩ – لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس ، نەجەف قولی پسییان ، چاپییەكەم ٢٠٠٦ .
٣٠ – كورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا ، كریس كۆچرا ، چاپی شەشەم ٢٠١١ .
٣١ – كورد لە ئینسایكلۆپیدیای ئیسلامیدا ، چاپییەكەم ١٩٩٨ .
٣٢ – چینی كۆن ، چاپییەكەم (     ) دەزگای موكریانی .
٣٣ – دلێریی خۆڕاگرتن ، ئەشرەفی دەهقانی .
٣٤ – خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ ، مەسعودی ئەحمەدزادە .
٣٥ – ڤنسنتڤان گوگ ، شانۆنامە ، باول ئایزلەر .
٣٦ – بە دوعا شاعیرەكان ، شانۆنامە ، جەلیل قەیسی ( گزنگ ژمارە : ١٢ )
٣٧ – جولەكەكەی ماڵتا ، شانۆنامە ، كریستۆفەر مالرۆ .
٣٨ – دادپەروەران ، شانۆنامە ، ئەلبیركامۆ .
٣٩- بەدحاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.

٤٠ – چاوبەچاو ، شانۆنامە ، گەوهەر مراد ( غولأم حسەینی ساعیدی )
٤١ – ریچاردی سێیەم ، شانۆنامە ، شەکسپیر ، چاپییەکەم ٢٠٠٩ ، بلأوەخانەی سایە ، سلێمانی .
٤٢ – گەمەی پاشا و وەزیر ، شانۆنامە ، عەبدوڵلأئەلبوسێری ...
٤٣ – منداڵە دارینە ، چیرۆکی درێژ بۆ مندالأن .
٤٤ – فاشیزم چییە ؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ مندالأن ، یەڵماز گونای .
٤٥ – شوانە بچکۆلەکە ، چیرۆکی درێژی چینییە بۆ مندالأن .
٤٦ – زارۆکستان ( چوار شانۆنامە بۆ منالأن ) .
٤٧ – چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەییونانی کۆنەوە ( ٢٣ ئەفسانە )
٤٨ – لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە . ( ئەفسانەی ئەسپی ئاشق ) چاپییەکەم ٢٠٠٨ .
٤٩ – ئەفسانەێن گریگی و رۆمانی ، چاپییەکەم ( ٢٠٠٤ ) کتێبخانەی سۆران ، هەولێر .
٥٠ – ئیلیادە ، هۆمیرۆس ، چاپییەکەم ، دەزگای سەردەم ٢٠٠٩ .
٥١ – گۆڤەند و زنار ( فەرهەنگی فارسی – کوردی ) حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ( ٢٠٠٦ – ٢٠٠٨ ) دەزگای موکریانی .
٥٢ – چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی ، چاپییەکەم ، ٢٠٠١ .
٥٣ – چرنیشفسکی ، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس .
٥٤ – چایکۆفسکی ، ژیان و بەرهەمی .
٥٥ – ئیدگار ئالین پۆ ، ژیان و بەرهەمی .
٥٦ – جاک لەندەن ، ژیان و بەرهەمی .
٥٧ – گوگول ، نووسەری ریالیست .
٥٨ – یەڵماز گونای ، ژیان و بەرهەمی .
٥٩ – سادقی هیدایەت ، ژیان و بەرهەمی .
٦٠ – خافروغ لە شیعر دەدوێ ، ژیان و بەرهەمی .
٦١ – راگەیاندن لەپەراوێزی دەسەلأتدا ( بەشەریکی ) چاپییەکەم ( ٢٠٠١ ) دەزگای گولأن .
٦٢ – راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٥
٦٣ – مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین ) ، چاپییەکەم ٢٠٠٨ .
٦٤ – مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( لەسەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا ) ، چاپییەکەم ٢٠٠٨ .

٦٥ – مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ( ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان – ئەمریکا و ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا ) ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٨ .
٦٦ – ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا ، سیروس پرهام ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٤ دەزگای سپیرێز .
٦٧ – قوتابخانە ئەدەبییەکان ، ڕەزا سەید حسەینی ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٦ ، دەزگای موکریانی .
٦٨ – مێژووی ئەدەبیاتی روسی ، سەعیدی نەفیسی .
٦٩ – لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٦ .
٧٠ – هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی ، بلیخانۆف ، چاپییەکەم ( ٢٠٠٥ ) دەزگای موکریانی .
٧١ – گوزارشتی مۆسیقا ، د . فوئاد زکریا ، چاپییەکەم ، یانەی قەڵەم ، ٢٠٠٦ .
٧٢ – رێبازە هونەرییەکانی جیهان .
٧٣ – پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٦ .
٧٤ – شیعر کوژی ... حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، ٢٠١٠ ، کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک ، ژمارە ( ٧٠ ) .
٧٥ – دەربارەیڕۆمان و چیرۆک ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٨ .
٧٦ – مەرگی نووسەر و چەند باسێکی دیکەی ئەدەبی – رۆشنبیری ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٥ نووسەرانی کەرکووک .
٧٧ – ناودارانی ئەدەب ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، دەزگای موکریانی ، ٢٠٠٩ .
٧٨ – پەیڤستانی من ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم (     )
٧٩ – پەلکە ڕەنگینە ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، ٢٠٠٤ .
٨٠ – خیانەتی حەڵاڵ ، حەمە کەریم عارف .
٨١ – بووکی هەزار زاوا ، ( جانتا ) کۆچیرۆک ، بوزورگی عەلەوی .
٨٢ – ئەبوزەر ، د . عەلی شەریعەتی .
٨٣ – ریوایەت ، ڕۆمان ، بوزورگی عەلەوی .
٨٤ – وقفات فی رحاب الثقافة الكوردیه ، حەمە کەریم عارف .
٨٥ – هەژاران ، ڕۆمان ، دوستوفسکی .
٨٦ – دەیڤد کۆپەرفیلد ، ( ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجوانان ) چارلس دیکنز .
٨٧ – ئۆدیسە ، داستان ، هۆمیرۆس .
٨٨ – قل الصوت و قصص اخرى ، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی .

٨٩ – شازادە و گەدا ، ڕۆمان ، مارک توین .
٩٠ – توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی .
٩١ – سفرەی فەقیران ، حەمە کەریم عارف .
٩٢ – باڵندەکەی من ، ڕۆمان ، فریبا وفی .
٩٣ – نامەکانی تولستۆی .
٩٤ – جەمیلە ، ڕۆمان ، جەنگیز ئایتماتۆف .
٩٥ – حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منداڵانی کورد .
٩٦ – الرحیل الدامی .. تقدیم و ترجمە : جلال زنگابادی .
٩٧ – کۆڵوانە سوور ... کۆ چیرۆک بۆ منداڵان .
٩٨ – ئەو پیاوەی کە سێبەرەکەی خۆی فرۆشت ... ڕۆمان ، شامیسۆ .
٩٩ – دکتۆر ، شانۆنامە ، برانسیلاڤ .
١٠٠ – با خەیام باش بناسین ، جەلال زەنگابادی .
١٠١ – دۆزەخی پیرۆز ، ڕۆمان ، برهان شاوی .
١٠٢ – من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ ، ڕۆمان ، نودار دومبادزە .
١٠٣ – یادگارییەکانی خانەی مردووان ، دۆستویڤسکی .
١٠٤ – مێژوویڕۆمانی تورکی .
١٠٥ – دیوار ، کۆچیرۆک ، کۆمەڵێک نووسەر .
١٠٦ – کۆکۆرۆ ، ڕۆمان ، ناتسومی سوسکی .
١٠٧ – کانییە قارەمان ، کۆچیرۆک بۆ مێر منداڵان ، حەمە کەریم عارف .
١٠٨ – ئەودیوی مەرگ ، حەمە کەریم عارف ، چاپییەکەم ، ٢٠٠١ ، موکریانی .
١٠٩ – قاوشی ژمارە شەش ، چیخۆف ، پێشەکی و پاچڤەی : حەمە کەریم عارف .
١١٠ – گەمژە ، ڕۆمان ، دووبەرگ ، دۆستۆیفسکی .
١١١ – دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی .
١١٢ – ساڵنمای ژیان و بەرهەمی ...
١١٣ – تارای بۆڵبا ، ڕۆمان ، گۆگۆل .
١١٤ – لە زمانی چیرۆکنووسانەوە .
١١٥ – جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق و ڕەخنە )
١١٦ – رۆبینسۆن کرۆزۆ ، ڕۆمان ، دانیل دیفۆ
١١٧ – هەزار پیشە ، حەمە کەریم عارف .

١١٨ – چیخۆف ، هنری ترۆیا .
١١٩ – دۆنی ئارام ، ١ .
١٢٠ - دۆنی ئارام ، ٢ .
١٢١ - دۆنی ئارام ، ٣ .
١٢٢ - دۆنی ئارام ، ٤ .
١٢٣ – دەربارەی ئۆدیسە .
١٢٤ – دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ .
١٢٥ – ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی .
١٢٦ – گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان .
١٢٧ – بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت ، ڕۆمان ، محمود ئەمین .